




# دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات و دەرئەنجامەکانی

نووسین و کۆکردنەوەی:

عەلی مەحموود محەمەد

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی وچاپ وبڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات و دەرئەنجامەکانی/ بەرگی یەکەم
نووسین و کۆکردنەوەی: عەلی مەحموود محەمەد
پیتچنین: نووسەر
نەخشەسازی ناوەڕۆك: سامی عەلی بندیان
چاپ: چاپخانەی ڕۆشنبیری  هەولێر/2011

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (1114) ساڵی(2011)ی پێدراوە


* مافی چاپکردنی پاێزراوە بۆوەزارەتی رۆشنبیری ولاوان و خاوەنی کتێبەکە
* ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www. Kurdchap. Com

# پێشکەشە

بەهەموو ئەو بەڕێزانەی ڕۆڵیان لە  سەرخستنی دادگایەکەدا هەبوو،بە هەوڵ و کۆششیان ئانرات هێنرایە بەردەم دادگا  و بە زیرەکیان تاوانەکانی ئاشکرا کران, سکالاَکەر،   شایەد، دادوەر،پۆلیس, پارێزەر، بەشداریکەرانی خۆپیشاندانەکان، پێشکە شکەرانی دۆکۆمێ ـنت، ڕۆژنامەنووسان، وەرگێڕەکان، هەموو ئەوانەی  کاریان  کرد  و ڕەنجیان  دا، لە پێ شیانەوە خوشك  و برا هۆڵەندییەکان، ئەوان نەبوونایە  تاقە کوردێك  نەبوو پێشتر  ناوی  ئانراتی هەر بیستبێت.

پێشکەشە  بە هەمووو ئەوانەی  بۆ خزمەتکردن  بە مرۆڤایەتی و وەك  ئەرکێکی ئەخلاقی ڕەنجیان بۆ سەرخستنی  ئەم کەیسە  دا  و کەسیش ناویانی نەبیست.





# پێشەکییەکی زۆر کورت

دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات لـە لا یەن حکوو مەتی هۆڵە ندی و رۆ ڵی راگەیاندنی هۆڵەندی لـە ئاشکرا کردنی تاوانەکانی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، تەنها لەبەر ئەوە نا فرانس ڤان ئانرات یەکەم بێگانە بوو بە تاوانی بەشداریکردنی لـە تاوانی جەنگ (16,5) ساڵ حوکم دراوەو بڕیارەکانی دادگای هۆڵەندی دەبێ تە بڕیاری سەرجەم یەکێتی ئەوروپا، بەڵکە گرنگی لەوەدایە بە دوای ئانراتەکانی دیکەشدا بگەڕێین و بیانخەینە بەردەم دادگا کە ئێستا ژمارەیەکی زۆریان لـە ئەوروپادان، هەروەها بوونی ناوەندێکی دۆکۆمێنتی نەتەوەیی لـە کوردستان زۆر گرنگە بۆ دادگاییەکانی تاوانکارانی دیکە، لەو کاتەی ئانرات دادگایی کرا وەك ئێستا بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر (4) کەیسی کورد دەرنەچووبوو بەشێوەی ئێستا لـە رێگای دادگاوە تا رادەیەك ئەو تاوانانە بە ئەرشیف نەکرابوو هەرچەندە لـە خولی پێداچوونەوە لـە لایەن بەندەوە سی دی دادگای ئەنفال درا بە دادگا و چەندین بەڵگەنامە بەکار هێنرا لـە دادگاکە، بەڵام دەکرا کاری زیاتر و بەڵگەنامەی زۆرتر بخرایەتە بەر دەست دادگا بۆ ئەوەی هەڵوێستیان لەسەر حەقیقەتەکان بگۆڕیایەو بە جینۆسایدیان بناساندایە، بۆ نموونە کاتێك داواکاری گشتی مینکس داوای وەفاتنامەی قوربانیانی نوگرە سەلمانی لێم کرد نەمتوانی پە یدای بکەم، بۆیە ئەرشیفێکی نەتەوەییی بۆ دادگاکانمان لـە داهاتوو و ناساندنی ئەو تاوانانە بە جیهان زۆر گرنگ دەبێت.

ئەوەی شایانی باسە ئەم کتێبە دووجاری دیکە بە ناوی ((بازر گانی مەرگ)) بڵاوکراوەتەوە، دیارە چاپی دووەم زۆر بابەتی تێدا بوو لـە چاپی یەکەمدا نەبوو، ئێستاش ئەم چاپە جگە لـە بابەتەکانی پێشوو بڕیارەکانی داگای هۆڵەندیشی تێدایە بە هەردوو زمانی ئینگلیزیوهۆڵەندی، کە زۆر گرنگە بۆ کورد لـە داهاتوودا وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و بڵاوبکرێتەوە.

ع.م.م

# لە جیاتی پێشەکی

**لە نامەی هەڵەبجەییەکی دڵسۆز بۆ شارەکەی جوانترمان  دەست ناکەوێت بیکەین بە پێشەکی بۆ ئەم پەرتووکە،کە پڕاو پڕە  لە چیرۆکی قوربانیان و گێڕانەوەی حەکا ـیەتی تێکۆشانی  دژ  بە بازرگانانی  مەرگ.**

# سوپاسنامەی هەڵەبجەییەك بۆ سەنتەری هەڵەبجە (چاك)

دانا هەڵەبجەیی

زۆر دەمێکە بە ناوی هەڵەبجەوە لێرەو لەوێ، شین و شەپۆر ئەگێرن، تورەکەی سواڵ ڕائەخرێت و بازرگانی پێوە ئەکرێت. دەمێکە هەڵەبجە ئەکرێتە ترش وخوێی نو سینی نوسەرانی ماستاوچی و گوتاری سیاسەتبازنی دوورِوو.

جاران کە ناوی هەڵە بجەمان ئەبرد،کە سانێکی زۆر بوون کە ئەیانووت (ناوچەگەرییەتی عەیبە بۆکەسێکی کوردستانی).

هەنوکەش کە شارەکەم بووەتە تایتلی دەمی تەقیوی دیبلۆماسیی سەفیر و وەزیرە ورگ زلەکان، لە زام کولانەوە زیاتر، هیچیان بە هەڵەبجە پێشکەش نەکرد.

بۆ یەکەم جار کە وەك مرۆڤێك ئاسودە بوم، ئەو کاتە بوو کە سەدام گیرا، ئەمرۆ کە وەك هەڵەبجەییەك لە شادیدا گریام، ئەو کاتە بوو کە دادوەری دادگای لاهای داوای 15 ساڵ زیندانی بۆ ئەو پیاوە کرد، کە چەکی کیمیایی بە سەدام فرۆشبوو.

لێرەوە پڕ بە دڵ سوپاسی کاك ئەمیر قادر و کاك عەلی مەحمود ئەکەم، دەستی یەك بەیەکی هەڵسوڕێنەرانی سەنتەری هەڵەبجە (چاك) ئەگوشم. بەراستی دڵی هەڵەبجەتان خۆش کرد، بۆ یەکەم جار جینو سایدی کورد تان خستە ناو یا سای سزای نێونەتەوەیی.

بە هیلاکی و شەونخونی ئێوە بوو، بە هەڵلەرزینی ئێوە، لە شەقام و مەیدانە ساردەکانی ئەورپا بوو، بە دڵسۆزی و بێگەردی خەباتی مرۆڤدۆستانەتان بوو، کە دادگا ئەو بڕیارەی خولقاند.

داليا عەلی، ئەی ئەو هونەرمەندەی کە بە سۆزی دەنگت، بە گێڕانەوەی ئازارەکانی جەستەی کیمیاخوردەت، گریانی دایکانی هەڵەبجەت گەیاندە دادگای جینۆ سایدی کورد، سەلماندت کە دەنگت نوێنەرایەتی هەڵەبجە ئەکات.

چی شك نابەم کە پێشکەشتان کەم، لە ڕێز و سەرنەویکردن نەبێ بۆتان. بەڵام دڵنیام لەوەی کە ئێوە سەربەرزیتان بۆ خۆتان لە دڵی هەڵەبجە و گەرمیان، تۆمار کرد. ئێوە سەرقافڵەی خەباتی بە دنیا ناساندنی جینوسایدی کورد بوون.

لەبەر ئەوەی لە دادگای لاهای جینوسایدی کورد سەلمێندرا، ئە گەر هەموو عەرەبیش ببێتە پارێزەری سەدام، ناتوانی لە سزای مەرگ قوتاری بکات.

هەر خۆش مژدە بن خەباتکارانی (چاك).

دە با ئەو کەسانەش کە گومانیان لە دڵسۆزی ئێوە هەیە، با لە باتی ڕاپۆرت نوسین بۆ ئاغاکانیان، با

بەشێك لە کۆمپانیای حوتەکانی کوردستان بگوێزنەوە بۆ ئەورووپا بۆیان، چونکە بەرمیلە بۆشەکان وا خەریکە سەر ئاو ئەکەون لە کەشتییە گەندەڵەکانیان.

دیسان سوپاس، دەستان ئەگوشم

لاهای 07-12-2005

# فرانس ڤان ئانرات کێیە؟

فرانس ڤان ئانرات ناوی تەواوی فرانسیسکۆس کۆرنەلیس ئەدریانۆس ڤان ئانراتە لە 9ی ئۆگستی 1942 لە شاری دەنهەڵدەری هۆڵەندا لە دایك بووە، لە ساڵی 1973 چۆتە ژنێفی سویسرا، ژنێکی پۆڵۆنی هێناوەو کوڕێکی 35 ساڵی لێ هەیە.

لە حەفتاکان بۆ یەکەمجار سەردانی بەغدای کردووە، بۆ ماوەی 3 ساڵ بۆ نووسینگەیەکی ئەندازیاری سویسری  ئیتاڵی بە ناوی Ingeco کاری کردووە، لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی ئێران- عێراق ئەو نووسینگەیە کارەکانی ڕاگرتووە.

ئانرات بازرگانێکی هۆڵەندییە تاوانبارە بەوەی کەرەستەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی فرۆشتووە بە ڕژێمی پێشووی عێراقی، ئەو زانیویەتی ئەو کەرەستانە بەکاردەهێنرێن بۆ درووستکردنی چەکی کیمیاوی، ئەم چەکانە بەکارهێنراون دژ بە ئێران لە جەنگی ئێران-عێراق و کوردەکان لە کوردستان.

لە ڕێکەوتی 23-12-2005 بڕیاردرا 15 ساڵ زیندانی بکرێت بە تاوانی هاوبەشیکردن لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ، وەلێ بڕیاری ئەوە درا دەستی نەبووە لە ئەنجامدانی جینۆساید.

دادگای پێداچونەوە بۆ هەردوولایەنی قەزییەکەی ئیستئناف کردەوە " ئانرات و وزارەت "، وزارەت داوای ئەوەی کرد کە ئانرات پشکدارە لە ئەنجامدانی ژینۆساید.لە خولی ئیستئنافدا لە بەرواری 9-5-2007 دا دادگا 17 ساڵ زیندانی بۆ بڕییەوە، لێ لە بڕیاری قەرەبووکردنەوەی قوربانیان پاشگەزبووەوە، هاو کات ناوبراوی تۆمەتبارکرد بە هاوبەشی لە ئەنجادانی تاوانی جەنگ، دادگای باڵا لە بەرواری 30-6-2009 دا 17 ساڵ زیندانییەکەی کردە 16,5ساڵ.

پرسی ژینۆساید پێویستی بەوەبوو وزارەت لە ئاستێکی بەرزتر لە ڕوی یا سابییەوە لێکۆڵینەوەیەکی یاساییان لە سەر بکردایە, پێش ئەوەی حوکم بدرێت بە بەشداری لە ژینۆساید.

بۆچی لە دەنهاخ دادگاییکرا.

هەموو ئەو کەسانەی تاوان دەکەن لە دەرەوەی هۆڵەندا، بەمەرجێك کەسی تاواندبار لە هۆڵەندا بژێت، ئەوا بە پێی ئارتکلی 15 لە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانرێت لە هۆڵەندا تاوانبار دادگایی بکرێت.

هەموو کەسێك کە گومانی ئەوەی لێبکرێت بەشداری تاوانی نێونەتەوەیی کردبێت و پێی بنێتە سەر خاکی ئەم وڵاتە، بۆی هەیە دوای بەکەون و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

هۆڵەندا بۆتە شوێنی خۆشاردنەوەی کەسانی لەم چەشنە (مەبەست تەنها هۆڵەندا نییە)، تا ئێستا 3 ئەفغانی دادگاییکراون، 2 لە بەردەستدان، یەکیش لە ڕواندایە. جگە لەمانەش دوو کەسی دیکە هەن هۆڵەندین " Van A, Guus K " بەشدارن لە تاوانی ناردنی چاك بۆ لیبریا لە نێوان ساڵەکانی (2000-2003).

هەوڵدرا ئانرات بە بەشداری لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کورد سزا بدرێت، مخابن سەری نەگرت، تەنها بە ئەنجامدانی بەشداری لە تاوانی جەنگ سزا درا، لێرەدا دەتوانرا لە پێناسی بەشداری ئانراتەوە لە پرۆسەی جینۆساید، جینۆسایدی کورد بە فەرمی لە دادگایەکی ئەوروپی بناسرێت، لەوێوە بڕیارەکە دەبووە بڕیاری هەموو وڵاتانی ئەوروپی.

# لە دادگا چی گوزەرا

# بەسەرهاتی ڕۆژەکانی دادگا

دادگایەکی دوورو درێژ حەوسەڵەی دەویست هەموو ڕۆژەکان بتوانیت ئامادە بیت، من و هاوکارم مام عەلی ڕەحیمی (ئەو تەنها رۆژێك بە هۆی سەکتەی د ـڵەوە ئا ـمادە نەبوو) هەموو رۆژەکانی ئەو دادگاییە تا دوا چرکە ماینەوە، بە دیار وەرگێڕەکانەوە، گوێبیستی چیرۆکە تا ـڵەکانی قورباذ ـیان و حەکا ـیەتی شایەدحاڵەکان ـبووین، ئەزموونێکی پڕ بەهامان لە خودی دادگاییەکەو جەکایەت و چیرۆکەکانی ناو دادگاکە وەرگرت.

# 1

## ئەمڕۆ سەدام لە لاهای لەبەرامبەر تاوانی هەڵەبجە دادگایی کرا



<u>دادوەری گشتی</u>

ئەمڕۆ 23–11 سێیەم ڕۆژی داد گایی فرانس ڤان ئەنرات بوو لە شاری لا های هۆڵەندی، ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم لە دادگاییە کە ئەوەبوو یە کەم دۆز کە ها تە پێ شەوە، هەڵە بجە بوو، دو جەیلێك دیکە ل ێرەش لێمان ق یت نەبوەوە، هەموو نیگاکانی دادگاییەکە بۆ خۆی بەرێت، هەڵەبجەو ئەنفال و فەیلی و بارزانیی ئێمە بە پەراوێز بکات.

لە سەرەتاوە دادوەر(ڤان ڕۆسۆم) بەو شایەدییانە باسەکەی کردەوە، لە داد گای بەلجیکا پێشکەش کرابوون دژ بە سەدام حوسێن لە پێش ڕوخانی ڕژێمی عێراقی. حامد جبوری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی عێراق و دواتر باڵوێزی ع ێراق لە سوی سرا، شایەدییان لەسەر تاوانی هەڵەبجە داوە، بە وتەی ئەو، ئەو تاوانە بە بڕیاری سەدام حوسێن ئەنجام دراوە، عەلی حەسەن مەجید و حوسێن کامل ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەم تاوانە بوونە.

کەسێکی دیکە کە شایەدی لەسەر سەدام دابوو لە بەلجیکا وەفیق سامەڕائی بوو، بە کورتی لە دانپێنانەکەی وتوویەتی:: دوای هەموو کردەیەکی سەربازی بە ذیو کا تژمێر هەواڵەکە گەیشتۆتەوە بە مەجلس قیادەی سەورە (سەرکردایەتی شۆڕش)، بۆیە سەدام و هەموو ئەندامانی ئەو مەجلسە ئاگاداری وردە کارییەکانی ئەو تاوانە بوونە، ئەوان بۆیە کوردیان بە کۆمەڵ کوشتووە، چونکە بە لایەنگری ئێرانییان زانیووە.

یەکێکی دیکە لە شایەدحاڵەکان، سائیب ناجی لیوای عە سکەری و فەرما ندەی فەیلەقی 5 بوو. ناوبراو وتوویەتی: گولەی پڕکراو لە کیمیاوی بۆمان دەهات، ئە گەر بەکارمان نەهێنایا سزا دەدراین، لەو کاتەی لە هەڵەبجە دراوە عەلی حەسەن مەجید لە بارەگای دواوە بوو(خلفی)، تاوانبارە بەرامبەر بە کارەساتی هەڵەبجە، هۆکاری لێدانی هەڵەبجە، هاوکاری کوردەکان بوو لە گەڵ ئێران، لە ڕۆژی 16–3–1988 هەڵە بجە داندرا بە بەشێك لە ئێران، لەو تاوانە (سەدام – عەلی کیمیاوی  عزەت دووری  حسێن و سەدام کامل، تەها یاسین ) ئاگادارن.

شایەدحاڵێکی دیکەی کارەساتی هەڵە بجە ڕۆژنامەنووسێکی سویدی بوو، پێشتر هاوڕێیەتی لەگەڵ کوردەکانی دانیشتووی سوید پەیدا کردبوو، 19–20–3 فلیمێکی ڤیدیۆیی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە ئامادە کردووە، بە گشتی 700–800 کوژراوی کوردی سڤیلی لەم کارەساتە بە چاوی خۆی بینیوە، ناوبراویش لە بەلجیکا شایەدی لەسەر تاوانباری سەدام داوە.

ئیحسان عەلی عەبدولعەزیزیش یەکێکی دیکەیە لەوانەی لە بەلجیکا شایەدی داوە، ناوبراو باسی لەوە کردووە، دوانزەی شەو قایمقامی هەڵەبجە کۆبونەوەی کردووە، ڕۆژی دواتر هەڵەبجە بۆردومان کراوە، چاوی بەچەکی کیمیاوی تووشی سوتانەوە بووە، بە بڕوای ئەو خەڵکی مەدەنی بۆردومان کراوە.

ئەوەی ناوبراو باسی لێ نەکردووە، گرتنی هەڵەبجەو ڕۆڵی بزووتنەوەی ئیسلامی لە جەنگەکەو سوپای ئێران بووە لەو شەڕە.

بەڵام شەهید شەوکەتی حاجی مشیر، لە چاوپێکەوتنی خۆیدا باس لەوە دەکات لە ڕۆژانی 13–14–3 ئێران گردە کان دەورو بەری هەڵە بجەی هەموو گرت، 15–3 پێشمەرگە چوونە ناو شارەوە (یەکێتی  پارتی– سۆسیالست)(هێزی هاوبەشی ئێران و پێشمەرگە).

بە گوێرەی و تەی دادوەر، نە تەوە یەکگرتووەکان ژمارەی قورباذ یانی هەڵە بجەی بە5000 دیاریکردووە، بەڵام ئێران بە 35000 کەس، لە مەدا دەردە کەوێت ئ ێران زیانەکانی سوپای خۆی بە بەشێك لە قورباذ یانی هەڵە بجە د یاری دە کات، لەمە شدا دەیەوێت ڕوی ڕاستی کارەساتەکە بشێوێنێت، ئەمە لەکاتێکدا لە کارەساتی هەڵە بجە دەستی خۆی سورە بە خوێنی 75 پێشمەرگەی قارەمانی گوردانی شوان.

مەوسم عەسکەری سستەری ئێرانی، شایەدحاڵی ژمارە 80، لەو کاتەی لە هەڵەبجە دراوە، ئەو لە ذ یوان خور ماڵ و هەڵە بجە سە ستەر بووە، کە پێ شتر لە ناو چەی خورەمشەهر کاری کردووە، باس لەوە دەکات پێش ئەوەی لە هەڵەبجە بدرێت، شارەکە لە ژێر دەست ئێراندا بووە.

شایەد حاڵێکی دیکەش کە لە ئێرانەوە هاتووە، لە خوڕەمشەهر و هەڵەبجە هاو کات بریندار بووە.

بەڵام قەیسی فرۆکەوانی ئیحتیاتی عێراقی لە ساڵی 1985، دەڵ ێت: بڕیارە کە لە عەلی حەسەن مەجیدەوە دەرچووە، ئەو خاوەند هەموو بڕیارێك بووە.

لە هێزی ئاسمانی عێراقی بە گولەی کیمیاوی دەوترا: گو لەی تای بەتی، ئەو یە کە سەربازییەی بەو کارە هەڵسا، یەکەی ژمارە 37 بوو، بڕیار وا بوو هەموو شار بۆردومان بکەن، ئەو گازەی بەکار هاتووە لە کارەساتی هەڵەبجە لە نزیك دەریا چەی سەر سار بەرهەم هێنراوە.

ئەمانەو وتەی ژمارەیەك زۆر دان پیانانی شایەد حا ڵە کوردە کان خرا یە ڕوو، کە قوربانی کارەساتی هەڵەبجە بوون.

ئەوەی لەهەموو زیاتر قسەی لەسەر کرا، ئەو پزیشکەی دانیای چارەسەرکردووە لە ئێران، هەروەها دانیا لە وتەکانی دا وتوییەتی: دە ستم لە تۆزە سپییەکە دا، وە لێ باپیرم بە پەلە لێی کردەوە، ئەم برگەیە پارێزەری ئانرات بە دواداچوونی وردی لەسەر کرد.

دۆزی زێوەو گۆپتەپەو سەردەشت و فرجینی دواتر گفتوگۆیان لەسەر کرا.

لێرەدا پرسیارێك سەر دەردێنێت، ئا یا دەبێت لە ترسا نەبووبێت، کورد پەلەی نەکردبێت لە دادگایی کردنی سەدام حسێن لە بەرامبەر بە تاوانی بارزانی و هەڵەبجەو ئەنفال ؟ ئەوەی ئەمڕۆ دەرکەوت پێشمەرگەو پاسدار پێکەوە لە هەڵەبجە بریندار بوونە. ترسی ئەوەم هەیە پارتە سیاسییەکان نەوێرن داوای دادگایی سەدام بکەن ؟, ئەوەی بوبێتە قوربانی خەڵکی سڤیلی کورد بێت، کەس نەوێرێت لێی بپرسێتەوە، لێ داد گایی ئەنرات هەموو مەلە فە نهێنی یەکان ئا شکرا دە کات، هەموو کۆدە کانیش دەکاتەوە، لە چاوەڕوانی دادگایی سەدامین لە بەرامبەر تاوانی بارزانی و ئەنفال و هەڵەبجە زیاترمان بۆ ئاشکرا ببێت.

2

## تاوانی گوندی زێوەو

## بارەگای پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراقی" سیخۆی ڕوسی بۆ گیان شیوعی ڕوسی"

یەکەم دۆز دوای کارەساتی هەڵەبجە، لە سێیەم ڕۆژی داد گای فرانس ڤان ئەنرات هاتە پێشەوە و قسەی زۆری لەسەر کرا، زۆر ترین ژ مارە شایەدییان لە سەری داوە، بۆردومان کردنی بارەگای پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراقی بوو لە گوندی زێوەی سەر بە ناوچەی ئامێدی نزیك بە ز ێی گەورە، ئەوەی ج ێی سەرنج بوو لەم دۆزە هەرچەندە قوربانی تەنها ئەبو فوئاد ناوێك بووە لە گەڵ 48 بری ندار ، بەڵام دە یان کەس شکایەتیان تۆمار کردووە لە بەرامبەر ئەم تاوا نە، کە بە 36 بۆمبی فڕۆ کەی ڕوسی ئەنجام دراوە، ژمارەی ئەوانەی بوونە بە شایەد حاڵ لە سەر کیمیا بارانکردنی زێوە، زیاتر بوو لە هەر ناوچەیەکی دیکەی کورد ستان، ئە مە بۆ خۆی کەمتەر خەمی کورد دەردەخات بەرامبەر بە کارەساتەکانی، زۆربەی ئەوانەی شایەدییان داوە کورد نین، لێ بە وەفادارییی بۆ ڕابردوو لێدوانییان داوە، هەموو لە خز مەت بە جینۆ ساید ناساندنی قڕ کرد نی کورد تەواو دەبێت، د یارە ئەو نا نەی دو ێنی لە کورد ستان خواردویانە هێشتا تامی لە سەر زمانیان ماوە و وەفایان بۆ ئازارەکان ماوە.

لەو کارەساتەدا کوردی باشوور، کوردی ڕۆژهەڵات (مهاباد (دەباغییەکان)– بانە)، ئەرمەن، کلدان، عەرەب بەشدار بوون لە شایەدی دان، هەموویان شایەدییەکەیان یەکە لەسەر ئەوەی ئەو فڕۆکانەی بۆردو مانی بارەگا کەیانی کردووە، لە بەرواری 5–6–1987، لە کاتێکدا خەریکی یاری فوتبوڵێن بوونە، فڕۆکەی سیخۆی ڕووسی بوونە، لە کاتێکدا یەکێك لەو بارەگایا نەی بەر لێدا نە کیمیاوییە کە کەوتووە، ناوی مۆ سکۆی لێ نراوە، دنیا یەك سەیرە، فڕۆ کەی مۆ سکۆ بۆ گ یان ئەو بارەگا یەی بە هەموو شانازییەکەوە ناوی مۆ سکۆی لێ نراوە، بۆ ئەو پێ شمەرگانەی تا سەر مۆخ و بە

شانازییەوە داکۆکیـ یان  لە بیروباوەڕە  کانی مۆ  سکۆ دە  کرد و هە  ندێك  جار سیاسەتەکانیانیان کوێرانە بەڕێوە دەبرد.

ئەو خەڵکەی لەوکا تەدا  لەو بارەگا یەدا بوو نە،  هەموو  ئاوارەی دە ستی وڵا تانی ستەمکاری ناوچەکە بوونە(عێراق– ئ ێران)، هیـچیان  خەڵکی  ئەو ناو چەیە نەبوو نە، دادوەر پرسیارێکی جوانی ئاراستەی ئەنرات کرد و  وتی: حەزدە کەم  ئەنرات بزاذ ێت زێوە لەسەر نەخشە کەوتۆتە کوێوە ؟. ئەم پرسیارە قورس بوو بۆ ئەنرات، لە کاتێکدا ئەنرات لەسەر نەخشەش نازانێت زێوە کەوتۆتە کوێوە، بەڵام بە چەکی ئەو خەڵکانێك دەبنە قوربانی، لەبەر نەبوونی دیموکراسییەت لە وڵاتەکانیان  هانایان بۆ ئەو ناوچەیە بردووە،  خەڵکانێك بە شی زۆر یان ز مانی هاووڵاتـ یانی ناو چەکەش  نازانن، ئەمە یە بازرگانی بێویژدان، کارگاو کارخانەی بێویژدان.

تێ بینی: ژمارە یەکی  زۆر  لە پێ شمەرگەکانی  حیز بی  شیوعی وەك  شایەدحاڵ بەشداری دادگایان  کرد، کەیسی کیمیابارانکردنی بارەگای زێوە  لە  پاڵ  تاوا نەکانی هەڵەبجە و گۆپتەپە و فرجینی  بووە کەیسی سەرەکی دادگا لە باشووری کوردستان.

# 3

## شێخ موعتەصەم بەرزنجی لە پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات لە لاهای بە تاوانی ئەنفالکردن دادگایی کرا

ئەمڕۆ 25-11-2005، لە پێنجەم ڕۆژی داد گایی ئەنرات دا، لە ژێر وێنەی مەلیکەی هۆڵەنداو بە ئامادە بوونی 7 دادوەر و داواکاری گشتی بەڕێز فرید تەیڤن (ئەو کەسەی خۆزگەم لە ڕابەرایەتی کوردیدا 1 مرۆڤی وا دڵسۆز بۆ دۆزی جینۆسایدی کورد هەبوایە، ئەوجا بێشك ئەمڕۆ نە پاشماوەی قوربانیەیان وەك ئێستا سوکایەتییان پێ دەکرا، نە ژیانیشیان وا دە بوو, بە پێ خۆشخاڵییەوە توانیم سوپا سی پا شماوەی قوربانییانی کوردستانی پێ بگەیەنم بۆ ئەو هەموو کۆششەی بۆ گە لە بێکە سەکەمان ئەنجامی دەدات).

دادوەر نەیتوانی بوو وشەیەك بە باڵای جاشدا دابڕێت لە زمانی هۆڵەندی، بۆیە بە ناچاری هەر وشەی جاشی دەخوێندەوە، کە بەلای هۆڵەندییە ئامادەبووەکانەوە سەیر بوو، لێرەوە وشەی جاش چووە ناو فەرهەنگی زمانی هۆڵەندییەوە، هەرچەندە پارتە سیاسییەکان کوردستان بە تایبەت دوو دەسەڵاتدارەکە، زۆر هەوڵیاندا ئەم وشەیە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا کاڵ بکەنەوە، چونکە داهێنەران و پاڵەوانانی ڕا ستەقینەی ئەم دەستەواژەیە، بۆ خۆ یان هەموو بوون بەخاوە ندی ڕا پەڕینی جەماوەر و کرا نە قارەمانی شۆڕش و شوێنی شایستەیان لە ڕیزەکانیان گرت.

چ تراژیدیاکە کە باس لە کارەساتی سەرهەد ڕەحیم کرا، ئەم چیرۆکە ڕیالیستییە یان فلیمی هۆلیود، ئەو جوتیارە کوردەی خەڵکی گوندی تۆپخانەی ناوچەی قادر کەرەمە، ئەوەندە پەیوەندی ڕوحی بەهێز بووە لەگەڵ خاك و گوندەکەی، لە کاتی هێرشی جاش و سوپای عێراق بۆ سەر گوندەکەیان لە ناو خانووەکەی مابوەوە، بۆیە خانوەکەیان بە سەریا ڕوخاند, دوایی شەهیدکردنی تەرمەکەشیان نەدایەوە بە کەس و کاری، ئاخر جوتیار لە گوند و زەوی دابڕدرێت دەبێتە جەستەیەکی نا ئەکتیفی سارد و سڕ، نازانم

ئێستا  خانووەکەی سەرهەد مەزارگای قارەمانانە یان زبڵدانی گوندە وەك خانووەکەی عومەر خاوەر ؟.

کاك ن خەڵکی ناوچەی قادر کەرەم لە شایەدی دانەکە یدا  باس  لەوە دە کات 25 کەس چوینە لای ف  تاکو ناسنامەی جاشێتیمان بۆ درو ست بـ کات،  بەڵام  نەیتوانی، ڕۆژی دوایی کاتژمێر 10 سەرلەبەیانی چووین بۆلای شێخ معتەسەم بەرزنجی، بردیانیین بۆ گوندی عالیاوە،  4000–3000کەسی دیکە  لەوێ بوون، ئێمەشیان خستە ناو ئەو خەڵکەوە، 100 پاسی 21 نەفەرییان بۆ هێنایین و بردمانیان بۆ تۆبزاوە.

لە تۆبزاوە  پێش مەرگ  ئەشکەنجەی سەخت دراین، خوێن بە دیواری  هۆڵەکاذ یەوە بوو،  نەریتێك هە یە  لە کورد ستان،  پێش  سەربڕینی  هەر  ئاژەڵێکی  سەربڕاو  تـ ێر دەکر ێت،  لێ  لە  تۆپزاوە  پێش  مەرگ مرۆ ڤەکان ئە شکەنجە دراون،  بە بر سێتی و تێنوییەتی بردران بۆ سەربڕین، ئەمە فەرهەنگی بەعس و فاشییەکانە.

ناوبراو لە وتەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵ ێت:  هەر 35  کەس  لەناو ئۆتۆمۆبێلـ ێك بردمانیان بۆ گولە باران کردن،  بە جامانەو پشدێنی خۆمان چاومانیان بە ستەوە، دوو دوو گولەبارانیان کردین، من بە ڕێکەوت بەرم نەکەوت و ڕزگارم بوو، هاوڕێکەم  لە کاتی گولە بارانکردن ئامۆزایەکم بوو.

ئەم سەربازانەی گولەبارانی ئێمەیان دەکرد،  جنێویان بە کورد دەدا، بەرگی سەوزی تۆخی ئیستخباراتیان لەبەردابوو. لەو شوێنە،  لەگوندەکەی ئێمە 25 پیاو کوژرا، دوایی زانیم ئەو ناچەیەی ئێمەی تێدا گولەبارانکراین دەکەوتە پارێزگای ڕومادییەوە.

بە داخەوە نەمتوانی پرسیارێك لە دادوەرە کان   بـ کەم و پێ یان بـ ڵێم: موعتە سەم بەرزنجی  کە سەدان مرۆ ڤی  کوردی وەك  کاك ن ی  بە  ئەنفالکردن داوە، ئە گەر  لە تەنیشت ئەنرات لە ناو قەفە سی داد گا بوا یە، چ بڕیارێکـ تان بە سەریدا دە سەپاند؟، هیوادارم دادوەرێکی  کورد جورئەت بکات و ئەم  وەڵامە بداتەوە.

له دادگاكه كه وشەی جاش دەهاتە پێشەوە، به قێزەوه باس ده كران، هەموو هێڵنجیان پێی دەهاتەوە، له پرۆسەی دادگایی ئەنراتدا دڕندەیی و بێ ڕەوشتی ئەم توێژه خیانەتكاره بەرامبەر به نەتەوه كەی خۆیان زیاتر خرا یه بەر باس، كاروانی شۆفرلێت و بەرازیلییه سورەكانیان له كاتی هێرشەكان بۆ سەر گەله كەی خۆیان به درێژی باسیان لێكرا، لەوانەیه وزارەتی دادی هۆڵەندی به لایانەوه سەیر بێت، ئەگەر پێیان بڵێین ئەو خیانەتكاره دڕندانەی ناویان لیّ نرا بوو جاش، ئێوه وا به قێزەوه باسییان لیّ دەكەن، ئایا دەزانن بەشی زۆریان ئێستا له كوردستانی ئەنفال و بارزانی و هەڵەبجەدا بەرپرسن ؟, مانگانه دیوەخانانەو سەرۆك هۆزانەیان دەدرێتیّ، تەنانەت له مۆره هەره ناسراوه تاوانبارەكانیان، دەتوانن سەیری لیستەكانییان بكەن.

له ڕاپۆرتی ڤان دەرستول دا، ئاوا لەسەر جاش هاتبوو كه دادوەر خوێندیيەوە:
((جاش هاوكاری زیاتریان پیّ دراوە، هەموو تالآنەكان بۆ جاشەكان بووە, كاتی دیكەش جگه له ئۆپەراسیۆنی ئەنفالەكان تالآن بۆ جاشەكان بووە، جاش سەربازی هەڵاتوییان دەگرت به پێشمەرگەیان دەدایه قەڵەم و پاداشییان له بەرامبەری وەردە گرت، ڕژێم ئیمكاناتی زۆری دەبەخشییه جاشەكان، جاشەكان پشوی زیاتریان دەدرا یا و هەموو ئیمتیازاتێكیان هەبوو))، بەم شێوەیه وەك دز و خیانەتكار و تاونبار باسیان لێكرا.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت زیادیبكەم ، تەنها لیستی به شێكی بچووكه له ناوی ئەنفالچییەكانە، چونكه تاكو ژمارەكه هەموو پڕ نەكرێتەوە له ناوی ئەو كه سانەی 182000 له كەس و كاری ئێ مەیان داوەبەده ستەوە، لیستەكه به نا تەواوی دەمێنێتەوە، مەگەر دادگای بەغدا له كۆتاییدا ئەو لیسته تەواو بكات.

باشه دەبێت ئەم قارەمانانه ئێستا له كویّ بن، كەی دەبێت ده سەڵاتدارییەتی كوردی نەك سزایان بدەن، بەڵكه تەنها لێپرسینەوەی زانیاریيان له گه ڵدا بكەن، بەرامبەر بەو تاوانانەی ئەنجامیان داوه .

حکومەتی هۆڵەندا لەکاتێکدا دەیان ملیۆن ئیرۆ (40) خەرج دەکات لە دادگایی فرانس ڤان ئەنرات، کە تەنها هاووڵاتیی وڵاتەکەیەتی و تاوانی بەرام بەر گەلێکی وەك کورد ئەنجام داوە، کەچی کوردیش سەدان تاوانباری لە ئەنرات گەورەتری هەیە، لە بەرامبەر خیانەتکردن لە گەلەکەی خۆیان، نەك دادگاییان ناکات، تاکو سزای تاوانەکانی خۆیان وەربگرن، بەڵکە پادا شتیان دە کات و دەرگای کورد ستان بۆ بەرگ سەوزەکان و فرۆکەوان و هەموو جۆرە تاوانباران و جاشەکان دەخرێتە سەر گازی پ شت تاکو لە کوردستان ژیانییان پارێزراو بێت و بەهێمنی بژێن.

# 4

## دادگای فرانس ڤان ئەنرات، هەنگاوێك بەرەو بە فەرمی ناسینی جینۆسایدكردنی گەلی كورد

دەتوانیین دادگایی ئەنرات بە سەرەتای بە فەرمی ناسینی جینۆساید كردنی گەلی كورد بدەینە قەڵەم لە ئاستی جیهانی. لە پێنجەم ڕۆژی داگایی ئەنرات لە بەرواری 25-11 بە ئامادە بوونی 7 دادوەر و داواكاری گشتی ئەنجام درا، كۆمەڵێك بابەتی گرنگ وەك ئەنفال، بارزانی، قەڵادزێ، تەعریبكردنی كەركووك و كیمیابارانكردنی كوردستان، قسەو باسی گەرمیان لەسەر كرا، لە بەشی كۆتاییدا دادوەر بە پرسیارێك وەك بۆمب هەمووی بەدەم و چاو ئەنرات و پارێزەرەكەی دا تەقاندەوە.

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەك، لە كۆبونەوەیەكی تایبەتی سەدام لەگەڵ مەجلس قیادەی سەورە, كە كەسێكی بەرپرس لە سەرۆكایەتی كۆمار ئەو بەڵگەنامە یەی دەركردۆتە دەرەوە و داویەتی بە داواكاری گشتی، لە سەر زاری سەدامەوە باس لەوە كراوە:

((ئەو ئامێرانەی هەمانە مادەی كیمیاوی بەرهەم دەهێنن، بە گوێرەی پێداویستی سوپا)).

((ئەو مادانەی پەیوەندییان هەیە بە مادەی كیمیاوییەوە، دەبێت داهێنانی تازەیان تێدا بكرێت، داهێنانی تازە بێتە ئاراوە)).

((بە گولەی كیمیاوی بڵێن گولەی تایبەتی، نەڵێن گولەی كیمیاوی)).

ڕایان گەیاندووە، تەنها لە ساڵی 1988 دا، نزیك بە 1000 تەن مادەی كیمیاوییان پێویست بووە بۆ چالاكییەكانیان، كە هەر گولەیەك 80 كیلۆ كیمیاوی پێویست بووە.

لە پرۆ سەی داگاییە كەدا، ژ یان و مەرگە ساتی خەڵكی ئۆردوگا كانی جەژنیكان، قادركەرەمی یەكان, بەرحو شتر و چیرۆكی پڕ تراژ یدیای، تەیمور و وێراز كردن و

خاپورکردنی 4500 گوند و سەدان مزگەوت، کیمیا بارانکردنی سوێسنانی قەراغ و 70–90 شەهیدی ئەو کارەساتە، سەر لە نویٚ هاتنە پێشەوە.

فینك خەڵکی سویسرایە و هاوکاری ئەنراتی کردووە، ئامادە نییە بێت بۆ دادگا تاکو شایەدی لەسەر ئەنرات بدات، بەڵام داواکاری گشتی ئامادەیە بچێت بۆ سویسرا بۆ ئەنجام دانی لێکۆڵینەوە لە گەڵی.

بە پەلە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە داواکاری گشتی پەیوەندی بە فینکەوە دەکات.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی دادوەری گشتی ڤان ڕۆسۆم، ڕاپۆرتی ڤان دەرستول دێتە پێشەوە، لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە دراوە کە کورد جینۆسایدکراوە، هەرچەندە ئێمەی کورد بۆ خۆمان تاکو ئێستا هەستمان بە جینۆسایدکردنی خۆمان نەکردووە.

تەعریبی کەرکووك، چۆڵکردنی ناوچە سنورییەکان، تەرحیلکردنی 100000 کورد لە کەرکووك، کوشتنی بارزانییەکان بە بەهانەی هاوکاری پارتە کەی ڕ ێزدار مە سعود بارزانی لەگەڵ ئ ێران لە بەرەی جەنگی حاجی ئۆ مەران، خاپورکردنی گو ندەکان، ترسناکترین بڕیاریش لەسەری هەڵوێستە کرا، ئەو بڕیارە شۆفینییە بوو دژ بە کورد بوون درابوو (بڕیاری 160) لە پرۆسەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالەکان.

بە در ێژی باس لە هەر هە شت ئۆپەرا سیۆنی ئەنفال و شیکردنەوەی سورەی ئەنفالکرا، کە مرۆ ڤەکان بە بیٚ داد گایی و واژۆی سەرەك کۆ مار بڕ یاری لە سێدارەدرانییان بەسەردا درا.

دادوەر باسی لەوە کرد زانیاری زۆر بە دەستەوەیە بە بەڵگەوە لە سەر تاوانی پرۆسەی ئەنفال، بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئەنفالی سێیەوە.

لە فرجینی گۆڕ هەڵدراوەتەوە و توێژینەوە لە سەر لا شەی قوربانی یان کراوە، بەو مادانە ئەو مرۆڤانە کوژراون ئانرات فرۆشتوییەتی بە سەدام.

لە نگرە سەلمان مرۆڤ وشکەوە بووە لە تێنا و لە برسان، هەزاران کەس بەم شێوەیە کوژراون.

# 5

## قوربانیانی چەکی کیمیاوی کوردستان زۆربەی هەرە زۆریان بە گازی فرانس ڤان ئەنرات قڕ کراون

## هەنگاوێك بۆ تێوە گلانی هەموو ئەو کۆمپانیایانەی چەکەکانیان لە هێرشی کیمیاوی بۆ سەر کوردستان بەکار هاتووە.

له شه شەم ڕۆژی داد گایی فرانس ڤان ئەنرات، له ڕۆژی دوو شەممە 28-11-2005، بەڕێز( ڤۆلـ تەر بـ یك) ی هۆلّه ندی پـ سپۆڕی چەکی کیمـ یاوی بانگ کرا بۆ بەخشینی زانیاری، که بەڕێزی له تیپی پشکنینی نەتەوه یەکگرتووەکان (یونسکۆم ) له عێراق کاری کردووه، وەك پسپۆری چەکی کیمیاوی، خۆی کەشفی چەکه کۆ کوژو کیمیاوییەکانی عێراقی کردووه، بەڕێزی وەڵامی چڕو پڕی پر سیاری دادوەره کانی دایەوه و، به شایەدێکی یەقین لەسەر تاوانەکانی ئەنرات بەرامبەر به خەڵکی کوردستان دادەنرێت، کەسێکی به تەمەن کامڵ، تا بلّێی ڕوخۆش، تا بلّێیت جدی و دادپەروەر.

ئەوەی له پرسیارەکانی دادوەر سەرنجم دا، زۆر بۆیان گرنگ بوو بزانن، نەك تەنها سەر چاوەی چەکه کیمیاوی یه کۆ کژەکان کوێ یه ؟؟، بەڵ که به چ جۆره چەك و فرۆکەیەکیش بەکار هێنراون، ئەمەش هەنگاوێکه بۆ تێوه گلاندنی هەموو ئەو وڵات و کۆمپانیایانەی چەکیان به عێراق فرۆشتووه، چەکەکانیان به شداری له ئەنجا مدانی هێرشی کیمیاوی کردووه بۆ سەر خەڵکی کوردستان. ئەمه بەشێکی گەورەی داخوازی ئێمه وەڵام دەداتەوه، که دروشمی (با ڕابردوو له یاد نەکەین بۆ ئەوەی له داهاتوو قڕ نەکرێی نەوه ) ( به خوێنی قورباذ یان نەوەکانی داهاتوو مان ده پارێزین ) مان بەرز کردۆتەوه.

دادوەر ڕ ستەی ((ئاوڕ شێن کرد نی خەڵك به خەر تەل))ی بەکار دەهێ نا لە پرسیارەکانیدا، ئەم ڕستەیە چۆن لێی بکۆڵیتەوە و بیخوێنیتەوە، مانای ئەنجام دانی کۆمەڵ کوژی و جینۆساید دەگەیەنێت.

بەڕێز دادوەری گشتی لە سەرەتاوە زۆر تەئکیدی لە سەر بەکارهێنانی جۆری چەك و فرۆکە کردەوە لە هێر شە کیمیاوی یەکان (م ێك– سیخۆ– میراج)، بە تای بەت هەڵوێستەی زۆر، لەسەر بەکار هێنانی کۆپتەر (کورد کوژە) لە هە شتاکان بە دواوە کرایەوە لە سەرکوتکردنی گەلی کورد، باسی لەوە کرد کۆپتەر لە هێرشی کیمیاویش بەکارهاتووە، شایەد حاڵێك باس لەوە دەکات لە یەکێك لە هێر شەکاندا، گوێی لە دەنگی پەروانەی کۆپتەر بووە بەسەر ناوچەکەدا خولاوەتەوە.

ئا یا دەبێ یت ئە مە دە ستپێکی سزا دان و داد گایی کرد نی هەموو ئەو وڵات و کۆمپانیایا نە نەبێت کە چەکیان بە ع ێراق فرۆ شتووە ؟، لە دا هاتوودا هەموو داگیرکەرانی کوردستان تێوەی بگلێن !.

دادوەر پرسی: بەڵگە نامەلە بەردەستدایا بۆ سەلماندنی ئەوەی عەلی کیم یاوی فەرمانی کیمیابارانکردنی دابێت ؟.

وەڵام ڤۆلتەر بیك: ((زۆر جار ئەم فەرمانانە بە تەلەفۆن ئەنجام دراون، هەندێك بەڵگە نامە هەیە بەڵام بە دەست نوسراونەتەوە، هەشە چاپکراوە، بەڵام ئەو بەڵگە ناما نەی دۆزراونەتەوە زۆریان لە قۆناغی خۆ ئامادە کردندا بوونە بۆ لێدانی چەکی کیم یاوی و بەکارهێنانی.

مادەی سەرەکی لە دروستکردنی خەردەل مادەی TDG یە، دوو جۆرە کارگای کیمیاوی لە عێراقدا هەبووە، یە کەمیان گازی خەردەلی درو ستکردووە و بەر هەمی هێناوە، دوەمیان بۆ پڕ کردنی گولە بووە بە چەکی کیم یاوی ، لە ع ێراق 4 کار گا کاریان پڕ کردنی گولەی کیمیاوی بووە.

تاکو ساڵی 1981 به کەمی گازی کیمیاوی بەرهەم هێنراوە، لیٚ لە ساڵانی 1986–1987 ەوە بەرهەم هێنانی بەرفراوان بووە.

ئەم ماوەیەش ڕێك ئەوکاتانەیە، کیمیاوی دژ به خەڵکی کوردستان بەکارهێنراوە.

لە بەرئەوەی ڕاپۆرتەکانی ڕژێم ساڵانە بوونە، بۆیە نازانراوە ڕۆژانە چەندیان لە گازی خەردەل و گازەکانی دیکە بەرهەم هێناوە.

بۆمبەکان جیاواز بوونە لە قەبارەو کێشدا، بۆمب دۆزراوەتەوە 300 لتر قەبارەکەی بووە.

ئەو مادانەی ئەنرات پێشکەشی کردوون 800 تەن مادەی کیمیاوی خەردەلی پیٚ دروستکراوە و لە بەرەی جەنگدا هەمووی تەقێنراونەتەوە.

ئەمە سەربارى ئەوەی بۆمبی کیمیاوی لە ئەسپانیاو ( بۆمبی کیمیاوی نەمساویش بەکار دەهێنرا لە کوردستان  لە منەوەیە ) هەروەها وڵاتانی دیکەش کڕاوە، بەڵام به بەراورد لەگەڵ ئەوەی خۆیان بەرهەمیان هێناوە زۆر کەمە.

دادوەری گشتی دەپرسێت: ئەگەری ئەوە هەیە مادەکانی ئەنرات بەکار هێنرابێت لە دروستکردنی گولەکان ؟.

ڤۆلتەر بیك بەڵیٚ وایە بە بیٚ گومان.

دادوەری گشتی: ئەو مادانەی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە لە جەنگ بەکار هاتووە، دەتوانیین بڵێین ئەوانەی ئەنراتن ؟.

وەڵام: TDG موستەر گازی لیٚ دروست دەکرێت، بە شێکە لەو مادانەی ئەنرات تەسلیمی کردووە.

ئەو کارخانانەی چەکی کیمیاوی لیٚ بەرهەم هێنراوە دوای جەنگ کران به کارگای سڤیل.

خەردەل لە مادەکانی ئەنرات بەرهەم هێنراوە، ئەنرات 1100 تەن مادەی TDG ی فرۆشتووە بە عێراق، بەم بڕە دەتوانرێت لە نێوان 500–800 تەن خەرتەلی لێ بەرهەم بهێنرێت.

ساڵی 1987 و 7 مانگی یە کەمی 1988 لە هەموو کات زیاتر کیمیاوی بەکار هاتووە، وا تە ماوەی ئەو 20 مانگە (ئەمەش مێژووی کیمیا بارانکردنی چڕو پڕی کوردستانە ).

ئەو بەرمیلە 25 کیلۆییانەی مابونەوە لە دوای جەنگ، ژمارە یان 1900 بەرمیل بوو، لە کارخانەی کیمیاوی موسەنا، لەوانەی ئەنرات نین، ئەوا نەی ئەنرات هەموو بەکار هێنراون. لە ناوەڕا ستی ساڵی 1987 ەوە ئەو مادا نەی بەکار هاتوونە لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی هەموو هی ئەنراتە و ئەو فرۆشتونییەتی بە عێراق.

دادوەر: لە چ مانگێکەوە ئەو مادا نەی ئەنرات فرۆشتوییەتی بە عێراق ئەگەری بەکارهێنانیان هەیە لە کردارە سەربازییەکان، هەرچەندە ئەمە پرسیارێك گرانە.

وەڵام: ئەنرات 1100 تەن TDG ی فرۆشتووە بە عێراق، وا دا بنێ هەمووی بەکار هاتووە، بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوا نەی ئێمە کردوومانە. هەر چۆنێك لێکدا نەوەی لەسەر بکەین، هیچ گومانێك نییە لە مانگی 7 – 1987 مادەکانی بەکار نەهێنرابێت، واتە لەو مێژوە بە دواوە هیچ گومانێك لە بەکارهێنانی نییە، ئەگەری بەکارهێنانی لە پێشتریش هەیە.

بە کاغەزی گومرگی وڵاتانی دەوروبەر بڕە مادەکەمان زانیووە.

مانگی 8 1988 کارگاکان عێراق داخران.

دادوەر پرسیاری ئەم مانگانە دەکات لێی:

1986–2

1987–4

ئایا هیچت هەیە لەسەر ئەم مێژووانە؟.

دادوەر مادەکانی مانگی 4 ی 1987 دەبێت لە مادەی ئەنرات بەکار نەهێنرابێت ؟

(بە بڕوای من بۆیە باسی ئەم مانگە دەکات شێخ وەسانان لەم مێژووە بۆردومان کرا ).

وەڵام: ئەگەری ئەوە هەیە لە مانگی 5 بەکار هاتبێت، چونکە لەم مانگە مادەی کەسی تر نەماوە تەنها هی ئەنرات نەبێت.

لە نێوان مانگی 4 و 5- 1987، 200 تەن لە مادەکان ئەنرات بەکار هاتووە بۆ بەرهەم هێنانی کیمیاوی.

پرسیار: کاغەز هەیە بۆ دیاریکردنی بەکار هێنانی مادەکان ئەنرات.

وەڵام: نا تەنها گریمانەیە.

کەواتە زۆربەی زۆری قوربانیانی کوردستان بەو گازە کوژران ئەم بازرگانە تاوانبارە بۆ عێراق دابینی کردووە، ئەگەر وایە بۆچی ڕاگەیاندنی کوردی و پارتە سیا سییەکان گرنگی بە دادگایی ئەنرات نادەن؟، خۆ ئەو چۆرەگەی ئێستا دە ستیان کەوتووە و دەیخۆن، هەموو پاداشتی خوێنی قوربانییا نە، ئەوەی ڕوو نە شتێك خۆ یان بیکەن، میرولە بێت دەیکەن بە فیل.

## 6

### شەڕی هاوبەش لە گەڵ ئێران و ئۆتۆنۆمی کارتۆنی و جاش وەزیرە کوردەکان ڕێگرییەکانی بەردەم بە فەرمی ناسینی جینۆسایدکردنی گەلی کورد

لە حەوتەم دانیشتنی دادگایی فرانس ڤان ئەنراتدا، ڕۆژی چوارشەممە کاتژمێر 1 ی پاش نیوەڕۆ لە بەرواری 30-11-2005، بەڕێز شۆڕش حاجی وەك بەشداربوییەك، لە نوسینەوەی ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس وۆچ و کەسایەتییەکی سیاسی و پێشمەرگەیەکی بەشدار بوو لە بزاڤی چەکداری کوردستان لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجام درا، تاکو ببێت بە شایەدحاڵ بە سەر گومانلێکراو ڤان ئەنرات، کە دادگاییکردنەکەی هەنگاوی یەکەمە بۆ بە فەرمی ناسینی جینۆسایدکردنی گەلی کورد.

سەرەتا دانیشتنەکە بە پێناسی پێشمەرگە دەستی پێکرا، ئەگەر وشەی جاش لە شێخ موعتەسەمەوە هاتبێتە ناو فەرهەنگی زمانی هۆڵەندییەوە، ئەوا لە ڕێگەی کاك شۆڕش حاجیەوە، وشەی پێشمەرگە وەك دەستەواژەیەکی بە تەواوی دژ بە دەستەواژەی جاش، چووە ناو فەرهەنگی زمانی هۆڵەندیەوە.

ئەم دەستەواژەیە ناشرینی جاش بوونی بە شێکی گەورە لە کوردی سڕپییەوە، کوردی وەك گەلێك ناساند هەست بە چەوساندنەوە دەکەن و دژ بە هەموو نایەکسانی و کۆیلەکردنێکن بەسەریاندا بسەپێنرێت لە لایەن داگیرکەرانەوە، کە سانێك لە جیاتی تاڵان و کوشت و بڕ ئامادەن لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان گیان بەخت بکەن، ئەم پێناسەیە بۆ پێشمەرگە کرا لە لایەن بەڕێزییەوە. هەرچەندە پێناسەکەی شۆڕش حاجی پێناسی کات و سەردەمی خۆی بوو، کات و سەردەمێك خەمی گەورەی شۆڕش حاجییەکان تێرکردنی سکی هەژاران و ڕەتکردنەوەی کۆیلەداری بوو.

بەڕێز حاجی لە وەڵامی پرسیاری دادوەری گشتیدا، باسی لە لاسەنگی نەتەوەیی و پارسەنگی هێزی نێوان لایەنە کوردیەکان و حکومەت و سیاسەتی شۆڤینیستانەی

بەعس و سەرکوتی کورد لە ساڵی 1961 ەوە کرد، باسی لە بەمیوان زانی کورد لەسەر خاکی خۆی، سەرکووت و قڕ کردن، دەرکردن و تەرحیلی کرد، ئاما نجەکانی خەباتی چەکداری ڕونکردەوە، ڕووی فاشییانەو شۆفینانەی بەعسی دەرخست.

لە وەڵامی پرسیاری: ئایا پار تەکانی دیکەش هەمان چەکی یەنك یەیان هەبووە، بەرێزی وتی: نا لەبەر ئەوەی ئێران نەیدابوو پێیان.

دادوەر پرسیارێك قورسی ئاراستەی ڕێزدار حاجی کرد و وتی: کاتی وا هەبووە گروپە کوردەکان لەگەڵ ئێران پێکەوە شەڕیان کردبێت دژ بە عێراق ؟.

لە وەڵامدا شۆڕش حاجی، کە لە ئاوازی وشە دەربڕینەکانیدا، هە ستی پێ دە کرا، وەڵامی بەڵێی زۆر پێ ناخۆش بوو، لێ نایەتوانی لێی هەڵێت، لەبەر ئەوەی لە ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس ۆچ، کە لەبەر دەست دادوەردا بوو نووسرابوو، بۆیە بە نا چاری وتی: بەڵێ جاری وا هەبووە.

دادوەر کە گوێی لەو هەموو تاوانانە گرت ڕێزدار حاجی دژ بە کوردبوون هەژماردی، هاوکات باسی پەرچەکرداری کورد و ئەو هەموو قوربانی یەی داوی یەتی، لە پێ ناو کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی لە لا یەن شۆڕشەوە گوێ لێ بوو، پر سیارێك سەیری کرد، ئەویش ئەمە بوو:

ئایا مرۆڤ دەتوانێت ببێت بە کورد ؟.

دادوەر دەیەویست بیسەلمێنێت، کورد مامە ڵەی جیای لەگە لدا کراوە، سەلماندنی ئەم خاڵە، پێویستە بۆ بە فەرمی ناسینی جینۆسایدکردنی گەلی کورد، بەرێز حاجی بە هەموو توانایەکییەوە، هەوڵی خۆی دا بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە.

وشەیەکی دیکە ئەو ڕۆژە زۆر قسەی لە سەر کرا، وشەی ئەنفال بوو، بە ما ناو کردارەوە شیکرایەوە، هەر لە هاتنیەوە لە ناو قورئان، تاکو دەگاتە قوربانییەکانی لە بیابانەکانی عەرەبر.

**داواکاری گشتی پرسیاری ئەوە لە بەڕێز حاجی دەکات: نەخشەیەك هەیە لە ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس ۆچ سەبارەت بە کردەی ئەنفال، تۆ دەڵێیت: دەوڵەت ویستوییەتی هەموو ناوچەکانی دەرەوەی شار وێران بکات، لێ لەم نەخشەیە هەندێك ناوچە دەبینین دەستیان لێ نەدراوە و ئەنفال نەیانی گرتۆتەوە, هۆی ئەمە چییە ؟.**

**لە وەڵامدا بەڕێز حاجی تەنها باسی لە ناوچەی زاب و سورچیایەتی کرد کە بەهۆی جاشبونیانەوە دەست لە گوندەکانیان نەدراوە (هەرچەندە زۆر گوندی دەشتی حەریر و خەیلایەتی و دەشتی موصڵ و شێخان و بەڕانەتی و زرارە تی و هەرکیا یەتی و....... دەستیان لێ نەدرا  لە منەوە ).**

**ئایا دەزانن مانەوەی ئەو گوندانە باجی زۆری سیاسی زۆری لەسەر دراوە ، ئەمڕۆ هەست بە زیانە سیاسییەکانی جاش بوون دەکەین، جاش بوون بە مانای ڕازی بوونی بەشێك گەورە لە کوردە بە سیاسەتەکانی بەعس و ڕەتکردنەوەی جیاکاری.**

**بەڕێز حاجی لە وەڵامی پرسیارێکی داواکاری گشتی دا، کە باس لە جیاوازی کۆمەڵ کوژی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کراوە وتی: ئەم پرسیارەم لە وەفیق سامەڕائی کرد لە وەڵامدا وتی: کاکە شۆڕش بۆ عێراق گرنگ نییە لە زاخۆ کورد هەبێت یان نا، بەڵام لە کەرکووك مندالێکی کورد بکوژرێت بۆ عەرەب باشە.**

**پاش ئەوەی هیومان ڕایتس ۆچم ئاگادارکردەوە لەم هەڵوێستەی وەفیق، 2 کاتژمێر چاوپێکەوتنمان لەگەڵیدا ئەنجام دا، بۆ ئەوەی هەمان وەلامی جاری پێشوومان بۆ دوبارە بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئامادە بوونی کامیرا نەیکردەوە.**

**ئەمە ئەو وەفیقە یە کورد گەیا ندی بەو پلە یەی ئەمڕۆ کە، ئاخۆ دەبێت نهێنی چەند تاوانی لابێت؟؟، چەند مندالی کوردی بەو بۆچوونەوە لە خاك نابێت ؟؟.**

**داوا کاری گ شتی لە پر سیارێکی دیکەدا، با سی لە ژ یانی پا شماوەی ئەنفال و قوربانییانی هەڵەبجە کرد، لە وەڵامدا بەڕێز حاجی ڕا ستگۆیانە با سی ژیانی پڕ لە مەرگەساتی پاشماوەکانی کرد.**

**هەموو جیهان ئاگادارە لەگوزەرانی پاشماوەی ئەم قوربانیانە، تەنها دەسەڵاتدارییەتی کوردی نەبێت.**

پارێزەری ئانرات پرسیار دەکات: گوایە کردەی ئەنفال بەهۆی ئەوەوە ئەنجام دراوە، کوردەکان لەگەڵ ئێران بە هاوبەشی دژ بە عێراق جەنگاون ؟.

**بەڕێز شۆڕش حاجی لە وەڵامدا وتی: عێراق پەلاماری سعودییەو کوێتی دا، لێ ئەوان پشت و پەنای عێراق بوون لە جەنگی ئێران  عێراقدا، چۆن ئیتر پەلاماری کورد نادات ؟.**

پرسیارێکی دیکە لە پارێزەرەکەی ئەنرات لە بەڕێز حاجی دەکرێت: ئایا وەزیری کورد لە حکومەتی عێراقدا هەبوو ؟.

**ئەم پرسیارەی بۆ ئەوە بوو بیسەلمێنێت حکومەتی عێراق جیاکاری دژ بە کورد ئەنجام نەداوە، بەڵگەش بوونی کوردە لە باڵاترین پلەی دەسەڵاتدا.**

بێشک جاشەکان تا پلەی دەسەڵات و ئاستی خوێندنییان بەرزتر بووبێت، زیانی گەورەتریان گەیاندووە بە گەلەکەیان.

**پارێزەر بۆ جارێکی دی: چەند گروپێکی کورد هەن پێکەوە لەگەڵ ئێران دژ بە عێراق جەنگاون، هەر یەکەیان مەبەستی خۆیان هەبووە، پێمان نالێیت مەبەستەکان چی بووە ؟.**

**بەڕێز حاجی: نموونە یەکێتی دەترسا عێراق بڕوخێت لە جەنگدا، ئێران بە بەشێك لە حکومەتی عێراقی بدەنە قەڵەم.**

**پارێزەرەکەی ئەنرات: جارێکی دی پرسیار دەکەمەوە، مەبەست لەم ئامانجە جیاجیایانە چییە ؟.**

**جارێکی دیکە پارێزەرەکەی ئەنرات: ئێستاش نەتووت ئامانجی یەنك چی بوو لە کردەی هاوبەش ؟؟ تا ئێستا وەڵامەکەت ڕوون نەبووە ؟.**

**دادوەری گشتی هەمان پرسیار ڕوون دەکاتەوە.**

**بەڕێز حاجی: بۆ ئەوەی بە هاوکاری ئێران عێراق بڕوخێنێت و مافی خۆی وەربگرێت.**

پارێزەری ئانرات: ئامانجتان ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستان ؟.

حاجی: بەڵێ ئۆتۆنۆمی و نەمانی جیاکاری لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و بەشداریکردن لە بڕیار لە ناوەندی دەسەڵات.

دوا پرسیاری (دادوەری گشتی): ئەگەر زمان و مافی کورد دانی پێدا بنرێت، ئیمکانی هەیە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بژێت.

حاجی: بەڵێ.

ئەوەی ئەو ڕۆژە گوێی لەو لێکۆڵینەوەیە بوایە، هەرچەندە بەڕێز حاجی بە زمانێکی پاراو، دەوڵەمەندی لە ڕوی زانیاری، دوور لەبیرکردنەوەی تەسکی پارتایەتی، هەموو توانای خۆی بەکارهێنا، بۆ سەلماندنی ئەوەی کورد لە عێراق جیاکاری لەگەڵدا کراوە، تەنانەت لە هەموو کوردستان، زۆرجار باسەکان دەهاتە سەر کوردستانی گەورە، بەڵام شەڕی هاوبەش لەگەڵ ئێران و ئۆتۆنۆمی کارتۆنی و جاش وەزیرە کان، ڕێگریەکان بەردەم باسەکەی ئەو ڕۆژەمان بوون، وەك چقڵ لە ڕێگەی کورد هەڵتۆقیبوون.

# 7

## بەسەر هاتی ئەو عومەر خاوەرەی لە سەردەشت نەمرد

## <u>ناسر لە تەبرێز و ماڵماڵ لە تاران شەهید بوون</u>

**مام قادر باوکی تاکە کیژە  ئەنفالکراوەکەی سەردەشت**



سەرگوزشتەی ڕۆژی هەشتەمی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات له 1-12-2005

**داخوا سەردەشت چەند چیرۆکی کیپکراوی وەك چیرۆکی بەسەرهاتی قادری مەولان پووری تەمەن 59 ساڵەی تێدا بێت، هەموو ئازارەکانی بە کپکراوی لە سینەی خۆ یدا تاکو ئەم چرکە ساتە زیندانی کردبێت، چاوەڕوانی ڕۆژێك بکات هەمووی هەڵڕ ێژێت ؟، دەردی سەردەشت بە بارستایی گیاڕەنگ و زەنزیران بەرزە، قینێکی قول لە مەرگ، ئاخر گیا ڕەنگ شاخی ژیانە نەك مەرگ.**

**پیاوێکی بەخۆ، بە بەرگی کوردی و کڵاو جاما نەوە، بە حەمەدۆ کە باڵا بەرزە کەی سەردەشتی دەکرد، ڕاستگۆیی و دڵ پاکی کوردییانە لە سیمای دە باری، لە بەر دەم دادوەری گ شتی و دادوەر کان دێ کە، بە دورا یی مەترێك لە ئانراتی تاواذ بار لەسەرکورسییەك دانیشت.**

**کاتێك دادوەری گشتی لێی پرسی: بە کوردی قسە دەکەیت.**

**لە وەڵامدا وتی: لە کوردی زیاتر چی دی نازانم.**

**دادوەری گشتی: کارت هەیە.**

**وەڵام: کارگەری دەکەم.**

**ڕاوەستایە سەر پێ و دوو پەنجەی ڕوو لە ئاسمان بەرز کردەوە، بە دوای دادوەردا وتی: خودا یارمەتیم بدات لە حەقیقەت زیاتر ناڵێم.**

**بە بێ سوێند دانیش هەر ڕاستی دەووت، ئەم جۆرە مرۆڤانە درۆ نازانن.**

**ئەو ڕۆژە سامالەی ئاسمان لەبەر شینایەتی خۆی و تیشکی خۆرە تاو ئاوی چاوی دادەهێنا، چاوە تیژەکانیش نایانتوانی ڕوو لە ئا سمان خۆ یان بەرز بکە نەوە، نیگا بخە نە سەر ڕو پەڕی ئا سمانی شینی بێ گەرد، کاك قادر کە یەك مانگ بوو لە پێشمەرگایەتی گەڕابوەوە، خەونەکانی خەباتی چەکداری زیندەبەچاڵ کرد تەنها بۆ ئەوەی بتوانێت مندا ڵەکانی بژێنێت، هەر لەو ماذ گەدا برا یەکی، کە پێ شمەرگەی**

دیموکرات بوو لە چیای قۆچی پشت گوندی مارۆغان شەهید ببوو، بە ناچاری درێژەی بە ڕێبازی براکەی نەدا، خۆی تەحویل دەدا تەوە، بۆ ئەوەی هاو سەرەکەی و 3 منداڵەکەی شەرافەتمەندانە بەخێو بکات.

دەوروبەری کاتژمێر 4 ی پاش نیوەڕۆ، لە بەرواری 28-6-1987، لە وەرزی پڕ بەرەکەتی درەو، 4 فڕۆکەی عێراقی لە ئاسمانی سەردە شت وەك وێشومەی سەرە خۆرە دەردەکەون، دەنگێك نزم لە گو ندی ڕە شە هەرمێوە د ێت، ئەو گو ندە 22 ماڵییەی تەنها 1 کم بەلای ڕۆژئاواوە لە شارەوە دوورە.

منداڵەکانی لەو کاتەی لە دەم چەم لەبن دارگوێز ێك خەریکی شیو لێ نان دە بن، ئەویش لە گوندی مەرەغان کاری خۆی دەکات ، فڕۆکەکان بە بەر چاوییەوە ڕ قی فاشیانەی خۆیان بەسەر ڕەشە هەرمێ و شاری سەردەشتدا دادەبارێنن ، ئەو تاوانەی تا ئەو کات هیچ چاوێك نەیبینیوە دەخولقێنن. تاوانێك گەورەتر لە سەری بڕاوی قاڕنێ و شەڕی 3 مانگەی سنە و ێنەی ئیعدام کراوەکانی مەریوان و مهاباد.

قادر قەت دڵی بۆ ئەوە نەچوو بوو ئەو زرمە یە، کۆ تایی هێناب ێت بە هەموو خۆشی و ئاوات و ئامانجێکی، دوا چرکەی خۆشی ئەو بوو بێت لە هەموو ژیانی، ژیانێك هەموو دەم کورد بوون هەژاربونەکەی ڕێگر بوونە لەبەردەم گەیشتن بە حەزەکانی، ئای هەژاربوون و کورد بوون چ نەگبەتییەکی گەورەن بۆ ئەم مرۆڤانەی ئەم دەڤەرە کە ناوی کوردستانە !.

منداڵەکانی بەر کیمیاوی دەکەون، یەکیان بۆ سەبوری دلی مام قادر بۆی ڕزگاری نابێت, کوێر بونەوەی ماڵ ئەمەیە، بەسواری وڵاخ منداڵەکانی بۆ دەهێنن بۆ گو ندی مەراغان، عومەر خاوەر ئاسا پەلاماریانی دا، وەلێ ئەمان نە یەك نە دوو نە سێ چووار بوون, پڕ بە گەروی بۆنیانی کرد، ئەمی هەڵدەگرت ئەوی دی دادەنایەوە، یەك بە یەك دەیانی نا بە هەناسەیەوە، پڕ بە گەروی بۆنیانی دەکرد، هەناسەکەیانی هەڵدە مژی و قووتیانی دەدا، تامێکی خۆشی دەدا بە جەستە پەککەوتە بێ ئاواتە کەی، نا یەزانی

چۆن هەناسەیان هەڵمژێت بۆ ئەوەی بۆنی لە لوتی و خۆشییەکە لە جە ستەی تا دوا چرکەی ژیان بمێنێت .

ئاخر ئەو بەختەوەرترین کاری خۆی کە پێشمەرگایەتی بوو واز لیٚ هێ نا، تەنها بۆ ئەوەی نان بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات (ناسر و ماڵماڵ ی تەمەن 8 ساڵانەی جمکانە  شاهێنی کچە گەورەی 9 ساڵانە، ژنەکەشی زگی پڕ بوو لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو).

دوای یەك مانگ لە گەڕانەوەی بۆ ناو خێزانەکەی، هێشتا تێر بۆ ذ یانی نەکرد و لە باوەشی نەنان، وا بە بریندا‌ری ئێستا لە بەردەمیدان، بوونە بە جە ستەیەکی هەنجن هەنجن کراو، تەنها بە هەناسە ماون بە جەستە هەموو گۆڕاون، ناسر و ماڵماڵی قوربانی چەکەکەی ئانرات لە کویٚ، ئەوانەی پێش کاتژمێر 4 لە کویٚ ؟، دەبێت عومەر خاوەر چیرۆکی کاك قادری نەبیستبێت ؟، بەو شێوەیە پەلاماری زارۆکەکەی دابێت ؟.

کە دەگەنە لای ئاوا دەیان بینێت کە بۆی گێڕای نەوە و تی: تووشی (( سەرەگێژە، ڕشانەوە، بەلادا دەهاتن)).

بە پەلە دەیانبات بۆ سەردەشت، لەوێوە دەیانگەیەنێتە بانە.

لە بانە داوای لیٚ دەکەن لە گەرماو بیانشوات، ئەویش بە دەستی خۆی دەیانشوات، بەهۆی مناڵەکانییەوە نەخۆش دەکەوێت، چاوی کەوتە ئێشان و گیانیش کەوتە خوران، بەڵام جەرگ حەژمانی لیٚ بڕیبوو، بە ناچاری بە دوای سەفەری چاکبونەوەی مناڵەکانی درێژە بەگەشتی ژیان دەدات بۆ تەبرێز، لەبەر ئەوەی شارێکی کوردی نی یە شوێنی مرۆۋ چاککردنەوەی تێدا بێت لە کوردستان.

## ناسر له تەبرێز دەمرێت و
## ژیانی کچیشی کە هەر نەیبینی ئەنفال دەکرێت

کە دەگەنە تەبرێز، ئەو شارە خۆشە بۆیان دەبێت بە دۆزەخ، پێستی جەستەیان ئاوی مەرگی لێ دە چۆڕایەوە، هەموو دبون بە بڵقی گەورە گەورە، لە بەر ئێشی جەستەو چاویان هاوارو ناڵە ناڵیان بوو.

لە تەورێز پزیشکەکان دڵیان سار دەکەنەوەو دەڵێن چاریان لێرە نییە !.

مام قادریش تلۆقی سەر دەستی هەر لەبانەوە دەستی کرد بە گەورە بونەوە.

ژنەکەی لە تەورێز ژان دەیگرێت، نازانێت بۆ ئێشی جەستەی هاوار بکات یان ژانی منداڵەکەی، دەڵێن ژانی ژن دیاری خوایە بۆ ژنان، ئەدی دوو ژانی ئەم ژنە دیاری کێیە ؟ پاش ئێش و ئازارێکی زۆر منداڵەکە لە دایك دەبێت.

بە ژنەکەك دەڵێت چیمان بوو ؟.

ئەویش لە وەڵامیدا: کچێکمان بوو.

ناوی دەنێین ژیان !.

کاك قادر هەموو دەم یاخی لە زوڵم و چەوساندنەوەو نا یەکسانی، باوەڕ بە ژیان، بە کرێکاری و ڕەنجبەری لە منداڵییەوە شەرافەتمەندانە ژیاوە، پاروی سەربەرزانە نەبێت تامی نەکردووە، چۆن فێری زمانی فارسی ببێت، جگە لە سەرکوت و داگیرکاری هیچی دیکەی بە دیاری نەهێناوە بۆخۆی و گەلەکەی.

ئەویش وەك هاوچین و بەشی زۆری هاونەتەوەکانی خۆی، نە زمانی داگیرکەران فێر بووە، نە توانیوییەتی بچێتە قوتابخانە و دوو کلاس بخوێنێت، ئاخر ئەو منداڵەکانی وا نەبونایە، قەت بە نیاز نەبوو ڕێی بکەوێتە ئەم ناوە، ئەو بن بەرد و چیای دەڤەرەکەی خۆی هەموو شارەزایە، ناوی هەموو لوتکەو دارو بەردەکانی دەزانێت، هەر چی گیاو بنجی سۆسنایەتی هەیە دەناسێت، ئاشنایەتی لە گەڵ باڵندەو ئاژەڵەکانی هەیە، ئەو کوڕە چیاییەکەی مەلا ئاوارەو سلێمانی مەعینییە.

پەرستیارەکان پێی دەڵێن: ئێوە بڕۆن بۆ تاران، 10 ڕۆژی دیکە منداڵە کەتان بۆ دەنێرینەوە.

ئەو منداڵەم بەجێ هێشت بۆ ئەوەی ئەوانەی دیکەم ڕزگار بکەم.

چووین بۆ فڕۆدگا بۆ ئەوەی بچین بۆ تاران.

دادوەری گشتی لێی دەپرسێت: قەت منداڵەکەت نە بینییەوە.

وەڵام: نا نەمبینیەوە قەت، هەر نەمبینی بە چاو، دوایی دووجاری دیکەش چوومەوە بۆ تەبرێز بە دوایدا، هەر نەمتوانی بیدۆزمەوە.

لە فڕۆدگا ناسر داوای ئاوی کرد، پێش ئەوەی ئاوی بدەینی لەوێ تەواو بوو، منداڵانی کورد ئاوی سادەشیان لە دوا چرکەی ژیان دەست ناکەوێت، ناسرمان لە تەبرێز لە ناو یەخچاڵ بە جێ هێشت.

دە لێن مردووان ڕۆژ یان تەواو دەبێت، چاوەڕێ دە کەن م نداڵێکی دی شوێنیان بگرنەوە، لێ ناسر کیژۆڵەیەك شوێنی گرتەوە، کەچی ئەویش یەکسەر ئەنفالکرا، دەبێت ژیان ئێستا کچی کێ بێت ؟، ئەویش با لە پاڵ 18 پاکیزەکەی میسر بێت.

## ماڵماڵ و شاهێن و دایکیان لە تاران هەموو مردن

کە گەیشتینە تاران، بەمنبوایا فڕۆکەکە لە بان نەخۆشخانەکە بنیشتایەتەوە، ڕۆژی دواتر لە تاران ماڵماڵیش تەواو بوو، بەڵام ئەو بە ئاواتی چۆڕە ئاوێك سەری نەنایەوە.

ئاگام لە خۆم نەمابوو، نامزانی هانا بۆ کوێ بەرم، تاکو سوڕاینەوە هەفتەی دی شەهێن و دایکیشی هەموو مردن، هەر سێ تەرمە کەم هەڵگرت و گەڕا مەوە تەبرێز، ژەهرەکەی ئانرات ئەوەندە کاریگەر بوو هیوای ژیانی بۆمان نەهێشتەوە.

داخوا مام قادر چەندە بیری کردبێتەوە، ناوێك بۆ ئەو دووانەیەو شەهین هەڵبژێرێت، چەندە دڵی بە ناسروماڵماڵ خۆش بووبێت، چ سوارچاك و قارەمانێکی بۆیان لە هەستی خۆی وێنا کردبێت ؟، ئێستا وێشومەی مەرگ بە سانایی هەموویان برد. فریای ئەوە

نەکەوت ژیان بکات بە ناوی کچە ئەنفالکراوەکەی،  ئاخۆ ژیان ئێستا دەزانێت کچی عومەر خاوەر و حەمەدۆکەکەی سەردەشتە.

## تەرمەکان دەهێنێتەوە ڕەشە هەرمێ

تەرمی 2 منداڵ و خێزانەکەی لە تارانەوە دەهێنێتەوە بۆ سەردە شت، ناسریشی لەتەبرێزەوە بۆ ڕەوان دەکەنەوە بۆ سەردەشت، لێ کچە زیندووەکەی لێ زەوتەکەن و دەیشارنەوە، مردوی دەدەنەوە، زیندووش بۆ خۆیان دەبەن.

4 تەرمەکە دەهێنێتەوە لە ڕەشە هەرمێ دەیان نێژێت، ئێستاش دوایی 18 ساڵ لەو کارەساتە جەرگبڕە، هەموو هەفتەیەك مام قادر غەم و ئازارەکانی لەسەر گۆڕی ناسرو ماڵماڵ بەتاڵ دەکاتەوە، لە گریان زیاتر هیچی دی لە دەست نایات .

ئەو پیاوە بە شەهامەتە ئازایە، دەیان جار لە مەرگەوە بە موو دور بووە، لەبەردەم دادوەر دەستی کردە گریان، هەموو ئامادەبوانیش لە گەڵیدا بە دادوەریشەوە، ئاخر ئەم ناسر و ماڵماڵەی مام قادر ئەفسانەی هەڵبەستراو نییە، چیرۆکی ڕیالیستی دیرۆکی کوردییە، کێ هە یە چیرۆکە ڕاستییەکانی ئەم گە لە ستەمدیدە بێکە سە ببیستێت ناگرێت.

لەو گوندە 22 ماڵییە بچوکەی ڕەشە هەرمێ، کە لەسەر هیچ نەخشەیەك دیار نییە، ئەو دوا نیوەڕۆیە، بە چەکی ئەنرات کە لە دووری یەك مەترییەوە گوێی قوڵاخ کردبوو بۆ ئەم چیرۆکە تراژیدیایەی مام قادر، جگە لە 3 مندالێ و خێزانە کەی ئەو، 3 قوربانی دیکەش هەبوو:

–مەولەد زینێ.

–قادر زینێ.

–مەلا حوسەین.

# مام قادر هەنووکە چییەتی و چۆن دەژێت

ئەم پیاوە سیما کوردی چاو شینە ددان شاش و وا شە سەروجامانە لە سەرە، لە شاری لاهای سیمای کوردییانەی خۆی نەگۆڕی، یەکەم کورد بوو لە مێژوودا، بە بەرگی کوردییەوە شایەدی لە سەر تاوانبارێك بدات، تاوانبارە بە جینۆساید، ئەمڕۆ سەلماندی ئەوانەی بە چەکی ئەنرات کوژراون هەموو ئەم بەرگەیان لەبەردا بووە، بۆ یە داد گایی ئانرات تۆڵەی ئەم مرۆڤە بێکەسانەیە.

ئێستا مام قادر ژنی دووەمی هێناوە تەوە و 6 مندالی هە یە. هەرچەندە تەنگە نەفەسەو گیانی دەخورێت (بە وتەی خۆی خورشتی هەیە)، دەستی بە تەواوی کاری پێ ناکرێت، لێ بۆ پەیدا کردنی نانی خانەوادەکەی، دەبێت ڕۆژانە هێزی کاری لە بازاڕدا بە هەرزانترین نرخ بفرۆشێت، سەر هەموو هەفتەیەکیش چەند ساتێك تەرخان بکات بۆ گریان بۆ ڕومەتی ئاڵ و واڵی ناسر و ماڵماڵ و شاهێن و خێزانەکەی، ئەوە شی ئا شقی چیرۆکی ناسر و ماڵماڵە با گوێ لەو بگرێت، بزانێت چۆن ڕوحی منداڵەکانی دەکات بە بەردا.

وتی: کار نەکەم نان نییە خۆم و ماڵ و منداڵەکەم بیخۆین، مەجبورم هەموو ڕۆژ بچم بۆ سەر کار (ئەم ژیانە پڕ مەرگە ساتەی مام قادر، تەنها لە توا نای مارکسدا هە یە گوزارشتی لێ بکات و ڕێگا چارەی بۆ دابنێت !).

ئەو شوێنەی کە منداڵەکانیتێیدا بەر گازی کیمیاوی کەوتن، هیچکە نە سەوزایی لێ ڕوایەوە، نە قەبوڵی ژیانیش دەکات، دار گوێزەکەش کە ژواذیان لەگەڵدا هەبوو، لە خەفەتی ناسرو ماڵماڵەکەی قادر ڕەشی پۆشیووە و بڕیاری داوە نەژێتەوە، دەبێت نەوەکانی داهاتووی گیارەنگ، حەج نەهێننە ئەم قەد پاڵەو لێرەوە هەموو شەیتانە مرۆڤەکان ڕەجم نەکەن ؟؟.

کاتێك پارێزەری ناوەندی هەڵەبجە (چاك ) پەرتووکی قوربانیانی سەردەشتی بۆ هێنا، وێنەی یەکێك لە قوربانییانی پێ نیشان دا وتی: ئەمە ناناسیت ؟.

دای لە پڕمەی گریان و وتی: ئەمە شاهێنە چی دەکات لێرە ؟.

دادوەری گشتی ڕوی لە ئامادە بووان کرد و وتی: کەس پرسیاری هەیە؟.

کەس پرسیاری نەبوو بە پارێزەری ئەنراتیشەوە، کە یەکەمجار بوو یەکێك ئیزن بدەن بێ پرسیار کردن، ئاخر چ شەیتانێك دەتوانێت گومان لەوە بکات ئەم چیرۆکە تاوانی جینۆساید نییە، ئەمڕۆ تەنها عومەر خاوەرمان کەم بوو لەدانیشتنەکەمان.

دادوەر لە کۆتاییدا وتی: چی داواکارییەکت هەیە ؟.

قادر: داواکارم لە دادگا تاوانبار بە سزای خۆی بگات.

دادوەری گشتی: ئێمەش ئەم داواکارییەمان هەیە.

ئەمە کارەسات و سەرگوزشتەی کەسێك بوو، تاکو پێش مانگێك بەر لە دە ستدانی منداڵەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام چەند ڕۆژە لە لا های کەوتووە، تاکە یەك کەسی کۆنە پارتەکەی سەریان بەو دادگا یەدا نەکرد، حیزب لە خەیاڵێك گەلیش لەخەیاڵێك تر.

# 8

**شایەدحاڵە گرنگەکەی دادگا، ئەو کەسەی ملی سەدامیش دەکات پەتا تەناکا بە 78 ساڵ تەمەنییەوە, دەیان هەزار کم دەبڕێت بۆ شایەدی دان لەسەر ئانرات.**

**بەڵام بەرپرسانی کورد لەبەر کاری تایبەتی خۆیان ناتوانن لە دووری 1 کمەوە ئامادەی دادگا بن**

ئیشیرۆ تەناکا لە دایك بووی بەرواری 11-12-1927 ی شاری ئۆساکاوای ژاپۆنی، پاش ڕێزلێنانێکی ژاپۆنیانە، بە سوجدە بردنەوە بۆ وەرگێڕ (دەربڕی ئەوپەڕی ڕێزو ستایشی مرۆڤی ژاپۆنی یە بۆ یەکتر) لە سەر کورسیەکە دانیشت. هەر چەندە شیرپەنجەی پرۆتستاتی هەیە و بە وتەی خۆی لە بیرچونەوە غەدری لێ دەکات، بەڵام هێشتا بە گوێرەی ئەو تەمەنە بەخۆیە، هەرچەندە سەرو ڕیشە ماش وبرنجی یەکی بەلای سپیدایایە، بەڵام هەمیشە دەم بە خەندەیە. تاکو ئێستا لە کۆمپانیایەکی ژاپۆنی کار دەکات، وەك تایبەتمەندی هەر مرۆڤێکی دیکەی ژاپۆنی کاری خۆش دەوێت، بە سانایی کۆڵ نادات، پێوەی دیارە دەردی نەبوونی نەچەشتووە. هەرچەندە هاوپیشەو کۆنە هاوڕێی ئەنراتە، بەڵام سڵاوی لێ نەکرد. ویستم وێنەیەکی لەگەڵ بگرم و نا مەی لێبوردنی پێ بنووسم بۆ پاشماوەی قوربانییان، بەڵام پۆلیس بە توندی ڕێگر بوون لە هەر ئاخاوتنێك لە گەڵی.

ڕۆژی 2-6-2005، دادگای ئەنرات تایبەت بوو بە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەم دەلاڵەی بازرگانی چەکی کیمیاوی، کە شایەدحاڵێکی گرنگیشە لەسەر بازرگانی کردن بە چەکی کیمیاوی لە لایەن ئەنراتەوە و بەکارهێنانی ئەو چەکە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، لە وڵاتە یەککرتووەکان لەسەر ئەم پیشەیە 28 مانگ زیندانی کراوە " کوردیش بێئاگا ". 4 جار بۆ ئەم مەبەستە و تایبەت بەگرتنی فرانس ڤان ئەنرات لەگەڵ پۆلیسی ئۆساکا گفتوگۆی لەگەڵدا کراوە، بۆ یەکەمجار لە بەرواری 22-6-2005.

لە دەستپێکدا دادوەری گشتی لێی پرسی: فرانس ڤان ئەنرات دەناسیت.

تەناکا: بەڵێ لە ساڵی 1984 ەوە دەیناسم.

دادوەر: لە کام مانگەوە.

تەناکا: لە مانگەکانی 4-5 ی 1984 ەوە.

## ژەهرەکانی ئەنرات ژاپۆنی و ئەمەریکین

تەناکا 5 جۆر مادەی کیمیاوی بە ئەنرات فرۆشتووە، کە بریتیین لە (ئە گەر هە لە نەبم لە سپێلەکانی) (pdl3_poc_HF TDG-TMP).

دەو لەتی ژا پۆن لە بەرواری 26–7–1984, یا سایەکی دەر کردووە بۆ قەدەغەکردنی فرۆشتنی ئەم مادە کیمیاوییانە، بە ولاٌتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕا ست بە گشتی عێراق و ئێران بە تایبەتی، سەرباری ولا تانی کۆمۆنیست، لێ بۆ ولا تانی ئەوروپای خۆرئاوا فرۆشتنی ئازاد بووە.

تەناکا کۆی گ شتی 1400 تەن مادەی TDG درو ستکراوی (ژا پۆن  ئە مەریکا)ی فرۆ شتووە بە ئانرات ((پێکهێ نەری سەرەکی گازی کورد کوژەی (خەردەل)) کە ناسراوە بە بۆمبی ئەتۆمی هەژاران.

لە ژاپۆنەوە بۆ بەندەری ترێستی ئیتالیای ڕەوانی کردووە، لە ئەمەریکاشەوە بۆ بەندەری بەناوبانگی ئەنتوێرپن لە ولاٌتی بەلجیك و ڕۆتەردام لە هۆلەند.

## تەناکا زانیویەتی کیمیاویەکە بۆ عێراقە

تەناکا لای پۆلیسی ئۆساکاوا دانی بەوەدا ناوە، زانیویەتی ئەنرات ئەم مادەی کیمیاوییەی ئەم بۆی دەکرێت دەینێرێت بۆ بەغدا.

تەناکا فاکسی پیشان داوە، ئەوە دەردەخات لە ساڵی 1984 ەوە، دوو جار لە ڕێگەی ئیتالیاوە مادەی کیمیاوی ناردووە بۆ عێراق.

لە ساڵی 1984 ەوە ئەنرات پێی وتووە: ئەم مادانە بۆ عێراقە. واتا فێلٌیان لە کۆمپانیاکانی ژاپۆنی کردووە، بەوەی بە ئەوانییان وتووە ئەو مادانەی لەوانی دەکڕن بۆ ئیتالیای دەنێرن.

گوایا تەناکا لە کاتی خۆی بە ئانراتی وتووە: دەتوانم تاکو ئیتاڵیا بۆت بنێرم. ئەبێت خۆت ڕەوانی بکەیت بۆ شوێنی دیکە، ئەوە کاری من نییە.

دادوەر پرسیار دەکات لە تەناکا: ئایا ئەنرات ئە مەی بە تۆ وو تووە: ئەم مادا نە دەچێت بۆ بەغدا با بە نهێنی بمێنێتەوە ؟.

تەناکا: بەڵێ پێمی وتووە.

هەروەها لە ساڵی 1984 پێکەوە چوونە بۆ کۆمپانیا کان، لەوێ کۆمپانیا کان پێیانییان وتووە: ئەم مادانە لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی بەکاردێت.

فاکس بە مێژووی 1-9-1984 نووسراوەو لە 9-9-1984 نێردراوە بۆ ئەنرات، تەناکا تیایدا نوسیوییەتی: دەتوانێت TDG-TMP بفرۆشێت بە ئەنرات.

## ئەنرات زانیوییەتی ئەم مادانە بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی بەکار دێت

دادوەری گشتی لە تەناکای پرسی: تۆ چۆن گوما نت نیە لەوەی ئەم مادا نە بەکارهێنراوە لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی ؟.

لە وەڵامدا تەناکا وتی: لەبەر ئەوەی ئەو کارخانانەی ئەم مادە کیمیاویانەیان بەرهەم هێناوە، پێمانیان وتووە کە ئەم مادا نە بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی.

خودی کۆمپانیاکە لە ئەنراتیان پرسیووە: ئایا ئەم مادە یە بەکار ناهێنرێت بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی؟.

لە بەرواری 12–3–1984 بڕیار لە حکومەتی ژاپۆنییەوە دەرچووە، کە فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە عێراق و ئێران یاساغە، ئەم بڕیارە بە گوێرەی ویست و داخوازی یو ئێن، وڵاتی ژاپۆن دەریکردووە.

دوای دەر چوونی ئەم بڕ یارە، کۆمپانیا کانی ژا پۆنی ڕەزامە ندیان لە وزارەت وەرگرتووە، ئەوجا ئەم مادانەیان فرۆشتووە.

تەناکا دەڵێت: من زانیاریم نییە لەسەر مەوادی کیمیاوی، بەڵام کۆمپانیاکان ئەوەیان زانیووە. ئەم بڕیارەشیان بە ئەنرات وتووە، کە فرۆشتنی ئەم مادا نە بە وڵا تانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەدەغەیە.

دادوەری گشتی: تۆ ئاگاداریت کە ئەم بڕیارە بە ئەنرات وترابێت.

تەناکا: بەڵێ ئاگادارم.

دادوەری گشتی: ئەمە بۆ ئێمە زۆر گرنگە.

بروسکەیەکی دیکە لە چارلییەوە هاتووە (ناوی تەناکا یە)، تیا یدا نووسراوە: زۆر کۆمپانیا هەیە مادەی کیمیاوی بفرۆشێت، بەڵام گرنگ ڕەزامەندی حکومەتی یابانی یە،

دەتوانرێت ئەم مادانە بنێردرێت بۆ دەرەوە، جگە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە یاساغە حکومەتی یابانی مادەی کیمیاویان پێ بفرۆشێت.

تەناکا: بە پێکەنینەوە بەڵێ ڕاستە.

دادوەری گشتی: ئانرات ئەم فاکسەی پێ گەیشتووە.

تەناکا: خۆم بۆم نارد.

دادوەری گشتی: وەڵامت پێ گەیشت.

تەناکا: لە یادم نەماوە.

لە بروسکەیەکی دیکەدا کە سکرتێرەکەی ئانرات لە سەنگافورەوە ناردویەتی بۆ تەناکا لە بەرواری 15-11-1984, تیایدا ئاماژە بەوە دەدات:

لە یابانەوە بروسکەیەك نێردراوە بۆ ئانرات، تیا یدا داوا دە کەن بزانن ئەو مادە کیمیاویانە، لە کۆتاییدا بۆ کوێ دەڕوات.

دادوەری گشتی: ئایا ئەم بروسکەیە دراوە بە ئەنرات ؟.

تەناکا: بەڵێ بێ گومانم پێی دراوە.

من و ئەنرات پێکەوە چووین بۆ کۆمپانیاکە لە ئۆساکاوە، ئەمە وەڵامەی پێمان وت.

دادوەری گشتی: کەواتا ڕۆژێك لە ڕۆژان گفت و گۆ کراوە لە گەڵ ئەنرات لەبارەی ئەوەوە، کە فرۆشتنی ئەم مادانە، بە وڵاتانی عێراق و ئێران یاساغە ؟.

لە بروسکەیەکی دیکەدا کە لە بەرواری 22-6-1984 نێردراوە، تیایدا نوسیووتە:

من دەمزانی ئەم مادە کیمیاوییانە بۆ عێراقە.

تەناکا: بەڵێ ڕاستە.

لە ساڵی 1984 ەوە زانییوتە ئەم مادە کیمیاوییانە دەفرۆشرێت بە عێراق.

تەناکا: بەڵێ ڕاستە.

دادوەری گشتی بەڵام ئەنرات وتوویەتی: دەبێت ئەمە بە نهێنی بێت.

## تەناكا لە ساڵی 1984 ەوە ئەنرات دەناسێت

تەناكا و ئەنرات لە ساڵی 1984 ەوە یەكتر دەناسن، لە كۆتایی ساڵی 1984 ەوە ئەنراتی بینیووە، لە مانگی 5–6–1984 ەوە گفتوگۆ یان لە گەڵ یەكتردا كردووە لەسەر بازرگانی كردن بە چەكی كیمیاوییەوە.

دادوەری گشتی: چەند جار ئەنرات هاتووە بۆ لات لە یابان ؟.

تەناكا: دووجار، جارێكیان لەگەڵ ژنەكەیدا.

## بەندەرەكانی ئیتاڵیا دەروازەیەك بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخ، دەروازەیەك بۆ گوزەركردنی ژەهر

ئاواتی گەنجی كورد گەیشتن بوو بە بەندەرەكانی ئیتاڵیا، بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخێك، دەسەلاَتداران و نەرێتی باوی كۆن و گەندەڵی دروستیان كردووە. بۆ گەیشتن بەم جیهانی دیلمۆنە, هەزاران هەزار لاوی كورد گیانیان بەخشی.

ئێستا دەبینیین ئەم بەندەرانەی ئیتاڵیا، دەبن بە دەروازە یەك بۆ ناردنی چەكی مەرگ بۆ عێراق، واتا بەهەشت و مەرگ هەردووك لە بە ندەرەكانی ئیتالاَیاوە بۆمان هاتووە.

تەواوی ئەو مادە كیمیاویانەی، ئەنرات لە ژاپۆن كڕیویەتی، قۆناغی یەكەمی ئیتاڵیاو بەندەری ترێست بووە.

تەناكا دەڵێت: كۆنتراكتی من ناردنی مادەی كیمیاویی بووە لە ژاپۆنەوە بۆ بەندەری ترێستی ئیتاڵیا، كۆمپانیای FOP بۆ گواستنەوە مادە كیمیاوییەكان، ئەم كارەی ئەنجام داوەو پێی هەڵساوە.

حکومەتی یابان ڕەزامەندی دەربڕیبوو، کۆمپانیای FOP مادەکانی بۆ بیگوازێتەوە بۆ ئیتالْیا، لە بەندەری ترێستەوە، بازرگانانی مەرگی دیکە ئەم مادانەیان گواستۆتەوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ دیداری گۆپتەپەو هەڵەبجە.

## کیمیای بۆ کارگای قوماش کڕیوە، کەچی کوردی پیّ کوشتووە

کۆمپانیاکانی ژاپۆنی بە ئەنراتیان وتووە: بۆچی ئەم مادا نە بەکار دەهێنیت ؟؟؟.
ئانرات لە وەڵامدا وتوییەتی: بۆ کارگەی قوماش و پێستە لە ئیتالْیا، لە دروستکردنی جل و بەرگ بەکار دەهێنرێت.
هەڵبژاردنی وڵاتێکی ڕۆژئاوایی، بە تایبەت وڵاتی ئیتالْیا کە لە جیهاندا بە ناوبانگە، بە پیشەسازی چەرم و جل و بەرگ، هەموو گومانێکی شاردۆتەوە، بە تایبەت کە سێکی وەك ئانرات بەو بازرگانییە هەڵساوە، بۆ خۆی بە ڕە چەڵەك قژ زەردی چاو شینی ڕۆژئاواییە.
لە بروسکەیەکی دیکەدا، کە لە سەنگافورەوە نێردراوە، دەڵێت: کڕیارەکانی ئێمە لە سویسران، لەوێوە مادەکان بۆ شوێنی دیکە دەڕوات.

## تورکاش شەریکە بەشە لە تاوانەکە

دادوەر بروسکەیەك دیکە بە تەناکا نیشان دەدات، کە لە پالاوگەی نەوتی عێراقەوە نێردراوە بۆ ئەنرات، تیایدا باس لەوە کراوە مادەی کیمیاییە کە بگا تە ئیتالیا، لەوێوە بۆ تورکیا ڕەوان بکرێت، پاشان بە بارهەلگر بگوازرێتەوە بۆ عێراق.

تەناکا: بەسەر لەقاندنەوە: من ئەم بروسکەیەم بینیوە، بەلام نەمزانییوە چی تێدا نوسراوە.

داوەری گشتی: لای پۆلیس باست کردووە کە ئەنرات پێمی وتووە: ئەم مادە یە دەچێت بۆ ئیتالیا، لە ئیتالیا بۆ تورکیا، لە تورکیا شەوە بە ئۆتۆمۆبێلی بارهەلگر دەگوازرێتەوە بۆ عێراق.

ئانرات تەنها یەکێك لەو بازرگانانە یە چەکی کیمیاوی و چەکی قەدە غە کراوی کۆمەلکوژی بۆ ڕژێمی فاشی کڕیووە، داخۆ دەبێت چەندی دیکە بە دەروازەی تورکیایا چەکی کۆکوژیان گەیاندبێتە ڕژێم ؟، تورکیا دەبێت ئاگای لەمە نەبێت ؟.

## تەناکا دەلالی خۆی لە ئەنرات وەرگرتووە، بەلام ئەنرات فێلی لەویش کردووە

دادوەر لە تاناکا دەپرسێت: تۆ بە شی خۆ تت وەرگر تووە، لەو مادا نەش کە لە ئەمەریکاوە کڕدراوە و ناردوتە بۆ بەندەری ئەنتوێرپن لە بەلجیکا.

تەناکا: بەلی بەشە دەلالی خۆمم لە ئەنرات وەرگرتووە.

دادوەر: ئەگەر هەمووی بژمێریت لە ژا پۆن و ئە مەریکاوە 1400 تەن TDG ت فرۆشتووە بە ئانرات.

تەناکا: بەلێ ڕاستە.

دادوەری گشتی: ئە مە ما نای ئەوە یە ئەم مادا نە هەموو گەیشتونەتە ترێست و ئەنتوێرپن.

تەناکا: من لەبارەی ترێستەوە دەزانم، کۆنتراکتم  تا ترێست بووە.

دادوەر: بەڵام  دەڵاڵی کاتێك وەردەگرترێت،  کە مادەکان بگەنە شوێن خۆیان ؟.

تەناکا: من لە بەرامبەر پیێ فرۆشتن پارەم وەرگرتووە، لەگەڵ بارکردندا دەڵاڵی خۆمم وەرگرتووە، نەك گەیشتنی بەجێی خۆی.

پارێزەری  ئەنرات: تەناکا  تۆ باسی زیانی 110000 دۆلارت کردووە.

تەناکا: بەڵێ پارەی ئەو بارهەڵگرا نەی دام  بۆ گوا ستنەوەی  مادەی کیمیاوییە کە، نەیگەڕاندەوە بۆم.

## ئەنرات شارەزای لە زانستی کیمیا هەبووە

بە وتەی تەناکا  بێت، ئەو  هیچ  شارەزاییەکی  لە زانستی کیمیا  نەبووە. هەرچی ئەنراتە شارەزایی زۆری لەبارەی زانستی کیمیا هەبووە ( هەروەك  لە ژیان نامەکە یدا ئاماژەی پێدراوە )، دیارە بەهۆی ئەم شارەزاییەوەیە  ئەم کارەی هەڵبژاردووە.

تەناکا دەڵێت: لە کاتی قسەو باسمان لەگەڵ کۆمپانیاکان، ئانرات  بەزمانی کیمیاوی پاراو گفتوگۆی  لە گەڵیان کردووە.

جگە لە تەناکا، ئەنرات چوار هاوکاری ژا پۆنی دیکە شی  هەبووە ( ئەتاکا، ئیرا تا، تیراکا، هیراتا ). ئیراتاش  چەشنی ئانرات شارەزایی  باشی هەبووە لە زانستی کیمیا.

## دوا  ژوانیان لە ئەمەریکا بووە

به وتەی تەناکا، لە ساڵی 1988 بۆ دواجار، لەگەڵ ئەنرات بە یەکەوە  بە تەلەفۆن گفتوگۆیان  کردووە. پێشتر چەند جارێك  لە نیورۆك  و پاڵمچی کالیفۆرنیا  یەکترییان بینیووە.

زۆر بەی پەیوەندی یەکانیان  بە تە لەکس  ئەنجام داوە  نەك نا مە گۆڕی نەوە،   ئەو کۆنتراکتانەشی کە کردوییانە، هەموویانی    واژۆ  کردووە.

## تەناکا لە ڕۆژنامەوە بیستوییەتی لە هەڵەبجە دراوە

داوا کاری گ شتی  لە ڕێ گەی پر سیارێکەوە،  پەیامی داد گا و  هۆ و ئا مانجی  بانگ کردنەکەی  بە تەناکا ڕاگەیاند، کاتێك لێی پرسی: کەی بیستت لە هەڵەبجە درا ؟.

تەناکا: لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە بیستم لە ساڵی  1988.

داواکاری گشتی: ئەی  کەی بیستت ئەنرات گیرا  لە لایەن ئەمەریکاوە.

تەناکا: بە تەلەفۆن بیستم.

# 9

## هەڵەبجە دادگای لاهای هەژاند

### لە دادگایی فرانس ڤان ئەنرات: هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران شکستی هێنا.

### دادگا بووە نمایشی دەردو مەینەتییەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان

لە ڕۆژی دەیەمی دانیشتنی خولی کۆتایی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات، کە لە بەرواری 5-12-2005 بەسترا. لە سەرەتادا پارێزەری ناوەندی چاك، کە پارێزەری قوربانیانە، باسی لەوە کرد قوربانیانی کورد دەیان هەزارن، لێ ئەمڕۆ لە دادگا تەنها 15 لە قوربانیان ئامادەن. ئەمانەی لێرەن قوربانی جینۆساید و تاوانی جەنگن، مافی خۆیانە قەرەبووی زەرەرو زیانەکانیان بۆ بکرێتەوە.

بە دورو درێژی باسی هەردوو یاسای قەرەبووی هۆڵەندی لە ئامادەکردنی ( گرۆن هاوس) و یاسای تاوانی جینۆسایدی نێونەتەوەیی کرد، کە بە گوێرە یان سەلماندی دەتوانرێت گومانلێکراو سزا بدرێت.

لە برگەیەك لەوتەکانی ئاماژەی بەوە دا، کردەی جینۆسایدکردن کۆن نابێت، بۆیە ئەوەی بەشداری لە ئەنجامدانی دەکات، هەموو کات ئامادەیە بۆ لێپرسینەوەو سزادان.

هەروەها وتی: کوردەکان بۆ خۆیان ئەوانە چاك دەناسن چەکی کیمیاو یان دژی بەکارهێناوە، هەروەها ئەوەش دەزانن چۆن ئەو چەکە کیمیاوییانەیان پەیدا کراوە و چۆنیش بەکارهاتووە، قوربانیانی چەکی کیمیاوی مافی خۆیانە بەشێوەی یاسایی داوای مافەکانی خۆیان بکەن.

خاتوو زێخ فێڵد  داوایکرد بەگوێرەی یاسای هۆڵەندی قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوە، سێ لە قوربانیان ناسنامەی هۆڵەندیان هەیە(عەلی ڕەحیمی– داذ یا– ڕێ باز ). لە بەر چەند هۆیەك دەبێت یاسای هۆڵەندی بەکاربهێنرێت:

–ئەنرات هاووڵاتییەکی هۆڵەندییە و ئێستا لە هۆڵەندەیە.

–لەبەر ئەوەی جینۆساید دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراوە، بەم هۆیەوە نابێت یاسای عێراقی بەکاربهێنرێت.

سەرباری یاسای هۆڵەندی بۆ قەرەبووی قوربانی یان، دەب ێت یا سای نێونە تەوەیی جینۆسایدیش بەکاربهێنرێت.

بۆیە ئێستا داوای حوکمێکی قورس و قەرەبوو دەکەین بۆ زیان لێکەوتووان. ئانرات دەبێت گەورەترین و تو ندترین سزا بدرێت، هاووڵاتی یەکی هۆڵەندی یەو تاواذ بارە به جینۆساید، بە گێرەی یاسا نێو دەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئەنجام دانی جینۆساید سزا بدرێت.

ئەو قوربانیا نەی ل ێرەن هەموو کێ شەی تەندروستی شیان هە یە، ئەنرات دەب ێت تەحەمولی ئەمەش بکات.

## مردووەکان نرانە چاڵ و ڕزگاربوانیش بە دەردی خۆیانەوە دەتلێنەوە

قوربانیانی چەکی کیمیاوی ڕژێم ژمارەیان دە یان هەزارە، زۆر ناو چەو شوێن هەر نەچونەتە ناو بەڵگە نامە جیهانییەکانەوە، بەهۆی کارنەکردن لە سەریان، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرژەوەندی خۆی، تەواوی ئەو شوێنانەی کەوتونەتە بەر هێر شی چەکی کیمیاوی بە دۆکمێنت کردووە.

قوربانیانی ئامادەبوو لە هۆڵی دادگا بریتی بوون لە:

حەسەن عەلی موختار لە پالاوگەی ئاوی کرما شان، لە ساڵی 1987 بە چەکی کیمیاوی بریندار بووە، لەو ساوە سەرباری هەموو دەردوو مەینەتی یەکان لە (تەنگەنەفەسی، نەخۆشی پێست، کۆکە، نەخۆشی چاو.....) کە هاوبەشە لە هەموو قوربانیان، ئەم سەرباری ئەوانە پیاوەتی خۆشی لە دەست داوە.

گوندی ئاڵوەتانی بانە لە یۆنی 1986 کیمیاباران کراوە، 3 کەس بوونە بە قوربانی، 2 کەسییان خێزان و منالێکی خەلیل سەعید پوور بوون، کاك خەلیل بە بەرگی کوردییەوە ئامادەی دادگا بوو، سەر لەنوێ خێزانی پێکەوە ناوە،هاو سەرە نوێکەی یەکێکە لە قوربانیانی چەکی کیمیاوی، وەلی منداڵە تازەکەیان دڵی تەواو نییەو مێشکی نەخۆشە.

– چیمەن سەعید پوور تەمەن 19 ساڵانە، کچی کاك خەلیلە، لەو کا تەی گو ندی ئاڵوەتان کیمیاباران کراوە، ئەو 6 مانگان بووە، دایکی نەناسیووە لە دە ستی داوە، ئێستا یەکێك لە گرێکانی ژیانی ئەوەیە، ئا شنایەتی لە گەڵ دایکی پە یدا نەکردووەو بەجێی هێشتووە، لە کاتێکدا وێنەی دایك و خوشکەکەی پیشان دەدرا لە سەر شا شە گەورەکە، بە دەم گریانەوە وتی: کە بیر لە ژیان دەکەمەوە دڵم تەنگ دەبێت، هیوام بە ژیان نەماوە، داوام کرد چاوم بگۆڕن، هەر چارەسەر نەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ توانای بینینم کەم دەبێتەوە، ژیانم بۆ چییە بینین و خەو خواردن و هەنا سە دا نی تێدا نەبێت، سەرباری ئەوەی دەبێت خزمەت ماڵەوە بکەم کە توانام نییە.

پارێزەری قوربانیان داوای کرد ڕێگەی پێ بدەن، فلیمێکی 12 دە قەیی لە سەر کارەساتی سەردەشت پێشکەش بکات، بەڵام پارێزەرانی ئەنرات دژی وە ستانەوەو وتیان: بەهۆی ئەوەی شایەدحاڵ زۆرە لەسەر کارەساتی سەردەشت، بۆیە پێویست بە لێدانی ئەم فلیمە نا کات، بەڵام دادوەری گ شتی داوا کەی ڕەتکردەوەو ڕەزامە ندی لەنمایش کردنی فلیمەکە دەربڕی.

حه سه‌ن که‌ریمی خه‌ڵكی شاری سه‌رده شت، پاش ئه‌وه‌ی چووه بۆ مه‌باد بۆ چاره‌سه‌ر، به داواكاری پزیشك دووشیكردووه، به‌ڵام به دووشكردن بینایی له ده ست ده‌دات، خێزانه‌كه‌ی سكی پڕ بووه، له نێوان ژن و منداڵه‌كه‌ی سكی، كه له ناو مانگ و ڕۆژی خۆی بووه، به وته‌ی خۆی: پزیشك داوای لێ‌كرد یه‌كیان هه‌ڵبژێرم له نێوان هاوسه‌ره‌كه‌ی و منداڵه‌كه‌ی ناو سكی، كه‌چی دوایی هه‌ردووكییانم له ده ست دا. له خێزانی خۆم و براكه‌م 9 قوربانیمان هه‌یه به چه‌كی كیمیاوی.

كه قسه ده‌كه‌م شتێك له ده‌ممه‌وه ده‌ره چێته ده‌ره‌وه، بۆیه شه‌رمه كه‌م له گه‌ڵ خه‌ڵكدا گفتوگۆ بكه‌م.

## عه‌لی ڕه‌حیمی گۆڵه‌كه‌ی خۆی كرد

عه‌لی ڕه‌حیمی كارمه‌ندی به‌نج له نه‌خۆشخانه‌ی سه‌رده شت، هاووڵاتی هۆڵه ندی و هه‌ڵسوڕاوی چاك، وتی: من كه‌سێكی سیاسی بووم و 3 ساڵ زیندانیم بینیووه، داكۆكیم له مافی مرۆڤ و مافی كورد كردووه.

ئه‌م ڕسته‌یه نوێنه‌رانی كۆماری ئیسلامی هه‌ژاند، چونكه ئه‌وان خۆیان به خاوه ند كێشه‌ی كیمیابارانكردنی شاری سه‌رده‌شت ده‌زانی، كه‌چی ئێستا چالاكانی سیاسی و كه‌سو كاری شه‌هیدانی لایه‌نه سیاسییه‌كان قوربانیان پێك ده‌هێنن.

عه‌لی ڕه‌حیمی نه‌بوا یه سه‌رده شت له یاد كرا بوو و هاووڵاتیانی كورد ستانی خۆرهه‌ڵاتیش نابوونه شایه‌دحاڵ له‌م دادگایه، بۆیه ده‌بێت هه‌وڵه‌كانی به‌رز بنرخێنرێت.

## ساڵه‌ح پور ئه‌قده‌میش ده‌ردی كۆماری ئیسلامی گرانتر كرد

کاتێك بە زۆر نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە فارسی قسەیان بە شایەدەکان دەکرد، دەڵێن لە ئیسلامدا جیاوازی لە نێوان نەتەوەکان نییە، بەڵام سەرباری ئەوەی یەك پۆلی خوێندن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نییە، لەناو هۆڵی ئەو دادگایە کە دەیان هەزار کم لە تارانەوە دوور بوو، داوا لە قوربانیان کرابوو بە فارسی قسە بکەن، لێ سالەح پور ئەقدەم وتی: وەرگێڕی کوردیم دەوێت. ئەم داواکارییە تەنها قسە کردنی ئەو چەند ڕستەیە نەبوو بە کوردی، بەڵکە دەربڕی ئەوە یە ئەم قوربانیانەی لێرەن دڵیان لای کوردە و تاکێکن لە گەلێك ناویان کوردە و لە گەڵ قوربانییانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئەو ئاڵای کوردستانەی لەبەردەم دادگای هۆڵەندی هەڵدرابوو کۆیان دەکاتەوە لە نیشتمانێکی هاوبەش.

سالەح پوور وتی: دوای 18 ساڵ هەستمان کرد و زانیمان شوێنێك هەیە لەم تاوا نە گەورەیە دەپرسێتەوە.

کیامەرز حوسێن خەڵکی گوندی زەردەی کرماشان، کە دێی دەڕوانی ڕۆستەمی زاڵەکەی کرماشانە، لە بەرواری 22–7– 1988 لە کاتێکدا خەڵکی گوند لە جەژنی قوربان بە دیداری کەس و کاری شارنشینییان شاد ببونەوە، هێرش بۆ سەر گوندی زەردەی 1700 دانیشتووان ئەنجا مدرا، 9 بۆمب، 80 شەهید و 600 برینداری لێکەوتەوە. کاك کیامەرز ئەو زەلامە بە هەیبەتە بەدەم قولپی گریانەوە چیرۆکی لە دەست دانی 21 کەس لە خانەوادەکەی گێڕایەوە، باوك و 5 برای تێدابوو، خۆی و براکەی بە 2 ڕۆژ ئەوجا توانیان گۆڕ بۆ ئەو 21 قوربانییە لێ بدەن و بیاننێژنەوە، دوایی شاردنەوەی قوربانییان ئەوجا هەستی بەوە کردووە بۆ خۆشی بریندارە.

سەعدواڵڵە عوسمانی تەمەن 29 ساڵە، لەساڵی 1993ەوە کوێر بووە، هەناسەدان و خەوو خۆراك و بینینی لەدەست داوە، یەکێکی دیکە لە قوربانییانی گوندی زەردە بوو.

**شێخ حوسێن بەرزنجی باسی لە کیمیابارانکردنی شاری شنۆی کورد نشین کرد، کە لە جەرگەیدا نزیك بە 2000 بریندار هاووڵاتی بریندار ببونە. هەرچەندە لە سەرەتاوە کەس نەمردووە بە بۆمبابارانکردنە، بەڵام لە بەر ئەوەی دەوڵەت هیچ کۆمەکێکی پێشکەش بە برینداران نەکردووە, دواتر دەیان لەو قوربانییانە مردوونە.**

**لەیلا مەعروف زادە کارمەندی بنەماڵەی شەهیدان و پەرستیار باسی لەو جەهەنە مە کرد ئەو4 فڕۆکەیەی عێراق لەو پاش نیوەڕۆیەی بەرواری 28-6-1987 لە شاری سەردەشت خولقاندیان، لەگەڵ دەنگی فڕۆکەیا بە دوای براکەیدا وێڵ دەبێت، لەناو شار دەیدۆزێتەوە، کە شار بۆردومان دەکرێت پەلاماری براکەی دەدات و خۆیان فڕێ دەدەنە ناو چاڵاوەوە، تا براکەی لە وێشوومەی مەرگ ڕزگار بکات.**

**دوای کارەساتەکە دەچێتە نەخۆشخانە، دەڵێت:**

**لەبەر ئێش و ئازار بریندارەکان هاواریان دەکرد: لەیلا وەرە بمکوژە.**

**لەبەر ئەوەی هەموو بریندارەکان دەناسێت، بۆیە بەرگی دژ بە چەکی کیمیاوی بەکار ناهێنێت، بەم هۆیەوە تووش دەبێت، کاتژمێر 3 شەو چاوەکانی لە بینین دەکەون.**

**لەکاتی قسەو باسەکانیدا دەرمانەکەی دەردێنێت و دە یخوات، ئانراتیش سەیرێکی دەکات و سەری شۆڕ دەکات.**

پارێزەری قوربانیان خاتوو د. زێخ فێلد: کورد جینۆساید کراوەو نیشتمانەکەی دابەش کراوەو مافی پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە.

**بە تاوانی جینۆساید کردنی گەلی کورد لە عێراق داوای قەرەبووکرد نەوە دە کەم، ئەنرات تاوانبارە بە کردەی جینۆساید. دوژمنانی کورد دەیان ویست هەموو کورد قڕ بکەن.**

قوربانییەکان من هەموو کوردن، لە ڕوی یاساییەوە کردەی جینۆسایدی بەرامبەر بە کوردی شیکردەوە و بەراوردی کرد بە یاسا نێو دەوڵەتییەکانی جینۆساید، سەلماندی ئەوەی دژ بە کورد ئەنجام دراوە جینۆسایدێکە پشت بە پێستی تاوانەکە.

وتی: کورد لە ناوچەکە بەسەر 4 وڵاتدا دابەشکراون، هەموو گەلانی ناوچەکە وڵاتیان بۆ خۆیان دروستکردووە تەنها کورد نەبێت.

قوربانییانی پرۆسەی ئەنفال 50000–100000 مرۆڤەو 20000 قوربانی چەکی کیمیاوییە.

ئێستا داوا دەکەم فلیمێکی 15 دەقیقەیی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە پیشان بدرێت. پارێزەری ئەنرات نەیتوانی هیچ ناڕەزایەتییەك دەربڕێت (ئەم فلیمە لە ئا مادەکردنی مارتین بوو ).

15 دە قە هەموو داد گا بەدیار وێ نەی عو مەر خاوەرەکا نەوە گر یان، عو مەر خاوەرەکەی سەردەشت لە هەموویان زیاتر، تاوانی هەڵەبجە ناو هۆڵی دادگای لاهای کرد بە ڕۆژی حە شر، ئەنرات لە پێ شەوە دانیشتبوو، دەیڕوانی یە ئەو کارە ساتەی چەکەکەی ئەو لەو شارە ڕەنگینە خولقاندبووی، کاتێك فلیمە کە کۆ تایی هات چرکە ساتێك هۆڵ هەر کپ و بێدەنگ بوو، کەوتبوونە ناو قوڵایی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەوە .

## دانیا محەمەدی هونەرمەند،
## ئافرەتە بە هەڵوێستەکەی هەڵەبجە

دانیای هونەرمەند شین و گریانی خەڵکی هەڵەبجەی لەکاتی لێدانە کە هێنا یە ناو هۆڵی دادگاییەکەوە، مرۆڤم دەویست لەکاتی قسەو باسەکەی چاو بەفرمێسك و قوڕگ پڕ لە گریان نەبوبێت.
ئاخر ئەوەی دانیا بناسێك دەزانێت چەندە مرۆڤێکی بەرز و کە سێکی بەهەڵوێ ستە، گویێ لە نەخۆشی و نەبوونی ناگرێت، لە هەموو چالاکییەکی شاری هەڵەبجەدا ئامادەیە، هەر بە هەق مافی خۆیەتی لە مردن و ژیاندا نوێنەری شارەکەی عومەری خاوەر و گۆران بێت.
دانیای دەنگ زوڵاڵ ئاواتی ئەوەیە کۆکەی نەمێنێت و وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژێت، ئاواتی خواست دەنگی خەڵکی هەڵەبجە بێت لە دادگاییەکە.
سەرباری ئەو ڕۆژە حەشرەی بە چەکی ئانرات لە هەڵە بجە خوڵقا، هونەرمە ندە ناسکە مرۆڤ دۆستەکەی هەڵەبجە داوای دادگایەکی دادپەروەرانەی بۆ تاوانبار خواست، ئەمە پلەی بەرزی مرۆڤ دۆستی و هەستی بەرزی ناسکی هونەرمەندانەیە.

## ڕقی ڕێباز قوڵە و سزای قورسی دەوێت

ڕێباز قادر لەکاتی کیمیابارانکردنەکە تەمەنی 5 ساڵ بووە بە هۆڵەندییەکی بیێ گریێ وتی: ئەنرات تاوانێکی گەورەی کردووە کە چەکی کیمیاوی داوە بە عێراق، داوا دەکەم حوکمێکی گرانی بدەن.
ئاخر ئەو جگە لە دەست دانی خێزانەکەی، بۆ خۆ شی ئوم ێدی بە ژیان نەماوەو تەنانەت نەیتوانی نامەکەی بخوێنێتەوە، چۆن ئەو ڕقە قوڵە هەڵناگرێت.

## دادگا له بەرژەوەندی کورد تەواو بوو

هەرچەندە کۆماری ئیسلامی دەیان کەسی لە ئێرا نەوە بۆ شایەدی هێ نا، ڕۆژا نەش نوێنەرانی ئامادە بوون، دەیانەویست کورد لە گەمەکە دەرکەنە دەرەوە، بەڵام زیرەکانە بەهۆی شێلگیری نوێنەرانی چاك ڕۆژانە کۆنترۆڵی ق سەو با سی شایەدەکان دە کرا، توانرا ڕەوتی دادگاییەکە لەبەرژەوە ندی کورددا ب شکێنرێتەوە، چ بەوەی قورباذ یان هەموو لە پشت ئاڵای کوردستانەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان هۆڵەندی و جیهانی دووان، یاخود پارێزەری قوربانیان، کوردستانی بە وڵاتێ کی پارچەپار چەکراو نا ساند و مافی پ ێك هێنانی دەوڵەتی بە سادەترین مافیان زانی، یاخود شایەدان قسەیەکیان نەکرد خێری بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران تێدا بێت.

# 10

## ئانرات هاوبەشە لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد 15 ساڵ لە زیندان دەیباتە سەر، ئەی بەشداربووانی ڕاستەوخۆ کەی سزای خۆیان وەردەگرن ؟؟

یانزەهەمین دانیشتنی، خولی کۆتایی دادگایی کردنی گومانلێکراو فرانس ڤان ئەنرات ((بازرگانی مەرگ))، لە بەرواری 7–12–2005، لە دادگای شاری لاهای هۆڵە ندی بەڕێوە چوو. سەرەتا دادوەری گشتی دادگا، داوای لە داواکاری گ شتی دەو ڵەت کرد داوای سزا بکات بۆ تاوانبار.

لێرەدا بەش بەش لە وتەکانی داواکاری گشتی (فەرید تەیفین) بڵاو دەکەمەوە، ئەو بەشانەی گرنگی زیاتریان بۆ پرۆسەکەو دۆزی بە جینۆسایدناسینی قڕکردنی کوردەوە هەیە زیاتر هەڵوێستەیان لەسەر دەکەم، لە هە ندێك شوێنیشدا پەرەگراف و وشەی زێدەی خۆمی دەخە مە سەر، تەنها بۆ ڕونکرد نەوەی زیاترە نەك گۆڕینی وا تا و بۆچونەکان.

## ئانرات پەشیمان نییە لە کردەوەکانی

زۆربەی قوربانیانی ئاوڕشێنکردنی کورد بە مادەی کیمیاوی مردوو نە، ئەوا نەی دیکەش بە دەست نەخۆشییەکانییەوە دەتلێنەوە، نەخۆشی پێست، کوێربوونی چاو و سوتانەوەی، شێرپەنجە، تەنگە نەفەسی،....... دوای بیست ساڵ لەو کارەساتە هێشتا قوربانیان بە ئێش و ئازارەوە دەناڵێنن.

قوربانیەکانمان خەڵکی هەڵەبجە، سەردەشت، گۆپتەپە، زەردە، ئاڵوە تان، ڕە شە هەرمێ، شنۆ و عەبادانن، ئەم شوێنانە بەشێوەی دڕندانە بۆردومان کراون بە چەکی کیمیاوی، بەشێك زۆر کەم لە قوربانیان لە دادگا ئامادە بوونە، لەوانە بەشێکیان وەك ڕۆژانی ڕابردو بینیتان کاریگەری چەکی کیمیاوی لەسەریان بوو، پێیا نەوە د یاربوو چەکی کیمیاوی چ کاریگەرییەکە لەسەر ژیانیان داناوە.

چەندین چیرۆکی سەیرو سەمەرەی تراژیدیا ئامێزنوسراونەتەوە، هێشتا باسی جینۆسایدی کورد مان نەکردووە، ڕژێمی عێراقی لادێکاذیانی وێراذکردووە، چەکی کیمیاوی تەنها یەکێك بووە لەو چەکانەی دژیان بەکار هێنراوە.

قورباذیان پاش ئەو ڕوداوە، لە چرکە ساتێکدا، ژیاذیان بە تەواوی گۆڕاوە، نەگەڕاونەتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆیان، تەنانەت پاش 20 ساڵ لەم کارەساتەش هەروا بەدەست ئەم کارەساتەوە دەتلێنەوە.

ئانرات قەت پەشیمانی خۆی لەوە دەرنەبڕیووە، کە بە هۆی چەکی ئەوەوە ئەم خەڵکە وایان بەسەر هاتووە.

کۆمپانیای بێگانە چەکی کیمیاوییان داوە بە عێراق، بە فڕۆکەی بێگانەش بۆردومان کراوە کوردستان، ئەمانە هەموو بەرپرسن لەو تاوانە.

هەر لەسەرەتای جەنگی عێراق  ئێرانەوە، بڵاو بوەوە عێراق چەکی کیمیاوی بەکاردەهێنێت. کەسێك لە ئەسپانیا و چەند ژنێك لە هۆڵەند، بە نامەیەك داوایان لە سەرەك وەزیرانی هۆڵەندا کرد، پێش بگرێت لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەرامبەر بە کورد. هەموو کەس زانیوییەتی کورد قڕ دەکری تەنها ئانرات بێ خەبەر بووە.

## ئانرات گوایە نەیزانیووە لە مادەکانی چەکی کیمیاوی دروست دەکرێت

هەڵسەکەوتی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ هەموو لایەك ڕون و ئاشکرا بووە کە چەکی کیمیاوی لە بەرەکانی جەنگ بەکار دەهێنێت و بە هەموو شێوەو شێوازێك گەلی کورد سەرکووت دەکات.

لەگەڵ ئێران جەنگی هەبووە، لەو شەڕەدا گازی کیمیاوی بەکارهاتووە، ئەمەش بۆتە هۆی کوشتاری دەیان هەزار مرۆڤ، لەوانە هەزاران کەس کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە جەنگەوە نەبووە، خەڵکی سڤیلی ناوچەکانی جەنگ بوونە، بوونە بە قۆچی قوربانی.

کەچی ئانرات وتویەتی: من نەمزانیوە شتەکان من بەکار دەهێنرێت بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی، نەمزانیوە گرنگترین کەس بوومە لە پڕۆژەی چەکی کیمیاوی عێرا قی دا.

گوایە لە دوای هەڵەبجە هەستی بەوە کردووە لە ئەنجامی کارەکانی چی ڕوویداوە ؟، خۆی باسی کردووە ڕاوەستاوە لە بازرگانیکردن بە مادەی کیمیاوی، بەڵام ئەوە ندە کاغەزمان هەیە بیسەلمێنین درۆ دەکات.

هەروەها وتوییەتی: تاکو ساڵی 1986 نەمزانیووە تی دی جی مادەی کیمیاوی لێ دروست دەکرێت، بەڵام تەناکا دانی بەوەدا نا، لە ساڵی 1984 کۆمپانیا کان پێ یان ڕاگەیاندووە ئەم مادەیە بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی.

# له دوای بینینی تراژیدیای  هەڵەبجەش مادەی کیمیاوی پەیدا کردووە بۆ  عێراق

تاوانکار دەیەوێت بڕوا بە دادگا بهێنێت  ڕاچەڵەکیوە    کاتێك هەڵەبجەی بینیووە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە، لەو کاتەی  بە چەکی کیمیاوی بۆمباران کراوە، کەچی دەبینیین پاش لێدانی  هەڵەبجەش دەستی لە بازرگانی کردن بە  چەکی کیمیاوی هەڵنەگرتوە، مادەی پێیان فرۆشتووە و    کەل و پەلی بۆ دەزگای بەرهەم هێنانی مادەی کیمیاوی مارخانەی  موسەنا دابین کردووە.

لە جەنیوەری 1989دا، لە  کاتی گیرانیدا  لە ئیتاڵیا، پارچەیەك ڕۆژنامە لە گیرفانی گیراوە، سەردێری وتارەکەی ناوی،  لە سەر چەکی کیمیاوی عێراقی  بووە، نەخشەی دەزگای  موسەناشی لەسەر بووە. ژنەکەی ئەنرات شایەدی لە  سەر دەدات بەوەی  ئەم ڕۆژنامە ئیتاڵییە بەردەوام ئانرات خوێندێتیەوە، ئەمەش دەربڕی ئەوە یە ئانرات ئاگای لە هەموو هەواڵەکان عێراق و جیهان هەبووە.

ئانرات  لە  تە لەفزیۆنی نۆڤا(هۆڵە ندی) وتو یەتی:  پاش بینینی لێدانی کارە ساتی هەڵەبجە، وازم هێناوە لە بازرگانی کردن بە مادەی TDG ەوە.

بەڵام ئەو زانیاریانەی ئێمە لامانە، بە بەڵگەوە دەریدەخەن  ناوبراو تاکو پێش گرتنی لە ساڵی 1989، هەر خەریکی ئەم کارە بووە. مانگەکانی 9 بۆ 11 ی ساڵی 1988 خەریکی پەیداکردنی مادەی TDG بووە بۆ عێراق.

کە سی تاوانبار 20  ساڵە  لە لێپرسینەوە  خۆی  شاردۆتەوە، یا سای  هەناردەی ئەمەریکی پێشێل کردووە.

تەلالێ سەرسام ڕێکخەری پەیوەندی  بووە لە نێوان ئەنرات و کۆمپانیاکانی عێراقی، شایەدی لەسەر داوە .  بەڵگەمان  هەیە ئانرات تاکو ئابی 1988 بە دوای مادەی  تی دی جی دا گەڕاوە.

34 هەمین کاروانی کیمیاوی ئانرات بۆ عێراق، لە بەرواری 20-4-1988 گەیشتۆتە جێگای خۆی، پاش زیاتر لە مانگێك لە کارەساتی هەڵەبجە.

لە بەرواری 8-6-1988 بروسکەیەك ڕەوان دەکات و تیا یدا دەنوسێت: دوو کاروان تی دی جی لە عەقەبە ماوە، لە 21-6-1988 ئەم بارانە لە عەقەبە دەکەونە ڕێ بۆ عێراق. لە بەرواری 18-8-1988 کۆمپانیایەکی تۆردنی ڕایگەیاندووە، ئەو 2 کۆنیتەرە لە 22-6-1988 بە لۆری نێردراوە بۆ عێراق کە عەلی بدێر گواستویێتیەوە.

لە بەرواری 4-8-1988 لە سویسراوە هەواڵ گەیشتووە، دراوە کە گەیشتۆتە دەستمان.

لە دوای کارەساتی هەڵەبجە کۆمپانیای ئەلکۆلاکی ئەمەریکی، داوا یان لە ئانرات کردووە، زانیاریان بداتێ لە سەر ئەوەی، ئەو مادانە بەرەو کوێ دەچێت، ئەنرات لە وەڵامیاندا وتوویەتی: کاغەزەکان ڕێك دەخەم بۆتان.

دوای چەند مانگێك پەیوەندی بە ئەنراتەوە دەکەن، لە 10-5-1988 لە وەڵامدا نوسیوییەتی بۆ لیبریای دەنێرێت، بەڵام کۆمپانیاکە باوەڕی پێ ناکەن.

دوایی کۆمپانیایەك وەهمی نوێ دروست دەکات، تاکو بڵێت مادەکان بۆ ئەوروپا دەنێرێت، لەبەر ئەوەی فرۆشتنی ئەو مادانە بۆ وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا یاساغ نەبوو.

بەڵگە لە بەردە ستماندایە لە بەرواری 10-5-1988، وا تا دوو مانگ دوای کارەساتی هەڵەبجە، ئانرات خەریکی بازرگانیکردن بووە بەچەکی کیمیاوییەوە.

لە بەرواری 11-5-1988 کۆمپانیا یەکی تازە لە مەنرۆڤیا دەکا تەوە، ئەو کۆمپانیایە 650 تەن کیمیاوی گواستۆتەوە، گوایە ئەم مادەیە بەکار دەهێنرێت لە کارگای قوماش.

لە نامەکانی تاناکاش باسی ئەوە کراوە، ئەم مادانە زۆر قازانجی هەیە، ئەمە بە بەڵگە نامەوە لەبەردەستماندایە بە مێژووی 22-3-1988.

له 14-7-1988 تەناكا وتوییەتی: من تاقەتم نییە هیچکە کاتی خۆم بەم کارە چەپەڵەوە بە فیڕۆ بدەم.
لە بەرواری 28-7-1988، لە میوانخانەی ڕەشیدەوە، فاکسی ناردووە بۆ سویسرا تیایدا داوایکردووە شوێنەکەی بەنهێنی بمێنێتەوە.
لەبەرواری 18-8 1988 پەیوەندی بە تاناکاوە دەکات و باسی تی دی جی لە گەڵدا کردووە، بە تەناکاشی وتووە: شوێنەکەی بەنهێنی بمێنێتەوە.
لە ناوەڕاستی جەنیوەری 1989 باسی مادەی تی دی جی کردووە لەگەڵ کۆمپانیای کۆلاك، بەڵام هەردوولا لەسەر دیاریکردنی نرخ ڕێك ناکەون، بە کۆلاکی وتووە: دەتوانم ببم بە نوێنەرتان لە ئەوروپا ؟, وتوییەتی: سویسرا و سەنگافورە دوا وێستگەی مادە کیمیاوییەکانە. بەم شێوەیە دەبینیین تاکو پێیکرا بازرگانی بە گازی مەرگەوە کردووە، ئێستاش دەڵێت هەڵەبجە کاری تێم کردووە، ئەمەیە بازرگانی مەرگی ڕاستەقینە.

## بازرگانە ئازاکەی سەدام

حکومەتی عێراق گرنگیان بەم پیاوە داوە، خانویان لە شوێنی گرنگ (شەقامی حەیفا) بۆ دابین کردووە، ئەو شەقامەی خۆشترین و ئارامترین شەقامەکانی بەغدایە.
بەهۆی ئەوەی دەزگا کانی ڕاگەیا ندن زۆر گرنگ یان پ ێی داوە، بۆ یە حە سانەوەی نەبووە، بە گوێرەی وتەی شایەدحاڵەکان، ناوبراو پەیوەندی بە کەسانی بەهێزی ناو دەسەڵاتدارییەتی عێراقییەوە هەبووە، ناسنامەی عێراقییان پێی بەخشیووە، ناویان ناوە پیاوە ئازا شمەك فرۆشەکە (فارس بزاز ).

# سەرچاوەی بەڵگەنامەکان

گەڕاوین بەدوای داد گاییکردن و شێوازی تاواذ بارکردن به تاوانی جینۆ ساید و تاوانکارانی جەنگ لە کون و کەلە بەری دادگا کانی جیهان، زۆر بەی بەڵگانە مەکانمان لەدەرەوەی وڵات پەیدا کردووە، لە زۆربەی وڵاتان فەرمانڕەوایان بە گەرمی وەڵام یان داوینەتەوە و هاوکاریمانیان کردووە.

((بە وتەی پارێزەرانی ئانرات 250 فایل ئامادە کراوە (لە داهاتوودا ئەم هەموو فایلە ئەگەر بخرێتە سەر کا غەز و بکرێت بە پەرتووك، کە بڕیار هە یە لە دۆ ستێکی هۆڵەندییەوە بە ئەنجام بگەیەنرێت، دەبێتە هەنگاوێك بەرەو بە دۆکۆمێنت کرد نی جینۆسایدکردنی گەلی کورد)).

دەیان قوربانی و شایەدحاڵ بەشداریان کردووە لە لێکۆڵینەوەکان، دە یان فلیم و کا سێت و بەڵگەنا مەی با نك و ڕا پۆرتی کۆمپاذ یا و دەو ڵەتان لە بەردە ستدایە، سەرباری چەندین پەرتووك و ڕاپۆرتی دیکە لە لا یەن ناوە ندە جیهانییەکا نەوە لە ساڵانی 1980 بە دواوە دەرچوونە لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە عێراق.

## کۆمپانیاکانی دیکە چیان لیَ دەکریَت

پاریَزەرانی ئانرات باس لەوە دەکەن هەردوو کۆمپانیای میَخەلَبی و کەی بی سی هۆلَەندیش چەکی کیمیاو یان فرۆشتووە بەعیَراق، بۆ چی ئەوانیش ناهیَنە پای دادگاییکردن، بەلاَم دوای لیَکۆلَینەوە بۆمان دەرکەوتووە لە دوای ساڵی 1984 ەوە، ئەم دوو کارخانەیە هیچیان بە عیَراق نەفرۆشتووە.

تاکو ساڵی 1984 تی دی جی لە لایەن کۆمپانیای کەی بی سی یەوە فرۆشراوە بە عیَراق، میَلَغەمبیش بەهەمان شیَوە تاکو سەرەتای 1984 تی دی جی فرۆشتووە بە عیَراق، لە دوای ئەو میَژوەوە فرۆشتنی تی دی جی یان ڕاگرتووە بەم ولاَتە. بە هەمان شیَوە (فینك) یش لە سویسرا ناتوانیین ڕۆڵی بەراورد بکەین بە ئانرات.

بۆیە ئەمڕۆ ئانرات بە تەنها لە بەردەم دادگا یە، دا هاتووش تاوانباری دیکەمان بۆ دەدۆزیَتەوە.

## بە کام یاسا دادگایی بکریَت؟

یاسای نیَودەولَەتیمان هەیە بۆ دادگایکردنی ئەنجامدەرانی جینۆساید، لەبەر ئەوەی کردەی جینۆساید، لە ولاَتیَکدا ئەنجا مدراوە، خودی ولاَتە کە خۆی ئەنجا مدەریَتی، بۆیە ناتوانیین لەم بوارەدا کەلَك لە یا سای عیَرا قی وەربگرین، لە ڕوی یا ساییەوە ئاساییە بە یاسای هۆلَەندی سزای تاوانبار بدەین، لە میَژوودا نموونەمان هەیە بۆ ئەم کارە سودی لیَوەربگرین. هەلَویَست و ڕوانگەی ئیَمە بۆ یاسای نیَو دەولَەتی نویَ نییە، لە زۆر شویَن یاسای نیَونەتەوەیی بەکار دەهیَنریَت، لە کاتیَکدا ئەگەر یاسای ناوخۆیی چارەسەری کیَشەکە نەکات.

بۆ ئەم كێشەیە پێویستە سەیری هەندێك بڕیار بكەین كە داد گا نێو دەوڵەتییەكان ئەنجامیان داوە لە ڕابردوودا، نموونە دادگا نێو دەوڵەتییەكانی ڕواندا و یوغسلافیا. گرنگ ئەوە یە پا یەی یا سایی بدۆزینەوە بۆ سزادانی كە سێك هاوبە شیكردووە لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و جەنگ. یەكێك كە هاوبەشی دە كات لە ئەنجا مدانی جینۆسایدكردنی كۆمەڵێك، دەبێت بزانێت ئامانجی چی بووە لەم كارە یدا. بە بڕوای حكومەتی هۆڵەندی كەسێك بە یاسای نێو نەتەوەیی سزا بدرێت، دەوڵەتی هۆڵە ندیش هەمان بڕیاری دەبێت لە سەری.

ئامانجی تاوانبارانی سەرەكی جینۆسایدكردنی كوردی عێراق بووە، ئانرات ناتوانێت چاو بنوقێنێت، بە بەهانەی ئەوەی گوایە نەیزانیووە دەوڵەتی عێراقی كورد جینۆساید دەكات، بەرگری كردن لە قڕكردن ئەركی هەموو حكومەتەكانی جیهانە.

هەرچەندە یاسای نێونەتەوەیی دژ بە جینۆساید، تاكو ئێستاش بۆشایی زۆری تێدایە و چارەسەری هەموو كێشەیەك ناكات، پێویستە لە لایەكەوە ئەو یاسایە دەوڵەمە ند بكرێت، هاوكات لە لایەكی دیكەوە بكرێت بە یاسای نیشتمانی وڵاتەكان.

مادەكانی ئانرات لە نێوان ساڵانی 1986–1988 داویەتی بە عێراق، تاوانی جینۆسایدی پێ ئەنجام دراوە، كەسێك تاوانبار ناكرێت ئەگەر چەقۆیەكی بچووكی پێ بێت و بیدات بە كەسێك سێوێكی پێ پاك بكات، بەڵام ئە مە وا نییە، ئانرات چەكی كۆمەڵ كوژی داوە بە عێراق، تاوانبارانی سەرەكی جینۆساید، زانیویانە ئەنرات بەشدارە لە تاوانەكەیان، بۆیە لە ساڵی 1989 ەوە داڵدەیان داوە و پاراستویانە، تاكو ئەوكاتەی دەسەڵاتەكەیان ڕوخاوە.

ئانرات ڕێنوێنی عێراقی كردووە بۆ دروستكردنی دەزگای كیمیاوی. لە بەر ئەوەی چەكی كیمیاوی پێشتر دژ بە ئێران بەكار هاتووە، پێشبینی كراوە ڕۆژێك لە ڕۆژان دژ بە كوردیش بەكاربهێنرێت. كەواتە ئانرات یارمەتی دروستكردنی چەكی كیمیاوی داوە، بۆیە بەشدارە لە ئەنجامدانی تاوان.

**ئایا ئانرات له حکومەتی عێراقی نەپرسیووە ئەم مادە کیمیاوییە چی لێ دەکرێت ؟ ئەگەر نەشی پرسی بێت ئەوا عەمدەن تاوانبارە.**

## ئانرات زانیوییەتی بە چەکی ئەو کورد قڕ دەکرێت

**هەموو ئەو مادە کیمیاوی یەی ئانرات فرۆشتوییەتی بە عێراق، هەر هەمووی بەکارهێنراوە، ئەو زانیوێتی ئەم مادانە، لە دروستکردنی چەکی کیمیاویدا بەکار دەهێنرێت، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەرامبەر خەڵکی کوردستان، بە شێکە لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد، بۆیە ئەنرات تاوانبارە بە بەشداریکردن لە ئەنجامدانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد.**

**ئانرات دەبێت زانیبێتی ئەم مادە کیمیاویانە دژ بە کورد بەکاردەهێنرێت، زۆر بەڵگەمان بە دەستەوە هەیە، کە لە مانگی 3 ساڵی 1988 ەوە دەیزانی سەدام و عەلی کیمیاوی و حسێن کامل نەخشەی لەناودانی کوردییان داڕشتووە. پێش تاوانی هەڵەبجەش ئەنرات تاوانبارە بە تاوانباری جەنگ، لەبەر ئەوەی زانیویەتی ئەو مادانەی ئەو لە جەنگی ئێران – عێراق بەکار دەهێنرێت. بە پە یداکردنی مادەی سەرەتایی کیمیاوی و کەلوپەلی بەرهەم هێنانی، عێراقی هان داوە بۆ بەرهەم هێنانی مادەی کیمیاوی.**

**یەکێك تاوانبار بێت بە جینۆساید، کەسێك نییە هەموو ڕۆژێك لە دادگاکان ببینرێت. ئەمەش دەربڕی ئەوەیە دەبێت بە زویی سزاو دادگایی بکرێت.**

**چۆن باوەڕمان هەیە یوگسلافیا بە شێك لە خەڵکی بۆسنەی لەناوبردووە، بە هەمان شێوە، عێراقیش هەمان کاری وای کردووە بەرامبەر بە کوردەکان، هەروەها چۆن لە ڕواندا ڕێگە گیراوە لە گەیشتن بە داوو دەرمان بە هاووڵاتیان، لە کوردستانیش هەمان**

کار ئەنجام دراوە، هەردوو نموونەی یۆگسلافیاو ڕواندا لە کوردستان پێکەوە بە ئاشکرا دەبینرێن.

توانای عێراق لە بەرهەم هێنانی گازی خەردەل لە ساڵی 1987 ڕۆژانە 10 تەن بووە، کاتی واش هەبووە توانای 8تەنها تەن بووە.

نامەی فەرمی دەوڵەتی عێراقی هەیە، تیایدا دەڵێن: چەکی کیمیاوی باشترین ڕێگایە بۆ پاککردنەوەی گۆڕەپانی جەنگ ((ئەمەیە بۆمبی ئەتۆمی هەژاران)).

## دوای ڕوخانی سەدامیش ویستویەتی بازرگانی گومان لێکراو بکات

لە ڕا چێتەی گومر گەکانی ئە مەریکاوە ئەوەمان بۆ دەردە کەوێت، کە ئانرات زانیوییەتی شوێنی کۆتایی مادەی کیمیاوییەکە بەغدایە، بۆیە هیچ گومانێکمان لەمەدا نییە.

لە دوای لێدانی هەڵەبجە، کە گوا یە کاریگەری لە سەر دا ناوە، 3 کاروانی دیکە مادەی کیمیاوی ناردووە بۆ عێراق، لەوانە 2 یان بۆ سامەڕا بوونە.

تەلالێ سەرسام و سەعدوالله فەتحی لە نێوان ئەنرات و کار گا کیمیاوی یەکان عێراق هێڵی پەیوەندی بوونە، بۆ ئەم مەبە ستە کۆمپانیا یەکی وەهمیان درو ست کردووە بەناوی سورخییەوە، وەك بەیەك گەیەنەرێك لە نێوان ئانرات و کار گا کیمیاوی یەکان عێراق.

لە دوای ڕوخانی بەعسەوە لە ساڵی 2003 کە گەڕاوەتەوە هۆڵەند، ئەو تەلەفۆنەی بەکاری هێناوە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریدا بووە، هێشتا وازی نەهێناوە ویستوییەتی بەشێوەی پێچ و پەنا بازرگانی بکات.

## چەندی بە عێراق فرۆشتووە؟ ئەگەر ئەم تاوانە بەرامبەر بە هۆڵەندە ئەنجام بدرایا چی دەقەوما ؟

ئانرات کۆی گشتی 1116 تەن مادەی تی دی جی فرۆشتووە بە عێراق. بۆ یەکەمجار 163 تەن لە مەوادەکەی بەکارهێنراوە. لە هەردوو مادەی تی دی جی و سی ئ یێل 2 گازی خەردەل دروست دەکرێت. ئەم گازە لە خوڕەم شەهر و هەڵەبجە بەکارهێنراوە.

پێشبینی ئەوە بکەن لەم وڵاتە، ئەم هێرشە کیمیاوییە ئەنجام بدرێت، لە پڕ خەڵك فڕۆکە لە ئاسمان ببینێت، پاش تەقینەوە چاویان بە دوکەڵ بکەوێت، خەڵك نەیزانیووە بۆنەکە دەبێتە هۆی مردییان، دەبینین منا ڵەکان چاویان خراپ دەبێت و گیاذ یان دەخورێت و پێستیان بڵق دەردەهێنێت، هاوار دەکەن ڕابکەن، هەموو ڕادەکەن، شار بەجێ دەهێڵن، کاتێك شار بەجێ دەهێڵن، دەبینن لەسەر ڕێگاکان خەڵك کەوتوو نە و مردوونە، ئایا ئەمە پێشبینی دەکرێت لەم وڵاتە ؟.

خەڵك بە درێژی باسی ژیانی خۆیان کرد لێرە، باسی هەموو دەردو مەینەت و نەخۆشی و زیانەکانی خۆیان کرد، بە داخەوە ڕۆژە خۆشەکان زوو دەڕۆن، بەڵام ڕۆژە ناخۆشەکان پاش دوو دەیە شوێنەواریان هێشتا بە بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە.

# پیشاندانی فلیم

هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ئامادەکراوە، فلیمێکی دۆکۆمێنتیش ئا مادە کرابوو، ئە م فلیمە سەرباری ئەوەی هەموو بەڵگەکانی پێشتر ئامادەکرابوون، 40 هەزار ئیرۆی تێچوو. لە نمایشی فلیمەکەوە دەرکەوت مامەڵە کردن لەگەڵ مادەی کیمیاوی، دابەش کراوە بەسەر چوار قۆناغدا. لەسەرەتادا چەند ڕستەیەك لە سەر زاری ئەنراتەوە بڵاو دەکاتەوە:-

ئانرات: منیش نەمفرۆشتایە یەکێکی دیکە دەیفرۆشت.

ئانرات: کاتێك دیمەنی هەڵەبجەم بینی پێی ڕاچەڵەکیم، من بەرپرس نیم بەرامبەری.

– قۆناغی یەکەم کڕینی مادەی یەکەمین.

ئانرات لە کڕینی مادەی کیمیا درۆی کردووە لە گەڵ کۆمپانیا کان، گوا یە شوێنی کۆتایی سویسرا یان میسرە، لێ لە ڕاستیدا بەغداو عێراقە، هەروەها لە بەکارهێنانیشی درۆی لە گەڵ کارخا نەکان کردووە، نموو نە وتو یەتی بۆ با شترکردنی بەنزین بەکاردەهێنرێت، سەرباری مادەی کیمیاوی کەل و پەلی دیکەشی ناردووە کە کارگای کیمیاوی پێ درو ستکراوە، یاخود بەکارهێنراوە بۆ پا شەکەوت کرد نی بەر هەمی کیمیاوی. ئانرات کۆی گشتی 34 بار مادەی کیمیاوی ناردووە بۆ عێراق.

مادەکان بریتی بوونە لە (LGS TMP-POCL3-PD3-HF-TDG).

– گواستنەوە.

لە گواستنەوەی مادەی کیمیاوی و کەلوپەلەکان، دە یان با نك و کەس و دەزگا و کۆمپاذ یای گوا ستنەوە و گەیا ندن بە شداربوونە، نموو نە فیر نك هاووڵاتی سوید سرا، بەشداری کارای هەبووە، لە جێبەجێکردنی کارەکان لە ڕێگەی بانکەکانی سویسراوە.

له لایەن حکو موتی عێرا قەوە، کۆمپانییا یەکی وەهمی ساختە درو ستکراوە، بۆ پەیوەندی بە ئانراتەوە، بەناوی کۆمپانیای سورخییەوە.

نموونە کاروانی ژمارە 7 ی، لە ژاپۆنەوە ناردووە بۆ ترێستی ئیتالی، لەوێشەوە بە نهێنی نێردراوە بۆ بەغدا.

لە بەلتیمۆری ئەمەریکاوە بۆ ڕۆتەردام لە هۆڵەند، لەوێوە بۆ بە ندەری عەقە بە، دوایی نێردراوە بۆ بەغدا.

4 کاروانی دیکە لە بەلتیمۆرەوە، لە ڕێگەی ڕۆتەردامەوە نێردراوە بۆ بەغدا.

ئانرات کۆمپانیا یەکی وەهمی درو ستکردووە، بۆ گەیشتنی پارە و ڕەوانکرد نی کەرە سەو مادە کان بۆ عێراق، بە ناوی (Compuinies Inc.sa) . هەموو دراوەکان بە ساختەو نهێنی دەهاتنە سەر ژمارەی بانکەکان، هەندێك جار لە ڕێگەی لۆکسمبۆرگەوە ئەنجام دراوە.

ئەو دوو کۆمپانیا ژاپۆنی و ئەمەریکیەی ئانرات زۆر مادەی کیمیای لێ کڕیوون بریتین لە:

SORG ژاپۆنیی، Alcolac ئەمەریکییە.

کۆمپانیای ئەلکۆلاك ئەم مادانەی فرۆشتووە بە ئانرات، بڕیار وا بووە بۆ کارگای قوماش بێت، کەچی لە کارگای سوتاندنی مرۆڤەکانی هەڵەبجە بەکاری هێنراوە.

دوای لێدانی هەڵەبجە بە 50 ڕۆژ، لە بەرواری 7–5–1988 لە بەندەری عەقەبەوە، کاروانی مادەی کیمیاوی نێردراوە بۆ عێراق، لە سویسرا پارەکەی دراوە.

- دروستکردني.

لە عێراق 10 کۆگای هەڵگرتنی چەکی کیمیاوی هەبووە.

هاوکات دوو جۆر کارگای چەکی کیمیاویش هەبووە، ئەوانیش بریتین لە کارگای دروستکردنی چەکی کیمیاوی، کارگای پڕکردنی گولەکان و ئامادەکردنی.

کارلێکردن و ئاوێ تە کرد نی  مادە کیمیاو یەکان،  بۆ بەر هەم هێ نانی  خەردەل، هاوکێشەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

TDG 1+Socl2 1 = Mostergas 1

TDG 1 + Pcl3 1= Mostergaz 1

ژمارەی 1  =  1بەرمیل.

کارگاو دامەزراوە کیمیاوییەکان زۆر شاراوەو نهێنی بوونە، تەنانەت کەسە نزیکەکانی دەسەڵاتداریەتیش بۆیان نەبووە لێی نزیك بنەوە، نموونە فڕۆکەوان قەیسی باسی ئەوە دەکات، بۆ ئێمەش  یاساغ بوو بە سەر کار گا کیمیاوی یەکان بـ فڕین، نموو نە ناو چەی حەبانییە ناوچەی دژە فڕین بووە.

- بەکارهێنانی.

پیشاندانی ئەو شوێنانەی لە لیستی تاوانەکاندان لە پێ شەوەیان  فڕۆدگاکا نە.  ئەو فڕۆدگایانەی فڕۆکەیان  لێوە هەڵساوە بۆ بۆمبارانکردنی کوردستان، ئەوانەش  بریتین لە: فڕۆدگاکانی  (ئەلحوریە  ئەل بەکر  ئەل ڕەشید  ئەل تەقەدوم، ئەل حەبانییە ).

فڕۆکەی میراجی فەرەنسی و سیخۆی ڕوسی بەکارهێنراون و بەشدارییان کردووە  لە قەڵا چۆکردنی  خەڵکی کورد ستان و ئەنجا مدانی  هێر شە کیمیاوی یەکان  بۆ  سەر کوردستان، سەرباری بەکارهێنانی خومپارەو تۆپ و کاتیۆشا و کۆپتەر.

## سەدای شێخ وەسانان تەنها لێرە دەبیستریت

لە بەرواری 16-4-1987، گوندی شێخ وەسانان کەوتە بەر پەلاماری چەکی کیمیاوی، ئەوانەی یەکسەر نەبوون بە قوربانی، بە تراکتۆر و ئۆتۆمۆبێل و بە پێ هەڵدێن، خۆیان دەگەیەننە نەخۆشخانەی هەولێر، شەوی دووەم لە نەخۆشخانە، لە کاتێکدا هێشتا برینەکانیان تۆمار نەکراوە، لە لایەن هێزەکانی ئاسایش و هەواڵگرییەوە بردراون و بە کۆمەڵ کوژراون، لە دوای ڕاپەڕین لە گۆڕی بە کۆمەڵ بە هۆی جل و بەرگەکانیانەوە ناسرانەوە.

## عەلی حەسەن مەجید جەلادەکەی گەلی کورد

عەلی حەسەن مەجید لە بەرواری 20-6-1987 بڕیاری ژمارە 4008 ی دا، بە گوێرەی ئەو بڕیارە، هەموو ئەو گوندانەی پێشمەرگەی تێدایە لە بوونی خەڵك و هەموو جۆرە زیندەوەرێك پاك دەکرێتەوە، بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ لەو گوندانە یاساغ ڕاگەیەنرا. فەرمانی ئەوە جاڕدرا، فەرماندەکان ئازادن لەوەی هەر کاتێك بیانەوێت بۆردومانی ئەو ناوچانە بکەن و زۆرترین ژمارەی خەڵك بکوژن. هەموو یاسایەك ڕاگرترا (هەرچەندە خۆی نەبووە ), عەلی حەسەن مەجید لە سەروی یاساوە دانرا.

قڕکردنی کورد دواتر لە ژێر ناوی ئۆپەرا سیۆنەکانی ئەنفال بە شێوەی دڕندا نەتر بەردەوام بووە. لە قۆناغی ئەنفالدا بڕیار وابووە، هەرکەسێك لەو ناوچانە بگیرێت دەبێت لە ملی بدرێت.

هەڕەشەکانی عەلی حەسەن مەجید بە دەنگی خۆی بەڵگەی ئاشکراو هاشا هەڵنەگری جینۆسایدکردنی گەلی کوردە، ئەمەش مشتێك لە خەرواری ئەو هەڕەشانە ((هەموویان

کیمیاباران دەکەم، هەمویان بگوازنەوە، بە کیمیاوی لێیان بدەن، هەموو دە کوژم، نێودەوڵەتی چی دەڵێن ؟, جەلال تالەبانی ویستوییەتی 1 ڕۆژ مفاوەزاتی لەگەڵدا بکەین, تاکو خۆی وەك ڕزگارکەر بە کورد نیشان بدات، بەڵام ئەو شانسەمان نەدا پێی......)).

## لوغمیش چەکێکی قەدەغەکراوی دیکەی قڕکردنی کوردە

تەقاند نەوەی کانییەکان، خانوڕوخا ندن، سوتاندنی دار ستان و ڕەزو باغ، لوغم ڕێژکردنی گوندەکان کارنامەی بەعس بوو لە کوردستان.

حکومەتی عێراقی بەملیۆنان لوغمی لە دەوروبەری ناوە ندە سەربازی و گوندەکان چاند، لە ساڵی 1991 بە دواوە کێشەی گەورەی دروستکرد، بە تایبەت بۆ جوتیاران، ئەمەش بە تاوانێکی گەورە دەژمێردرێت بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل. هاوکات بۆ خۆی ڕێگریشە لە بەردەم ئاساییکردنەوەی ژیان لە لادێکان، تاکو ئێستا قوربانی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

## کەمپەکان دۆزەخی خەڵك

ئا ماری ساڵی 1987، بۆ ئەوە ئەنجا مدرا، خەڵکی گوندەکان لە ئۆردوگا کان نیشتەجێ بکەن، ئەوانەی خۆیان نەدا بە دەستەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا، یاخود بەر شاڵاوی ئەنفالەکان کەوتن، پاش خاپوورکردنی هەزاران گوند، سەرجەم دانیشتوانەکەیان لە ئۆردوگاکان کۆکردەوە ، لەو ئۆردوگایانە ژیان زۆر سەخت بوو.

ئۆردوگاكانی شۆڕش، كەمپەكانی گردەچاڵ –جێژنیكان – بەرحوشتر سەربازگای مرۆڤەكان بوون.

ئۆردوگاكانی ناوچەی هەولێر باری ژیان تیایدا خراپتر بوو لە ئۆردوگاكانی ناوچەی سلێمانی، بای ساردی ئۆردوگای گردەچاڵ، هەر 100 خێزان 1 ئاودە ستیان بەر دەكەوت، ئەمە لە شێوەی سەربازگەی مەرگی نازییەكان بوو.

جەژنیكان زیاتر لە نیوەی گۆڕەكانی، قەبری منداڵان بوو، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە، منداڵان بە كۆمەڵ مردوونە لەم ئۆروگایانە, بەهۆی خراپی ژینگەی ژیان و خۆراكەوە.

ئۆردوگاكا بە تەلەبەند دەورە درابوون، نەخۆشی و هەژاری و بێكاری بە بەرفراوانی بڵاو ببوەوە لە ناویان، سەربازگاو ڕەبایە دەوری ئۆردوگاكانیان تەنی بوو، بارە گای حیزبی بەعس و ئاسایشیش لە ناوی ، منداڵانی دانیشتووی ئەم ئۆردوگایانە، بەهۆی كەم خۆراكی و سەرماوە بە زۆری دەمردن.

# تاوانی هەڵەبجە

به گوێرەی شایەدحاڵێکی ئەفسەری هێزی ئاسمانی، سەدام لە کاتی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە، هاتە بارەگایەك لەبەرەی دواوەی جەنگ، دوایی چووە سولەیمانی تەلەفۆنی بۆ سوپای عێراق کرد وتی: ئێمە سەر دەکەوین ؟.

ئەم وتەیە دەربڕی ئەوەیە، نهێنییەك هەیە بۆ سەرکەوتنیان، ئەو نهێنیەش چەکەکانی ئانرات بوو کە بە سەدامی بەخشی بوو.

سەدام لە بەرامبەر کوردەکان وتی: دەبێت بە چەکی کیمیاوی لێیان بدەین. ئەو فڕۆکانەی بەشدارییان کرد لە لێدانی هەڵەبجە، لە فڕۆدگای کەرکووکەوە هەڵساون.

ڕاستە کوردەکان و ئێران پێکەوە هێرشیان کرد بۆ هەڵەبجە، بەڵام سوپای ئێران لە دەرەوەی هەڵەبجە بووە، ڕۆڵی ئێران کاریگەر نییە لەم بارەیەوە.

کێشەی کورد و عێراق ناوخۆییە، کێشەی ئێران و عێراق نێونەتەوەییە,

پێش لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی، عێراق بە خەڵکی سڤیلی شارەکەیان نەگوتووە چۆڵی بکەن و خۆیان ڕزگار بکەن، ئەمە ئەرکی ئەو بووە، پاشان پاشماوەی ئەو خەڵکەیان لە ئۆردوگا سەربازگەییەکان کۆکردەوە کە ژیانیان مەرگە سات بووە.

# كورد مرۆڤی نمره دوو، رەگەزی ئەنجامدانی جینۆساید

كورد نەتەوەیەكە زمان و كولتور و جوگرافیای خۆیان هەیە، بەشێك لە ناسنامەكان لێیان نووسراوە كوردن، كوردستان دابە شكراوە بە سەر 4 پارچەدا، كوردی عێراق ساڵەهای ساڵە لە لایەن ڕژێمەكانی عێراقەوە قڕدەكرێن.

لە ساڵی 1980 ەوە، ژمارەیەكی زۆر كورد لە عێراقدا كوژراون، بە گوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەكگرتووەكان، پێشێلی بێ ئەندازەی مافی مرۆڤ كراوە لەم وڵاتە (تەرحیل، زەبروزەنگ، كیمیابارانكردن، ئەنفال) لە ڕاپۆرتەكاندا تۆماركراون.

كورد مرۆڤی نمرە 2 بووە لە عێراقدا، بە نەخشەوە جیاكاری لەگەڵدا كراوە لە لایەن دەوڵەتەوە.

لە ساڵی 1975ەوە تەعریبی كورد ستان كراوە، بە تایبەت شاری كەركووك بە عەرەبكراوە، باشترین بەڵگە وتەكانی عەلی حەسەن مەجیدە، گۆڕینی باری نەتەوەیی باشترین بەڵگەیە، بۆ ئەنجامدانی جیاكاری نەتەوەیی لە نێوان دانیشتوانی یەك وڵاتدا.

زەقترین جیا كاری نە تەوەیی لە شاری كەركووك پ یادەكراوە، بە تایبەتی لەو سەردەمەی عەلی حە سەن مەجید كرا بە فەرمانڕەوای یە كەم لە ناوچەكە، ئەو نەیهێشتووە كورد لە كەركووك كاریان دەست بكەوێت.

لە كاتی شەڕی ئێران  عێرا قدا، ناوچەی قەدە غەكراو لە كورد ستان زیادكراوە، هەموو گوندەكانیان بە بلدۆزەر ڕوخاندووە، كانیەكانیان تەقاندۆتەوە، خەڵكەكانیان گواستۆتەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێكان.

ئەمە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە بووە، هەموو ئەمانە وایان كردووە كورد دواڕۆژی نادیاربێت لەو وڵاتە و بە مرۆڤی پلە دوو دیاریبكرێن.

## ناوچەی قەدەغەكراو

له بڕیارێکی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقیدا بۆ دەزگاکانی ئاسایش لە مانگی 11-1985 دا هاتووە: بڕیارماندا کەس و کاری پێشمەرگە بنێرین بۆ ئەو ناوچانەی ئەوانی لێن. ئەوانەشی توانای چەك هەڵگرتنیان هەبوو، هەموویانیان زیندانی کرد. ئەمە مانای چییە ؟ ئەو پیرو پەکەوتانەیان ناردووە بۆ ئەو ناوچانەی پێشمەرگەی لێ بووە، کە پێشتر بڕیاریان دابوو،ناوچەکانی پێشمەرگە بۆردومان بکەن، کەوا تە ئە مە جگە لە بڕیاری مەرگ هیچی دیکە نییە.

لە بەرواری 20-6-1987 بڕ یار دەردە چێت لە لا یەن حکومە تەوە، یا ساغە خواردەمەنی بچێت بۆ ئەو ناوچانەی بە ناوچەی سەربازی قەدە غەکراو د یاریکراوە، سەرۆکی یەکەکانی سەربازی ئاگادار دەکاتەوە، دەبێت بە چەکی تایبەتی ((کیمیاوی)) لەو ناوچانە بدەن، تاکو زۆرترین ژمارەی خەڵك بکوژن، ئەوانەی دەگرترێن تەمەنیان لە نێوان 15-70 ساڵە دەبێت لە سێدارە بدرێن، ئەم بڕیارا نەیان هەمووی بێ کەموکوڕی جێبەجێ کردووە. بە گوێرەی بڕیارێك ئەو کەسەی لە ناوچەی قەدەغەکراو ببینرێت خائینە، خائینیش جگە لە مەرگ هیچ یاسایەك نایگرێتەوە.

بڕیاریان داوە ناوچە کشت و کاڵییەکانیان ئاوڕشێن بکرێت بە مادەی کیمیاوی، کیمیایەك بۆ کشت و کاڵ نا بۆ چاندنی مەرگ.

## ئۆپەراسیۆنی ئەنفال

ئەنفال ئەو کردە سەربازییە بەرفراوا نە بوو لە 8 قۆنا غدا ئەنجا مدرا، لە هەموو قۆناغەکانی، هەموو شتێك هاتۆتە بەردەستیان خاپوریان کردووە.

لە جەرگەیاندا کیمیابارانکردن ئەنجام دراوە، پاش کوشتاری خەڵکەکە، ئەوەی بە زیندویی ماوەتەوە گوا ستویانەتەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان. چەکی کیمیاوی بۆ خۆبەدەستەوە دان بەکاردەهێنرا. ئاوارە کانی تورکیا دەترسان بگەڕێنەوە نەوەك بکوژرێن و بکەونە بەر هێرشی چەکی کیمیاوی. لە ئەنفالی یەکەم ژمارەیەکی زۆر خەڵك

له سەرمان ڕەق بونەوە، له ئەنفالی سێ کارەساتی مرۆیی خولقاوە، ناوچەی داودە کە دەکەوێتە سنووری ئەم ئەنفالەوە کەسی لێ دەرنەچووە.

له جەرگەی ئەنفالدا چەند نموونەیەك هەیە تیایدا کوشتنی بە کۆمەڵ ئەنجام دراوە، بۆ سەلماندنی ئەمە شایەدحاڵمان زۆرە، چیرۆکی حە شری تۆبزاوە کە زینداني یەکان ناوی نان و ئاوی کەمیان داونەتێ، ئاودەست خانەیان نەبووە، زیندا نەکان زێراب یان نەبووە. نگرە سەلمان یەکێکە لە زیندانە هەرە پیسەکان، ئەوەی بیستراوە و بینراوە، ئەنفالەکانی بۆ بردراوە، خەڵکی زۆری بە نەخۆشی و کەمخۆراکی لەم زیندانە مردوونە.

دۆکۆمێنت زۆرە بۆ سەلماندنی جینۆ سایدی گەلی کورد بە تای بەت ئۆپەرا سیۆنی ئەنفالی 3. بەسەرهاتی ڕزگاربوونی تەیمور، لە داد گای لا هایش ئا مادە بوو، وەك نموونەیەك لە دەیان هەزار تاوان بە فلیم نمایش کرا.

## ئەم دادگاییە بۆ کوردەکان گرنگە

کوردەکان ئەم دادگایەیان بەلاوە گرنگە، بۆیە لە هۆڵەندە کوردەکان زۆر گرنگی بە دادگاییەکە دەدەن، بەردەوام خۆپیشاندان لەبەردەم هۆڵی دادگا ساز دەکەن، ئە مە وتەی داواکاری گشتی بوو.

((بەڵام ئایا بە هەق ئەو دادگا یە لای کورد گرنگی پێ درا ؟؟، گرنگی کورد لە ئاست کاری بەرفراوانی زیاتر لە ساڵێکی وزارەتی داد و پارێزەرە کەی ناوە ندی چاك بوو ؟، بێشك نا)).

## بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کردەی جینۆساید

بەکارهێنانی مادەی  کیمیاوی بەرامبەر  بە  خەڵکی  سڤیلی کورد ستان،  لە نێوان سالآنی 1987–1988 کردەیەکی تەواو جینۆساید بووە.

هەزاران گوند  خاپور  کراوە، دانیی شتوانەکەی  کەوتنە  بەر هێر شی  چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی، زیاتر لە 10000 کەس شەهید بوونە  بە چەکی کیمیاوی، دەیان هەزاریش هەڵاتوونە  بۆ تورکیا،  سەرباری دەیان  هەزاریش  ئاوارەی  ئێران بوونە.

سەدام حسێن و عەلی کیمیاوی و حسێن کامل ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە جینۆسایدی کوردەوە هەیە، بەرامبەر بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

سەدام و عەلی کیمیاوی پەیوەندییان بە بڕیاری  بەکارهێنانی   چەکی کیمیاوییەوە هەبووە، حسێن کاملیش بەرهەمی هێناوە، ئەنراتیش بە دابین کردنی مادەی  سەرەتایی و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بە شداربووە  لە  کردەی جینۆسایدکردنی  گەلی  کورد. یەکێك لە شایەدحاڵەکان باس لەوە دەکات کە حسێن کامل بەرپرس  بووە لە بەرهەم هێنانی مادەی کیمیاوی.

## جینۆسایدکردنی گەلی کورد بووە بە بڕیار

دۆکۆمێنت زۆرە بۆ سەلماندنی جینۆسایدی گەلی کورد، بە تایبەت لە قۆناغی ئەنفالی 3. هەمووکات جەنگی ناوخۆیی زەمینەی جینۆساید دەخولقێنێت، لە 20–6–1987 ەوە، لە لایەن  ڕژێمی عێراقەوە،    نیازی جینۆسایدکردنی کورد لە ئارادا بووە.

ئەو ناوچانەی کوردستان دیاریکراوە بە ناوچەی  خاڵی  لەژیان، ناوچەی نەتەوەی تایبەتی، ئەم ناوچانە  جیاکراونەتەوە  لە ناوچە کوردییەکان تر  و ناوچەکانی دیکەی عێراقی.

ڕژێم ویستوییەتی ئەو خەڵکە قڕ بکات کە کەوتوونەتە ناوچەی تایبەتیی خاڵی لە ژیانەوە، نموونەی ئەو کوردانە زۆرە کە ویستویانە گوندەکانیان بەجێ بهێڵن، بەڵام ڕێگایان لێگیراوەو پێشیان پێگیراوە، بە کۆمەڵ گیراون، کۆمەڵ کوژی گشتی مندال و ژن و پیرو پەککەوتەشی گرتۆتەوە، ئەمە بۆ خۆی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بووە.

وێرانکردنی دێهات و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و لوغم ڕێژکردنی لادێکان و وێرانکردنی سەرچاوەی ئاوەکان، هەموو شێوەو شێوازی جینۆسایدن.

هەرچەندە هەڵەبجە بەشێك نەبووە لە ئەنفال، بەڵکە ئەنجامی کردەی سەربازی بووە لە نێوان عێراق و ئێران.

خەڵك پرسیاری ئەوەیان کردووە, ئەوە کردەی جینۆسایدە یان نا ؟. کورد تاوانبارکراوە بە هاوکاریکردنی ئێران، بەڵام ئەوان پەلاماری خەڵکەکەیان داوە بە چەکی کیمیاوی، پاشماوەکەیان بردووە بۆ ئۆردوگاکان، پاشماوەی خەڵکی هەڵەبجەش هەمان مامەڵەی پاشماوەی ئەنفالیان لەگەڵدا کراوە، پسپۆران و شایەد حاڵەکان باسی ئەوە دەکەن، حکومەتی عێراقی ویستویەتی هەموو کورد لەناو ببات. هەندێك پێیان وایە ئەوە جینۆساید نییە، بەڵکە ویستوییەتی تەنها هێزی چەکداری لە ناو ببات.

بەڵام هەموو بەڵگەو شایەدەکان دژ بەو بۆچونەن، گوا یا خەڵکە سڤیلەکەیان گواستۆتەوە بۆ پاراستنیان.

پێناسی جینۆساید ئەوە نییە هەموو کورد لەناو ببەن، ئەوان ویستویانە بە شێکی نەتەوەی کورد لەناو بەرن، ویستویانە هێزی چەکداری کوردی لەناو بەرن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەر هەڵنەداتەوە.

مەنمەنە دەڵێت حکومەت ویستویەتی هێزی چەکداری کورد لەناو ببات، بۆ ئەم مەبەستە ویستویانە بەشێك لە کورد لەناو بەرن، ئایا ئەمە بە جینۆساید دەژمێردرێت ؟.

ویستویانە کورد لە چەند شوێنێك کۆبکەنەوە، ئەنفال حکومەتی بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری بردووە، دوایی زەبروزەنگ پەرەی سەندووە، گەیشتووە بە کۆمەڵ کوژی و قڕکردن، لێپرسنەوەو پەرچەکردارەکان وردە وردە گرانتر بوونە.

زۆربەی ئەوانەی لە ناودراون خەڵکی سڤیل بوونە، تاکو نەتوانن هاوکاری پێشمەرگە بکەن، بڕیاری چۆڵکردن و نە ژیان لەو ناوچانە، بۆ خۆی کردەی جینۆسایدە.

## جاش جارێکی دیکە، بەڵا بۆ کورد

بەکارهێنانی یەکەی جاش، لە لایەن سوپاوە, لە سەرکوتی گەلی کورد، نەخشەیەکی ڕەگەزپەرستانە لە پشتییەوە بووە، جا شەکان لە ئەنفا لدا خەڵکیان گر تووە، ئەو جاشانەی بەم کارە هەڵساون، پاڵنەری تایبەتی خۆیان هەبووە، کە ترس بووە لە ناردنیان بۆ بەرەکانی جەنگی ئێران ـ عێراق. سەرۆك جا شەکان پارەی زۆر یان وەرگرتووە بۆ ئەوەی خەڵك بکەن بەجاش، تاکو نەبن بە پێشمەرگە. حکومەت کوردەکانی بەکارهێناوە تاکو ئامانجەکانی خۆی پێ بپێکێت. لە مێژوودا هاوکاری حکومەت لە لایەن نەتەوەی زۆرلێکراوەوە نموونەی زۆرە، تەنها ئەمە لەناو کورددا نییەو شاز نییە لە جیهاندا.

لە شریتەکان عەلی حەسەن مەجیددا باسی ئەوە کراوە، ئەگەر جاشەکان پێتان بڵێن گوندەکانیان بپارێزن، ئەوە پێیان بڵێن ناتوانیین، من لە ناوچەکانی ئەوان دەدەم بە چەکی کیمیاوی، پێیان بڵێن بگوازنەوە دەنا هەمووتان دەکوژین، یاسای نێودەوڵەتی چی دەڵێت با بڵێت.

## تەنها کوردی لە ناو نەداوە

ڕژێم  یەزیدی و کریستانەکانیشیان بە کۆمەڵ لەناو داوە، مەتی پێشمەرگەی حیزبی شیوعییە و بە ئاین کریستانە،  باسی لەوە کردووە زێوە ناوچەیەکی قەدەغەکراو بووە هێرشی کراوەتە سەر، تەنها هێرش نەکراوەتە سەر پێشمەرگە،  بەڵکە دژ بە  هەموو جەماوەری  ناوچەکە بووە، کە هاووڵاتیانی کوردی تێدا ژیاوە.

پێشمەرگەی حشع تەنها 20٪ بیان  کورد بوونە،  ئەوانی دیکە پ ێك هاتوونە  لە عەرەب و کریستان و ئەرمەن و.....

حکومەت یەزیدی و کریستانیان کردووە بە عەرەب، ئەوانەی دژ بەو بڕیارە بوونە بە هەڵاتویان  ناساندوون، بڕیاریان داوە بیانکەن بە نیشانە، تاکو ئەو دیاردە یە دوبارە نەبێتەوە، هەموو ڕازی بن بە عەرەب بوونەکەیان.

لیژ نەی دژ  بە ڕەگەزپەر ستی و جینۆ سایدی  سەر  بە  نە تەوە  یەکگرتووەکان، داوا یانکردووە د یاریکردنی نە تەوە  لە نا سنامە بـ سڕنەوە،    تاکو  لەم دە ست نیشانکردنەوە جینۆساید نەکرێن.

بەڵام ئەمەش چارەسەر نەبووە، ڕێگایەك نەبووە بۆ ڕزگار بوونی کورد لە جیاکاری، چونکە کوردەکان لە جوگرافیایەکی دیاریکراو دەژێن خەڵکەکەی 100٪ کوردن.

## ئانرات  ئارەزووی لە هەواڵی وەرزشییە

ژنەکەی ئانرات دەڵێت: ئانرات زۆر گرنگی بە هەواڵی عێراق داوە، لەبەر ئەوەی عێراق بەشێك بووە لە ژیانی، ئینگلیزی، ئیتاڵی، ئەڵمانی، فەرەنسی، هۆڵە ندی  زانیووە و

قسەی پێیان کردووە. بەڵام ئەنرات بۆ خۆی وتویەتی: تەنها هەواڵی وەرزشیم خوێندۆتەوە. بەمەش دەیەوێت لە ڕێگەی وەرزشەوە خۆی لەوە بشارێتەوە، کە زانیبێتی چەکی کیمیاوی لە لایەن ڕژێمەوە بەکارهێنرابێت.

## ئانراتیش ئاگای لە شەڕی براکوژی هەبووە !

ئەو زانیوییەتی مامەڵەی دڕندانە لەگەڵ کوردە کان کراوە، بە ئەنقە ست بە شداری کردووە لە کۆمەڵ کوژییان، بۆیە پێویستە بەرامبەر بەم تاوانە سزا بدرێت، ئە مە پێویستی بە سەلماندنی هاوبەشی کردنی ناکات لە کردەی جینۆساید.

ئەگەر تاوانبارە سەرەکییەکانی جینۆسایدی گەلی کوردیش دەست نەکەوتن، ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەی ئەم سزای خۆی وەربگرێت.

ئانرات تاوانبارە بە هاوبە شیکردن لە ئەنجا مدانی جینۆ ساید، عە مدەن بە شداری کردووە لەو تاوانە، چونکە زانیوییەتی ئەو مادە کیمیاوییەی ئەو پە یدای دە کات بۆ عێراق، بۆ قڕکردنی گەلی کورد بەکاردەهێنرێت.

گروپێك کەس تاوانبارن بەرامبەر بەم تاوانە، هەموو ئەو تاوانبارانەی ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە، هەرکەسەیان دەتوانرێت بە تاك و بە جیاجیا تاوانبار بکرێن.

لە کاتێکا ئانرات وتوییەتی نازانم بارودۆخی ناوخۆیی عێراق چۆنە، کەچی بەرامبەر بە کورد وتوییەتی: کوردەکان لەناو خۆیاندا خەریکی شەڕو ئاژاوەن. با شە ئە گەر ئەو ئاگاداری گروپ و شەڕی ناوخۆیی بێت، چۆن ئاگای لە مامەڵەی عێراق نەبووە بەرامبەر بە گەلی کورد؟.

## حکومەتی عێراق بۆ کار کوردی گواستۆتەوە بۆ باشوور

حکومەتی عێراقی باسی لەوە کردووە، بۆیە کوردەکان دەگوازینەوە، چونکە لە شار کار یان بۆ دەدۆزیـنەوە، لە با شوور کار زۆرە. هەموو کەس ئا گای لەوە هەبووە، هەڵوێستی عێراق چۆن بووە بەرامبەر بە کورد جگە لە ئانرات.

## بڕیاری قڕکردنی پارتی و یەکێتی و شیوعی

سوپا لەسەرەتادا توانای ئەنجامدانی جینۆسایدی نەبووە، ئەو کا تەی حکو مەتی عێراق بڕیاری داوە، هەموو کورد دوژمنی عێراقە پێویستە لەناو بدرێت.
بڕیار دەرچوو پارتی و یەکێتی و شیوعی لەناوببردرێن، ئەم 3 گروپە چونکە لە گەڵ سوپای ئێران هاوکاریان کردووە و هێرشی هاوبەشیان کردۆتە سەر عێراق (شیوعی ئەم جۆرە چالاکییەیان نەکرد ). هەموو کات ئەم 3 پارتەی بە سیخوڕ و جاش ناو بردووە.
بەرواری 20-6-1987 مێژووی یەکلا کەرەوە بوو لە گەڵ بزا ڤی چەکداری و هەڵگەڕانەوە لە بڕیارەکانی بەعس.
20-6-1987 دەتوانیین بە دەستپێکی جینۆسایدکردنی کورد دابنێین.
ئێمە وەك شکایەتکاری دەو ڵەت ئەم مێژووە 20-6-1987 بە سەرەتای جینۆسایدکردنی گەلی کورد دەزانین، کاتی کۆتایی ناتوانیین دیاری بکەین، لە مانگی 8-1988 ئۆپەرا سیۆنی قڕکرد نی کورد بەردەوام بووە، تەنا نەت وێرانکرد نی کوردستان تاکو پاش لێبوردنەکەی 6-9-1988 بەردەوام بووە، دە توانیین بڵێین تاکو ساڵی 1990 بەردەوام بووە.

## دەست بەسەر سەروەت و سامان و ماڵەکەیدا بگرترێت

لە ماوەی 2 ساڵی ڕا بردوودا، گوێ مان لە تەلەفۆ نەکانی بووە بە هۆی کۆنترۆڵکردنییەوە، بۆمان دەرکەوتووە سەرمایەیەك زۆری هە یە، بەڵام تاکو ئێستا نازانیین لە کوێیە.

داوا دەکەین دەست بەسەر ماڵەکەیدا بگرن. ئێمەو پارێزەری قورباذ یان وەڵام بە داخوازی قوربانیان دەدەینەوە بە داوای قەرەبوو بۆ زیانلێکەوتووان.

ناتوانیین بە یاسای کۆن داوای زیاتر لە 680 ئیرۆ بکەین بۆ قوربانیان, جگە لەم قوربانیانە زۆر کەسانی تریش هەن زیانیان لێکەوتووە، نموونە تەناکایە کە 110000 دۆلاری لای ئانراتە.

## ئانرات خۆی لە کامیرا دەشارێتەوە

کاتێك دادوەر بڕیاری دا کامیرا ئامادە دەبێت لە کاتی خوێندنەوەی داواکەی داواکاری گشتی، ئانرات داوای ئەوەی کرد وێنەی نەگرترێت و لە چاوی کامیراوە دوور بێت، پەردەیکیان بۆی هێنا تاکو لە چاوی کامیرا بشاردرێتەوە، بەم شێوەیە ئانرات خۆی خستە پشت پەردەی شەرمەزارییەوە، لە کاتێکا لە ڕابردوو عاشقی ڕاگەیاندن بووە.

## داواکردنی سزا بۆ ئانرات

## داوای دانیا محەمەد داوای داواکاری گشتی و هەموو کوردە

داوا کار: ئێمە وادەزا نیین بە بەڵگە سەلماندمان ناوبراو هاوبەشی کردووە لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد، هەروەها بەشداری کردووە لە تاوانی گەورەدا.

بەهۆی ئەو پێشنیار و ڕێنوێنیانەی بۆ عێراقی کردووە، دەیان هەزار کەس لەو وڵاتە مردوون، مادەی کیمیاوییەکەی لە جینۆسایدکردنی کورددا بەکار هێنراوە. هەزاران کورد ئیعدام کراوە، کوشتنی بە کۆمەڵ، دەرکردنی زۆرە ملێی بە کۆمەڵ، وێرانکردنی لادێکانیان، لوغم ڕێژکردنی خاکەکەیان، کیمیبارانکردنی ناوچەکانیان، کە بە هۆیەوە دەیان هەزاریان لێ کوژراوە.

مادەی سەرەکی بۆ بەرهەم هێنان و دروستکردنی مادەی کیمیاوی دابین کردووە بۆ عێراق، کەلوپەلی بۆ بەرهەم هێنانی پەیدا کردووە, 1100 تەن تی دی جی داوە بە عێراق. لە دوای ساڵی 1987ەوە تا کە کەس بووە ئەم مادانەی بۆ عێراق دابین کردووە.

به شوێن فێڵ و ساختەکارییەوە بووە، ئادرە سی هە ڵەی داوە تاکو مادە کانی بگوازێتەوە، کۆمپانیاکان نەیانزانیوە ئەو مادانەی پێیان فرۆشتووە بۆ کوێ دەچێت، لە ساڵی 1984ەوە ئاگاداربووەو زانیویەتی ئەم مادا نەی دە چێت بۆ عێراق لە بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی بەکاردەهێنرێت، لێ چاوی خۆی لە ئاستی نوقاندووە.

زانیوییەتی کورد بێ بەری کراوە لە مافی ژیان، تاکو بەرواری 3–1988 زانیوییەتی مادەکانی هاوبەش بوونە لە جینۆساید، لە مانگی 3 کارەساتی هەڵەبجەی بە چاوی خۆی بینیووە، خۆی وتوییەتی: ڕژێم هێرشی کردۆتە سەر ئەو شوێنە، کە ئەو مادەی سەرەکی ئەو چەکەی فرۆشتووە بە عێراق.

سەرەڕای ئەمەش ڕانەوەستاوە لە بازرگانی کردن بە مادەی کیمیاوییەوە، لە ساڵی 1988 چەند جارێك چووە بۆ عێراق، تاکو مانگی 12–1988 لە عێراق بووە.

لە ئۆگەستی 1988 مادەی کیمیاوی بە عێراق فرۆشتووە، لە ساڵی 1989 بۆ جارێکی دیکە ویستویەتی مادەی کیمیاوی بەرێت بۆ عێراق.

گوێتان لە قسەی شایەدەکان بوو، دانیا عەلی محەمەد داوای حوکمی دادپەروەرانی لێتان کرد، داواکەی ئەو داوای هەر کەسێکە بەر چەکی کیمیاوی کەوتبێت و بۆ خۆی قوربانی چەکی کیمیاوی بێت.

ئەنرات وتوییەتی: من ئەو کە سە نەبوو مە فەرمانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویم دابێت. هەفتەیەکە سەیر ئەم خەڵکە دەکات، هەست بە بەرپرسی ناکات، بەو چەکەی فرۆشتوییەتی بە شداری کردووە لە ئازاردانی خەڵکی کورد لە عێراق، ئەنجامی تاوانەکەی ئازاری خەڵکی داوە.

لە یاساکانی حکومەتی هۆڵەندی ئەوە هاتووە، ئەم جۆرە تاوانانە کۆن نابن، ساڵی 1989 ڕای کردووە لە لێپرسینەوە، تاکو ئەو کاتەی سەدام نەڕوخابوو لە عێراق بووە. لەبەر ئەوەی پاسەپۆرتی هۆڵەندی هەیە بۆیە دەبێت لە هۆڵەندە دادگایی بکرێت.

یاسای ساڵی 1952 باسی سزای 30 ساڵ کراوە بەرامبەر بە تاوانبارانی سەرەکی لە ئەنجا مدانی جینۆ ساید، ئەوانە شی هاوبە شیان کردووە، سزای 15 ساڵیان بۆ دیاریکراوە، یاسای نوێش هەمان سزای دیاریکردووە. داوا دە کەین سنورێك بۆ ئەو بازرگانە بێ ویژدانانە دابنرێت.

چی بڵێین بۆ تاوانبارێك دوای کارەساتی هەڵەبجە مادەی کیمیاوی (( تی دی جی)) فرۆشتووە بە عێراق. لە کاتێکدا وڵاتان ویستوویانە جینۆسایدکردنی گەلی کورد ڕابگرن، کەچی ئانرات لەو کاتەدا بازرگانی کردووە بە مەرگەوە.

ڕژێمی عێراق سەدان هەزار کوردی بە زیندوویی زیندە بەچاڵ کردووە، بۆ یە ئانرات تەنها زیندان جێگەیەتی، داوا دەکەین 15 ساڵ حوکمی بدەن بەرام بەر بە هاوبە شی کردنی لە جینۆسایدکردنی کورددا، داوا دەکەین 15 ساڵ سزای زیندانی بدەن.

هەمان ڕۆژ بە دوری چەند کم یێك لەولای شوێنی دادگاییە کەی ئانرا تەوە، میروسلاف برالۆی کرواتی، بە تاوانی پەلامارو کوشتن سزای 20 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.

## 11

## پێویستە وەڵامی پارێزەرانی ئانرات بە هەند وربگرین بۆ کارەکانی داهاتومان

لە دوانزەهین ڕۆژی دانیشتنی خولی کۆتایی داد گایی ئانرات، کە لە بەرواری 7-12-2005 لە داد گای شاری لا های بەڕێوە چوو، تەرخان کرا بوو بۆ دا کۆکی پارێزەرانی ئەنرات لە گو مانلێکراو، فایلی داکۆک یان لە 130 لا پەڕەی فۆلسکاپی ئەی4 پێك دەهات، لەو داکۆکییەدا لە ئەیەوە تاکو زەدی داواکەی داوا کاری گشتییان ڕەتکردبوەوە.

که گوێم له وتەکانیان بوو، گومانم له پیشەی پارێزەری پەیدا کرد و هێڵنجم پێی هاتەوە، بۆم دەرکەوت بەشێك له پارێزەران ئامادەییان هەیه له پێناوی دەسکەوتدا، هەموو نا شرینیەکانی کۆ مەڵگا جوان بکەن، هەموو قسەیەك له پێناو دا خوازی (مشتەری) یەکەیدا بکات، هەموو بەڵگەو چیرۆکێك بهێنێتەوە له پێناو پڕکردنی گیرفان، چەندە قێزەو نە پارێزەرانێك بۆ بەدەستخستنی دراو، نەك ئامادەن بڕیاری زیندانی کردنی گومان لێکراو کەمبکەنەوە، بەڵکە بە هەموو شێوەیەك بە دوای بەڵگەدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بە فەرمی ناسینی جینۆسایدکردنی گەلی کورد ڕەت بکەنەوە، جینۆسایدێك کورد لەوەتەی قڕ دەکرێت، خەون دەبینێت بە فەرمیکردنی له ئاستی نێو دەوڵەتی، نازانم دەبێت چ دوژمنایەتییەك له نێوان پیشەی پارێزەری و سەری بڕاوی کورددا هەبێت، بەڵام وێنەکە هەموو ناشرین نییە، پارێزەرییش هەمووی چاویان له گیرفان نییە، له بەرامبەردا پارێزەری قوربانیان و داواکاری گشتی و..... زۆری دیمان هەیە.

ئەگەر ڕێکەوت وا بوایا، هەر خودی ئەم پارێزەرا نە داکۆکییان له قوربانییان بکردبایە، ئەوا ئێستا بە 180 پلە دژ بە ئێستای خۆیان قسەیان دەکرد.

ئەمەش بەشێك کەم له وتەکانی پارێزەرانی ئانرات:

## تاوانبارانی دیکەش پێویستە دادگایی بکرێن

هەل و مەرجەکانی ساڵانی هەشتاکان و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان لەو کات، بەتەواوی جیاواز بووە له گەڵ ئێستا، بۆیە نابێت له سەر پێشێلییەکانی ئەو کات، ئەمڕۆ تاوانبار سزا بدرێت.

لەو کاتەدا عێراق هاوڕێی ڕۆژئاوا بووە، کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا هاوکاری عێراقیان کردووە، زۆر کۆمپانیا قازانجیان کردووە له فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە عێراق.

ئەگەر داواکاری گشتی، ئانرات تاوان بار دەکات، بە هاوبەشیکردن له ئەنجامدانی جینۆساید و تاوانی جەنگ، ئەوا ئانرات تەنیا نەبووە، پێویستە هەموو ئەو کۆمپانیا

و دەوڵەتانەی بە شدار بوو نە لەو تاوانا نە ڕاکێشرێنە داد گا. ئەم وەك تا کە کەس بەرپرسیارکراوە، ئەو مادانەی بەهۆی ئەوەوە گەیشتوونە، ڕۆڵێکی بچوکیان هەبووە لە سەرجەم عەمەلیەکە، کارگا و کارخا نەو خەڵکانی دیکە، هۆ یەکانی گوا ستنەوە, فرۆکەی دروستکراوی ولا تان، لە دورو نزیکەوە پەیوە ندییان هە یە بە کێشەکەوە، هەموو بەکارهاتوون بۆ جینۆ سایدکردنی گەلی کورد. فی شەکی ڕو سی و می سری بەکار هاتوون بۆ بەکارهێنانی چەکی کیم یاوی، فرۆ کەی ڕو سی و فەرەنـ سی بەکار هێنراون لەم ئەنجامدانی ئەم تاوانانە.

ولاتانی فەرەنسا و ئەمەریکا و ڕوسیا تاوانبارن، چونکە چەکی کیمیاویان داوە بە عێراق، عێراق لە سودان کارگای بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی هەبووە، ئە گەری ئەوە هەیە عێراق بۆخۆی کیمیاوی بەرهەم هێنابێت.

بۆ مان دەر کەوتووە شوێنی خەڵکی ئا سایی بە شێوەی دڵ تەزێن بۆردو مان کراوە، ئە مەیان ڕا ستە، بەلام تی دی جی لەپاڵ بەکارهێنانی لە بەر هەم هێ نانی گازی خەردەل، بۆ پیشە سازی مەرە کەب و قو ماش و پلا ستیکیش بەکار دەهێنر ێت، PCL3 یش لە پیشەسازی سابون و نەوت و قەلا چۆکردنی مێش و مە گەزی ز یان بەخش بەکار دەهێنر ێت، بۆ یە مەرج نی یە مادە کانی ئانرات لە بەر هەم هێ نانی گازی خەردەل بەکارهێنرابێت.

پ سپۆڕەکانی نە تەوە یەکگرتووەکان 8 ساڵ لە ع ێراق بوون، هێ شتا نەیانتوانی هەموو چەکە کۆکوژەکانی دەستنیشان بکەن، عێراق بە نهێنییەکی زۆر ئەم کارانەی ئەنجام داوە، کەس سەری لە نهێن یەکانی دەر نەکردووە، عەلی بدێر کۆمپان یای گواستنەوەو گەیاندنی هەبووە، باسی ئەوە دە کات، ئەو مادەو کەرە ستانەی کە لە عەقەبەوە گواستۆێتیەوە بۆ بەغدا، لە ناو بەغدا بە شۆفێرەکانیان وتووە بۆ کوێی بەرن، تا ناو بەغدا نەیان زانیوە بارەکانییان لە کوێ دادەگرن.

چەند کەس مادەی کیمیاوی بردووە بۆ عێراق هەموو تاوانبارن، ڕژێمەکانی ژاپۆن و ئیتاڵیا بەشدارن لەم تاوانە نەك تەنها ئانرات. ئەمەریکا بە سەتەلایت زانیاری داوە بە عێراق دەبێت بدرێتە دادگا، هەموو ئەو کارگایانەی چەك و تەقەمەنی تێدا دروستکراوە و لە تاوانی قڕکردنی گەلی کورد بەکارهێنراون دەبێت بدرێنە دادگا.

بە یەکسانی سەیری هەموو تاوانباران نەکراوە ( تەناکا سەر سام فینك ) لێپرسینەوەیان لە گەڵدا نەکراوە، وەك گومانلێکراو سەیر نەکراون.

هەروەها ڕاچێتەی بانکەکان گومانییان لە سەرە. بۆیە لیستی تاوانەکان پێویستە ڕەتبکرێتەوە لە لایەن دادگاوە.

# دادگا توانای سزای ئانراتی نییه!

ئەو ماوەیەی تاوانەکانی تێدا ئەنجا مدراوە لە عێراق  لە نێوان سالآنی 1986-1988، زۆر شت لەو ولآتەدا ڕوی داوە, ناتوانیین داکۆکی لێبکەین.

هاوبەشی و پێکەوەبوون لە کاتی ئەنجا مدانی تاوان، زۆر بە کەمی سزا دەدرێت، دادگای ئێوە توانای ئەوەی نییە بڕیار لەسەر ئەمە بدات. کێشەکە ئەمەیە ئەگەر تاوانبارە سەرەکییەکان، تاوانەکەیان لە سەر نە سەلمێنرابێت، ناتوانیین هاوبەشی کەر بهێنینە دادگا و سزای بدەین.

کێشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کێشەی تاکە کەس نییە، بەڵکە کێشەی جەنگە، بەلآم کێشەی بینۆتشە کێشەیەکی کەسییە, دەتوانیین لەم دادگایە کەڵکی لێ وەربگرین بۆ دۆزی ئانرات.

ئەگەر ئانرات دادگایی بکرێت، کەوا تە پێویستە لە بەرامبەر یۆگسلافیا، سەرەك وەزیران و وەزیری بەرگری ئەوکاتی هۆڵەندا دادگایی بکرێن.

ئەم کێشەیە کۆن بووە، 20 ساڵ بەسەریدا تێپەڕیووە، کاتی یاسایی هەیە بۆ لێپرسینەوە لە هەر تاوانێك. هاوکات ئەم کێشەیە ئابورییە، نەك کێشەی تاوانی نێودەوڵەتی، وزارەت دەڵێت ئانرات تاوانبارە، بەلآم تاوانەکەی کۆنە, هەروەها تاوانی ئابوری نابێت بە تاوانی نێو دەوڵەتیی.

جولەکە هەموو جینۆساید کراون, لە ئەڵمانیای نازی دژ بە هەموو جولەکە جیاکاری کراوە، بەلآم کورد بەرامبەر بە بەشێکی جیاکاری کراوە، بۆیە ناتوانیین بەراوردی بکەین بە دۆزی هۆلۆکۆست. لە هەمان کاتدا کارگا کیمیاویەکان سەردەمی نازییەت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە.

ئەو کارگایانەی چەکی کیمیاویەکەیان جولەکەی پێ قڕ کراوە، دوا تر نەتوانراوە لە دادگا ئەو کارگایانە تاوانبار بکەن، هەرچەندە ئەوان زانیاریان داوە بە هتلەر بۆ ئەوەی کاریگەری مادەکانیان زیاتر بێت بۆ لەناو دانی جولەکە (دادگای نۆرنبێرگ).

بەهەمان شێوە ناتوانیین کەڵك لە دادگایەکانی یوغسلافیا و ڕوا ندا وەربگرین، چونکە هەموو کورد قڕ نەکراوە.

پێویستە یاسا هەمووان بگرێتەوە، خەڵك هەیە لەبەرامبەر ئەم تاوا تە نەگیراوە. تەناکا تاوانبار بوو سزا درا لە ئەمەریکا لە سەر ئەم کێشەیە، بۆیە دەشێت ئانرات لە جێگەیەکی دیکەو بە یا سایەکی دیکە داد گا بکرێت .ناتوانرێت لە عێراق داد گایی بکرێت، چونکە لە بەغدا پارێزەر دەکوژرێت.

نابێت حکومەتی هۆڵەندی زانیاری لەسەر ئەم کێشەیە بدات بە عێراق، لە بەر ئەوەی لە عێراق سزای هەڵواسین هەیە. ئانرات بچێتە دەرەوەی ئەوروپا، ئەگەری ئەوە هەیە بگرترێت، لە دەرەوەی وڵاتانی شنگن ژیانی پارێزراو نییە.

## دەوڵەت هەموو ئیمکاناتێکی بۆ پارێزەرانی ئانرات دابین کرد لێ هەر ناڕازین

لە کاتێکدا دەو ڵەت بە هەموو قور ساییەکییەوە لە گەڵ داد گایی ئانرات و سزادانیەتی، چونکە ئەوان پێیان نەنگییە، کەسێکی بە ڕەگەز هۆڵەندی، بازرگانی بە گازی مەرگەوە بکات و تاوان بەرامبەر بە گەلێکی وەك کورد ئەنجام بدات، وزارەتی داد هاوکات هەموو ئیمکاناتێکی دابین کرد بۆ پارێزەرانی ئانرات بۆ داکۆکی کردن لێی ، ئەمەش تەنها لە پێناو ئەوەی دادگا بە شێوەی دادپەروەرانە، بچێتە پێشەوەو ڕەوتی دادپەروەرانە بگرێتە بەر.

ئەمەی خوارەوە بەشێکی کەم لە گلەیی و گازندەی پارێزەرانی ئانراتە:

توانامان نا هاو سەنگ بووە لە بەرامبەر وزارەت، تاکو ڕۆژی پێش داد گا، ئەوان شتی نوێیان هێناوەتە ناو فایلەکەوە.

لە بەر ئەوەی شایەدمان نەدۆزی یەوە لە بەرژەوە ندی ئانرات، بۆ یە داد گا دادپەروەرانە نەبووە.

نەمانتوانی وتوێژ لەگەڵ فائیز شاهـن بەڕێوە بەری کار گای کیمیاوی بکەین، ئەو بابەتە بۆ ئێمە زۆر گرنگە. بەهۆی ڕاگەیاند نەوە وا نیشاندرا، قسەکانی داوا کاری گشتی سەلمێنراوە.

پیشاندانی فلیمە کەی داوا کاری گشتی، مافی ئانراتی بە پێوەری ما فەکانی تاکی ئەوروپی پێشێلکردووە.

((لە کاتێکدا ئەم ڕەخنانە دەگرن، چەندین گەشتی لێپرسینەوەیان بۆ دابین کراوە بۆ دەرەوەی هۆڵەندا، لە زۆربەی گەشتەکانی وزارەتی داد بەشدار بوونە)).

## وزارەتی دادی هۆڵەندا نابێت یارمەتی ئێران بدات، چونکە بڕیاری لە سێدارەدان جێبەجێ دەکات

لە نێوان هۆڵەندا و ئێران پەیوەندی یاسایی نییە، کەچی دادوەری گشتی چووە بۆ ئێران و لەوێ هاو کاری کراوە، ئێران ناوی خرا پە لە پەیوە ندی نێودەو لەتی، بۆ بەرژەوەندی خۆی هاوکاری وزارەتی دادی کردووە. حکو مەتی ئێرا نی بە وزارە تی دادی هۆڵەندای وتووە: وەرن بۆ ئێران، دەبێت هۆڵەندە یارمەتی هیچ وڵاتێك نەدات بڕیاری ئیعدامی تێدا بێت.

ئەوانەی شایەدییان داوە، ئەندامانی ڕێکخراوەکانی دژ بە جینۆسایدیان تێدایە

به شێك لەوا نەی شایەدییان داوە دژ بە فرانس ڤان ئانرات، ئە ندامن لە ڕێکخراوەکانی قوربانیان، بۆیە شایەدییەکانیان قەبوڵ نییە.

زۆر بەی خەڵکی ع ێراق ئە ندامن لە ڕێک خراوی قورباذ یان، بۆ یە گو مان لە شایەدییەکانیان دەکرێت.

یاخود لە ژێر کاریگەری پڕوپاگە ندەی ڕێکخراوە کانی قورباذ یانن، ماوە یەکی زۆر بەسەر کارەساتەکاندا تێپەڕیووە، بۆیە شایەدییەکانیان پەسەند نییە.

## جاش بەڵا بەردەوامەکانی کورد

سەرەك خێڵەکان لە ناوچە کوردییەکان بەکارهێنراون لە کاتی ئۆپەرا سیۆنەکانی ئەنفال، جا شەکان ڕۆ ڵی کارا یان هەبووە لە ئەنفا لەکان، ئە مەش دەر برِی ئەوە یە، مەبەستی حکومەت ئەوە نەبووە دژ بە هەموو کورد ب ێت، بەڵکە مەبە ستی ئەوە بووە، تەنها لە گەڵ ه ێزە چەکدارەکان ئیجرا ئات ب کات، ئە گەر کورد ێك لە گەڵ حکومەت بوو بێت، ئەوا کێشەی لەگەڵدا نەبووە.

کێشەکە لە کورد بوو ندا نەبووە، بەڵکە کێ شەی دەو ڵەت لە گەڵ ئەوا نەدا بووە، خەباتیان کردووە بۆ سەربەخۆیی، بۆیە لیستی تاوانەکان کە گوایە ڕژێم ویستویەتی بەشێك لە کورد لەناو ب بات پو چە. ئەنفال بۆ یەکلاکرد نەوە بووە لە گەڵ بزا ڤی چەکداری نەك هەموو گەل.

داواکاری گشتی باس لەوە دەکات ژیان زۆر سەخت بووە لە ئۆردوگاکان، بەڵام ژ یان لە ناوچەی ڕانیە ئاسایی بووە.

ئەبو بەکر لە پلەی لیوا بووە لە ناو سوپای عێرا قی، ڕەسول( شۆڕش حاجی) یش باسی لە بوونی وەزیری کورد کردووە لە دەسەڵاتدا، کەواتە جیاوازی کراوە لە نێوان

کوردی لایەنگری دەسەڵات (جاش ) و کوردی عەوام. لا یەنگری لە دە سەڵات خاڵی سەرەکی بووە، بۆ شێوەی مامەڵەی حکومەتی عێراقی لەگەڵ ٚ هاووڵاتیانی کورد.

دەوڵەت جیاوازی نەکردووە لە نێوان نە تەوەکان، بەڵکە جیاوازی لە سەر جۆری بیرکرد نەوەی سیا سی بووە، ئە گەر کوردە کان سەر بە دەو ڵەت بونا یا، دە یانتوانی کەڵك لە سەروەت و سامانی عێراق وەر بگرن.

ئەو قڕکرد نە بەرامبەر بە بە شێك لە کورد ئەنجا مدراوە، نەك هەموو کورد، وزارەت بەڵگەی بە دەستەوە نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی هەموو کورد قڕ کرابێت. ڕاستە بە گوێرەی ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس وۆچ کورد جینۆ سایدکراوە، بەڵام دژ بەو کوردانە ئەنجام دراوە لە لادێکان ژیاون.

هێرشی کیمیاوی مەبەست لە ئەنجا مدانی کرداری سەربازی بووە بەرامبەر بە چەکدارەکان، نەك هەموو کورد، دەوڵەت ویستوییەتی بەشێك لە چەکدارەکانی ئەو ناوچانە لەناو ببات، ئەمە دەربڕی ئەوە نییە کورد جینۆسایدکراوە.

زەویان داوە بەو کوردانەی گواستراونەتەوە بۆ ئۆردوگاکان. بە و تەی باڵوێزی ئەو کاتی هۆڵە ندی لە عێراق، جیاوازی کولتوری نەکراوە لە گەڵ کورد، دژا یەتی کولتوری کوردی نەکراوە لە عێراق.

لەگەڵ کریستانەکانیش هەمان مامە ڵە ئەنجا مدراوە، لە بەرواری 5-6-1986 لە گوندی زێوە، هێرش کراوەتە سەر بارەگای پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، ئەوا نەی لەو بارەگایە بوون، زۆربەیان عەرەب و کریستان بوونە لە ناو براون، بۆیە هەر کورد لە ناو نەبراوە لە عێراق، گەلانی دیکەش ئیجرائات لە بەرامبەریان کراوە.

# هەڵەبجەو جینۆساید و هاوکاری ئێران

ئایا دەتوانیین باسی جینۆساید بکەین لە نێوان ساڵانی 1986-1988.

مامە ڵەی ع ێراق بۆ ئەوە بووە، کورد ستان لە ئ ێران بپارێز ێت. لە سەر ئەم بنچینەیە دەڵێین کورد جینۆساید نەکراوە، ئە گەر داد گا بڕ یاری ئەوە بدات کورد جینۆساید کراوە، ئەوا ئەو بڕیارە هەڵەبجە و گۆپتەپە و فیرجینی ناگرێتەوە.

لە هەڵە بجە ز یان زۆرە، بەڵام ئە مە ما نای جینۆ سایدکردن نی یە، هەڵە بجە نەکەوتۆ تە ناو چەی ئەنفا لەوە، حکو مەتی عێرا قی بۆ یە هێر شی کردۆ تە سەر، چونکە سوپای ئێرانی تێدابووە.

هەڵە بجە نموو نەی هێر شی هیرۆ شیماو نا کازاکی بووە، مەبە ستی صەدام لێدانی ئ ێران و هاو کارانی بووە نەك خەڵکە کەی. هیچ بەڵگە یەك بە دە ستەوە نی یە جینۆساید لە هەڵەبجە ئەنجام درابێت.

هەڵەبجە جیایە لە گۆپتەپەو فرجینی و ز ێوە، هەڵە بجە جەنگی نێو دەوڵەتی یە، ئەوانەی دی جەنگی ناوخۆیین.

## ئەی گۆپتەپە چی؟

بەگوێرەی ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس وۆچ گۆپتەپە لە سەردەمی بارزانییەوە بارەگای پێشمەرگەی لێ بووە، لە ساڵی 1984 بارەگای یەنك ی لێ بووە، کەوا تە هێر شەکە بۆ ئەو گوندانە بووە بارەگای پێشمەرگەیان لێ بووە. گۆپتەپە شوێنێکی ستراتیژیی بووە لە ناوچەکە، هێرش کراوەتە سەری، ناتوانر ێت ئە مە بە جینۆ ساید د یاری بکرێت.

هەر ئامارەی باس لە ژمارە یەك قور بانی دە کەن لەم گو ندە، نموو نە یەنك با سی 154 کوژراو دەکات، ئەگەر ئامارێکی دروست نەبێت ئێمە باوەڕ بە چی بکەین ؟.

به گوێرەی شایەدحاڵەکان پێشمەرگەکانی یەنك چەکی ئێران، نەفەری ئێران، پسپۆری ئێرانیان لەگەڵدا بووە، بۆیە هێرش کراوەتە سەریان.

## ئانرات ئازاد بکەن لەبەر ئەوەی:

ئێمە نامانەوێت لە کوشتاری خەڵکی کوردستان کەمبکەینەوە، لە عێراق دڕندەیی زۆر کراوە، ئەگەر لە دادگا بسەلمێنرێت ئەوجا دەتوانیین بڵێین ئەمە جینۆسایدە.

ئانرات تەمەنی زۆرە 63 ساڵە، جارێکی دیکە ئەم کارە ناکاتەوە.

لە کۆتایی هەشتاکان، کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ڕۆژئاوا، سەدامیان دا نە ناوە بە دوژمن.

پێویستە یاسایەك پەیرەو بکرێت لەو کاتەدا تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە نەك یاسای ئێستا.

تاوانی ئابوری کردووە، نابێت تاوانی جینۆساید بدرێتە پاڵی، ئەوانەی وەك ئەم بوو نە، ئەم جۆرە کارا نەیان ئەنجام داوە، لە وڵاتە یەکگرتووەکان 27 مانگ سزادراون، بە یاسای ئیتاڵیاش 8 مانگ سزای زیندان دەدرێت، لە ئیتاڵیا گیراوە و لە یاسای ئەمەریکی هەڵاتووە، داوا دەکەین بە یاسای ئەوان سزا بدرێت.

ئانرات لە ڕاگەیاندن تووڕە بووە، ئەگەر ئازادیش بکرێت ئەوا خەڵك هەر بە تاوانباری دەزانن، بەهۆی ڕاگەیاندنەوە.

بەو هۆیانەوە من داوا دەکەم ئازاد بکرێت، قەرەبووی کەس نەداتەوە، دەست بەسەر سەروەت و سامانیا نەگرترێت.

داوا دەکەم:

- داواکاری وزارەت ڕەت بکەنەوە.

- داواکاری زیان لێکەوتووان ڕەت بکەنەوە.
- داواکاری کوردەکان ڕەت بکەنەوە.
- ڕێگە بدەن ئانرات بچێتەوە بۆماڵەوە.

دادوەر داواکەی ڕەت کردەوە و ئانراتی تاکو 23-12-2005 لە زیندان هێشتەوە.

# دەقی بڕیاری دادگای شاری لاهای بە زمانی هۆڵەندی

De rechtbank,

verklaart de gewijzigde dagvaarding nietig ten aanzien van het onder 1 primair, 1 subsidiair en 2 telastgelegde, voor zover betreffende "althans op (een) (of meer) tijdstip(pen) in de jaren 1986 en/of 1987 en/of 1988 te Irak";

verklaart niet wettig en overtuigend bewezen dat de verdachte het bij gewijzigde dagvaarding onder 1 als primair telastgelegde feit heeft begaan en spreekt de verdachte daarvan vrij;

verklaart wettig en overtuigend bewezen, dat de verdachte de bij gewijzigde dagvaarding als 1 subsidiair en 2 telastgelegde feiten heeft begaan en dat het bewezenverklaarde uitmaakt:

ten aanzien van feit 1 subsidiair:

- **medeplichtigheid aan medeplegen van schending van de wetten en gebruiken van de oorlog, terwijl het feit een onmenselijke behandeling inhoudt en terwijl het feit de dood of zwaar lichamelijk letsel van een ander tengevolge heeft en terwijl het feit uiting is van een politiek van stelselmatige terreur of wederrechtelijk optreden tegen de gehele bevolking of een bepaalde groep daarvan, meermalen gepleegd;**

ten aanzien van feit 2:

- **medeplichtigheid aan medeplegen van schending van de wetten en gebruiken van de oorlog, terwijl het feit een onmenselijke behandeling inhoudt en terwijl het feit de dood of zwaar lichamelijk letsel van een ander tengevolge heeft, meermalen gepleegd;**

verklaart het bewezenverklaarde en de verdachte deswege strafbaar;

veroordeelt de verdachte tot:

- een gevangenisstraf voor de duur van **15 JAREN**;

bepaalt dat de tijd, door de veroordeelde vóór de tenuitvoerlegging van deze uitspraak in verzekering en voorlopige hechtenis doorgebracht, bij de tenuitvoerlegging van de opgelegde gevangenisstraf geheel in mindering zal worden gebracht, voor zover die tijd niet reeds op een andere straf in mindering is gebracht;

in verzekering gesteld op: 06 december 2004;
in voorlopige hechtenis gesteld op: 09 december 2004;

gelast de teruggave [......];

**wijst toe de vorderingen tot schadevergoeding** van de beledigde partijen en veroordeelt de verdachte voorts om tegen behoorlijk bewijs van kwijting te betalen aan:
[... 1 t/m 15...]
telkens een bedrag van **€ 680,67,** zijnde een totaalbedrag van **€ 10.210,05**;

**met veroordeling tevens in de kosten door de beledigde partijen gemaakt**, tot deze uitspraak als kosten voor rechtsbijstand **voor iedere beledigde partij begroot op € 100,=** , zijnde totaal **€ 1.500,=**, en ten behoeve van de tenuitvoerlegging nog te maken;

verklaart niet bewezen hetgeen aan de verdachte meer of anders is telastgelegd dan hierboven is bewezen verklaard en spreekt de verdachte daarvan vrij.

Dit vonnis is gewezen door
mrs R.A.C. van Rossum, voorzitter,
D.R. Glass en J.R.G. Jofriet, rechters,
in tegenwoordigheid van mrs M. Gest en B.J. de Koning, griffiers,
en uitgesproken ter openbare terechtzitting van deze rechtbank van 23 december 2005

# دەقی بڕیارەکە بە زمانی  کوردی

## دادگای شاری  دەنهاخ (لاهای)

بڕِياري ذمارة : 09\751003-04

رؤذي بڕِيار : 23-12-2005

**ڕۆژی بڵاوکردنەوە : 23–12–2005**

**هۆبەی : تاوان**

**جۆری دادگا : دادگایکردنی سەرەتایی – فرە دادوەری**

**پوختەی ناوەرۆك : ئەم بڕیارەی دادگا بە گوێرەی ماددەکانی 48 وە57 لە یاسای تاوان، وە ماددەی 8 لە یاسای تاوانی جەنگ دراوە. دەرکەوتووە کە گو مانلێکراو هۆشمەندا نە تەنیا لە بەر بەرژەوە ندی خۆی هاوکاریەکی زۆری کردوە لەهێنانەکایە ی پرۆگرامی چەکی کیمیاوی لە عێراق لە ساڵەکانی هەشتای سەددەی ڕابوردوو. هاوبەشیکردنەکانی گومانلێکراو بۆتە هۆکاری چەندین هێرش بە گازی خەردەل بۆ سەر هاووڵاتیانی بێ دەسەلاَت. ئەم هێرشانە بە قوورسترین تاوانەکانی جەنگ دەژمێردرێن. ئەم بڕیارە لە دادگای شاری دەنهاخ، هۆبەی دادگای تاوان دراوە.**

## کێشەی داواکاری گشتي لە دژی کەسی گومانلێکراو:

**ناوی گومانلێکراو: --**

**بەرواری لە دایکبوون: --، شوێنی لەدایکبوون: --**

**بێ ناوونیشان لە هولەندا، زیندانیە لە زیندانی: --**

## 1. کۆبوونەوەکانی دادگا

کۆبوونەوەکانی دادگا لەم ڕۆژانەی خوارەوەدا لێکۆلینەوەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاندوە:

18 مارتی 2005، 10 حوزەیرانی 2005، 02 ئەیلولی 2005، 21 تشرینی دووەمی 2005، 22 تشرینی دووەمی 2005، 23 تشرینی دووەمی 2005، 24 تشرینی دووەمی 2005، 25 تشرینی دووەمی 2005، 28 تشرینی دووەمی 2005، 30 تشرینی دووەمی 2005، 01 کانونی یەکەمی 2005، 02 کانونی یەکەمی 2005، 05 کانونی یەکەمی 2005، 07 کانونی یەکەمی 2005، 09 کانونی یەکەمی 2005، 23 کانونی یەکەمی 2005.

گومانلێکراو لە کۆبوونەوەکانی دادگا ئامادە بووەو لێکۆلینەوەی لەگەلدا سازکراوە، جگە لەم ڕۆژانە: 10 حوزەیرانی 2005، 02 ئەیلولی وە 23 کانونی یەکەمی 2005.

گومانلێکراو لەلایەن پارێزەران: یا ساناس ی.پ.أ. فان شخایك J.P.A. van Schaik، پارێزەر لە شاری فەینەندال، یاساناس: ر. خایسن، R. Gijsen پارێزەر لە شاری ماستریخت، بەرگری لێوەکراوە.

15 کەس خۆیان ناونووس کردووە وەك کەسانی زەرەرمەند.

ناوەکان ئەمانەن: ––.

داواکارانی گشتی ئەمانەن: یا ساناس: ف. تەیفن F. Teeven وە یا ساناس: ت. پۆلێسچوك. T. Polescuk

لەسەر بناغەی بانگهێشتنی گومانلێکراو بۆ دادگا و تاوانبارکردنی بەو تاوانانەی لە خالی 1 و خالی 2 لیستی تۆمەتەکان ئاماژەیان پێدراوە، داوایان کردوە گومانلێکراو

حوکم بدرێت به 15 ساڵ زیندانی. ئەو ماوە یەی گو مانلێکراو لە ڕا گرتن ( تەوقیف) بەسەری بردووە لە حوکمەکەی کەمبکرێتەوە.

هەروەها داواکارانی گشتی داوایان کردوە ئەو شتومەکو کەلوپەلانەی کە دە ستیان بەسەردا گیراوەو ئەم ژمارانەیان دراوەتیٚ: ژمارە: 4 تاوەکو 10، 13 تاوەکو 15، 18 تاوەکو 20، 23، 24، 27، 28، 29 (جە گە لە گۆڤارە کان) بگەڕێنرێ تەوە بۆ گومانلێکراو. (فۆتوکۆپی لیستەکە وەك پاشکۆ (ملحق) لەگەل ئەم بڕیارەدایە).

ئەو شتومەکانەی لە لیستەکەدا ئەم ژمارانەی خوارەوەیان دراوەتیٚ دەپارێزرێن بۆ ئەو کەسانەی مافیان بەسەریەوە هەیە. ژمارەکان: 1 تاوەکو 3، 11، 12، 16، 17، 21، 22، 25، 26، 30 تاوەکو 36.

داواکارانی گشتی گەیشتونەتە دەرئەنجامێك، ئەویش بە پ لەی یەك: داخواز یەکانی زەرەرمەندان، ناوەکان لە سەرەوە نوسراوون، بدرێت بە گوێرەی ئەو یاسایانەی پێش یاسای تێرڤەی (Terwee) کاریان پێکراوە. (ئەم یاسایە لە ڕۆژنا مەی دەوڵەت یدا، ژمارە 29، 1993 بلاْوکراوەتەوە)، کە بریتیە لە بڕی 1500 گلدن، واتە: 680.67 یۆرۆ (شەشسەدو هەشتا یۆرۆ، شەست و حەوت سێنت). داواکارانی گشتی گەیشتونەتە دەرئەنجامی بە پلەی دوو: گ شت داخواز یەکانی زەرەرمە ندان: (ناوە کانی ئەمانیش نووسراون) بدرێت، هەندێکی تر کە دەمێنێتەوە: (ناوەکانیان نووسراون) داخوازیەکانیان ڕەتدەکرێتەوە.

داواکارانی گشتی ڕایانگەیاند کە نیاز یان وا یە لە دا هاتوودا پرۆ سەی زەوتکرد نی موڵکوماڵی گومانلێکراو دەست پێبکەن، بە گوێرەی ماددەی 36e لە یاسای تاوان.

## 2. ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ گومانلێکراو

ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ گو مانلێکراو ئەما نەن: لی ستی تۆمە تەکان دانی شتنی ڕۆژی 10 حوزەیران 2005 ڕاگەیەنرا و زیاتر ڕوونکراوەتەوە، لەسەر بناغەی ماددەی

314a له کتێبی یاساکانی لێپرسینەوەی تاوانکاری. لیستی تۆمەتەکان لە بانگهێشتی دادگاییدا ناونراوە بە A. لە دانیشتنی دادگادا لە 21 ت شرینی دووەم 2005، داوا کراوە گۆڕانکاری لە لیستی تۆمەتەکاندا بکرێت. فۆتۆکۆپی داواکە لەنێو فایلەکەدا هەیە. ڕوونکردنەوەکان ناونراون بە: A1. داوای گۆڕانکاریەکان لە لیستی تۆمەتەکاندا ناونراوە بە: A2.

## 3. ناڕەزایی بەرامبەر ناشەرعیەتی بانگهێشتی دادگایی

3.1 دە ستەی پارێزەران لە کۆبوونەوەکانی دادگا ڕایانگەیاند کە بانگهێشتی گومانلێکراو بۆ دادگا دەبێت پوچەڵ بکرێتەوە، لە میانەی ئەو فەترەیەی کە ڕووداوکان ڕوویانداوە، وەك لە خالەکانی 1 وە 2 ی تۆمەتەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، چونکە ئەو ماوەیە لە لیستی تۆمەتەکاندا بەم شێوەیە نووسراوە: "هەرچۆنێك بێت (لە یەك) کاتدا یان لە (چەند) کاتێکی جیاوازدا، لە ساڵەکانی 1986 وە/یان 1987 وە/یان 1988 لە عێراق".

ئەم ماوەیە هێندە درێژو بەرفراوانە کە دەستەی بەرگری (پارێزەران) ناتوانن باش لە مەبەستەکەی حاڵی ببن. جا بۆیە ئەوان ناتوانن بەرگری لە دژی ئەو تۆمەتانەی کە خراونە تە پاڵ گومانلێکراو بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی ڕێنوسراوەکانی ماددەی 6 بڕگەی 3 پەرەگرافی a لە پەیماننەکانی ئەورووپا بۆ پارێزگاریکردنی مافی مرۆڤ و ئازادیە بنچینەییەکانی، (EVRM).

دادگا وای لێکدەداتەوە کە ئەو ماوەیەی لە دۆسیەکەدا دیاریکراوە ئەوەندە درێژە، کە بۆ گومانلێکراو زۆر ئاشکرا نیە لە دژی چی بەرگری لە خۆی بکات. دادگا وا بۆی دەچێت ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ گومانلێکراو، لە ماوەی ناوبراودا، بە تایبەتی ڕووداوەکانی خاڵی 1 وە 2 ئەو هەلومەرجانە وەك پێویست ناگرنەخۆی، بەگوێرەی

ماددەی 261 لە یا سای لێپر سینەوەی تاواز کاری. بۆ یە داد گا ئەو بە شەی بانگهێشکردنی دادگایی پوچەڵ دەکاتەوە.

3.2 هەروەها دەستەی پارێزەران لە کۆبوو نەوەکانی داد گادا ڕایانگەیا ند کە بە ز سبەت خاڵی 1 ی ڕووداوی سەرەکی، بەهۆی بەکارهێنانی و شەی "بە هەرحال هاوکاریکردن لە تاوانەکەدا" سەختە تێگەیشتنی و ناتەبان لە ناوەڕۆکدا و مانا کانی دژوارن، چونکە لە لا یەك لەوە دە چێت والێکبدرێتەوە تاوانی سەرەکی، خاڵی 1 (جینۆساید)، پێکەوەو بە کۆمەل ئەنجام درابێت. لە لایەکی تریشەوە والێکبدرێتەوە: بۆ تاوانی سەرەکی، خاڵی1، هاوکاریکردنیو خۆئامادەکردنی خرابێتە پاڵ.

دادگا بڕوای وایە لەو تۆمەتانەی خراونەتە پال گومانلێکراو دەر بارەی ئەو وشانە: "بەهەرحال هاوکاریکردنی لە تاوانەکەدا" هیچ ناڕێکیەکی تێدا نییە، چونکە دەبێت بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە: وەك تۆمەتی ئەلتەر نەتیڤ (التهمة البديلة) لە بری تاوانی سەرەکی. بە کورتی ئەمە دەگەیەنێت کە: (چەند) جارێك ئەنجامدانی تاوانی جینوساید لە لایەن سەدام حوسەین التكريتي وە/یان علي حسن المجيد التكريتي وە/ یان حسين کامیل حسن المجيد وە/یان کەسانێکی تر کە تا ئێستا ئاشکرا نەبوون...،

یانی "پێکەوە و بە کۆمەڵ لە گەڵ کە سانی تردا بە تاوا نەکان هە ستاون". وا تە: هاوبەشیکردن بەشی سەرەکی لە تاوانەکاندا پێکدێنن. بۆیە ئەم ناڕەزاییەی دەستەی بەرگری ڕەتدەکرێتەوە.

## 4. ناڕەزاییەکان دەربارەی دەسەلاتی یاسایی ئەم دادگایە

4.1 دە ستەی پارێزەران لەکاتی کۆبوو نەوەکانی داد گادا ئەوەیان ڕاگەیا ند: بەشداریکردن لە تاوانی جینوساید و تاوانەکانی جەنگ دوو ڕوداوون پێکەوە گرێدراون و

بەدوای یەکدا دێن. لەبەر ئەوەی ئەم دادگا یە لە شاری دەنهاخ دە سەڵاتی بڕیار و حوکمدانی نییە لە مەڕ تاوانە بنچینەییەکە (واتە: جینۆ ساید)، هەر بۆ یە دە سەڵاتی بڕیارو حوکمدانی بە سەر ئەم ڕووداوانەشدا نییە.

دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکاتەوە. ئەگەر ئەوەی پارێزەران دەیڵێن ڕاستو درووست بێت، ئەوا دەبێتە هۆی پەسەند نەکردنی داواکاریەکەی داواکاری گشتی.

بەشیداریکردن لە تاوانێکدا، ئەگەر بێتو ئەو تاوانە جینۆساید یان تاوانی جەنگ بێت، بە گوێرەی یاساکای هۆلەندا، تاوانێکی سەربەخۆیە و سزا دەدرێت. بۆ نموو نە: ئەم تاوانانە کات و شوێنی دیاری کراوی خۆی هەیە بۆ ئەنجامدانی.

ئەگەر گومانلێکراوێك لە نێو خاکی هوڵەندا بژی و هەڵگری رەگەزنا مەی (جنسیەی) هولەندی بێت، دەکرێ لە سەر بەشیداریکردن لە تاواندا، لە هۆلەندا دادگایی بکرێت، بە گوێرەی ماددەی 5 لە یاساکانی تاوان و بە گوێرەی ماددەی 2 ی یاسای لێپرسینەوەی تاوانکاری هەروەها بە گوێرەی دەسەلاتی تایبەتی یاساکانی نێودەوڵەتی بۆ تاوان. نەك تەنیا دادوەری هوڵەندی بەلکو دادوەری شاری دەنهاخیش دەسەڵاتی ئەوەی پ ێدراوە زانیاری لەم بارەیەوە هەبێت.

بۆیە ئەوەی دەستەی پارێزەران ڕایانگەیاند بە هیچ کلۆج ێك لە لا یەن یا ساکانی نێودەولەتی یەوە پشتگیری لێناکریت. بە تایبەتی لە تاوانی نێودەولەتیدا کە سانێکی زۆر و چەند لایەنێکی جیاواز بەشداری تێدا دە کەن. بۆ یە هەمیشە داد گاکردنی ئەم حاڵەتانە لە چەند جێگایەکی جیاواز ئەنجام دەدرێت. ئەگەر بەم شێوەیە کار نەکرێت ئەوا چەندەها گومانلێکراو لە سزادان دەرباز دەبن. ئەمە بە هیچ کلۆجێك نابێ ببێتە هۆی دەستبەرداربوونی ئەرکەکانی سەرشانمان لە مەڕ سزادانی تاوانە نێودەولەتیەکان. بارگرانی ئەم تاوانانە ئەرکێکمان پێدەسپێرێ کە نابێ هیچ جیاوازیەك هەبێ لە نێوان شێوەو جۆری بەشداربوون لە تاوانەکاندا.

4.2 بیرو بۆچوونی دەستەی پارێزەران وایە کە لەم کێشەیەی لە بەردەستماندا داوا لە دادگا کراوە ڕادەی تاواذ بارێتی حوکمەتی وولاتێکی جیاواز هەڵبسەنگێنێت، وە دەگوترێ عێراق لە هەموو ولأتێکی تر دە سەلاتی زیاترە بۆ دادگایی کردنی ئەم ڕووداوانەی بەردەستمان. بۆیە حوکمدان لە سەر ئەم کێشەیە بە گوێرەی یا ساکانی نێودەولەتی کارێکی نابەجێیە.

ئەم نارەزاییە بێ مانایە. وولاتی هۆلەندا لەم حالە تەدا حوکمی کە سێك نادات بە گوێرەی یاساکانی نێودەولەتی پارێزراو بێت (حصانەی قانونی هەبێت). هەرچەندە لەسەر دادگا پێویستە لەم کێشەیەی بەردەستیدا هەڵسەنگاندنی خۆی ئا شکرا بکات سەبارەت بە تاوانە بذچینەییەکان (واتە: جینو ساید)، کە لە لا یەن ئەوکەسانەوە ئەنجامدراون کە لە بانگهێشتی دادگادا ناویان براوە. بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دادگا حوکمی ئەو کەسانە دەدا، چونکە ئەم هەڵسەنگاندنە نابێتە هۆی سزادانی ئەوان یان سەپاندنی لێپرسینەوەی یاسایی بە سەریاندا.

دادگا هەڵسەنگاندنی خۆی بەرامبەر بەو کەسانەی لە بانگهێشتی دادگادا ناویان براوە وەك ئەنجامدەری سەرەکی تاوانی (جینو ساید) ڕوون دەکا تەوە. داد گا دەڵێت ئەم کە سانە حاڵی حازر هیچ پلە یەکی ڕەسمیان نەماوە و هیچ جۆرە پارێزراو یەکی (حصانەی) نێودەولەتی نایانگرێتەوە. یاساکانی نێودەوڵەتی ناتەبا نین بەوەی ئەم کەسانە حوکم بدرێن بەرامبەر ئەو تاوانانەی کردویانە کاتێك ئەوان جڵەوەی دەسەڵاتیان لە دەستدا بووە. ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی نیە بەو پرسیارەوە کە ئایا حوکمدانی ئەم کەسانە لەم کاتەدا کارێکی مەحاڵە یان نابەجێ یە.

سەبارەت بەو خاڵەی عێراق وڵاتێکە لە هەموو وڵاتانی تر زیاتر دە سەڵاتی یا سایی هەیە بۆ دادگاییکردنی ئەم کێشەیە، دادگا دەڵێت: بە گوێرەی یاساکانی نێودەوڵەتی، چ

تاوانە سەرەکیەکان، (وا تە جینو ساید)، چ بە شداریکردنی کە سی گو مانلێکراو لەم تاوانانەدا کارێك نین تایبەت بن بە دەزگایەکی یاسایی دیاریکراو.

## 5. ناڕەزایی بەرامبەر پەسەند کردنی دەوای داواکاری گشتي

**5.1 بەسەرچوونی تاوانەکان لە ڕووی یاساییەوە، ناتەبایی دیاردەی باوەڕپێکردن، ناتەبایی ناوەرۆکی ماددەی 55 بڕگەی 2 ی یاساکانی تاوان و سزا:**

لەمیانی کۆبوونەوەکانی دادگادا دەستەی پارێزەران ڕا یان گەیا ند: ئەم کێشەیەی داواکاری گشتی دایمەزراندووە لە دژی گومانلێکراو دەبێت پەسەند نەکرێت، بە هۆکاری ئەوەی ئەو کردەوانەی گو مانلێکراو پێیهەڵساوە لە رووی یا ساییەوە بەسەر چوون و کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیووە. لەکاتێکدا ئەو کردەوانەی گو مانلێکراو ئێیهەڵساوە تەنیا بریتین لە سەرپێچیکردنی یاساکانی هێنانەژوورەوە و بردنەدەرەوەی شتومەکی بازرگانی – (مخالفه القوانین الأستیراد و التصدیر). وە لە ڕۆژی 5 ت شرینی یە کەمی 2003 بڕیار دراوە گومانلێکراو لەو بارەیەوە دادگایی نەکرێت و ئازاد بکرێت.

دادگا ئەم ناڕەزاییە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەتدەکاتەوە:

داوا کاری گ شتی کە سێکە دە سەڵاتی ئەوەی پ ێدراوە شێوەیەك لە شێوەکان هەڵبژێرێت بۆ لێپرسینەوە و تۆمەتبارکردنی گومانلێکراوێ. ل ێرەدا سەرپێ چی کرد نی یاساکانی ئابووری لە گۆڕێدا نییە. بۆیە ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ گو مانلێکراو بە گونجاو دادەنرێن و پرۆسەی دادگاکردنەکە بە رێکو پێك دادەنرێ.

## 5.2 دەربارەی پێشێل کردنی پرۆتۆکۆلی شەشەمی یاساکانی ئەورپا لەمەڕ مافی مرۆڤ EVRM

دەستەی پارێزەران لەمیانی کۆبوونەوەکانی داد گادا ڕایانگەیا ند: ئەم کێشەیەی داواکاری گشتی دایمەزراندووە لە دژی گومانلێکراو دەبێت پەسەند نەکرێت، چونکە لە ڕەوتی دادگاییکردنی گومانلێکراودا، لەم شوێنە، ناوو ناز ناوی چەند کە سانێکی تر ئا شکرا دەب ێت. ئە مەش دەبێ تە هۆی درووستبوونی تر سێکی زۆر لە سەریان بۆ لێپرسینەوەی یاسایی و دادگاییکردنیان و حوکمدانی ئەوان بە کوشتن، یان تەنانەت بە کو شتن روو بەڕوو بوو نەوەیان بێ داد گاییکردن. ئە مەش پێ شێلکردنی پرۆتۆ کۆلی شەشەمی یاساکانی ئەورووپایە لەمەڕ مافی مرۆڤ EVRM.

دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکا تەوە. داد گا ئەوە دەخا تە لاوە لەم حاڵە تەدا تا چ ڕادەیەك مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت. بەڵام هەڵسان بە دادگاکردنێکی بێلایەنی سەربەخۆ نابێت دابنرێت بە هۆکاری ئەوەی لە دەرەوەی وولاتی هۆلەندا دادگایی کردنێکی جیاواز ڕوودەدات و مافەکانی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێت. هیچ بۆچوونێکی تر ڕاست نیە جگە لەوە نەبێ کە وڵاتی هۆلەندا ئەرکی سەربەخۆی سەر شانی خۆی لە داد گایی کرد نی تاوانە نێودەولەتیەکاندا بەجێدەهێنێت.

## 5.3 سەبارەت بە پێشێلکردنی ماددەکانی 2 وە 3 ی یاساکانی ئەورووپا لەمەڕ مافی مرۆڤ EVRM

دەستەی پارێزەران لە کۆبوونەوەکانی دادگادا ڕایانگەیا ند: مادده کانی 2 وە 3 ی یا ساکانی مافی مرۆڤ پێ شێل دەکر ێت، چونکە بە هەر شێوەیەك پرۆ سەی ئەم دادگاییکردنە لە هۆلەندا دوایی پێبێت، گو مانلێکراو تر سی ئەوەی هە یە لە وڵا تانی دەرەوەی ئەوروپا، بە تایبەتی لە عێراق یان لە ئ ێران یان لە وڵاتێ کی تر، داد گایی بکرێتەوەو سزا بدرێتەوە. دادگا ئەم بۆچوونەی دەستەی پارێزەران وا لێکدەداتەوە کە

ئەو بەڵگەناما نەی داوا کاری گ شتی بەدە ستیهێناوە، یان پاش ئەوەی داد گا ئەم بەڵگەنامانە وەك بەڵ گەی سەلمێنراو بۆ ئەم تاوانا نە دا ناوە، ووڵا تانی تریش ئەم بەڵگەنامانە لە دژی گومانلێکراو بەکاربهێننەوە.

دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: پێشێلکردنی پرنسیپی: "ne bis in idem" واتە: (کەسێ نابی بە هەمان تاوان دووجار سزا بدرێت)، لە ئایندەداو لە لایەن ولاتێکی ترەوە، ڕێگەناگرێ لە ولاتی هۆلەندا بۆ دادگایی کردنی گومانلێکراو.

دەستەی پارێزەران ڕایانگەیاند کە ئەم ترسە لە گۆڕێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە ئێستا وەك گومانلێکراو لە قەڵەم نەدراوون.

دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکاتەوە دەڵێت: ئەمە کارێك نیە پەیوەندی هەبێ بە کەسی گومانلێکراوەوە. ئەم ناڕەزاییە دە بێ ئەو کە سانە خۆ یان لە کێ شەکانی خویا ندا دەریببڕن.

## 5.4 پێشێلکردنی پرنسیپی "بە توانایی هاووتا" (ماددەی 6 بڕگەی 3b لە یاساکانی ئەورووپی لە مەڕ مافی مرۆڤ EVRM)

دەستەی پارێزەران ڕایانگەیاند کە پرن سیپی " بەتوانایی هاوو تا " لەم کێ شەیەدا پێ شێلکراوە. ئە مەش دەبێ تە هۆی پێ شێلکردنی مافی پرۆ سەی داد گاکردنێکی دادپەروەرانە، بە گوێرەی ماددەی 6 ی یاساکانی ئەورووپی لەمەڕ مافی مرۆڤ.

دادگا بەگشتی بەم شێوەیە لە پرنسیپی "بەتوانایی هاووتا" دەڕوانێ:

هاوو تایی لە نێوان داوا کاری گ شتی و پارێزەران پەیوە ندی هە یە بە شێوەی پرۆسەکەوە. بێگومان نابێت پارێزەران بخرێنە حاڵەتێکی ناهاووتای ناجۆرەوە ئە گەر بەراوورد بکرێن لەگەڵ لایەنی داواکاری گشتی. پرنسیپی "بەتوانایی هاووتا " لە یاسای نێودەوڵەتی بۆ تاوانیشدا پارێزراوە. سەیری کێشەی "تادیچ" لە دادگای نێودەوڵەتی یوگوسلاڤیا بکە: (ICTY, Tadic, no. IT-94-1-A)، ئە مە بڕیاری داد گای

تێهەلچوونەوەیە (محکمە الاستئناف) لە 15 تەموزی 1999، برگەی 52). هەروەك کێشەی تادیچ لە دادگای نێودەولەتی یوگۆسلاڤیا، دادگای ئێمەش دان بەوەدا دەنێت کە پارێزەران دووچاری گیروگرفت دەبنەوە لەم کێشەیەدا، چونکە کێشەکە ئەوەندە چڕ و بەرفراوانە کە دەگاتە پلەی کێشە نێودەولەتیەکان. هەرچەندە دەبێت ئەوە ڕە چاو بکرێ کە داداگای نێودەلەتی بۆ تاوان ئۆرگانێکی جیاوازە لە دادگای تاوانی هۆلەندی.

لە هەمان کا تدا داد گا هەردەم ئا مادەیی خۆی نی شانداوە بۆ جێ بەجێکردنی داوخوازیەکانی دەستەی پارێزەران بە گوێرەی توانا. بۆ نموونە: دانانی زیاتر لە یەك پارێزەر وە تەرخانکردنی بڕێ پارە بۆ دە ستەی پارێزەران بە مەبە ستی وەر گرتنی ڕاوێژی پسپۆڕان لەم بوارەدا.

دەستەی پارێزەران لە کۆبوونەوەکانی دادگادا ڕایانگەیاند کە پرنسیپی "بە توانایی هاووتا" پێشێل کراوە، چونکە ئەوان ڕێگەیان پێنەدراوە بە هەمان شێوەی داوا کاری گشتی، سەرچاوەیان دەست بکەوێت یان سەرچاوەکان کۆبکەنەوە.

داواکاری گشتی هە ندێك دۆکیومێنتی هەڵبژاردوە، کە لە ڕێکخراوی Human Rights Watch وە لە نەتەوەیەکگرتوەکان گولبژێر کراون. دە ستەی پارێزەران دەڵێن ئەوان نەیانتوانیوە کاریگەرییان هەبێت لە هەلبژاردنی ئەم دۆکیومێنتا نەو نەیانتوانیوە بزانن داخۆ هیچ دۆکیومێنت ێك وەلا خراوە کە تۆمە تەکانی گو مانلێکراو سووکتر بکا.

دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکاتەوە بەهۆی ئەوەی: دادگا تا رادە یەکی متما نەپێکراو بۆی ئاشکرا نەبووە داخۆ ئەو دۆکیومێنتانە کاریگەریەکی وایان دەبێت لەسەر دادگا و ئەو بڕیارەی دادگا بە نیازە بیدات.

دەستەی پارێزەران لە کۆبوونەوەکانی دادگادا ڕایانگەیاند کە پرنسیپی "بە توانایی هاووتا" پێشێلکراوە، چونکە خۆیان نەیانتوانیوە لە دەرەوەی هۆلە ندا لێکولی نەوە بکەن، بۆ نمونە لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. هەروەها: لەبەرئەوەی ئەم پارێزەرانە

لەلایەن دەوڵە تەوە دا نراون بۆ گو مانلێکراو، توانا یەکی دارا یی زۆر یان ذ یە خۆ یان لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر ڕاستی ڕووداوەکان یان بگەڕێن بەدوای هە ندێك شایەتدا کە بتوانن تۆمەتەکان سووکتر بکەن.

دادگا لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیە، کە پارێزەران خۆ یان نەیانتوانیوە لێکۆلی نەوەی سەربەخۆ بکەن. ئاشکرایە کە دەستەی پارێزەران دەتوانن بچن بۆ وڵاتان یان داخوازی پێشکەش بکەن بە دادوەری لێکۆلینەوە (حاکم التحقیق) و داواکاری گشتی بۆ هەستان بە لێکۆلینەوە. دەستەی پارێزەران خۆیان دەیانتوانی داوای راوێژی پسپۆران بکەن. لەحاڵەتی نەداریدا بۆ بەجێهێنانی ئەم کارا نە، پارێزەران دە یانتوانی داوای کۆ مەکی دارایی بکەن، بە گوێرەی یاسای دابینکردنی خەرجیەکان لە کێ شەی تاوا ندا. لە گەڵ ئەوە شدا دە ستەی پارێزەران وەك پێ شەکی بڕێ پارە یان خراوە تە بەردە ست بە مەبەستی ئەوەی بتوانن کەسانی پسپۆر بخەنە کار.

**5.5** پێشێلکردنی مافی لێدوان (ئیفادە وەرگرتن) لە شایەتەکان، چ لەو شایەتانەی سەلمێنەرن بۆ ڕووداوە کان، چ ئەوانە شی سەلمێنەرن بۆ ذ کۆڵیکردنی ڕووداوە کان (ماددەی 6 بڕگەی 3d لە یاساکانی ئەوروپا بۆ مافی مرۆڤ، EVRM)

دەستەی پارێزەران لە کۆبوونەوەکانی دادگادا ڕایانگەیاند کە گومانلێکراو مافی ئەوەی دە بێ هەبێ لێدوان لە گەڵ شایەتەکان بکرێ، چ ئەو شایەتانەی سەلمێنەرن بۆ ڕووداوەکان، چ ئەوانەش سەلمێنەرن بۆ نکۆڵیکردنی ڕووداوەکان. دەستەی پارێزەران ڕایانگەیاند مافی لێدوان پێشێل دەکرێت بەوەی ئە گەر ئەوان هەلیان بۆ نەڕەخسێت لێدوان بکەن لەگەل ئەو شایەتانەی بە سەلمێنەری ڕووداوە کان لە قە ڵەم دراون، لە کاتێکدا ئەوان لە لێدوانەکانیاندا پێ چەوانەی ڕووداوەکاذ یان سەلماندووە. گوا یا بەم شێوەیە دەستەی پارێزەران ڕێگەیان لێگیراوە بەڵگەنامە کۆبکەنەوە بۆ سووکتر کردنی

تۆمەتەکە، یان بۆ سەلماندنی هەڵوێستی گومانلێکراو، یان بۆ زیاتر روونکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی گومانلێکراو. ئەوان دەڵێن کە مافی دادگایی کردنێکی ڕەوا پێشێلکراوە.

دەستەی پارێزەران دەلێن ئەمە لەم حاڵەتانەدا روویداوە: شایەتەکان لە ژێر ناوی: X و Y و [....]، شایەتەکانی تر (بریتین لە: [....] ,[....]، کە ئەمانە کارمەندی دەزگای ئاسایشی هۆلەندی بوون، AIVD). دەستەی پارێزەران ئەو تێبینیەش دەدەن کە ئیفادەکانی ئەو کەسانەی ئەوان لێرەدا مەبەستیانە بە دوورو درێژی لە لایەن دادگاوە خوێندراوەتەوە.

دادگا ئەم ناڕەزاییە سەبارەت بە شایەتەکان بە ناوی X و Y ڕەتدەکاتەوە، چونکە لێدوانەکانیان بە ڕێنوسکراوی بەشێکن لە دۆسیەی ئەم کێشە تاوانیە. سەرەڕای ئەوەش هەوڵێکی زۆر درا بۆ لێدوانی زیاتر لەگەڵ ئەو کەسانە، بەڵام ئەم کارە نەتوانرا جێبەجێ بکرێ.

سەبارەت بە شایەت [....]، دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکاتەوە، چونکە دادگا هەرگیز لێدوانەکانی ئەم شایەتە وەك بەڵگە بەکارناهێنێت. سەبارەت بە شایەتێ بە ناوی: Munninghoff، ناڕەزاییەکانی پارێزەران ڕەتدەکرێنەوە چونکە ئەم کەسە لە کۆبوونەوەکانی دادگادا وەك شایەتێك لێدوانی لەگەڵ سازکرا.

سەبارەت بە باقی شایەتەکانی ترە ئەم ناڕەزاییا نە ڕەتدەکرێنەوە، چونکە یان نەتوانراوە لێدوانی زیاتریان لەگەڵ بکرێ یان لێدوانەکانیان گرنگیەکی وایان نەبووە لە کێشەکەدا. خوێندنەوەی لێدوانیەکانی شایەتەکان لە کۆبونەوەکانی دادگادا لە بەر ئەوەیە چونکە کارێکی پێویستە ناوەرۆکی دۆسیەکە بە کورتی لە کۆبوونەوەکانی دادگادا ئاشکرا بکرێت.

**5.6 پێشێل کردنی پرنسیپی "گومانلێکراو بێتاوانە، تا تۆمەت دەسەلمێنرێ"، ماددەی 6 برگەی 2 ی EVRM:**

دەستەی پارێزەران لە کۆبونەوەکانی دادگادا ڕایانگەیاند کە داواکاری گشتی بەشێك لە دەوانامەکەی بۆ خستنەڕووی تۆمەتەکانی گومانلێکراو بە ڕۆژنامەنووسەکان داوە. ئەم بەشە بریتیبووە لە نمایشێك بە ئامێرەکانی مولتیمیدیا. بەم کارەش گومانلێکراو بە دەستی ئەنقەست و بە ئا شکرا وەك تاوانبار لەقە لەم دراوە، نەك وەك گو مانلێکراو. ئەمەش پێچەوانەی پرنسیپی: "گومانلێکراو بێتاوانە، تا تۆمەت دەسەلمێنرێ".

دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکاتەوە بەم شێوەیە:

لای دادگا بە هیچ شێوەیەك ئاشکرا نیە بۆچی ئەم هەڵسوکەوتەی داوا کاری گ شتی دەبێ ببێتە هۆی پەسەند نەکردنی داواکەی. ئەو بەشەی دەوانامە (مراف عه) کە بەم شێوەیە نیشاندراوە بەشێکە لە دەوانامەی داواکاری گشتی بۆ خستنەڕووی تۆمەتەکانی گومانلێکراو. داواکاری گشتی ئازادی ئەوەی هەیە بەڵگەکانی خۆی، پاش تەواو کردنی لێکۆلینەوەکانی، بە شێوەیەك پێشکەش بە دادگا بکات و بیسەلمێنێت کە گومانلێکراو هەڵساوە بە ئەنجامدانی ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵی. هەروەها دەستەی پارێزەرانیش هەمان ئامێرو ئامرازیان خراوەتە بەر دەست بۆ پێشکەش کردنی بەرگرینامەکەیان.

جێی داخە، سەرەڕای قەدەغەکردن و ڕیکەوتن لە سەر ئەوەی نابێت وێنەو فیلم بگیر ێت، وێ نەی سەری گو مانلێکراو، لە پ شتەوە، لە بەرنامە یەکی تەلفزیوذ یدا بڵاوکراوەتەوە. دادگا پا شان هە ندێ ڕێو شوێنی گر تووە تا جارێکی دی ئەم کارە دووپاتنەبێتەوە.

## 5.7 پێشێل کردنی پرنسیپی مامەڵە کردنی یەکسانی

دەستەی پارێزەران لە کۆبوونەوەکانی دادگادا ڕایانگەیاند کە داوا کاری گ شتی لە هەلومەرجی چەند گومانلێکراوی تردا پرذ سیپی یەک سانی و پرذ سیپی قەدە غەکردنی هەڵسوکەوتی بەئارەزووی پێ شێلکردوە. هەروەها بەرژەوەند یەکانی گو مانلێکراوی

پێ شێلکردوه، چونکه گو مانلێکراو داد گایی دەکر ێت، بەڵام واز له □□□□□□□□□□□□□هێنراوه. کەسێکی تر بە ناوی □□□□ دوای گرتنی و لێکۆلینەوەکردن لەگەڵیدا ئازاد کراوه. زانراوی شه که ئەو کە سە دوای ئازادکردنی یەکسەر وڵات بەجێدەهێڵێت و چیتر ئامادە نابێت له کاتی بانگهێشتیدا.

له پێش هەموو شتێکدا دادگا باوەڕی وایە کە ئەم بۆچوونانە هیچ بناغەیەکیان نیه، لەبەر ئەوەی داواکاری گشتی له کۆبوونەوەی دادگادا له 21 تشرینی دووەمی 2005 ڕایگەیاند کە ئەو شایەتە، بە ناوی □□□□، تاوەکو ئێستاش وەك گومانلێکراو له قەڵەم دەدرێت. واتە تا ئەم کا تە ڕوون نەبۆ تەوە که □□□□ داد گایی ناکر ێت. پێشێلکردنی پرنسیپی یەکسانی لەم کا تەدا له ئارادا نیه. ئه گەر له حالەتێکی شدا پرنسیپی مامەڵەکردنی یەکسانی پێشێلکرابێت، دادگا باوەڕی وا نیه ئەمە ئەبێتە هۆی پە سەند نەکردنی شکاتنامەکەی داوا کاری گ شتی، یان کەم کرد نەوەی سزا بۆ گومانلێکراو.

دادگا ئەوه پەسەند دەکات کە داواکاری گشتی مافی ئەوەی هەیە گومانلێکراوێك بدات بە دادگا و یەکێکی دیکە واز لێبهێنێت. سەرباری ئەمەش دادگا دەڵێت: لەبەر ئەوەی □□□□□□□□□□□، لە نێو خاکی هۆلەندا ناژین و وڵاتنامەی هۆلەندیان نیه، ناتوانرێت له هۆلەندا دادگایی بکرێن. هەروەها ئەم کەسانە لە سەر داخوازی دەستەی پارێزەران و سووربوونیان لە سەر ئەم داخوازیە، توانرا له کاتی کۆبوونەوەکانی دادگا ئەم کەسانە وەك شایەت بهێنرێن و لێدوانیان لەگەل سازبکرێت. ئەمەش پاش ئەوەی شایەتەکان لەلایەن داواکاری گشتیەوه دڵنیا کرابوون کە لە دوای شایەتی دانیان ئێدی ئەوان ئازادن.

دەستەی پارێزەران لە کۆبوونەوەکانی دادگادا نارەزاییان دەربڕی کە بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە کراوه لەگەڵ گومانلێکراو ئەگەر بەراوورد بکرێت بە کۆمپانیای □□□ و کۆمپانیای □□□□□□□□ و کۆمپانیاکانی تری دەرەوەی وڵات کە تاوەکو

ساڵی 1987 مادده سەرەکیەکانیان بۆ درووست کردنی گازی خەردەل و گازی دەمار (گازی ئەعساب) فرۆشتوە. دەستەی پارێزەران داخوازن ئەم شێوەی مامەڵەیە ببێ تە بەهانە بۆ پەسەند نەکردنی شکاتنامەی داواکاری گشتی لەلایەن دادگاوە، چونکە ئەمە پێشێلکردنی پرنسیپی یەکسانی و پرنسیپی قەدەغەکردنی هەڵسوکوتی بەئارەزووە.

دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەو دوو حاڵە تەی دە ستەی پارێزەران ناویان بردوون ناتوانرێت بە چاوێکی هاووتا تەماشا بکرێن، ئەگەر بەراوورد بکرێن بەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ گو مانلێکراو. سەبارەت بە کۆمپانیا کانی دەرەوەی وڵات، وڵاتی هۆلەندا دەسەڵاتی یاسایی نیە بۆ دادگایی کردنیان.

## 5.8 پێشێل کردنی پرنسیپی "هاوکاری نەکردن لە خۆ تاوانبارکردن"

( بە گوێرەی یا ساکانی ئەوروپا: هاو کاریکردنی گو مانلێکراو لە گەڵ دەزگا کانی لێکۆلینەوە بۆ سەلماندنی تۆمەتەکان کارێکی زۆرەملی نییە)

دە ستەی پارێزەران لە کۆبوو نەوەکانی داد گادا نارەزای یان دەر بڕی و دە ڵێن دەسەلاتدارانی دەوڵەت بە پێچەوانەی پرنسیپی "هاوکاری نەکردن لە خۆ تاوانبارکردن" هەڵسو کەوتیان کردوە. ئەمەش یەکێکە لە مافەکانی گومانلێکراو لە دادگایی کردنێکی دادپەروەرانەدا، بە گوێرەی ماددەی 6 یاساکانی ئەوروپا لەمەڕ مافی مرۆڤ EVRM.

پارێزەران دە ڵێن کە سانێك سەر بە دەز گای ئاسای شی هۆڵە ندا AIVD بوون و پەیوەندیانکردوە بە گومانلێکراوەوە و ئامۆژگاریو ڕاوێژی ناڕاستو سەرلێ شێوێنەریان داوەتێ، بە شێوەیەك کە گومانلێکراویان والێکردوە خۆی دووچاری ئەم دادگاییکردنە بکاتەوە.

دادگا ئەم ناڕەزاییە ڕەتدەکاتەوە، چونکە داواکاری گشتی هیچ شتێکی ڕانەگەیاندووە لەم بارەیەوە و پەیوەند بێت بە لێپرسینەوەی دادگاییەوە. وتەکانی گومانلێکراو کە لە

ڕۆژی 6 ت شرینی دووه می 2003 بڵاوكراوه تەوه وەك بەڵگه یەك بۆ سەلماندنی تۆمەتەكان بەكارنەهێنراون. بۆیه پێویست ناكات پرنسیپی "هاوكاری نەكردن له خۆ تاوانباركردن" باسی لێوه بكرێت. به هیچ شێوەیەك ڕوون نەبۆ تەوه بۆ داد گا دا خۆ داواكاری گشتی به شێوەیەكی هوشمەندانه ئەم پرنسیپەی پێ شێلكردبێت، لەكاتێ كدا ئەم پرنسیپانه مەرجن بۆ پرۆسەی دادگایی كردنێكی دادپەروەرانه.

5.9 دادگاییكردنی گومانلێكراو به پێچەوانەی پرنسیپی پرۆسەیەكی دادپەروەرانەیە:

دەستەی پارێزەران ناڕەزاییان دەربڕی و دەڵێن: داواكاری گشتی ئاگاداره كه ڕووداوو تۆمه تەكانی گو مانلێكراو و ئەو كه سانەش كه وەك بەرپر سیاری سەرەكی بۆ (جینوساید) له قەڵەمدراون له چەند وڵاتێكی جیاواز لێكۆڵینەوەی تاوانكاریان لەسەر دەكرێت. داواكاری گشتی ئەو كارەی پشتگوێ خستووه پەیوەندی بكات بەو وڵاتانەوه بەو مەبەستەی دادگاییكردنی ئەم تاوانانه له یەك شوێندا كۆبكرێنەوه. پشتگوێخستنی ئەم كاره لەلا یەن داوا كاری گ شتی سەرپێ چیكردنی پرن سیپی پرۆ سەیەكی دادپەروەرانەیە.

دادگا ئەم ناڕەزاییه ڕەتدەكاتەوه و دەڵێت: تەنانەت ئەگەر پرۆسەی دادپەروەری ئەو مانایه ببەخشێت كه ئەنجامدەرانی سەرەكی تاوا نەكان و ئەوا نەی به شداریانكردوون لەبەردەم هەمان دادگا دادگایی بكرێن، ئەم ناڕەزاییه هەر ڕەتدەكرێتەوه. چونكه له هیچ شوێنێكی تری سەر ڕووی ئەم زەمینه ئەم ڕووداوانەی بەردەستمان وەك تاوانێكی نێودەولەتی دادگایی نەكراون.

## 6. به گوێرەی كام یاسا ئەم كێشەیه دادگایی دەكرێت

پرسیارێك رووبەڕووی دادگا بۆتەوە: دا خۆ گو مانلێکراو دە بێ بە پ ێی چ یا سایەك دادگایی بکرێت؟ ئایا دەبێت دادگایی کردن لە سەر بنا غەی یا سا نی شتیمانیەکانی دەوڵەتی هۆڵەندا یان یاساکانی نێودەوڵەتی بێت؟

پێویستە لە سەر دادوەری هۆلەندی بە یاساکانی تاوانی نێودەو لەتی و بڕیارە کانی دادگای نێودەڵەتی پشت ببەستێت لەکاتی دەستنیشان کردنی بەشەجیاوازەکانی ئەم تاوانە. بۆ ئەم مەبەستە پشت دەبەسترێت بە ماددەی 9 ی یاسا بنچیەیەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوان. بێگومان ئەو تاوانانەی بە گوێرەی یاساکانی تاوانی نێودەوڵەتی سزا دەدرێن، بە هەمان شێوە بە گوێرەی یاسا نیشتیمانیەکانی وڵاتی هۆلەنداش هەر سزا دەدرێن.

دادگا پرسیارێ لە خۆی دەکات ئایا تا چ ڕادە یەك ج یاوازی هە یە لە ن ێوان یا سا نی شتیمانیەکان و نێودەوڵەت یەکان، بە تای بەتی سەبارەت خاڵ ێك کە نا سراوە بە: "بەدەستی ئەنقەست بەشداریکردن لە ئەنجامدانی تاوانی جینوساید".

دادگا لە بواری "بەدەستی ئەنقەست بەشداریکردن" تاوانی جینۆ سایدو تاوا نەکانی جەنگ جیا دەکاتەوە.

جینۆساید جیاوازە لە تاوانە نێودەوڵەتیەکانی دیکە چونکە ئەنجامدەرانی سەرەکی نیازو مەبەستێکی تایبەتیان بۆ لە ناوبردنی کۆمەڵگایەك یان بەشێکی ئەو کۆمەڵگا یە هەیە. زۆر گرنگە دەستنیشان بکرێت تا چ رادەیەك تۆمەتبار بە تاوانی بەشداریکردن لە جینۆسایدا بە دەستی ئەنقەست ئەم کارەی کردوە. وەڵامی ئەم پرسیارە گەلێك جار دراوەتەوە لە بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوان، لە تربیونالی تاوانی یوگوسلاڤیا (ICTY) وە ڕوەندا (ICTR).

ناوی تاوانی جینۆ ساید لە داد گا نێودەوڵەتیەکا ندا بە تاوانی تاوا نەکان هاتووە (crime of crimes)، تا جینۆساید جودا بکرێتەوە لە تاوانەکانی دیکە، بۆنمونە: لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ.

بەپێی بڕیارە گرنگەکانی دادگای تێهەلچوونەوەی تریبیونالی یوگۆسلاڤیا (ICTY) وە ڕوەندا (ICTR) تەنیا لە یەك حالەتدا گومانلێکراوێك بە تاوانی بە شداریکار لە جینۆسایدا مەحکوم دەبێ: کاتێك گومانلێکراو زانیاری هەبووبێت (knew) دەربارەی ئەو ذ یازو مەبە ستەی ئەنجا مدەرانی سەرەکی هەیانبووە بۆ ئەنجا مدانی تاوانی جینۆساید. (بۆ زانیاری، وەك سەرچاوە سەیری ئەم بڕیارە بکە):

(ICTY, Krstic, zaak nr. IT-98-33-A, vonnis hoger beroep, 19 april 2004, paragraaf 144; ICTR, E. en G. Ntakirutimana, zaken nr. ICTR-96-10-A en ICTR-96-17-A, vonnis hoger beroep, 13 december 2004, paragrafen 500 en 501).

ئەم کارە لە پەیوەند بە بەشداریکردن لە تاوانەکانی جەنگدا ج یاوازە. مەرج نی یە ئەنجامدەرانی سەرەکی تاوانەکانی جەنگ مەبەستێکی ئەنقەستی تایبەتیان هەبێت.

## 7. تاوتوێکردن سەبارەت بە تاوانی سەرەکی: خالی 1 (جینۆساید).

**7.1** سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە ئایا تاوانی کۆمەلکوژی (جینۆساید) ڕوویداوە یان نا، بەتەنها گرنگ نیە بۆ وەلام دانەوەی ئەو پرسیارەی ئایا خالی 1 ی تۆمە تەکان، (جینۆساید)، سەلمێنراوە بەسەر گومانلێکراودا یان نا.

ئەم ڕاستیە سەلماندنی گرنگە، تەنانەت ئەگەر گومانلێکراو ئازادیش بکرێت لە تۆمەتی 1 (جینۆ ساید). ئە مە گرنگە چونکە لە حا لەتی سەلماندنی جینۆ سایدا ئەوەش دەسەلمێنرێت کە تۆمەتی ئەلتەرناتیف (التهمة البديلة: کە لێرەدا بریتیە لە تۆمەتی تاوانەکانی جەنگ) لە هەلومەرجێکی وادا ڕوویانداوە کە ناو دەبرێت بە: "قوورسکەری تۆمەتەکان" چونکە: "ڕووداوەکان بریتیبوون لە تیرۆر کردنێکی بەردەوام یان مامە لە

کردنێکی نایاسایی لە دژی کۆمەڵێك خەڵکی دیاریکراو". ئەمەش لە خۆیدا دەبێتە هۆی قورستر کردنی تۆمەتەکانی گومانلێکراو.

7.2 بەگوێرەی یاساکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیما نەکانی جینۆ ساید و یا ساکانی دیکەی نێودەوڵەتی، دادگاش دەڵێت: پێویستە ئەم خاڵا نەی خوارەوە سەبارەت بە تۆمەتی سەرەکی، جینۆساید، گشتیان بەسەریەکەوە بسەلمێنرێن، پێش ئەوەی بگەینە ئەو پرسیارەی: ئایا گومانلێکراو بەشداری تێدا کردوە یان نا.

خاڵەکانی پێویستە بسەلمێنرێن ئەمانەن:

1. کەسانێ کە لە لیستی تۆمەتەکاندا بە "ئەنجامدەرانی سەرەکی" ناوبراون، ئەوان بە ئەنقەست جارێك یان چەند جارێك ئەو کارا نەیان ئەنجا مداوە، وەك لە ماددەی 1 بڕگەی 1 تا 5 لە یاساکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیمانەکانی جینۆسایدا رێنوسکراون.

2. کەسانێ کە لە لیستی تۆمەتەکاندا بە "ئەنجامدەرانی سەرەکی" ناوبراون، ئەوان بە ئەنقەست ئەو کارانەیان ئەنجامداوە لە دژی نەتەوەیەك یان گروپێك لە هاوولات یان، یان بەشێك لەوان.

3. کەسانێ کە لە لیستی تۆمەتەکاندا بە "ئەنجامدەرانی سەرەکی" ناوبراون، ئەوان بە ئەنقەست ئەو کارانەیان ئەنجامداوە بەنیازی ئەوەی ئەو گروپە گشتیان پێکڕا یان بەشێکیان لەناوبەرن.

خاڵی 1:

دادگا ئەو راستیە دەستنیشان دە کات: مامە ڵەکردنی "ئەنجا مدەرانی سەرەکی"، هەروەك لە لیستی تۆمەتەکاندا رێنوسکراون، بەو کارانە دەژمێرێن هەروەك ناویان براوە لە ماددەی 1، بڕگەی 1 و 2 لە یاساکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیمانەکانی جینۆساید، واتە: کوشتنی ئەندامانی گروپێك و بریندار کردنی گیانییان بەقورسی.

خاڵی 2:

جینۆساید تەنیا لە حاڵەتێکدا دێتە گۆڕێ کاتێ ڕووداوەکان ئەنجامدرابن بە نیازێ بۆ لەناوبردنی پێکڕای گروپێکی پارێزراو یان بەشێك لەو گروپە. [گروپی پارێزراو ئەو گروپانەن کە بە گوێرەی پەیمانەکانی جینۆساید پارێزراون].

دەبێ ئەو پرسیارە وەڵام بدرێتەوە: ئایا تا چ ڕادەیەك هاووڵاتیانی کورد (لە ناوچە دێهاتەکان یان لە شاری هەڵەبجە)، لە ژووروی عێراق، گروپێکی نەتەوەیی ( ethnic group) یان گروپێك لە هاووڵاتیان پێکدێنن، لە چوارچێوەی ئەو پێنا سەدا کە لە یا ساکانی مامە ڵەکردن لە گەڵ پەیما نەکانی جینۆ ساید کراوە، هەروەها لە خودی پەیمانەکانی جینۆساید خۆیشی.

دادگا وای لێکدەداتەوە کە بە شێوەیەکی یاسایی و بە دڵنیاییەوە ئەوە نەسەلمێنراوە کە کوردە کان لە ژووروی عێراق وەك گروپێك هاووڵاتیان ڕە چاو دە کرێن، وەك لە یاساکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیمانەکانی جینۆساید پێناسەکراوە کراوە.

سەبارەت پێنا سە کردن یان وە کو گروپێ کی نە تەوەیی، بە گوێرەی یا ساکانی مامە ڵەکردن لە پەیما نەکانی جینۆ ساید، داد گا ئەم مەرجا نەی خوارەوەی وەك ئەلتەرنەتیڤ داناوە:

- ئەندامانی ئەو گروپە (نەتەوەیە) زمان و کولتورێکی هاوبەشیان هەیە، یان
- ئەندامانی ئەو گروپە (نەتەوەیە) خۆیان بە گروپێکی نەتەوەیی دادەنێن، یان

- که سانێکی تر، که ئەنجا مدەرانی سەرەکی جینۆ سایدیش دەگرێتەوە، گروپەکە بە گروپێکی نەتەوەیی دادەنێن.

(سەر چاوە: داد گای نێودە ڵەتی بۆ ولا تی ڕوە ندا ( Kayishema, Ruzindana, ICTR، کێ شەی ژ مارە: ICTR-95-1-T، یە کەمین پ لەی دادگا، لە 21 مایس 1999، پەرەگرافی 98).

دادگا وای لێکدەداتەوە کە بە شێوەیەکی یاسایی و بە دڵنیاییەوە ئەوە سەلمێنراوە کە نەتەوەی کورد، وەك نەتەوە، بە گوێرەی پێناسەی پەیما نەکانی جینۆ ساید، ئەو مەرجانە دەگرێتەخۆی، وەك لە سەرەوە باسیانلێکراوە. بۆ دەکردنی ئەم بڕیارە، دادگا ئەم بەڵگانەی خوارەوەی لە پیشچاو گرتووە:

بەڵگەنامەکان: [....]

خاڵی 3:

خەسڵەتی جینۆساید پیادەڕەوکردنی نیازێکی تایبە تە بۆ قەلا چۆ کرد نی گروپ ێك پێکرا بە گشتی یان بەشێکی گروپەکە. تەنانەت بێ ئەوەی بەڵگە یەکی را ستەوخۆش هەبێت، بۆ نموونە: دانپیانانی (ئیعترافاتی) کەسێك لەم بارەیەوە، دەتوانرێت ئەم نیازە تایبە تە دەستنیشانبکرێ کە ئەنجا مدەرانی سەرەکی هەیانبووە، بە هۆی چەند حاڵەتێکەوە، وەك لە خوارەوە هاتووە:

بە گوێرەی بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوان، ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی بەنیازبوونی ئەنجامدانی جینۆساید:

- ئەو چوارچێوە گشتیەی کە ڕووداوەکانی تێدا ئەنجامدراوە،
- ئەو بارودۆ خەی کە گرو پە پارێزراوە کانی [ پارێزراون، بە گوێرەی پەیمانەکانی جینۆساید] بە شێوەیەکی بەردەوام تێ یدا بونە تە قوربانی، بەهۆی مامەڵەکردنی نایاسایی لەگەڵیاندا،
- قەبارەی ئەو تاوانانەی ئەنجامدراوەکان،
- لێدانو داپڵۆسینی قوربانیەکان بە بەردەوامی، چونکی ئەوان ئەندامی گروپێکی دیاریکراون،
- دووبارەبوو نەوەی کردەوەی قەلا چۆکردن و ج یاوازیکردنی ڕەگەزپەرستیانە لە تەك ئەواندا،
- ژمارەی قوربانیەکان،
- چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکان،
- ئەو دەڤەرەی ئەنجامدەارن تێیدا چالاکبوون،
- گوماذ نەبوون لەوەی ئەنجا مدەران بە دە ستی ئەنقە ست قوربانیەکیان قەلاچۆ کردوە،
- ڕادەی دڵتەزێنی ئەو کردەوانەی جینۆسایدی پێ ئەنجامدراوە،

- ژمارەی دووپاتکرد نەوەی ئەو کردەوا نەی جینۆ سایدی پێ ئەنجامدراوە، لە دەڤەرێکی دیاریکراودا،
- ئەو چوار چێوە سیا سییە گشتییەی کە ئەم تاوانا نەی تێدا ئەنجامدراون،
- ڕاگەیاندنەکانی ئەنجامدەرانی تاوانەکان لە بارەی بارووبۆخ یان چارەنووسی گروپە پارێزراوەکان.

(سەر چاوە: لە سەر بنا غەی ئەم بریارا نەی خوارەوەی داد گای نێودەو لەتی یۆگۆسلاڤیا و روەندا).

**(ICTY, Jelisic, zaak nr. IT-95-10-A, vonnis hoger beroep, 5 juli 2001, paragraaf 47; ICTY, Jelisic, zaak nr. IT-95-10-T, vonnis eerste aanleg, 14 december 1999, paragrafen 73 – 77; ICTY, Karadžic en Mladic, zaken nr. IT-95-5-R61 en IT-95-18-R61, beslissing in de zin van Regel 61, 11 juli 1996, paragrafen 92, 94 en 95; ICTY, Krstic, zaak nr. IT-98-33-A, vonnis hoger beroep, 19 april 2004, paragrafen 12 – 14 en 21; ICTY, Miloševic, zaak nr. IT-02-52-T, beslissing in de zin van Regel 98bis, 16 juni 2004, paragrafen 246 – 248; ICTR, Kayishema en Ruzindana, zaak nr. ICTR-95-1-T, vonnis eerste aanleg, 21 mei 1999, paragraaf 93; ICTR, Kajelijeli, zaak nr. ICTR-98-44A-T, vonnis eerste aanleg, 1 december 2003, paragraaf 806; ICTY, Nikolic, zaak nr. IT-94-2-R61, beslissing in de zin van Regel 61, 20 oktober 1995, paragraaf 34; ICTR, Akayesu, zaak nr. ICTR-96-4-T, vonnis eerste aanleg, 2 september 1998, paragraaf 523; ICTR, Simba, zaak nr. ICTR-01-76-T, vonnis eerste aanleg, 13 december 2005, paragraaf 413).**

له سەلماندنی بەنیازبوونی جینۆ سایدکردندا، داد گا جیاواز یدەکات له ذ ێوان چەوساندنەوەی بەردەوام و جیاوازکردنی ڕەگەزپەرستانە بەرامبەر بە گەلی کورد له لایەك، و زیاتر توندوتیژ کردنی شالاّوەکانی داپلۆسین لەلایەن دەسەلاّتداران له ژووروی عێراق له لایەکی تر، کە ئەمەش له کاتێکی دیاریکراودا شێوەیکی وای گرتۆتەخۆ کە بە هیچ شێوەیەك مانا یەکی تر هەڵناگرن ج گە له بەڵگە یەك نەبێ بۆ بەنیازبوونی جینۆسایدکردن.

بەنسبەت شێوە گشتیەکەی چەوساندنەوەو جیاوازی کردنی ڕەگەزپەرستانە بەرامبەر بە گەلی کورد له عێراق، دادگا ئەم بەڵگاناما نەی خوارەوە بەکاردێنێت. ئەم شێوە گشتیەش له پاشدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆ سەلماندنی بەنیازبوونی جینۆساید.

بەڵگەکان: [...]

7.3 له پەیوەند بە زیادبوون و بەردەوامبوونی شالاّوەکانی داپلۆسین و چەوساندنەوە وەك: تەعریبکردنی ئەو شوێنانەی کوردذ شینبوون، بزرکرد نو بێسەرو شوێن کرد نی ژمارەیەکی زۆر له خەڵکان، له سێدارەدانو تیرەبارانکردنی بێ ویژدانانە، هێرشکردن و وێرانکردنی گو ندە کوردذ شینەکان، له گەڵ بەکار هێ نانی چەکی کیم یاوی کە ئەم هێراشانە له ئۆپەراشیۆنەکانی ئەنفالدا گەیشتنە لوتکەوپۆپە، دادگا ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە وەپێشچاو دەخات:

بەڵگەکان: [...]

7.4 لێکدانەوەکانی دادگا بەم شێوەیەیە: ئەم بەڵگەناما نەی له سەرەوە با سکران بواری گومان ناهێڵن. هیچ دەرئەنجام و ئاکامێکی تر هەڵناگرن، جگە لەوە نەبێت کە ئەو هێر شانەی له لی ستی تۆمەتەکا ندا ئاماژە یان پ ێدراوە، ئەنجا مدراون بەنیازی

قەلاچۆکردنی کومەڵگای کورد لە عێراق. ئەم دەرئەنجامانە لە سەر بنەمای تایبەتی ئەم خالآنە رەچاوکراون:

- ئەو چوارچێوە گشتیەی بەبەردەوامی چەوساندنەوەی کۆمەڵگای کوردی تیدا کراوە.

- ژمارە یەکی هێجگار زۆر لە کوژراوە کان سەر بە کۆ مەڵگای کوردن. دادگا وای لێکدەداتەوە کە ئەم ژمارەیە بێگو مان دە یان هەزار کەسن، کە لەکاتی هێر شەکان و شالآوەکانی کۆ مەڵکوژی بە کۆ مەڵ بوونەتە قوربانی.

- بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە شێوەیەکی هێجگار بەرفراوان لە دژی دانیشتوانی کورد. چۆنیەتی ئەم چەکەش لە بەکارهێنا ندا بە شێوەیەکە هیچ جیاوازیەك ناهێڵێتەوە لە نێوان هاوولآتیانی ئا سایی و خەڵکی چەکدار. ئەم چەکانە بە تەنها نابنە هۆی گەیاندنی ئازارێکی زۆری بێسنوور بە دانیشتوان، بەڵکو دەبنە هۆی ئەوەش کە ترس و لەزر بخەنە دڵی دانیشتوانەوە. هەروەها گوندو شارە لێدراوەکان لە ماوە یەکی درێژخایەندا ژیانی تیا مەحاڵ دەبێ.

- وێرانکردنی گوندە کوردنشینەکان بە شێوەیەکی بەرفراون لە ژووروی عێراق و ڕاگوێزکردنی (تەرحیل) هاوولآتیان،

- ڕاگەیاندنەکانی کاربەدەستانی ڕژێم، بە تایبەتی ئەوا نە عەلی حەسەن المجید، کە تێیدا سوکایەتی پێکردن (ئیحتیقار) بە گەلی کورد دەکات.

- 7.5 داد گا بڕوای وا یە کە: ئەو هێر شانەی بە بەڵ گەوە سەلمێنراوە کە ئەنجامدراون، بەنیازی جینۆ سایدی گەلی کورد بوون.

پێوسته لە سەر دادگا ئەو بڕیارەی دەر یدەكات پەیوە ندی  هەبێت  بەو قۆناغەەوە كە شالاوەكانی جینۆسایدی تێدا ئەنجامدراوە. بۆ وەرگرتنی ئەم بڕیارە دادگا ئەو دەرئەنجاما نە  بەكار دەهێنـ ێت  كە ڕاپۆرتنوو سی نەتەوەیەككگرتوەكان، ڤان در ستول، نووسیویەتی، و دەلێت: بناغەی ئەو سیاسەتە گشتیەی لە دژی كوردەكان دا نراوە، دەگەڕێ تەوە  بۆ  مانگی مایسی 1985، كاتێك فەرمانی سەربازی دراوە بۆ بەكارهێنانی "هەموو جۆرە  چەكێك"   لە دژی "تێ كدەران" لە ناو چەكانی ژووروی ع ێراق. شالاوەكانی ئەنفال دواییان پێهاتووە لە 6 ئەیلولی 1988، بە دەركردنی بڕیاری لێبوردنی گشتی (عەفووی عام).

-        لەم ڕوانگەیەوە دادگا وای لێكدەداتەوە كە هەموو ئەو هێرشانەی نێوان: مایسی 1985 تا 6 ئەیلولی 1988، بە شێوەیەكی زۆر ئا شكرا لە دژی گەلی كورد كراون، وە بە شێوەیەك  مامەڵە كراوە كە ماددەی 1، بڕگەی 1، پەرەگرە فەكانی 1  تاوەكو 5  لە پەیما نەكانی جینۆ سایدی بە سەردا دەچە سپێت.  ئەم هێر شانە بە شێك  بوون  لە  شالاوەكانی جینۆ ساید، تەنا نەت ئە گەر  ئەم هێر شانە  بە رە سمیش  لە قۆ ناغی شالاوەكانی ئەنفالەكانیشدا نەكرابێت.

-

-        7.6   لە   بەر ڕۆ  شنایی   ئەم دەرئەنجاما  نەدا، داد  گا وای لێكدەداتەوە كە سەبارەت بە گەلی كورد لە ژووروی عێراق، لەو قۆنا غە دیاریكراوەدا  كە  لە لیـ ستی تۆمەتەكا ندا  ناوبراوە، سیا سەتی  تیرۆر و ڕەشەكوژی بە بەردەوامی لە گۆڕێدا بووە.

-

- 7.7 لە پەیوەند بە بەنیازبوونی قەلاچۆ کردن، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: ئا یا تا چ ئا ستانەیەك کۆمەڵگای کورد دووچاری ئەم مەسەلەیە بۆتەوە. ئایا پێکڕای ئەم نەتەوە یە یان بە شێکی دووچاری لەناوبردن بۆتەوە. لە کاتێکدا بەنیازبوونی لەناوبردنی گروپێك ما نای ئەوەش دەگەیەنێت کە ئەنجامدەران بەرەنگاری تاکە کەسیش (فەردێك) دەبنەوەو دەیکەنە قوربانی، چونکە ئەو تاکە کەسە ئەندامێکی ئەو گروپە پارێزراوەیە. هەروەها کوشتن یان ئە شکەنجەدانی (تەعزیبدانی) تا کە کەسیش لە ڕاستیدا ئەوە نیشان دەدات کە نیاز لەناوبردنی گروپەکەیە.

(سەرچاوە: سەیری بریاری دادگای نێو دەوڵەتی بکە: **ICTR, Niyitegeka, zaak nr. ICTR-96-14-A, vonnis hoger beroep, 9 juli 2004, para. 53; ICTY, Jelisic, zaak nr. IT-95-10-T, vonnis eerste aanleg, 14 december 1999, paragraaf 79**).

لەم چوارچێوەیەوە دادگا دەڕوانێتە ناڕەزاییەکانی دەستەی پارێزەران، کاتێ ئەوان دەڵێن: ئەو هێرشانەی لە لیستی تۆمەتەکاندا ناوبراون بەنیازی لێدانی کۆمەلگای کوردەکان نەبوون، بەڵکو ئامانجێکی سەربازی ستراتیژیان هەبووە کە بریتیبووە لە: لەناوبردنی گروپە یاخیبووەکان.

دەستەی پارێزەران لە رواندگەی خۆیا نەوە دە ڵێن: ناکرێ بەم کارە بەنیازبوونی جینۆساید بسەلمێنرێ.

- دادگا لەسەرەتاوە ئەوە دەخاتە پێش چاو: بۆ لەناوبردنی گروپە یاخیبووەکان، ئەگەر ئەم کارە کاریگەریەکیشی هەبێت لە سەر هاوولاتانی سیڤیل ( مەدەنی)، دە کرێ بەنیازبوونی جینۆساید لە گۆڕێدا نەبێ. (ئەمانە بەراوورد بکە: بۆ چوونەکانی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دارفور (سودان)، کە دەڵێت (هێشتا) جینۆساید لە گۆرێ نیە. ڕا پۆرتی

لیژنەی لێکۆلینەوەی نێودەوڵەتی لە دارفور بۆ سکرتێری گشتی نە تەوە یەککگرتوەکان، بڕیاری 1564 لە 18 ئەیلولی 2004، لە جنێف، و لە 25 کانوونی دووەمی 2005، بڕگەی 513 و 514).

بەڵام دادگا گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە هێرشەکانی زەبرو زەنگ و داپڵۆسین لە عێراق، لەو قۆنەغەدا کە لە لیستی تۆمەتەکا ندا ناوبراون، گەلێك زیاتر بوون لەوەی تەنیا ئا مانجێکی سەربازیان هەبێت. ئە گەر ئەو هێر شانە مەبە ستێکی سەربازی شیان هەبووبێت، دەبێت وەك پاڵپێوەنەرێك بۆ شالاَوەکان ببینرێن. ئەمەش بەگوێرەی یاسا هیچ لەوە کەمناکاتەوە کە نیازی جینۆسایدیان هەبووە، هەروەك پێشتر ئەم نیازە دەستنیشان کراوە.

**(ICTR, Nahimana, Barayagwiza en Ngeze, zaak nr. 2003, )ICTR-99-52-T, vonnis eerste aanleg, 3 december paragraaf 969**

7.8 لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی وادا کە ئامانج لەم کارە ئەوە بووە کە تەواوی گەلی کورد جینۆساید بکرێت، یان تەنها بە شێك لەو گەلە، دادگا بەم شێوەیەی خوارەوە لێکیدانەوەی خۆی دەخاتە روو:

دادگا ئەو پرسیارە کەناردەخا کە داخۆ تا چ ڕادەیەك گەلی کورد لە ژووروی عێراق وەك گروپێکی نەتەوەیی جودا دەژمێردرێت. دادگا رایدەگەیەنێت کە ئامانج لەم کارانە ئەوە بووە تەنیا بەشێك لە کۆمەلگای کورد لەنێو خاکی عێرا قدا قەلاَ چۆ بکرێ، نەك گشت گەلی کورد. لە پەیوەند بەو نیازو ئامانجەی لە گۆڕێدا بووە بۆ لەناوبردنی بەشێك لە گەلی کورد، دادگا دەڵێت ئەم ڕاستیە زیاد لە پێویست سەلمێنراوە، نەك هەر بەهۆی ژمارەی قوربانیەکانەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو کاریگەرییەی کە چەند بەشێکی دیاریکراوی شالاَوەکانی جینۆساید هەیبوە، (بۆ نموونە: لە ناو شاری کەرکوك و ناوچەکانی دەوورو

بەشێوەیکی ڕاستەوخۆ پەیوەنددار بووە بە ئەنجامدانی ئەو هێرشانەی بە را شکاری سەلمێنراون هەروەها گشت ئەو هێرشانەی دیکە کە دژی کوردەکان لە گەڕدا بووە.

- لە پەیوە ند بە ڕولّی عەلی حە سەن المجـ ید الت کریتی داد گا دەلێت: ئەم کەسە، لەو قۆناغەدا کە لە لی ستی تۆمەتەکا ندا ناوبراوە، ئە ندامبووە لە بەرزترین ئور گانی دە سەلاتی ع ێراق، ئەنجو مەنی سەرکردایەتی شۆرش. بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی پێشتر ناوبران ئەم کەسە سەرکردایەتی شالاّوەکانی ئەنفالی کردووە.

لە پەیوەند بە حوسەین کامیل حەسەن التکریتی دادگا دەڵێت: ئەم کەسە وەك زاوای سەدام حوسەین یەکێك بووە لەو کەسانەی زۆر باوەڕپێکراو بووە. ئەم کەسەش کە لەو قۆناغەدا کە لە لی ستی تۆمەتەکا ندا ناوبراوە بە شێك بووە لە سەرکردایەتی ه ێزە سەربازییەکان.

دادگا گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە ناوبراوان، هەرسێکیان، بە هۆی ئەوەی لە عێراقدا ڕۆلی سەرکردایەتیان هەبووە، لە هێرشەکانی دژ بە کوردەکان بەگشتی و لەو هێرشانەی بە بەڵگەوە لەم کێشەیەدا سەلمێنراون بەتایبەتی، پێکەوە و لەگەل کەسانی تر ئەم هێرشانەیان ئەنجامداوە بەنیازو ئا مانجی قەلاّ چۆکردنی بە شێك لە نە تەوەی کورد.

7.10 بۆ ئەم حوکمەی لەسەرەوە نوو سراوە، داد گا ئەم بەڵگەناما نەی خوارەوە بەکاردێنیت، لە پالّ ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشتر ناووبرابوون.

بەڵگەنامەکان: [...]

## 8. ئازادکردنی گو مانلێکراو لە تۆ مەتی سەرەکی: بەشداریکاری جینۆساید.

وەك لە خاڵی 6 باسكرا، دادگا وای لێكدەداتەوە كە بە شداریكردن لە جینۆ ساید لەوەدایە كە كەسی بەشدرایكار بەكردەوە زانیاری تەواوی هەبێت لە سەر ئەوەی كە ئەنجامدەرانی سەرەكی بەنیازی جینۆساید كردن بوون. دادگا دەڵێت ئەم را ستیە بە شێوەیەكی یاسایی و دڵنیاكەرانە نەسەلمێنراوە. چونكە ئەو راستیە نەسەلمێنراوە كە گومانلێكراو لەكاتی بردن و گەیاندنی ئەو ماددانەی كە لە لیستی تۆمەتەكاندا ناوبراون، زانیاری هەبووە لەبارەی ئەوەی بەو كارەی پێیهەڵساوە بەشداربووە لەو هێرشانەدا، بە مەبەستی قەڵاچۆكردنی نەتەوەی كورد یان بەشێك لەو نەتەوەیە لە عێراقدا. لەبەر ئەم هۆیەش دادگا كەسی گومانلێكراو ئازاد دەكات لە تۆمەتی سەرەكی، وەك لە خاڵی 1 لیستی تۆمەتەكا ندا ناوبراوە. (وا تە گو مالێكراو لە تۆ مەتی بە شداریكار لە تاوانی جینۆساید ئازاد دەكرێت).

دادگا ئەم مەسەلەیە وا لێكدەداتەوە كە لەدوای هێرشەكەی هەڵەبجە، لە 16 مارتی 1988، چارەنووسی گەلی كورد لە عێراق بە شێوەیەكی بەرفراوان لە ئاژاز سەكانی ڕاگەیاندنی جیهانی بایەخی پێدرا. پێش ئەم بەرواره – لەبەر هەرچ هۆیەك بووبێت – بایەخی بە گوێرەی پێویست پێنەدراوە.

لە دۆسیەی ئەم كێشەیەدا هیچ بەڵگەنامەیەك نەدۆزراوەتەوە بۆ هەبوونی زانیاری لە لای كە سی گو مانلێكراو دەر بارەی مامە ڵە كرد نی دە سەڵاتدارانی ع ێراق لە گەل كوردەكاندا، پێش 16 مارتی 1988.

لە پەیوەند بە گشت ئەو ماددەو شتومەكانەی گومانلێكراو گەیاندویەتیە عێراق، پیش 16 مارتی 1988، پێویستە گومانلێكراو ئازاد بكر ێت لە تۆ مەتی: "بە شداریكار لە جینۆساید".

## 9. ناڕەزایەكان سەبارەت بە بەڵگەنامەكان

دەستەی پارێزەران بیروڕایان وایە کە ئەو بەڵگەنامانەی لە لیستەی بەڵگەنامەکا ندا ناوبراون، نابێت هەریەکەیان وەك بەڵگەنامەیەکی سەرەخۆ بەکاربهێنرێت. لەبەر ئەوە دەبێت وەك بەڵگەنامە بخرێنە لاوە.

داد گا ئەم ناڕەزایدیە ڕەتدەکا تەوە و دەڵێت: داد گا هیچ هۆ یەك نابینێت بۆ چی بەڵگەنامەکان وەك بەڵگە دەبێ بخرێنە لاوە، لە کاتێکدا لیستی ئەو دۆکیومێنتا نە لە دۆسیەی کێشەدا هەن و دادگاش لە توانایدایە ڕاستو درووستی ئەم لیستانە کۆنترۆل بکات.

## 10. تاوتوێ کردنی بەڵگەنامەکان کە تایبەتن بە چۆنیەتی جەنگی چەکداری

بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی جەنگی چەکداری، داد گا ئەم بەڵگا نەی خوارەوە بەکاردێنێت:

بەڵگەنامەکان: [.........]

10.4 بەگوێرەی لێکۆلینەوەی سەرچاوەکان وەك لە [...] وە [...] دا هاتوون، هەروەها بە گوێرەی شایەتیەکانی شایەتی ژمارە [......]، بۆچوونەکانی دادگا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ. لە م یانی ن ێوان 22 ئەیلول 1980 تاوەکو 20 ئابی 1988 جەنگی چەکداری نێودەوڵەتی لە ئارادا بووە لە نێوان ع ێراق و ئ ێران، ئەم جەنگە شێوەیەکی گرتۆتەخۆ وەك لە یاساکانی جەنگی چەکداریدا باسیان لێوەکراوە.

ب. لە ناو خاکی عێراقیشدا جەنگی چەکداری ناوخۆیی هەبووە. ئەم جەنگەش شێوەیەکی وای گرتۆ تەخۆ وەك لە یا ساکانی جەنگی چەکداریدا با سیان ل ێوەکراوە. جەنگە کە لە ن ێوان هێزە سەربازیەکانی حوک مەتی ع ێراق و ه ێزە

چەكدارەكانی گرو پەكانی ئۆپۆزیسیونی كورد یدا بووە. ئەم شەڕە چەكداریە هەڵگیرساوە، زۆر لە پێش ئەو كاتەی لە لیستی تۆمەتەكاندا ناوبراوە. پاش ئەو ماوەیەش ئەم جەنگە هەر بەردەوام بووە.

كاتێك گروپەكانی ئۆپۆزیسیون، هەندێك جار، شانبەشانی هێزە سەربازیەكانی ئێران چالاك بوون نابێتە هۆی ئەوەی چالاكیەكانیان وەك لا یەنێكی بە شدار لە جەنگێكی چەكداری نێودەوڵەتیدا ببینرێن. وا دەرنەكەوتووە كە دەوڵەتی ئێران لەو حاڵەتا نەدا كۆنترۆڵی تەواوی گرو پەكانی ئۆپۆزیسیونی كردبێت. گرو پەكانی ئۆپۆزیسیون لەو حاڵەتانەشدا بەردەوام بوون لە سەر خەباتی خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانیان.

قەبارەی چالاكیە سەربازییەكان لە نێوان هێزە سەربازیەكان و گرو پەكانی ئۆپۆزیسیون، هەروەها ئەو چەكانەی بەكارهێنراون، و ئەو ڕا ستیەی كە گرو پەكانی ئۆپۆزیسیون لە توانایا ندا هەبووە هێرشی سەربازی لە ناو چەكانی ژێر دە سەلاتی خۆیانەوە بكەن، و شێوەی ڕێكخراوەكانی گروپەكانی ئۆپۆزیسیون، ئەمانە گشتی، بە گوێرەی یا ساكانی جەنگ، وادەگە یەنن كە شەڕەكان وەك ئاژاوە یەك یان وەك یاخیبوونێكی كاتی نەبینرێن، بەلكو وەك شەڕێكی چەكداری ناوخۆیی لە قەڵەمبدەدرێ.

## 11. تاوتوێ كردنی ئەو بەڵگەناما نەی وادەردە خەن گومانلێكراو بە ئەنقەست كارەكانی ئەنجامداوە.

لە پەیوەند بەوەی كە گو مانلێكراو بە ئەنقە ست كاریكردوە، داد گا بەم شێوەیە لێكدانەوەی خۆی دەردەبڕێت:

دادگا دەڵێت ئەوە سەلمێنراوە كە گومانلێكراو، بە هەر حاڵ پێش ناردنی ماددەی TDG بۆ یەكەم جار لە كۆ تایی مایسی 1985، زانیاری هەبووە لە بارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1. حوكمەتی یابان مەرجی قوورسی (قیود) دا نابوو بۆ فرۆشتنی مادەی TDG (تیۆدیخلیکۆل) و ناردنە دەرەوەی بۆ ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی بۆ عێراق. گومانلێکراو دەیزانی کە ئەو مەرجە قوورسانە ناردنە دەرەوەی مادەی TMP یش (تریمیتیل فوسفات) دەگرنەوە.

2. مادده کیمیاویەکان، بە ماددەی TDG یشەوە، کە بە هۆی گومانلێکراوەوە دەنێردران بۆ ولاتێك، لە کۆتاییدا دەگەیەنرانە عێراق. بەڵام گومانلێکراو یان کەسێکی تر لە جیاتی ئەو، ناوی ولاتێکی ئەورووپیان بە ساختە لە سەر دۆکیومێنتەکانی گواستنەوە ڕێنوسدەکرد و هۆشمەندانە دوامەبەستی بەکارهێنانی ئەم ماددانەشیان بە هەمان شێوە بە ساختە ڕێنوسدەکرد.

3. مادده کیمیاویەکان، بە ماددەی TDG یشەوە، کە بەهۆی گومانلێکراوەوە دەگەیەنران، دەتوانرا بەکاربهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی.

4. کۆماری عێراق لە جەنگی عێراق – ئێراندا گازی ژەهراوی بەکار هێنابوو.

سەرەڕای ئەوەی گومانلێکراو ئەو زانیاریانەی هەبووە وەك لەسەرەوە لە خاڵەکانی 1 تاوەکو 4 باسکران، ئەو هاریکارکاری کردووە لە گەیاندنی قەبارەیەکی هیجگار زۆر لە ماددەی TDG بۆ دەزگای SEORGI. بەم کارەش گومانلێکراو تا ئاستانەیکی باڵا ڕازی بووە بەوەی ماددەی TDG بەکاربهێنرێت وەك ماددەیەکی سەرەکی بۆ بەرهەم هێنانی گازی کوشندە و بەکارهێنانی ئەو گازانە لە هێرشە کیمیاویانەدا. بە تایبەتی لەو هێرشانەدا کە لەم کێشەیەدا ڕوویانداوەو سەلمێنراون.

سەرباری ئەمەش دادگا دەڵێت: بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە گومانلێکراو هەیبووە، وەك لە خاڵەکانی 1 تاوەکو 3 دەرکەووت، گومانلێکراو بە دەستی ئەنقەست ئەم کارانەی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا ئەو بە ئاگا بووە لە ئەنجامی کردەوەکانی. کە سێك ماددەی کیمیاوی بگەیەنێتە وولاتێك، ئەو بزانێت ئەم ماددانە بەکار دەهێنرێن بۆ

بەر هەمهێنانی گازی ژە هراوی لە لا یەن ولاَت ێك کە بۆ ماوە یەکی درێژخا یەن لە جەنگدابوو، ئەو ولاَتەش خۆی دەستپێشکەری جەنگەکەش بووە، دەتوانرێت بەبیَ هیچ گومانێك بوترێ کە ئەو هوشمەند بووە بەرامبەر بە دەرئەنجامی کردەوەکانی. واتە: ئەو هوشمەند بووە کە ئەو گازە ژەهراویا نەی بەر هەمهێنراوون لە بەرەکانی جەنگیشدا بەکارهێنراوون.

لەم بارەیەوە خالَێکی دیکەی گرنگ هەیە: کەسی گومانلێکراو لە میانی لیکۆلینەوە سەرەتاییەکاندا ڕایگەیا ندووە کە ئەو نەیزانیوە عێراق ماددە کیمیاو یەکان تەنیا بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی، بەلاَم لە کاتی کۆبوونەوەکانی دادگادا گو مانلێکراو هەردەم پەنای ئەبردە بەر مافی بێدەنگی خۆی، [وا تە: وەلا می پرسیارەکانی نەئەدایەوە لەم بارەیەوە].

بەکارهێنانی ماددەی TDG وەك ماددە یەکی سەرەکی بۆ بەر هەمهێنانی گازی ژەهراوی و بەکارهێنانی ئەم گازانە لە هێرشە کیمیاویەکاندا تەنیا ناچێتە نێو ڕەهەندی ئەگەرێکی زۆرەوە، بەلَکو بە نزیکەی لە سەدا سەد دلَنیاییەوە ڕوویداوە. ئەم ڕاستیەش بە گوێرەی ڕاگەیاندنەکانی دوو شایەتی پسپۆر لەم بارەیەوە دەرکەوتووە. شایەتێك بەناوی ڤۆلتەربەیك و شایەتێکی تر بەناوی: [......] . ئەم شایەتانە لای دادوەری لێکۆلینەوە لێدوانیان لەگەلَ کراوە. بەگوێرەی ئەم لێدوانانە ڕوونبۆتەوە کە ماددەی TDG، بەم قەبارە زۆرەی لەم کێشەیەدا باس دەکرێت، لە عێراق هەرگیز بەکارناهێنرێت بۆ مەبەستی کاری سیڤیلئامێز (مەدەنی)، و ماددەی TDG لە دەرەوەی ولاَت هێنراوە بۆ کارگەکانی چەکدرووستکردن بەناوی کارگەی MSE، واتە بۆ دەزگای دەولَەتی المثنی، تا بەگوێرەی پێویست و بەپێی داخوازی گازی خەردەلی لیَ درووستبکریَ و بە ماوە یەکی کورت دوای بەر هەمهێنان بە کردەوە لە بەرەکانی جەنگدا بەکار بهێنریَ.

داد گا ئەم ڕا ستیانەی خا ڵەکانی 1 تاوەکو 4 بۆ دەر کەووتوە لە ڕێ گەی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە: بەڵگەنامەکان: [......]

لە پەیوەند بە خاڵی 1 ی سەروە:

بەگوێرەی ناوەرۆکی ئەو تەلێکسانەی لە سەرەوە ناوبراوون، ژمارە [......] و [......] کە بۆ گو مانلێکراو نێردرا بوون، وا دەر کەوتووە کە [ فلاّن کەس]، بە نوو سینامە گو مانلێکراوی ئا گادار کردۆ تەوە لە بارەی گەی شتنی یە کەمین باری ( شەحنەی) ماددەی TDG و تێ یدا وتوو یەتی: بەبێ مۆ ڵەتی حوک مەتی یا بانی ناتوانرێت ماددەی TMP و ماددەی TDG بنێردریێ بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ نموونە: بۆ عێراق. ئەمەش بۆ خۆی پەیوەندی بە تر سی بەر هەمهێنانی گازی ژە هراوی لەم ماددانە هەیە.

لە پەیوەند بە خاڵی 2:

ناوەرۆکی تەلێک سی ژ مارە [......]، دەریخ ستووە کە کە سی گو مانلێکراو لە سەرەتاوە زانیوەیەتی ئەم ماددە کیمیاویا نە بەرەو بە غداد دەنێردرێن. کە چی بە گوێرەی ئەو لیستەیەی لەگەل بارەکاندا نێردراوە وا نووسراوە کە گوایا ئەم ماددا نە: TMP وە TDG بەرەو دوا مەنزڵیان دەڕۆن، کە ئەورووپایە. بەگوێرەی لێدوانەکانی گومانلێکراو [ژمارەی .....]، دەردەکەوێت کە گومانلێکراو لە ڕاستیدا تاکە کەس بووە پەیوەنددار بێت بە کۆمپانیای: Oriac،Companies و ئەو خۆی ئەبێت لیستی بارەکانی ڕیکخستبێت، یان بە هەر حاڵ، کەسێکی تر لە سەر داوای گومانلێکراو لیستی بارەکانی ڕێکخستووە.

به تای بەتی بەهۆی ناوەرۆكی ئەو تەلێك سەی شایەت: [...] با سی كردوە. تەلێك سەكە لە لا یەن گو مانلێكراو لە بەرواری 3 ی ئەیلولی 1984 ن ێردراوە. لە تەلێكسەكەدا گومانلێكراو خۆی پێ شنیارێك دێنێ تە پێ شەوە لە بارەی دوائا مانجی بەكارهێنانی مادده كیمیاویەكان. دادگا ئەوە بە ڕاستیەكی سەلمێنراو دادەنێت كە نەك هەر دوامەنزڵی ماددەكان ڕاست نەبوون، بەلكو دوائامانجی بەكارهێنانی ماددەكانیش لە تەواوی هۆشمەندیەوە بە ڕاست و درووستی دانەنراوون.

ئەگەر بێتوو وتەكانی گومانلێكراو ڕاست بن – وتەكان بە كورتی ئەمانەن: گومانلێكراو بە دڵنیاییەوە باوەڕی كردووە بە دەزگای Seorgi كە ئەوان وتویا نە دوائا مانجی بەكارهێنانی ئەم مادە كیمیاویانە بۆكاروباری سیڤیلئامێز بەكاردێن (لە حاڵەتی ماددەی TMP وتراوە ئەم ماددەیە وەك "دواخەری ئاگر بەربوونەوە") بەكاردەهێنرێت – ئەگەر ئەم وتانە ڕاست بن، ئەوا چ پێویست دەكات گومانلێكراو پێشنیاری ئەوە بێنێتە گۆڕێ كە دەبێت دوائامانجی بەكارهێنانی مادده كان ب گۆڕدرێن. ئە گەر گو مانلێكراو قەناعەتی تەواوی هەبووە لەبارەی دوائامانجی بەكارهێنانی ماددەكان كە بۆ كارو باری سلڤیلئامێز بەكار دەێن، ئەوا دە توانرا دوائامانجە كە (لە گەڵ ڕێنو سی دوا مەنزڵێكی ڕاست، یان ناڕا ستیش) بەبێ هیچ گێروگرفت ێك ڕابگەیەنرا یە بە حوكمەتی یا بان و هەروەها لەسەر دۆكۆمێنتی بارنامەكانیش بە ڕاستو دروستی ڕێنوسبكرایە.

بە هۆی تەلێكسێكەوە، ژمارە [...]، بەرواره كەی ناد یارە، كە [ فلان كەس...] ناردویەتی بۆ گومانلێكراو، دادگا گەیشتۆتە ئەو ئاكامەی كە هەر بە هەمان شێوەی سەرەوە مامە ڵەی بارە نێردراوە كانی ماددەی TDG كراوە. ئەو قەناعە تە نادرووستەی گومانلێكراو هەیبووە لەبارەی ماددەی TDG كە گو یا ئەم مادده یە بەكاردەهێنرێت لە "پیشەسازی كووتاڵدا"، پووچەڵدەبێتەوە، بە هۆی لێدوا نەكانی خودی گومانلێكراو خۆی كە وتویەتی:

سەیری ژمارە [...] بكە.

له پەیوەند بە خاڵی 3:

بەگوێرەی تەلێکسی ژمارە: [...]، [...] و [...] کە نێردراوەن بۆ گومانلێکراو، هەروەها بە گوێرەی لێدوانەکانی شایەت [...]، ژمارە [...] ئەو ڕاستیە دەستنیشانکراوە کە هەر لە سەرەتاوە گومانلێکراو زانیویەتی، کە ئەو شەش جارەی ماددە کیمیاو یەکان بەهۆی ئەوەوە گەیەنراون بە SEORGI، توانراوە بە کاربهێنرێت بەئامانج و نیازی بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی.

بەستنەوەی ئەم ڕاستیەی سەرەوە بەو خاڵەوە کە گومانلێکراو زانیویەتی ناردنی ئەو ماددانە بۆ عێراق هەلو مەرجێکی قوورسو گرانی بۆ دانراوە، چونکە توانراوە بەکاربهێنرێت بۆ ئەو مەبەستەی لەسەروە ئاماژەی پێدراوە، هەروەها ئەو حاڵەتەی کە گومانلێکراو بە هوشیاری دوائامانجو دوا مەنزڵی ماددەکانی گۆڕیوەو بە ناڕاستی ڕایگەیاندووە، یان بە هەرحال ئەو وای کردوە کەسێکی تر ئەم کارانە بکات، وەك لە خاڵی 1 و 2 دەرکەوت، ئەمانە گشتیان ئەو ڕاستیە دەستنیشان دەکەن کە گومانلێکراو، بە هەمان شێوە هەروەك [ فلان کەس...]، زانیویەتی کە ماددە کیمیاویەکان توانراون بەکاربهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی. ئەم بۆچوونە پشتگیری لێوەدەکرێت بەهۆی لێدوانەکانی ژمارە [...] و [...] و دەرکەوتووە کە دەزگای SEORGI ئامادە بووە بڕی دەلالیەکی زۆر بەرز بدات بە گومانلێکراو. بۆ گومانلێکراویش دەبێت کارێکی زۆر نابەجێ بووبێت کە دەلالیەکی زۆر بەرز دراوە بۆ گەیاندنی جۆرە ماددەیەك کە دەگوترا بەکاردەهێنرێت لە پیشەسازیدا بۆ ڕەنگکردنی کووتاڵ (گوتراوە: بەکارهێنانی ئەم ماددانە لە پیشەسازی کووتاڵدا دەبنە هۆی کاڵنەبوونەوەی ڕەنگی کوتاڵ).

دادگا بۆی دەرکەوتووە کە دەزگای SEORGI دەیزانی کە بڕی دەلالیەکی هێجگار زۆر دەدات بە گومانلێکراو. گومانلێکراویش زانیویەتی کە SEORGI لەمە بە ئاگا بووە. ئەم ڕاستیە بۆ دادگا ڕوونبۆتەوە، چونکە گومانلێکراو لە لێدوانەکانی خۆیدا ڕایگەیاندووە کە ئەو بۆ خۆی دەزگای SEORGI ئاگادار کردۆتەوە لەبارەی ئەو نرخەی کە کۆمپانیا کانی فرۆشتن داوای دە کەن بۆ ماددەکانیان وە هەروەها کە گومانلێکراو (لەلایەن SEORGI) وە ئاگادار کراوە لە بارەی ئەوەی کە نرخی TDG لە ئەمەریکا کەمترە وەك لە یابان.

لە پەیوەند بە خاڵی 4:

لە ڕێیی بەڵگەنامەی ژمارە: [...]، [...] وە [...] دادگا بۆی دەرکەتووە کە کەسی گومانلێکراو پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار ماددەی TDG بنێرێت، زانیاری دەربارەی کە عێراق چەکی کیمیاوی لە جەنگدا بەکارهێناوە لە دژی ئێران هەبووە.

بەگوێرەی ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باسکران بۆ دادگا سەلمێنراوە کە گومانلێکراو بە دەستی ئەنقەست بەشداری تاوانەکانی جەنگی کردووە و هۆشمەند بووە لە دوائەنجامی کردەوەکانی.

## 12. بەڵگەنامەکان

دادگا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە گومانلێکراو هەڵساوە بە ئەنجامدانی ئەو ڕووداوانەی لەم کێشەیەدا سەلمێنراون. ئەم بەڵگەنامانەی لە خوارەوە ناو دەبرێن وە بوونەتە هۆی سەلماندنی ڕووداوەکان. بەڵگەنامەکان: [......].

## 13. تاوتوێکردن لەبارەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان فرۆشتنی ماددەی TDG وە ئەو هێرشانەی بە گازی خەردەل ئەنجامدراوون.

ئەو ڕا ستیە ئێ ستا دەستنیشانکراوە  کە گو مانلێکراو بە شداریکردوە  لە  ناردن و گەیا ندنی  ماددەی TDG، و ئەو  ماددا نە  بەکارهێنراون  بۆ بەر هەمهێنانی  گازی خەردەل. هەروەها ئەم ڕاستیەش دەستنیشانکراوە:  لەو هێرشانەدا  کە  بە بەڵگەوە سەلمێنراون گازی خەردەل بەکارهاتووە. لێرەدا  ئەو پر سیارە دێتە پێشەوە دا خۆ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان فرۆشتنی ئەم ماددانە و هێرشەکاندا هەیە.

دادگا لە سەرەتاوە ئەوە دەستنیشان دەکات کە بەشداریکردن لە تاوانەکانی جەنگدا تەنیا لە یەك حاڵەتدایە: ئەگەر بارەکانی گومانلێکراو ناردوونی، ڕوودا نی هێر شەکانی نێوان 11 نیسان 1987 تا 2 ئابی 1988 پێئەنجامدرابێت، یان بووبێتنە هۆی ئەوەی ئەو هێرشانە بە شێوەیەکی باشتر بەرەو پێشەوە چووبن.

دادگا دەڵێت: بەڵێ ئەمە ڕاستە.

لەم بارەیەوە راپۆرتەکانی شایەتی پسپۆڕ، ڤۆلتەر بەیك، لە  بەرواری 10 تشرینی دووەم 2005 وە 3 کانوونی یەکەمی 2005، گرنگن.

لە ڕا پۆرتی 10 ت شرینی دووەم 2005 ڤۆلتەر بەیك  لە  سەرەتادا گەی شتۆتە دەرئەنجامی ئەوەی کە بەلایەنی کەمەوە 800 تەن لە  ماددەی TDG، کە  بەهۆی گو مانلێکراوە فرۆ شراوەو پا شان گەی شتۆتە  بەرەکانی  جەنگ. دوا بەدوای ئە مە ڤۆلتەربەیك گەیشتۆتە دەر ئەنجامی  ئەوەی کە ئە گەری ئەوە هە یە  کە TDG ی گو مانلێکراو لە گەل TDG ی کە سانێکی ترهێناویا نە،  لە  مانگی  ئەیلولی 1985 بەدواوە گەیشتبێتنە بەرەکانی جەنگ.

ڤۆلتەربەیك لە ڕاپۆرتە کەی 10 تشرینی دووە می 2005 دا  شێوە  سیناریۆیەکی کێشاوە، وەك ئەگەرێکی زانستیانە و ئەم حاڵەتەی باسکردوە:

گریمان کارگەی MSE بۆ بەرهەمهێنانی گازی خەردەل، لە سەرەتادا گشت ئەو TDG یەی بەکارهێناوە کە لەلایەن کە سانی ترەوە گەیا ندرابوون، پێش ئەوەی دەست بکەن بە بەکارهێنانی ئەو TDG یەی لەلایەن گومانلێکراوەوە گەیانرابوو.

ڤۆلتەربەیك ئەمەی بۆ دەرکەوتووە: ئەو گازی خەردەلەی لە مانگی کانوونی یەکەم (دیسەمبەر) 1987 بەدوواوە گەیشتۆتە بەرەکانی جەنگ، لەو TDG یە دەبێت بەرهەمهێنرابێت کە بەهۆی گومانلێکراوەوە گەیشتۆتە ئەو وڵاتە.

لە کۆبوونەوەکانی دادگا، لە ڕۆژی 28 تشرینی دووەمی 2005، ڤۆلتەربەیك ئەوەی بە دادگا ڕاگەیاند کە ئەو لە لێکۆلینەوەکانیدا بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامەی ئێستا باسکرا، سوودی لە دوو دۆکیومێنت وەرنەگرتووە کە پاش نووسینی ڕاپۆرتەکەی 10 تشرینی دووەمی 2005 دۆزراونەتەوە. بەهۆی ئەم دوو دۆکیومێنتەوە ڤۆلتەربەیك گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامەی کە ئێستا باس دەکرێت: پاش ئاگربەستی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە مانگی ئابی 1988 لە هەمباری ژمارە 1 ی کارگەی MSE هێشتا (نزیکەی) 49 تەن ماددەی TDG مابوو کە لە 1953 بەرمیلیدا بوون، هەریەکەیان 25 کغم بوون. ڤۆلتەربەیك ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم بەرمیلە 25 کیلۆییانە لەلایەن کەسی گومانلێکراوەوە نەهێنرابوون. مامەڵەکردن لەگەل ئەم بەرمیلە قەبارە بچووکانە زۆر ئاسان نەبووە لەکاتی بەرهەمهێنانی گازی خەردەل، گەر بەراوورد بکرێت بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بەرمیلە قەبارە گەورانەی کە سی گومانلێکراو TDG تێدا گەیاندبوو. ڤۆلتەربەیك دەڵێت: ئەگەر لەو سیناریۆیەی سەرەوەدا بەرمیلە 25 کیلۆییەکان حسابیان بۆ بکرێت، ئەوا بەرواری ئەو ڕۆژە دەگۆڕێت کە گازی خەردەلی تێدا گەیشتۆتە بەرەکانی جەنگ، گازێك کە بێ هیچ گومانێك بە ماددەی TDG گومانلێکراو دەبێت بەرهەمهێنرابێت. لەسەر بناغەی ئەم ڕاگەیاندنە دادگا داوای لە ڤۆلتەربەیك کرد دۆزینەوەی ئەم بەرمیلە 25 کیلۆییانە لە سیناریۆکەیدا حساب بکات. ئەمەش بووە هۆی نووسینی ڕاپۆرتی 3 کانوونی یەکەمی 2005.

لەم ڕاپۆرتەی دواییدا ڤۆڵتەریەیك گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامە: ئەگەر لە سەرەتادا تەواوی ماددە کانی TDG کە لەلا یەن کە سانێکی ترەوە گەیا ندرابوون، بەکارهێنرابێت – جگە لەم بەرمیلە 25 کیلۆییانە – ئەوا ئەو گازی خەردەلەی لە دوای 1 مایسی (مانگی مەی) 1987 گەیشتۆتە بەرەکانی جەنگ، بە TDG ی گومانلێکراو دەبێت بەرهەمهێنرابن.

بۆچوونی دادگا بەم شێوەیەیە: ئەو زانیاریانەی ڤۆڵتەربەیك بەکاریهێناوە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی، زانیاریەکی متمانەپێکراون. ڤۆڵتەربەیك لەم بوارە شدا پ سپۆرە. لەبەر ئەوە دادگا دەرئەنجامەکانی ڤۆڵتەربەیك بەکاردەهێنێت و دەیانکاتە دەرئەنجامی دادگا خۆی. سەبارەت بە ڕادەی باوەڕپێکردنی ئەو ژمارا نەی بەکارهێنراون، وەك ژمارەکانی ناو ڕاپۆرتی FFCD وە هەروەها ژمارەکانی ڕێکخراوی UNSCOM، دادگا تەماشای ڕاگەیاند نەکانی ڤۆڵتەر بەیکی بە تەنیا نەکردووە، بەڵکو تەما شای لێدوانەکانی شایەتەکان بە ناوی [...] و [...] کردووە. لە لێدوا نەکانی ئەم دوو شایەتەدا ئەوە دەر کەوتووە کە ڕاگەیاند نەکانی ڤۆڵتەر بەیك ڕا ست و دروو ستن، لە پەیوە ند بەوەی کە عێراق بە تەواوی هەموو زانیار یەکی خ ستۆتە روو لە بارەی پرۆگرامی خەردەل و گازی دە مار ( غاز الاعصاب). ئە مەش بۆ ئەوەی پ شکێنەرە بیانیەکان بە زووترین کات لەو وڵا تە بچنە دەرەوە و هیچ شتێك نەزانن لە بارەی پرۆگرامی (نهێنی) VX.

لەسەر بناغەی ئەنجامەکانی ئەو سیناریۆیەی لە سەرەوە باسکراوە: کە بەرهەمهێنانی گازی خەردەل لە 1 ی مایسی 1987 بەدواوە و گەیشتنی ئەم گازە بۆ بەرەکانی جەنگ، بە ماددەی TDG ی گومانلێکراو دەبێت بەرهەمهێنرابێت، دادگا دەکاتە ئەم بۆچوونەی خوارەوە: ئەگەر گومانلێکراو ماددەی TDG ی نەناردایە، ئەوا TDG و گازی خەردەل لە دوای 1 مایس 1987 " تەواو" دە بوو، (بێجگە لە بەرمیلە 25 کیلۆییەکان کە حسابیان بۆ نەکراوە). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گشت (یان بە شێك)

لەو هێرشانەی پاش 1 ی مایس 1987 بە گازی خەردەل ئەنجامدراون، بە TDG ی گومانلێکراو بەرهەمهاتووە. کاتێك ماددەی TDG لەلایەن گو مانلێکراوەوە هێ نراوە بۆتە هۆی ئەوەش کە بەرمیلە 25 کیلۆییەکان، کە ناڕەحەت بوون لە بەکارهێنا ندا، بمێننەوە و بەکارنەهێنرێن. لەمەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە بە هۆی ئەو TDG یەی گومانلێکراو گەیاندو یەتی، توانراوە هێر شەکانی دوای 1 ی ما یسی 1987 پیّ ئەنجامبدرێت، یان بە هەرحاڵ، کارئاسانی بۆ هێرشەکان کردبیّ.

لە پەیوەند ئەو هێر شانەی بە بەڵگەوە سەلمێنراون و پێش 1 ی ما یسی 1987 ئەنجا مدراون، وەك هێر شکردنە سەر شاری خوڕەم شەهر لە 11 نیـ سانی 1987 هەروەها هێرشکردنە سەر گوندی ئالوت، لە دەورووبەری 16 نیـ سانی 1987، داد گا بەم شێوەیەی خوارەوە لێکدانەوەی خۆی دەردەبڕێت:

لە خ شتەی 1B لا پەڕە 19 ی ڕاپۆرتە کەی 10 ت شرینی دووە می 2005 ڤۆڵتەربەیك، وا دەردەکەوێت لە ماوەی نێوان کۆتایی مایسی 1985 تاوەکو ما یسی 1986 بڕێ کی زۆر لە ماددەی TDG، 385.440 ک غم لەلا یەن گو مانلێکراوەوە هێ نراوەو بە شێوەیەکی بەردەوام گەیـ شتۆتە ع ێراق. بە گوێرەی ڕاگەیاند نەکانی ڤۆڵتەربەیك لە کۆبوونەوەکانی دادگا، لە 28 تشرینی دووەمی 2005، وا دەرکەوتووە کە بەرهەمهێنانی گازی خەردەل لە دەزگای MSE لە مانگی مارتی (مارس) 1986 تا کانوونی یە کەمی (دیـ سەمبەر) 1986 ڕا گیراوە. لە دوای ئەم کا تەوە دەستپێکراوەتەوە. هەروەها دەریشکەوتووە کە بەشێکی هێج گار زۆری ئەم TDG یەی ئێستا باسکرا لە دوای مانگی کانوونی یەکەمی 1986 بەکارهێنراوە.

شایەتێکی دیکە لێدوانی لەگەڵ کراوە لەلای دادوەری لێکۆلیـ نەوەو با سی ئەوەی کردوە کە لە ساڵەکانی هە شتاکاندا هەرگیز ماددەی TDG بە قەبارەی زۆر لە هەمبارەکاندا هەڵنەگیراوە و بە هەمان شێوەش گازی خەردەل بە قەبارەی زۆر لە هەمبارەکانی دەزگای MSE هەڵنەگیراوە.

ئاماژە بە بۆچوونەکانی ڤۆلتەریەیك، کە دەڵێت ماددەی TDG ی گومانلێکراو، لە مانگی ئەیلولی 1985 بەدواوە گەیشتۆتە بەرەکانی جەنگ، داد گاش دەگا تە ئەو بۆ چوونەی کە هێر شەکانی ناوەڕا ستی نیـ سانی 1987 بەهۆی ماددەی TDG گومانلێکراوەوە دەبێت ئەنجامدرابن، یان بە هەرحاڵ کارئاسانی بۆ هێرشەکان کردبێ.

## 14. سەلماندن

ناوەرۆکی ئەو بەڵگەنامانەی لە سەرەوە با سکراون – هەریە کەیان بۆ خۆی وەك بەڵگەنامە دەژمێردرێت بۆ ئەو ڕووداوانەی تێیاندا ئاماژەیان پێکراوە – ئەو بارودۆخە دەگەیەنن کە تێیاندا باسکراون. لە سەربناغەی ئەمە، دادگا متمانەی تەواوی هە یە و دەڵێت بە شێوەیەکی یا سایی سەلمێنراوە کە کە سی گو مانلێکراو ئەو تۆمەتا نەی بەسەردا چەسپاوە کە لە لیـستەی تۆمەتەکا ندا ناوبراوون بە تۆ مەتی ئەڵ تەرناتیڤ (التهمة البديلة) ی خاڵی 1، و هەروەها تۆمەتی خاڵی 2. (ئەمە پاش ڕاستکردنەوەی هە ڵەی زما نەوانی و هە ڵەی چاپ و رێنو سی لە لیـستی تۆمەتەکا ندا، وە ئەم ڕاستکردنەوانەش نابنە هۆی ئەوەی گومانلێکراو لە بەرگریکردندا زەرەرمەند بووبێت)، دادگا بەم شێوەیەی خوارەوە دەیسەلمێنێت:

1. خاڵی 1، تۆمەتی ئالتەرناتیڤ (التهمة البديلة) (واتە: تاوانەکانی جەنگ)

سەدام حوسەین التکریتی وە/یان علی حسن المجید التکریتی وە/یان حـسین کامـیل حسن المجید وە/یان کەسانێکی تر کە تا ئێستا ئاشکرا نەبوون

لە 5 حوزەیرانی 1987 لە زێوە، وە

لە 16 ی مارتی 1988 لە هەڵەبجە، وە

لە 3 ی مایسی 1988 لە گۆپتەپە (یان گۆکتەپە)

پێکەوە و لەگەل کەسانی تر بە کۆ مەڵ، ( چەند جار ێك)، یا ساو ڕێ ساى جەنگیان پێشێلکردوە، لە کاتێکدا ئەم ڕووداوە/ ڕووداوانە (چەند جارێك) بوونەتە هۆی مرد نی کەسانی تر، یان (چەند جار ێك) بونە تە هۆی بری ندارکردنی گ یانی ئەو کە سانە بە سەختی، وە/ یان ئەم ڕووداوە/ڕووداوا نە دەریانخ ستووە کە حا ڵەتی تیرۆر کردن و داپڵۆسینی بەردەوام یان مامەڵەو هەلسوکەت کردنێکی نایاسایی ئەنجامدراوە، لە دژی کۆمەڵێك خەڵکی دیاریکراو،

ئەنجامدانی ئەو کارە لەو جێگایانە، بە پێ چەوانەی یا سا گ شیتەکانی نێودەو ڵەتی بوون، ( بە تای بەتی: یا ساکانی قەدە غەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیم یاوی و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازی خنکێنەر و ژەهراوی و جۆرە گازە کانی تر وە/ یان قەدەغەکردنی ئازارپێگەناندنێکی زوری خەڵکی بەبێ هۆ وە/ یان قەدە غەکردنی ئەو هێرشانەی هیچ جیاوازیەك ناتوانرێت بکرێت لە نێوان سەربازو خەڵکی هاوولاتی) وە/یان ئەو خالانەی ئاماژەیان پێکراوە لە پرۆتۆکۆلی گاز لە جنێف (1925) وە/یان ماددەی 147 ی پەیمانەکای جنێف سەبارەت بە پارێزگاری کردنی هاولاتیان لە کاتی جەنگدا (پەیمانی چوارەمی جن ێف، 1949) وە/ یان ئەوەی ئا ماژەی پێ کراوە لە ماددەی "هاوبەشی" ژمارە 3 لە پەیمانی جنێف لە 12 ئابی 1949.

ئەم کەسانەی لەسەرەوە ناوبراون، وەك ئەندامانی حوکمەتی کۆماری عێراق، سەر بە یەکێك لە لایەنەکانی جەنگێکی ناووخۆیی وە/ یان جەنگێکی نێودەو ڵەتی چەکداری بوون، چەند جارێك لە ناو خاکی ع ێراق بە دە ستی ئەنقە ست چەکی کیمیاو یان بە کارهێناوە (وەك: گازی خەردەل وە/یان گازی دەمار (ئەعصاب)) لە دژی کەسانێك کە لەکاتی هێرشەکاندا لەو جێگایانە بوون کە ئەم چەکانەی تێدا بەکارهاتووە. بە هۆی ئەم کارانەوە ئەو کەسانە کوژراون وە/یان بە قوورسی گیانیان برینداربووە وە/یان بەشێك لە کومەڵگای گەلی کورد بە شێوەیەکی بەردەوام تیرۆرکراونو داپڵۆسێنراون، لە کاتێکدا چەکە کیمیاویەکان بەکارهاتوون لە دژی کەسانێك کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری

دووژمنایەتیەکانیان نەکردوە. ئەمانەش بریتی بوون لە دانیشتوانی زێوە و هەڵە بجە و گۆپتە پە ( یان گۆکتە پە). هەروەها بەکارهێنانی چەکی کیم یاوی مامە ڵەکردنێکی دڕندا نەی نامرۆڤا نە پێ کدێنن و دەبـنە هۆی تێ کدانی سیمای گ یانی ئەوکە سانە و گەیاندنی ئێش و ئازارێکی بێسنوور بەوان.

بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانەی سەرەوە، کەسی گومانلێکراو هەڵساوە بە پە یداکردنو گەیاندنی ماددەکان لە میانی نێوان: 19 نیسانی 1984 تاوەکو 25 ئابی 1988 بۆ بەغداد (عێراق) وە/یان بۆ ئەنتڤێرپن (بەلجیکا) وە/یان بۆ تریەست (ئیتالیا) وە/یان بۆ عەقەبە (ئەردەن). لەوێندەرێشەوە گو مانلێکراو بە دە ستی ئەنقە ست هەڵساوە بە گوێزا نەوەی ماددەی تیودیخلیـ کۆل (thiodiglycol, TDG)، بە مەبە ستی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی (گازی خەردەل). ماددەکان گەیەنراونەتە کۆماری عێراق بە مەبەستی درووستکردنی چەکی کیمیاوی.

2. تۆمەتی دووەم:

سەدام حوسەین التکریتی وە/یان علی حسن المجید التکریتی وە/یان حـ سین کامـ یل حسن المجید وە/یان کەسانێکی تر کە تا ئێستا ئاشکرا نەبوون

لە 11 نیسانی 1987 لە خورەمشهر، وە

لە ڕوژی یان لە نزیك ڕۆژی 16 ی نیسانی 1987 لە گوندی ئالۆت، وە

لە 28 ی حوزەیرانی 1987 لە سەردە شت و لە ڕە شهەرمێ ( لە دەووروپـ شتی ناوچەی سەردەشت), و

لە 22 ی حوزەیرانی 1988 لە زەردێ، و

ڕوژی یان لە دەەروپشتی ڕوژی 2 ئابی 1988 لە شنۆ (یان ئۆشناڤیە)

پێکەوە وە لەگەل کەسانی تر بە کۆمەڵ، (چەند جارێك )، یا ساو ڕێ‌سای جەنگیان پێشێلکردوە،

لە کاتێکدا ئەم ڕووداوە/ ڕووداوانە (چەند جارێك) بوونەتە هۆی مردنی کەسانی تر، یان (چەند جارێك) بونەتە هۆی بریندارکردنی گیانی ئەو کەسانە بە سەختی.

ئەنجامدانی ئەم کارانە لەو جێگایانە، بە پێچەوانەی یا سا گ شیتەکانی نێودەو لەتی بوون، ( بە تایبەتی: یا ساکانی قەدە غەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیم یاوی و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازی خنکێنەر و ژەهراوی و جۆرە گازە کانی تر وە/ یان قەدەغەکردنی ئازارپێگەناندنێکی زۆری خەڵکی بە بێ هۆ، وە/یان قەدەغەکردنی ئەو هێرشانەی هیچ جیاوازیەك ناتوانرێت بکرێت لە نێوان سەربازو خەڵکی هاوولاتی) وە/یان ئەو خالانەی ئاماژەیان پێکراوە لە پرۆتۆکۆلی گاز لە جنێف (1925) وە/یان ماددەی 147 ی پەیمانەکای جنێف سەبارەت بە پارێزگاری کردنی هاوولاتیان لە کاتی جەنگدا ("پەیمانی چوارەمی جنێف، 1949).ئەم کەسانە وەك ئەندامانی حوکمەتی کۆ ماری عێراق، لایەنەك بوون لە جەنگێکی نێودەوڵەتی چەکداری، چەند جارێك لە سەر خاکی ئێران بە دەستی ئەنقەست چەکی کیمیاو یان ( گازی خەردەل) بەکارهێناوە لە دژی کەسانێك (هاوولاتیانی سیڤیل) کە لەو کاتەدا لە جێگایانە بوون کە ئەم چەکانەی تێدا بە کارهاتووە. بە هۆی ئە م کارانەوە ئەو هاوولاتیانە مردون وە/یان گیانیان بە سەختی بریندار‌بووە، لە کاتێکدا ئەم چەکە کیمیاویانەی بەکارهێنراون لە دژی کە سانێك کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری دووژمنایەتیەکانیان نەکردوە. ئەمانەش بریتی بوون لە دانی شتوانی خورەمە شهر، ئالوت، سەردە شت، ڕە شهەرمێ، زەردێ و شنۆ. وە بەکارهێنانی ئەم چەکە کیمیاویانە مامەڵەکردنێکی دڕندانەی نامرۆڤانە پێکدێنن و دەبنە هۆی تێکدانی سیمای گیانی ئەوکەسانە و گەیاندنی ئێش و ئازارێکی بێسنووە بەوان.

بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانەی سەرەوە، کەسی گومانلێکراو هەڵساوە بە پە یداکردنو گەیاندنی ماددەکان لە میانی نێوان: 19 نیسانی 1984 تاوەکو 25 ئابی 1988 بۆ

بەغداد (عێراق) وە/یان بۆ ئەنتڤێرپن (بەلجیکا) وە/یان بۆ تریەست (ئیتالیا) وە/یان بۆ عەقەبە (ئەردەن). لەوێندەرێشەوە گو مانلێکراو به دە ستی ئەنقە ست هەڵساوە بە گوێزا نەوەی ماددەی تیودیخلیـ کۆل (thiodiglycol, TDG)، بە مەبە ستی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی (گازی خەردەل). ماددەکان گەیەنراونەتە کۆماری عێراق بە مەبەستی درووستکردنی چەکی کیمیاوی.

## 15. سزای ئەو تاوانانەی کە سەلمێنراون لە سەر کەسی گومانلێکراو.

تاوانە سەلمێنراوەکان بە گوێرەی یاسا سزا دەدرێن.

کەسی گومانلێکراو تاوانبارەو بەسزا دەگەیەنرێ، چونکە هیچ شتێك لە گۆڕێدا نیە بۆ ئەوەی چاوپۆشی لیێ بکرێ.

## 16. تاوتوێکردن لە بارەی گۆڕانکاری لە یاساکاندا

یاسای تاوانەکانی جەنگ (ی ت ج، WOS) لەو کاتەوە کە تاوانەکانی ئەم کێشەیەی تێدا ئەنجامدراوە تاوەکو ئێستا چەند جار ێك گۆڕانکار یان بە سەردا هاتووە. کات ێك یاسای نێودەولەتی بۆ تاوان (ی ن ت، Wim) لە 1 ی تشرینی یەکەمی 2003 هاتە گۆڕێ، یاسای تاوانەکانی جەنگ WOS خرانە سەر یاسای نێودەولەتی بۆ تاوان. واتە یاساکانی (ی س ج، WOS) و (ی ن ت، Wim) بوونەتە یەك.

ئەو گۆڕانکاریا نەی لـ ێرەدا گرنگن ئەوا نەن کە لە 27 مارتی 1986 وە لە 14 حوزەیرانی 1990 هاتنەکایەوە. ئەو گۆڕانکاریەی لە یاساکاندا کراون لە 27 مارتی 1986 پەیوەندی هەیە زیادکردنی ماددەیەکی یا سایی یەناوی ماددەی 10a. ئەم ماددەیە تایبەتە بە لێسەندنەوەی مافی دەنگدان و خۆ کەندیدکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، لەو کەسانەی وەك تاوانبارێك بە گوێرەی یاساکانی تاوانی جەنگ سزا دەدر ێن. ئەو

گۆڕانکاریەی لە 14 ی حوزەیرانی 1990 لە یاساکاندا کراوە ئەوە بووە سزای لە سێدارەدان/کوشتن لە یاساکانی (WOS) لابرا.

بە گوێرەی ماددەی 1، بڕگەی 2 لە یاسای تاوانەکانی جەنگ WOS، ئەم کێشەیە دادگایی دەکرێت لە سەر بناغەی WOS وەك لە دووای 1 کانوونی دووە می 1991 هاتۆتەکۆڕی، جگە لە ماددەی 10a. واتە لێ سەندنەوەی مافی دەنگدان و خۆکاندید کردن لە هەڵبژاردنەکاندا لێرەدا لە ئارادا نی یە.

## 17. ڕوونکردنەوەیەك لەمەڕ سزادان

بە ئەندازەی قورسی و سەختی تاوانەکان لە تەك ئەو هەلومەرجانەی کە تاوا نەکانی تێدا ئەنجامدراون سزا بەسەر گومانلێکراودا دەردرێ. ئەم سزایە پەیوەندە بە خودی گو مانلێکراو خۆی و بارودۆخی زێ ندەگی ئەو، بەو شێوەیەی کە لە رەو تی لێکۆلینەوەکانی رۆژانی کۆبوونەوە دادگایەکاندا دەرکەوتن.

بەتایبەتی ئەم خاڵانەی خوارەوە بە هەند وەرگیراون:

ڕاستیەك کە دیاریکراوە ئەوەیە کە گومانلێکراو بە شێوەیەکی هۆشمەندا نە و تەنیا لەبەر بەرژەوەندی و قازانجی خۆی بەشداریەکی هێجگار زۆری کردوە لە هێنانەکا یەی پرۆگرامی چەکی کیمیاوی عێراق، لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا.

ئەم بەشداریکردنەی گومانلێکراو بۆتە هۆی ئەوەی بتوانرێت ژمارەیەك هێرشی زۆر بە گازی خەردەل بکرێ نە سەر هاووڵاتـیانی بێدە سەلات، دەرحاڵێ ئا سانکار بوون بۆ هێرشەکان. ئەم هێرشانە دەژمێردرێن بە سەختڕین تاوانەکانی جەنگ. ئەو کە سانەی بەشدارن لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانەی جەنگدا ناتوانن بەشدارکردنەکەیان لەسەر خۆیان لابەرن بە ڕوونکردنەوەیەك یان پەنابەرنە بەر بیانوییەك کە ئەوان خۆیان بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاویان لە هێرشەکاندا نەداوە. تەنانەت ناتوانن پەنابەرنە بەر ئەو

بیانوو یەی کە ئەم تاوانا نە، بیٚ بە شداریکردنی ئەوانیش، بە هەمان شێوە هەر ئەنجامدەدران، چونکە بیٚ گومان کەسانێکی تر بەم بەشداریکردنە هەڵدەستان.

ئەم هێرشانە بوونەتە هۆی مەرگی خەڵکانێکی زۆر، هەروەها گەیاندنی ئێشوئازارێکی بێسنوور بەو کەسانەی لە هێرشەکاندا گیانیان لەدەستنەداوە، وەك: ئازارو حەسرەتی لەدە ستدانی مندا ڵەکانیان، هاو سەرەکانیان و ئە ندامانی خێزا نەکانیان. باری تەندرووستی ئەو کەسانەی بە هێر شەکان گیاذ یان لە دە ستنەداوە هەتادێت بەرەو خراپتر دەڕوات و هەتادێت باریان گرانتر دەبێت. ئەو کەسانەی لە مردن دە باز بوون ساڵەهای ساڵە بەم ئێشوئازارەوە دەتلێنەوە، بیٚ ئەوەی ئازارەکانیان کەمببێتەوە. ئەم بارەش بەردەوام دەبێت تا کۆتایی ژیانیان یان چارەنووسیان.

بۆچوونی دادگا بەو شێوەیە کە ئەو ڕاستیانەی سەلمێنراون و ئەو ئاکامانەی هەیبووە هێندە سەختن کە تەنانەت سزادانی گومانلێکراو بە قوورسترین سزا کە بۆ ئەم تاوا نە دانراوە، هێشتا لەدەرهەقی تاوا نەکان نا یەت. ئەم بۆ چوونەش دەکەوێ تە دەرەوەی بازنەی ئەو پرسیارەوە ئایا کەسی گو مانلێکراو پاش هێر شەکەی هەڵە بجە ماددە و شتومەکی بۆ ڕژێمی عێراق بردوە (یان ویستویەتی ببات)، بە مەبەستی بەرهەم هێنانی گازی ژەهراوی، یان نا. دادگا بۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە دەخاتەڕوو و دەڵێت کە ئەم کارە بە دڵنیاییەوە نەسەلمێنراوە. بەڵام بەوەی کە گومانلێکراو یەکسەرو دوای بینینی وێنەی قوربانیەکانی هەڵەبجە، ویستویەتی بازرگانیەکانی لەمەڕ ماددەی **TDG** لە ژێر ناوێکی جیاوازدا، بە ناوی: (**Fixsol**) ئەنجامبدات، هەروەها ئەو لە دەورووپشتی ڕۆژی 28 تەموزی 1988 لە بە غداد بووە و لەوێ شەوە کارمە ندێکی لە ئەورپا ئاگادارکردۆتەوە کە ئەو کارمەندە ڕێگەو جێگەی گومانلێکراو بۆ هیچ کەسێك نەدرکێنیٚ، ئەما نە بە هیچ جۆر ێك، بە خاترگرتنی شەوە، شایەتی ئەوەی بۆ نادەن کە ئەو پەشیمانبۆتەوە، یان رەفتاری خۆی گۆڕیوە. دادگا بە هیچ جۆرێك، بە درێژایی ماوەی

لێکۆلینەوەکان، بۆی ساخنەبۆتەوە کە گومانلێکراو پەشیمانی یان مـ ستقاڵەزەڕەیەك سۆز و بەزەیی نیشاندابێ.

ئەو راستییەی کە گو مانلێکراو تۆ مەتی بە شداریکردنی لە تاوا نەکانی جینۆ سایدا بەسەردا نەسەلمێنراوە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو سزایەکی کەمتر لەو سزایەی بۆی داواکراوە (15 ساڵ زیندانی) دەبێت بدرێت. لە بارەی ئەندازەی گەورەیی تاوانەکانەوە جیاوازیەك نییە لە نێوان ئە ندازەی گەورەیی تاوانی جەنگ ( جرائم ا لحرب) یاخود جینۆساید (إبادە الجماعیە). ئەمەش بەو شێوەیە دەربڕاوە کە ئەنجامدەرانی سەرەکی هەردوو ئەم جۆرە تاوانا نە دەتوانر ێت سزا بدرێن بە زیـ ندانیکردنی هەمیـ شەیی (موئەبەد)، و بەشداریکارانی ئەم تاوانانە سزا بدرێن بە 15 ساڵ زنـ یدانیکردن، وەك قوورسترین سزا.

تەنانەت یاساکانی نێودەوڵەتیش هیچ جیاوازیەك لە سزادا بۆ جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ دانانێ. بۆ ئەو دوو جۆرە تاوا نە دەتوانر ێت سزای زیـ ندانیکردنی هەمیـ شەیی بدرێت. هەرچەندە پێدە چێت دادگا کانی نێودەو ڵەتی لە هاوکێـ شەی بەرپر سیارێتی نێودەوڵەتیدا، تاوانی جینۆساید بە سەخترین تاوان دابنێن گەر بەراورد بـ کرێ لە گەڵ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، چونکە تاوانی جینۆ ساید بە ذ یازو مەبەستێکی تایبەت بەخۆی ئەنجامدەدرێت. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە، کە بریتین لە بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی یوگوسلاڤیا و ڕوەندا:

**(ICTR, Kambanda, vonnis eerste aanleg, paragraaf 16; ICTR, Musema, zaak nr. ICTR-97-23-S, vonnis eerste aanleg, 4 september 1998, paragraaf 981; ICTR, Rutaganda, zaak nr. ICTR-96-3-T, vonnis eerste aanleg, 6 december 1999, paragraaf 451), maar stelt ten aanzien van de straftoemeting voor internationale misdrijven eveneens dat de ernst van de strafbare gedraging alsmede vorm en niveau van deelneming centraal dienen**

**te staan, ongeacht de juridische kwalificatie (ICTY, Krnojelac, zaak nr. IT-97-25-T, vonnis eerste aanleg, 15 maart 2002, paragraaf 522; ICTY, Celebici, zaak nr. IT-96-21-A, vonnis hoger beroep, 20 februari 2001, paragraaf 731; ICTY; Blaškic, zaak nr. IT-95-14-A, vonnis hoger beroep, 29 juli 2004, paragraaf 683).**

**دادگا بەبنەما وەرگرتنی ئەوانەی لەسەروە باسکراون دەڵێت: هەرچەندە ماوە یەکی درێژیش تێپەڕیووە، بەلام ئێشو ئازاری قوربانیەکان کەمتر نەبوونەتەوە و تاوانەکان لە ڕووی یاساییەوە بەسەرنەچوون. دادگا بڕیاری سزایەکی سووکتر لەم سزایە بە کارێکی شیاو و گونجاو نازانێ. سزائاسانکاریش نە لە گۆڕێدایە نە دیارو ئاشکراشە، تا ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی سزاکە.**

**ئەو چەند مانگەی گومانلێکراو لە زیندانی ئیتالیادای بەسەربردووە و چاوەڕوانبووە بدرێتەوە (تەسلیم بکرێت)، نابێتە هۆی کەمکردنەوەی سزاکەی، چونکی زیندانیکردنی ئەو دەمەی هیچ پەیوەندیەکی بە تاوانەکانی ئێستاوە نییە، بەڵکو ئەو زیندانیکردنەی ئەو دەمە پەیوەندی هەبووە بە سەرپێچی کردنی مەرجەکانی شتومەك بردنە دەرەوەی ئەمەریکا (خرق قوانين التصدير).**

## 18. ئەو شتومەکانەی دەستیان بە سەردا گیراوون.

**داد گا ئەو شتومەکانە دەگێڕێ تەوە بۆ گو مانلێکراو، کە بە گوێرەی لیستەی شتومەکەکان ئەم ژمارانەیان دراونەتێ: ژمارە: 4 تاوەکو 10، هەروەها 13 تاوەکو 15، هەروەها 18 تاوەکو 20، هەروەها ژمارە 23، 24، 27 وە 28. داوا کارانی گشتی داوایان کردوە ئەو شتومەکانە بدرێنەوە بە گومانلێکراو، کە ناسراون بە ژمارە 29. ئەم شتانە ناویان لە لیستی (E1.2) خاڵی 6.1 هاتووە، کە بریتیبوون لە هە ندێك دەر مان و چەند ئارتیکیلێکی کۆپیکراوی ذ یو ڕۆژما نەو گۆڤارە کان کە**

پەیوەندیان هەیە بە گومانلێکراوەوە، وەك وتاری: سەدام حوسەین و هێرشەکانی گازی ژە هراوی. هەروەها پ سوڵەیەکی پارەدانی ئوتێلی ڤان در ڤەلك. داوا کراوە ئەم شتومەکانەی پێبدرێتەوە، تەنیا وتارەکان نەبێت. دادگا بریاریداوە ئەو شتومەکانەی لە ژێر ژمارە 29 دەستیان بە سەردا گیراون، بگێڕدرێ تەوە بۆ گو مانلێکراو، لە پێش هەموویانەوە دەرمانەکان و پسوڵەی پارەدانی ئوتێلی ڤان در ڤەلك.

بە تەواوی ڕوون نەبۆ تەوە ئەم شتومەکانەی ژمارەکاذ یان ل ێرەدا ناودەبر ێت خاوەنەکانیان کێن. ژمارە: 1 تاوەکو 3، هەروەها ژ مارە 11، 12، 16، 17، 21، 22، 25، 26 وە 30. تا ئێستا هیچ کەسێك خۆی نەکردوە بەخاوەنیان، لەبەر ئەوە دادگا بریاردەدات ئەم شتومەکانە هەڵبگیرین تا خاوەنەکانیان پەیدا دەبن.

## 19. داخوازیەکانی کەسانی زیانلێکەوتوو.

ئەو کەسانەی لە خوارەوە ناویان نووسراون:

ناوەکان: ژمارە 1 تاوەکو 15

خۆ یان ناونوو سکردووە وەك کە سانی زیانلێ کەوتوو لەم کێ شەیەدا و داوای قەرەبووکردنەوەیان کردووە، هەریەکەیان بە بڕی: 1500 گلدنی هۆلەندی کە دەکاتە (680.67) شەسەدو هەشتا یۆرۆ، شەست و حەوت سێنت.

لە پەیوەند بە داخواز یەکانی زیانلێ کەوتوەکان، ماددەی 332 یا ساکانی ب نەمای داد گاییکردنی یا سایی کاری پ ێدەکرێت. ئەم یا سایانە لە داد گای ناو چەی لا های (دەنهاخ) کاریان پێکراوە، پێش ئەوەی یاسای ڕۆژی 23 دیسەمبەر (کانوونی یەکەمی) 1992 بێتە گۆڕیێ، (ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی دەوڵەت، 1993، 29 بڵاوکراوەتەوە)، بەتایبەتی کاتیێ تاوانە سەلمێنراوەکان پێش 1 نیسانی 1995 ڕوویانداوە.

داد گا ئا ماژە بەوە دە کات کە کە سی زیانلێ کەوتوو[...] داواخوازیە کەی خۆی کێشاوەتەوە. بۆیە دادگا پێویست ناکات لەبارەی ئەم داوایەوە بڕیار بدات.

دادگا بە پێویستی نازانێ بڕیار بدات داخۆ ئەم داوخواوزیانە کاتیان بە سەرچووە یان نا، چونکە گومانلێکراو ئەم خاڵەی نەهێناوەتە کایەوە.

دادگا دەستنیشانی ئەوەی کردوە کە ئەو زیانەی کە سانی زیانلێ کەوتوو دوو چاری بوونەتەوە، ئەنجامی ئەوە بووە کە بۆمباباران کراون لە لا یەن حوکمەتی عێراق بە بۆمبای پڕکراو لە گازی ژەهراوی. لە پەیوەند بە گومانلێکراو کێشەکە پەیوەندی هەیە بەو رووداوا نەی بە سەلمێنراو لە قەلە مدراوون، کە بریتین لە گەیا ندنی ماددە بنچینەییەکان بۆ بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی. یاساکانی جەنگ دابینی ئەوەی کردوە کە خەڵکان دەبێت بپارێزرێن لە زەرەرو زیان. ئە مە ئەو زەرەرەش دەگرێتەوە کە لێرەدا کەسانی زیانلێکەوتوو دووچاری بوونەتەوە.

لە پەیوەند بە زەرەری ماددی، ئەم ماددە یاساییانەی خوارەوە بە ناوی "یا سای ناکۆکی لەئاکامی ئەنجامدانی کارێکی ناڕەوا (Wcod) " گرنگن:

لەم کێشەیەدا ماددەی 3 و ماددەی 6 یا سای Wcod گرنگن. ماددەی 3 ئەوە دەگە یەنێت: گەر دوو لا یەن ناکۆک یەکیان هەبێت لە سەر کێ شەیەك، ئەوا بۆ چارەسەرکردنی کێ شەکە پەنا دەبرێ تە بەر یا ساکانی ئەو وڵا تەی کێ شەکەی تێدا ڕوودا وە.

ماددەی 6 ئەوە دەگەیەنێت: ئەگەر لایەنەکان شوێنێکی جیاواز هەڵبژێرن بۆ دادگایی کردن، ئەوا ماددەی 3 کاری پێناکرێت.

دادگا دەڵێت: لایەنەکان شوێنێکی جیاوازیان هەڵنەبژاردووە، وەك لە ماددەی 6 دا مەبەستە.

بەگوێرەی برگەی 1 لە ماددەی 3 دەبێت کێشەی زیانلێکەوتووان لە چەند وولاتێکی جیاواز دادگایی بکرێت، وەك: عێراق (بە غداد) وە/ یان بەلجیکا ( ئەنتڤێرپن) وە/ یان ئیتالیا (تریەست) وە/یان ئەردەن (عەقەبە).

بە گوێرەی برگەی 2 لە ماددەی 3 یاساکانی عێراق (خاڵی 1 ی تۆمەتەکان لە عێراق روویداوە) و یاساکانی ئێران (بۆ خاڵی 2 ی تۆمەتەکان) کار یان پێدەکرێت، چونکە زیانلێکەوتووان لەو دوو ولاتە زیانیان لێکەوتووە.

لەبەر ئەوەی کەسانی زیانلێکەوتوو لەم کاتەدا لە وولاتی هۆلەندا دەژین، پارێزەری زیانلێکەوتووان و داواکاری گشتی داوایان کرد بۆ ئەم مەبەستە بە گوێرەی یا ساکانی هۆلەندا کاربکرێت، چونکە کەسی گومانلێکراویش لە هۆلەندا دەژی.

دادگا ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە، چونکە کاتێك تاوانەکان ڕوویانداوە هەردوولایان لە یەك ولات نەژیاون. هەروەك ئا شکرایە، کە سی گو مانلێکراو لە ولا تانی سویسرا، سینگاپوور، ئیتالیا دەژیا. وە کەسانی زیانلێکەوتوو هەندێکیان لە عێراق و هەندێکیان لە ئێران دەژیان. هەر لە بەر ئەوەش بە نسبەت کە سانی زیانلێکەوتوو، ناوە کان: [....]، بە گوێرەی یاساکانی عێراق مامەڵەیان لەگەل دەکرێت و بەنسبەت ئەوانی دیکە بە گوێرەی یاساکانی ئێران.

بەنسبەت کەسانی زیانلێکەوتووی عێراقی بە گوێرەی یاساکانی عێراق کاردەکرێت. بە نسبەت زیانلێکەوتووەکانی ئێرا نی، بە گوێرەی یا ساکانی ئێران مامە ڵەیان لە گەل دەکرێت.

ماددەی 202 وە 204 لە یاساکانی مەدەنی عێراقی ساڵی 1951 بەم شێوەیەی خوارەوە بوون (بە زمانی ئینگلیزی):

:202

“Any conduct injurious to the person of another whether resulting in death, injury, beating up or any other type of

harm shall render the person causing harm to be liable for damages.”

204:
“Any wrong causing others (their property or their person) any other injury not mentioned in the preceding articles shall merit reparation.”

**ماددەی 1 وە 5 لە یاسای بەرپرسیاری سیڤیلی ئێرانی سالی 1960 گرنگن بۆ ئەم کێشەیە. ئەمانە بریتین لە:**

**1: ئەگەر کەسێك زەرەر بدات لە کەسێکی دیکە، دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە.**

**5: ئەگەر کەسێك زەرەری گیانی یان تەندروستی لێکەووت، ئەنجامدەر بەرپرسیارە لە قەرەبوو کردنەوەی زیانلێکەوتووان.**

**بەشداریکردنی گومانلێکراو وەك ڕاستیەك سەلمێنراوە. گومانلێکراو شتومەکو ماددەی فرۆشتوە بۆ بەرهەمهێنانی گازی خەردەل. ئەم گازە بەکارهاتووە بۆ پرکرد نەوەی بۆمباکان. بۆمباکان بە کردەوە بۆ بۆمبابارانکردن بەکارهاتوون. لەئەنجامی ئەم کارە نایاساییە کەسانێك زەرەرو زیانیان لێکەوتووە. بەگوێرەی یاساکانی مەدەنی ئێران و عێراق گومانلێکراو بەرپرسیارە بەرامبەر بەم زیان پێگەیاندنە. گومانلێکراو هیچ شتێکی لەم بارەیەوە ڕانەگەیاندووە. لەبەر ئەوە داواخوازیەکانی زیانلّکەووتوان دەبێت جێبەجێ بکرێت.**

**بەگوێرەی یاساکانی لە هۆلەندا پێش 1 نیسانی 1995 کاریان پێکراوە، بڕی 1500 گلدن (واتە: 680,67 یۆرۆ)، وەك قەرەبووکردن دەدرێت بە زیانلێکەوتووان، لەم کێشەی تاوانیەدا.**

بێگومان ئاشکرایە بڕی ئەم پارەیە هیچ ڕیژەیەکی نیە بەرامبەر ئەو زیا نەی ئەوان لێیان کەوتووە.

سەرەڕای ئەمەش پیویستە گومانلێکراو بە هەر یەك لە زیانلێکەوتووان بڕی 100 یۆرۆ بدات بۆ مەسرەفی ماندووبوونی پارێزەری زیانلێکەوتووان.

## 20. ئەو ماددە یاساییانەی لێرەدا کاریان پێکراون:

ئەو سزایەی سەپێنراوە بە گوێرەی ئەم ماددانەی خوارەوەیە:

- ماددەی 48 و 57 لە یاسای تاوان
- ماددەی 8 لە یاسای تاوانەکانی جەنگ.

## 21. بریاری دادگا

دادگا ئەو گۆڕانکاریانە ڕەتدەکاتەوە کە لە بانگهێشتی دادگایی و لیستی تۆمەتەکاندا کراون، بە تایبەتی ئەو بەشەی پەیوەنداره بەم وشانەوە: "بە هەر حاڵ لە (یەك) یان (چەند) کاتێکی دیاری کراودا، لە ساڵەکانی نێوان 1986 وە/ یان 1987 وە/ یان 1988 لە عێراق"

دادگا ڕایدەگەیەنێت: بە شێوەیەکی یا سایی و بە دڵنیاییەوە نە سەلمێنراوە کە گومانلێکراو تاوانبارە بە تۆمەتی سەرەکی، خاڵی 1، (واتە: بەشداریکار لە جینۆساید)، و گومانلێکراو لەم تۆمەتە ئازاد دەکات.

داد گا ڕادەگەیەنێت: بە شێوەیەکی یا سایی و بە دڵنیایی یەوە سەلمێنراوە کە گومانلێکراو تاوانبارە بە تۆمەتی ئەڵتەرناتیڤی خاڵی 1 (التهمه البدیله)، هەروەها تاوانبارە بە تۆمەتی 2 (واتە: بەشداریکار لە تاوانی جەنگ).

تۆمەتی ئەلتەرناتیڤی خاڵی 1 بریتیە لە:

هاوبەشیکردن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی بریتین لە پێشێلکردنی یاساکانی جەنگ، لە کاتێکدا ئەم کارانە بریتین لە مامەڵەکردنی نامرۆڤا نە و بوونە تە هۆی مەرگی یان بریندارکردنی خەڵکان سەختی. ڕووداوەکان بریتیبوون لە تیرۆر کردنێکی بەردەوام یان هەڵسوکەت کردنێکی نایاسایی بەرامبەر بە کۆمەڵگایەك یان بە شێك لەو کۆمەلگا یە. ئەمەش بۆ خۆی چەند جارێك دووبارە کراوەتەوە.

تۆمەتی 2 بریتیە لە:

هاوبەشیکردن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی بریتین لە پێشێلکردنی یاساکانی جەنگ، لە کاتێکدا ئەم کارانە بریتین لە مامەڵەکردنی نامرۆڤا نە و بوونە تە هۆی مەرگی یان بریندارکردنی خەڵکان سەختی. ئەمەش بۆ خۆی چەند جارێك دووبارە کراوەتەوە.

دادگا ڕایدەگەیەنێت ئەو تاوانانەی لەم کێشەیەدا سەلمێنراون سزا دەدرێن. لەبەر ئەو هۆیەشە گومانلێکراو سزا دەدرێت.
دادگا گومانلێکراو بە: 15 ساڵ زیندانی سزا دەدات

ئەو ماوەیەیەی کە حوکمدراو، پێش دەرچوونی ئەم بریارە، لە راگرتنیدا (تەوقیف) بە سەری بردووە: وا تە ماوەی زیندانیکردنی ئەو بە مەبە ستی لێکۆلینەوە، پێش حوکمدانی، لە ماوەی حوکمە کەی کەمدەکرێتەوە، بەو مەرجەی گەر پێشتر لە حوکمەکەی کەمنەکرابێتەوە.

ڕۆژی گرتنی بۆ لێکۆلینەوە دادەنرێت بە : 6 کانوونی یەکەم (دیسەمبەر) 2004،

ڕۆژی تەوقیفکردنی دادەنرێت بە : 9 کانوونی یەکەم (دیسەمبەر) 2004.

دادگا بریار دەدات: گەڕاندنەوەی ئەو شتانەی کە بە گوێرەی لیستی شتومەکە دەست بەسەردا گیراوەکان ئەم ژمارانەیان دراو نەتیَ: 4 تاوەکو 10، 13 تاوەکو 15، 18 تاوەکو 20، 23، 24، 27 وە 28.

دادگا بریار دەدات: گەڕاندنەوەی ئەو شتانەی کە بە گوێرەی لیستی شتومەکە دەست بەسەردا گیراوەکان ژمارەی 29 ی هەیە. بە تایبەتی ئەوەی پەیوەنداره بە دەرمانێك و پسووڵەیەکی ئوتێلی ڤان در ڤەلك.

دادگا بریار دەدات: هەندێك لەو شتومەکانەی دەستیان بە سەردا گیراوە بهێڵرێتەوە و بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان. ژمارەکانیان بە گوێرەی لیستی شتومەکە دەست بەسەردا گیراوەکان ئەمانەن: ژمارە 1 تاوەکو 3، 11، 12، 16، 17، 21، 22، 25، 26، 30 تاوەکو 36.

دادگا بریار دەدات: زیانلێکەوتووان قەرەبوو بکرێن لە لایەن گومانلێکراوەوە.

(ناوی زیانلێکەوتووان ئەمانەن: ناوەکان لە ژمارە 1 تاوەکو 15)

هەرکەسەیان بڕی 680,67 (شەشسەدو هەشتا یۆرۆ، شەستوحەوت سەنت). کۆی بڕی پارەکە بۆ گشت زیانلێکەوتووەکان دەکاتە: 10.210,05 یۆرۆ.

دادگا بریار دەدات: گومانلێکراو بڕی 100 یۆرۆ بە هەریەك لە زیانلێکەوتووان بدا وەك بژاردنی بەشێك لەو خەرجیانەی کێشاویانە بۆ گرتنی پارێزەر. یانی تەواوی بڕی پارەکە بۆ ئەم مەبەستە 1500 یۆرۆیە.

دادگا بریار دەدات: گومانلێکراو لە تۆمەتانێکی تر خراونەتە پاڵ گو مانلێکراو بەڵام نەسەلمێنراون، ئازاد دە کات. هیچ تۆ مەتێکی تر نە سەلمێنراوە جگە لەوا نەی لەم بڕیارەی سەرەوەدا سەلمێنراون.

بڕیاری دادگا لە لایەن: دادوەر R.A.C. van Rossum، سەرۆکی دادگا، دراوە.

ئەندامانی دەستەی دادوەران: D.R. Glass وە J.R.G. Jofriet

بە ئامادە بوونی M. Gest و B.J. de Koning، دوو نووسەری دادگا، بە ئاشکرا ڕاگەیەنرا لە کۆبوونەوەی ئاوەڵاو ئازادی دادگا، لە بەرواری: 23 کانوونی یەکەم (دیسەمبەر) 2005.

---

لە سەر داخوازی داواکاری گشتی ئەم بەشەی بڕیاری دادگا بۆ زمانی کوردی وەرگێڕراوە، لە لایەن وەرگێڕ: بەختیار عارف، لە ئەمستردام. 24/4/2006.

# وەڵامێکی کورت  بۆ  بەڕێز محەمەد ئیحسان

**عەلی مەحمود محەمەد**




**Waarom? Een Koerdisch meisje toont een foto van 'Halabja'. Misschien wel zevenduizend burgers werden daar met gifgas gedood.** FOTO JERRY LAMPEN, REUTERS

■ justitie



Een groep demonstranten posteerde zich gisterochtend voor de rechtbank in Den Haag. FOTO ED OUDENAARDEN, ANP

# Ondanks waarschuwingen bleef Van Anraat grondstoffen leveren

Van onze verslaggeefster

Frans van Anraat is al in de eerste helft van de jaren tachtig verteld dat de grondstoffen die hij Irak leverde, ge-



**Zakenman Frans van Anraat wordt aangeklaagd voor medeplichtigheid aan oorlogsmisdagen en volkerenmoord in Iran en**

De rechtszaak is een huzarenstukje voor de Haagse rechtbank. Het is voor het eerst dat artikel 48 uit het genocideverdrag wordt gebruikt, en de wereldwijde belangstelling is groot. Alles wat in de rechtszaak wordt gezegd wordt vertaald in twee Koerdische talen en in het En-



# Lastig juridisch gevecht in zaak chem

*OM moet bewijzen dat Van A. zelf afwist van gebruik van grondstoffen door Irak*

**Chemicaliënhandelaar Frans van A. leverde grondstoffen aan Irak. Het bewijs dat hij wist wat dat land met zijn producten deed, is nog dun.**

Door Derk Walters

DEN HAAG, 25 NOV. Het staat vast dat Frans van A. de voor mosterdgas en zenuwgassen benodigde grondstoffen aan Irak leverde. Het staat ook vast dat het Iraakse regime Koerdische plaatsen met mosterdgas en zenuwgassen bombardeerde, met duizenden doden als gevolg. Nu moet het openbaar ministerie (OM) alleen nog de rechtbank overtuigen van de kwade intenties van de Nederlandse zakenman. Wist hij wat het bewind van Saddam Hussein met zijn chemicaliën van plan was? En als hij het niet wist, had hij het kunnen of zelfs moeten weten?

Frans van A. was in de jaren tachtig de belangrijkste leverancier aan Irak van thiodiglycol, een zwavelverbinding die kan dienen als verf- of voor textiel en balpeninkt of als grondstof voor mosterdgas. Thiodiglycol staat op de in 1985 opgestelde lijst van chemicaliën die niet zonder vergunning mogen worden geëxporteerd. Van A. bleef chemicaliën tot 1989 zonder vergunning leveren. Tussen 1984 en 1989 maakte het Iraakse regime duizenden doden door bombardementen met strijdgassen, waaronder vijfduizend op 16 maart 1988 in het Koerdische stadje Halabja. Bij deze bombardementen zijn zowel mosterdgas als zenuwgassen gebruikt. Mosterdgas is een verminkende vloeistof, zenuwgassen zijn vaak dodelijk. Op de publieke tribune waren ook Iraanse slachtoffers van mosterdgas aanwezig.

Zelf heeft Van A. in het verleden in diverse media gezegd dat hij altijd heeft gedacht dat hij een grondstof leverde voor de

kunnen weten waarvoor de door hem geleverde grondstoffen zouden worden gebruikt.

Volgens 'X', een getuige die in dit rechtszaak alleen onder die letter wordt genoemd, was de textielverwerking een dekmantel die Van A. met zijn Iraakse contactpersonen had afgesproken. Ze zochten zelfs uit op welke plaatsen in Irak die industrie is gevestigd, om te kunnen anticiperen op de vraag waar de stof naartoe gaat.

Volgens getuigedeskundige Cees Wolterbeek, voormalig VN-inspecteur in Irak, is er „zeker geen thiodiglycol in de textielverwerkende industrie gebruikt". En volgens een andere getuige, een Irakees die jarenlang gifgassen analyseerde voor het Iraakse leger, is de grondstof niet of nauwelijks nodig voor textielverwerking. Het is waarschijnlijk dat ook Van A. van dat feit op de hoogte was. Getuige X noemt de Nederlander „een betrouwbare leverancier", die „wist wanneer hij moest zwijgen". De Iraakse gifgasanalist zegt van Van A.: „Alles wat we wilden hebben, kon hij leveren."

Tot nu toe werden getuigenverklaringen in de zaak-Van A. door de rechters voorgelezen, maar vanaf aanstaande maandag zullen getuigen zelf in de rechtszaal verslag doen. In totaal zijn er 111 getuigen. Zo is de Japanse zakenpartner van Van A. opgeroepen om naar Nederland te komen. Een andere getuige, een in Zwitserland wonende, Nederlandse zakenpartner van Van A., is zelf sinds vorige maand ook verdachte in dit proces. Zijn zaak moet nog worden behandeld. Omdat hij ernstig ziek is, kan hij waarschijnlijk niet naar Nederland komen. Twee belangrijke, door de verdediging opgeroepen Iraakse getuigen zijn vooralsnog onvindbaar.

De advocaten van Van A. zullen ongetwijfeld protesteren als justitie toestaat dat de zakenpartners tegen Van A. getuigen. Omdat zij zelf een dubieuze rol spelen, kun-

له ڕۆژنا مەی م یدیای ژ مارە 257 ی بەرواری 12–9–2006 دا، چاوپێکەوتنێك لە گەڵ بەڕێز محە مەد ئیحسان وەز یری ناو چە دابڕاوە کان ئەنجا مدراوە، ئەوەی چاوپێکەوتنەکەی ئەو وەزیرە بەڕێزە بخوێنێتەوە، وا تێناگات بەڕێزی وەزیری مافی مرۆڤ بووە لە حکوومەتێ کدا، کە لە سایەی کارگێڕییەکەیا ندا کەس و کاری ئەنفالکراوەکان نانی جۆ نەبووە بیخۆن، هەزاران خێزانی ئەنفالکراو لە وڵاتی گومرگ و نەوتا، هیچ کۆمەك و دەستگیرۆییەك نەکراون، دەیان تاوانکاری ئەنفال زۆر تاوانبارتر لە فرانس ڤان ئانرات، نەك تەنها قەڵەو کراون بگرە گەیشتوونە بە پلەی بەرپرسێتیش.

من دەستخۆشی دەکەم لە کاك محەمەد ئیحسان کە ڕوفاتی پیرۆزی سەدان بارزانی ئازیزمانی هێنایەوە کوردستان، وەلێ لە یادی نە چێت تاوەکو ئەوا نەی دۆزیـ یەوە، بەسەر چەندین گۆڕی بە کۆ مەڵی ئەنفالکراوەکا ندا بازی دا، خۆڵی خ ستەوە سەر سەریان و لە بیابانەکانی باشوور بە بێکە سی بە جێ یانی هێ شت بۆ چارەنوو سێکی نادیار، بۆیە مەخابن ئەو کارەی ئەو نەك برینی سارێژ نەکردەوە، بەڵکە قەڵە شی نێوان گەلی زیاتر کرد، کەس و کاری ئەنفالکراوەکانی ز یاتر لە دەریای بێکە سی و بێهیواییدا غەرقی بێئومێدی کرد.

بەڕێز جەنابی وەزیر لە چاوپێکەوتنەکەیدا، لە پر سی چارە سەری کەرکووك و قەراج و کەندیناوەوە دەگاتە سەر دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات، کۆمەڵێك سەرنج و بیروڕا دەدات، منیش وەك کەسێك بەشداربووی سەرجەم خۆپیشاندانەکانی بەردەم دادگا، کەم و زۆر پشکدار بوومە لەیەکەم چرکە ساتی کێ سەکەوە ، لە تەرحکردنی فکرەی بەشداری چاك لە دادگاییەکە و پە یدا کرد نی بە شێك باش لە سکاڵاکەران و بەشێك لە شایەدەکان و بەخشینی دۆکۆمێنت و بەخشینی زانیاری لە سەر ئەنفال بە دادگا " بێشك لەو بوارە کاك شۆڕش حاجی ڕۆ ڵی با شی هەبوو "، تاکو ڕێکخ ستنی خۆپیشاندان لەبەردەم هۆڵی دادگا و و پەیداکردنی پشکێك لە بودجەی پارێزەر و...، مافی خۆمە چەند سەرنجێك لەو بارەیەوە بدەم.

ئەگەر بە هەڵەدا نەچوبێتم، لە بەرواری 17-3-2004، لە بەرنامەیەکی کوردستان تیڤیدا، بەڕێزی بە یاوەری وەزیری داد، پشکدار بوون لە بەرنامەیەکی تایبەت لەسەر دادگایی فرانس ڤان ئانرات، بەرنامەکە لە پێشکەشکردنی ڕێزدار عەبدوالڕەزاق عەلی بوو، لەو بەرنامەیە بە دوادا چونێکی بچووکم کرد، داوام کرد ئانرات وا لە هۆڵەندە بە دادگایی گەیەنرا، هیوادارم دێوەش جا شەکانی کورد ستان بە داد گایی بگە یەنن، هەرچەندە کاکی بەرنامە دانەر پێشتر زۆر گەڕابوو بە دوامانا بۆ ئەوەی پشکدار بین لە بەرنامەکەی، مەخابن نەمانی دۆزیبوەوە، وەلێ دواتر لەبەر خاتری ناوی پیرۆزی جاش، تەلەفۆنی لەسەرم داخ ست، هیوادارم ئێ ستا جا شە ئازیزەکا نمان ئەو قود سیەتەی ئەوکاتیان نەمابێت، ناوهێنانیان یاساغ نەبێت لە بەشێك لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان.

لەو بەرنامەیەدا کاك محەمەد ئیحسان ئەگەر لە یادی بێت و هەڵە نەبم وتی: با ئەو دادگاییە ڕابگرین، تاکو خۆمان بە باشی ئامادە دەکەین بۆی.

کەواتە ئەگەر ئەوکات بە قسەی کاك محەمەد ئیحسان بکرابایا، دەبوایا ستۆپ لەو دادگاییە بکردرابایا، ئیتر نازانم ڕۆڵی جەنابی چی هەبووە لە دادگاییە کە ؟، ئەوەی باش بوو کەس گوێی لێنەگرت .

دەبوایا بەڕێزی بیزانیایە ڕاگرتنی ئەو دادگاییکردنە لە توانای کورددا نییە، چونکە هۆڵەندییەکان پێیان نەنگییە هاووڵاتییەکیان تاوانێکی دژ بە گەلێکی دیکە ئەنجام بدات بەبێ سزا وازی لێبێنن، ئەوان بۆ خۆیان ئانراتیان دۆزیەوەو گرتیان و دادگاییان کرد، ئێمەی کوردەکان تەنها هە ندێك ئا سانکاریمان بۆ یانکرد و کرد مان بە قەز یە لەناو کوردستانیان، ئەوان بە عەقلییەتی سەرانی کورد بیر ناکەنەوە، لە ناوەڕاستی ئەمساڵ (2006) تاوانکارێکی هۆڵەندی دیکەشیان سزا دا، کە لە لیبریا پشکدار بوو لە تاوانی کۆمەڵکوژی.

بەڕێزی دەڵێت: لە دادگاییکردنی ئانرات ڕۆڵم هەبووە، پەیوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵ داواکاری گشتی هۆڵەندی هەبوو.

هەروەسا بەڕێزی ئاماژە بەوە دەکات  کە 3  4  جار داواکاری گشی هۆڵە ندی، بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردووە، بەم هۆیەشەوە ڕۆڵی هەبووە لە دادگاییکردنەکە.

سەرەتا ناو هێنانەکە هەڵەیە،   داواکاری گ شتی هۆڵە ندی نی یە، داوا کاری گ شتی وزارەتی دادی هۆڵەندییە،  هەروەها لام ڕوونە ئەگەر  ناوەکەی بزانیبایە ئەوا  دەیهێنا (فرێد تەیفن )، سێیەم پێمان  ناڵێت لەو تەلەفۆنە باسی چیکراوە، ئەم چی بەخشیووە بە دادگا، مەرج نییە ئەنجامی ئەو تەلەفۆنە لە بەرژەوەندی دادگا بوبێت و  کەڵکی  بۆ کەیسەکە هەبوبێت ؟, کێ دەڵێت لێی نەپاڕاوەتەوە تاکو  دادگاییکردنەکە ڕابگرتر ێت ؟، وامزانی بەڕێزی لە جیاتی تەلەفۆنکردن،   3–4 تەن بەڵگەنا مەی بەخ شیووە  بە دادگا، نەك 3–4 مەرحەبای تەلەفۆنی کردووە، ئەویش بۆیکراوە نەك خۆی کردبێتی . وەلێ لەچاو هەندێك لە بەرپرسەکانی دیکەی کوردەوە،  ئەگەرتەنها وەڵامی تەلەفۆنی دابێتەوە شایانی ڕێز و ستایشکردنە،  چونکە هە ندێك لە  ئەوانی دی تە لەفۆنیان بۆ کراوەو وەڵامیان نەداوەتەوە، نا هەقیان مەگرن ئەوەندە فایل زۆرە، زۆریان  لە وشەی وزارەتی داد دەترسن.

من وەك کەسێك ڕاستەوخۆ پەیوەندیم بە دادگا و پارێزەرەوە  نەبووە لەو کەیسە، بەهۆی زمان نەزانییەوە، وە لێ  هێ شتا  چەندین ئەوە ندە  جارەی  بەڕێزی ئا ماژەی پ ێدەدا، لە هەمان  شوێنەوە   تە لەفۆنیان  بۆ   کردووم،  بەردەوام زاذ یاریم  پێ بەخشیوون، تەنانەت شەوی وا هەبووە لەو ژمارەیە زیاتر تەلەفۆنم  بۆ  کراوە، کە چی ناڵێم ڕۆ ڵم  هەبووە،  چونکە  من و  هەموو  ئەو کوردا نەی بە شدارییانکرد،  ج گە  لە سکاڵاکەران،  هەر نەشبوینایا، دادگاکە هەر دەڕۆ یی  بەڕێوە، وە لێ کارە کانی ئێ مە وایکرد گرنگی زیاتری پێبدرێت، بەشداری ئێمە باوەڕ  ناکەم کاریگەری لەسەر ئاراستە و ڕەوتی بڕیارەکانی دادگا  هەبوبێت، جگە لە بەخشینی زانیاری و ڕاستکردنەوەی هەندێك ناوی جێ گا و م ێژوو، د یارە وەرگ ێڕە ئازیزە کان  بە تای بەت  بەختیار  عارف ج ێی ستایشکردنە لەو ڕووەوە.

باوەڕ ناکەم بەڕێزی لە ڕێگەی ئەو تەلەفۆنا نەوە، پار چە کا غەزێکی بۆ داد گای هۆڵەندی ناردبێت، یان شکاتکار و شایەدێکی دۆزیبێتەوە، یاخود کۆمەکی قوربانیانی کردبێت بۆ دابینکردنی پارێزەر، بۆیە ڕۆڵی بەڕێزی لە وەڵامدانەوە بە تەلەفۆن تێی نەپەڕاندووە، ئەگەر خۆشی تەلەفۆنی بکردایا ئەوا دەر بڕی ئەوە بوو کە دە یەوێت پشکدار بێت لە دۆزەکە، وەلێ کە بۆیکرابێت ئەوا مانایەکی دی دەبەخشێت، هەرچەندە مێژوو هەمووی وا نووسراوەتەوە، هەمیشە لە کۆتاییدا دەسەڵاتداران لە بەرژەوەندی خۆ یان وێ نای دە کەن، هەموو کات قازانجی باوکی زۆرە و ز یان هەتیووە، وەك کەرکووکییەکان دەڵێن با هەشتەش لەسەر مشتە بێت، ئەمیش با بۆ ئو بێت.

ئەو دۆکۆمێنتانەی یەکلا کەرەوە بوون لە دادگاییەکە، کە ئانراتیان گەیاند بەزیندان، هەموو یان نووسینی ڕۆژنامەنووسانی هۆڵەندی یاخود بەڵگەنا مەی وڵا تان و نە تەوە یەکگرتوەکان و شایەدحاڵی بێگا نە بوون، یەك پار چە کا غەزی لە کوردێ کەوە نەبەخشرا بوون، بۆیە ئەگەر کەسێك یان لا یەنێك ئەو شەکرە بشکێنێت گوا یە لە ژێرەوە ڕۆڵی هەبووە جێی باوەڕ نییە، بۆ شکاتکار و پارێزەری قوربانیانیش، باوەڕ ناکەم کاك محەمەد ئیحسان ناویانی بیستبێت، ئەوانیش لە ژیانیان گوێیان لە ئیسمی بەڕێزی ئەو نەبووە، هەرچەندە بەڕێزی جاری دیکە لە پەیوەند بە نووسینی پەرتووك و گۆڕە بە کۆمە ڵەکان لە ڕۆژنامەکا نەوە وەڵامدراوە تەوە، دەبوا یا ئەمجارە خۆی بپاراستایە لە لێدوانی لەم چەشنە، پاراستنی متمانە بۆ مرۆڤ گرنگە !.

ترسی ئەوەم هەیە ڕۆڵ و بەشداری بەڕێزیشی، وەك ڕۆڵی باڵوێزی عێراقی لە لاهای بوبێت، بەڕێزی دەڵێت: سەفیر کاك سیامەند بەنا لە ڕێ گەی باڵوێزخا نەی عێرا قی دەورێکی باشی هەبوو.

ئەوەندەی من ئاگادار بم، بەڕێز باڵوێزی عێراقی یەکجار سەریکرد بە دادگایا لە ماوەی ساڵێك و 16 ڕۆژی دادگاییەکە، لە بەرامبەردا هەموو ڕۆژێ نوێنەرایەتی باڵوێزخانەی ئێران لە دادگا ئامادە بوون.

ئەو جارەش مەخابن لە شاذسی کاك محە مەد ئیدسان، ڕیزدار باڵوێزی کۆماری عێراقی فیدراڵ ماوەیەکی زۆر کەم لە دادگا مایەوە، هۆکاری هاتن و کاری سەرەکی دۆزینەوەی من بوو، دیارە نەهاتبوو بۆ دەستخۆشلێکردن, بەڵکە گازمدە و بە دواداچوونی هەبوو لەسەر نووسینێکم.

ئەگەر بەڕێزی بیوتا یە دوو نەگبەتی وەك سا سان دەروێش و دیندار کۆچەر، کە ئەوانیش سەر بە ڕێکخستنی پارتین، ڕۆڵیان هەبووە لە دادگاییە کە، لە هەموو دانیشتنەکانی دادگا ئامادە بوونە، ئەوە دەم وت سەدەقتو زۆر ڕاستە، وەلێ بۆ ئەوانەی ناویان هاتووە، قەتاو قەت بەو دوعایە ناڵێم ئامین، چونکە هەر کوردێك بۆ یەکجاریش ئامادەی بەردەم دادگا بوبێت، ئەوا بە ئەندازەی پشکدارییەکەی ڕۆڵی هەبووە، دادگا ئەو پشکدارییەیان بە کاراترین پشکداری کوردان دەزانی لە پرۆسەی دادگاییکردنەکە.

بەڕێزی بۆ ئەوەی دەرببخات کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دادگاکە دەڵێت: خەڵکی دیکەش لە ڕێگای پەیوەندی دیپلۆماتی و خۆپیشاندان ڕۆڵێکیان هەبووە.

یانی شکاتکردن، پارێزەرگرتن، سکاڵاکەر ئامادەکردن، شایەد دۆزینەوە، دۆکۆمێنت و بەڵگەنامە و فلیم پێشکەشکردن هەمووی بەڕێزی بووە، لەوانەیە تاناکاو فینکیش ئەو دۆزیبێتیەوەو هێنابێتی بۆ دادگا، بە وتەی بەڕێزی تەنها ڕۆڵە لاوەکییەکان لایەنی دیکە ئەنجامیان داوە، چەند کە سێك خۆپیـشاندانیان کردووەو پەیوە ندی دیپلۆماتییان ئەنجامداوە. نازانم لە پرۆسەی دادگاییکردندا لە وڵاتێکی دیموکراتی وەك هۆڵە ندە، پەیوەندی دیپلۆماتی چ ڕۆڵێکی دەبێت لە کەیسێکی وا گرنگ ؟، پەیوەندی دیپلۆماتی لەپێش پرۆسەی دادگا گرنگە بۆ دۆزینەوەی پارێزەر، شایەد، بەڵگەنا مە، دارا یی, کردنەوەی دۆسییە لە لایەن داواکاری گشتییەوە... وەلێ دوایی ڕۆڵی نامێنێت، خۆ لە ئەوروپا سوڵحی عەشایەری و مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەهلی دیوەخان بوونیان نییە.

ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەو دادگاییە زۆر لەوە گەورەتر بوو وەك لەوەی ئێمەی کورد دەیبینین، ذهێنی گەورە شی زۆر زیاتر تێدا یە وەك لەوەی ئێمە هە ستی پێ دەکەین، هەرکەس و لایەنێك بلێت 100٪ من کردوومە بە ناوەندی چاکی شەوە، کە ڕۆ ڵی با شی تێدا هەبوو، ئەوا ڕا ست نی یە، چونکە پ شکداری زۆری بۆ خودی هۆڵەندییەکان خۆیان بە تایبەتی ڕاگەیاندن و دادوەری هۆڵە ندی دەگەڕێتەوە, وە لێ ئەوە باش دەزانم، کە ئێوەی بەڕێز لە وەڵامدانەوەی 3 تەلەفۆنە زیاتر هیچ ڕۆڵێکی ترتان تێیدا نەبووە.

ئەگەر دادگا پشتی بە بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتی کورد ببەستایە، بۆ سەلماندنی تاوانبار بوونی ئانرات، ئەوا ئێستا ئانرات ئازاد بوو، تەناکا و فینك و چەندین پ سپۆری نێونەتەوەیی و عێراقی چەك و... لە ژیانمان بە کورد نادۆزرانەوە، ئەو بود جە چل ملیۆن ئیرۆییەی لەو دۆسیەکە خەرجکرا، قەت کورد بۆ کاری وا تەرخانی ناکات.

با بکەوینە ناو پرسیاری جدییەوە، ئایا جیاوازی چییە بۆ کورد ؟، ئەگەر بەڕێزت ئەو کارەت ئەنجا مدابێت یان هەڵ سوڕاوانی ناوە ندی چاك " هەر چەندە چاکیش کارئاسانکەر بووە "، ئەمە بۆ هەردوو لا چ فەزڵێکی هەیە بەسەر گەلی کوردەوە، بە بڕوای من پاڵەوانانی ڕاستەقینەی ئەو دادگاییە خودی قوربانیانن، ئەگەر قوربانی چەکی کیمیاوی نەبونایا لە کوردستان، ئەگەر هەزارانی وەك مام قادر ڕەشە هەرمێی و داذیا محەمەد و عەلی ڕەحیمی و ڕێباز بونیان نەبوایە لە ناومان، ئەگەر هەڵەبجە و گۆپتەپەو شێخ وەسانان و زێوە کیمیاباران نەکربانایا، ئایا کورد ێك دە یوێرا ناوی ئەنرات بە خراپە بهێنێت نەك داوای دادگاییکردنیان بکات ؟، بۆیە خودی قورباذیان پا ڵەوانانی ڕاستەقینەی کێشەکەن، ئەوانەی بە چەکی ئانرات لە لەحزەیە کدا سەرتاپای ژیاذیان گۆڕا، ئیتر فەزڵ نواندن بەسەر خەڵکدا هەڵایەکی پوچ و بێمانایە.

من پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێزی، لەبەر ئەوەی کارەکەی پەیوەندی بە پر سێکی زۆر هەستیارەوە هە یە، هەوڵ بدات لە دا هاتوودا ئاما نەت لە وەر گرتنی زانیاریەکان

بپارێزێت، له بواری بازرگانی و پیشەسازی نه پاراستنی مەلەکیەی ڤکری گەورەترین تاوانی بازرگانییه، بۆ سیاسەت و ڕۆشنبیریش هەمان شت درووسته.

له کۆتاییدا پرسیارێك له بەڕێزی معالی وەزیر دەکەم، باشه خۆ ناوەندی چاك سەر به نەتەوەیەکی دژ نین تاکو له بەرژەوەندی کورد نەهێڵین خاوەندارێیەتی لێ بکەن " هەرچەنده چاك یارمەتیدەر وهاوکاریکەر بووه له دادگاییەکه نەك زیاتر "، یاخود ئەو کاره ئەوان کردوییا نه خۆ نه چۆته گیر فانی داگیرکەرا نەوه، مه گەر ئەوان نەبوون سەرباری ڕاونانی نوێنەری بالۆێزخانەی ئێران، کۆنترۆڵی وتەی شایەدەکانیان دەکرد که له ئێرانەوه هاتبوون، نەك وتەکانیان له خزمەت کۆماری ئیسلامی ئێران بێت ؟. که ئەم کارەیان ئەنجامداوه، دەبوا یا بەڕێزی دەستخۆشی لێ بکردنا یا، نەك بێ یەوێت به وەڵامدانەوەی 3 تەلەفۆنی خۆی، ڕەنجی 2 ساڵی ئەوان به پەراوێز بکات، دەبوا یا نەك تەنها دەستخۆشی له ناوەندی چاك بکردابایا، بگره له هەموو ئەوانەشی ڕۆڵیان هەبووه له پرۆسەی دادگاییکردنەکه، له دۆسته هۆڵەندییەکان " مارتین و کرێستا و پارتی سۆسیالست له پێش هەموانیشەوه داواکاریگشتی فرێد تەیفن که به شی زۆری فەزڵەکه بۆ ئەو دەگەڕێتەوه "، هاوڵاتییه کوردەکان که سەر به 3 پارچەی کوردستان بوون، هەموو ئەوانەی سکاڵاکەر بوون، یان شایەدییان دا، یاخود ڕۆژێك له ڕۆژان لەبەردەم هۆڵی دادگا لەحزەیەك ئامادە بوون و وێنەکانیان له ئەرشیف پارێزراوه، هەموو ئەو بەڕێزانه به پێی بەشدارییان ڕۆڵیان هەبووه له پرۆسەی دادگاییه که، که بەڕێز داواکاری گشتی، له دوا داواکاری خۆیدا ڕۆڵیانی بەرز نرخاند کاتێك وتی: بۆ کورد ئەم دادگاییه گرنگه، چونکه جێگای بایەخ پێدانه بۆیان.

وەلێ به داخەوه و مەخابن ئێوەی بەڕێز لەو کاتەدا بایەخ و گرنگیتان پێی نادا.

## ئەو پیاوەی هەموو قەرزارین

## داوا کاری گ شتی دۆزی داد گاییکردنی فرانس ڤان ئانرات و پەرلەمانتاری ئێستای هۆڵەندی لەسەر لیستی پارتی VVD فر ێد تەیفن.




ئەم چاوپێکەوتنە بە هاوکاری کاك یونس گۆران ئەنجامدراوە.

سەرەتا دەبێت ئەوە باس بکەم، ئێمە وەك کورد، بە تایبەت وەك ناوە ندی چاك (سەنتەری هەڵەبجە)، هیچ کات ناتوانین ئەو دڵسۆزییەی بەڕێزت نواندت بۆ کورد، لە پرۆسەی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات لە یادی بکەین، بۆیە ئێستا لە بەردەم کەسێکی زۆر دڵسۆزداین و سوجدەی وەفاداریت بۆ دەبەم.

" ئەو ڕۆژەی داواکاری گشتی داوای خۆی خوێندەوە، داوای 15 ساڵ زیندانی بۆ ئانرات کرد بە تاوانی هاوبەشیکردن لە ئەنجا مدانی ژینۆساید، ناوە ندی چاك " پێشنیاری خۆم بوو " نامەیەکی کراوەی نووسی، تیا یدا وەك وەفادارییەك بۆ ئەو پیاوە داوایکرد، شەقامێك لە شاری هەڵەبجە بە ناوییەوە ناو بنرێت، بەڕێز نوێنەری

حکوومەتی کوردستان لەوکات مامۆستا شاهۆ ڕەزامەندی لە سەر دەربڕی، وەلێ بەداخەوە کەسێك نەبوو بە جدی دوای بکەوێت و داواکارییەکە بگەیەنێت بە ئەنجام "، وەلێ هێشتا درەنگ نییە بۆ دانەوەی ئەو وەفادارییە.

پرسیار: بەڕێزت وەك داواکاری گشتی دۆزی فرانس ڤان ئانرات، زۆر بە پەرۆش بوویت، بۆ ساغکردنەوەی ئەو تاوانانەی سەپێنرابوو بەسەر ئانراتدا، ئەو پەرۆشیەت لە کوێوە سەرچاوەی گرتبوو ؟، ئا یا لەوەوە بوو کە پێت قەبوڵ ناکرا هاووڵاتیەکی هۆڵەندی لە دووری زیاتر لە 4000 کم تاوان بەرامبەر بە گەلێکی بێ دەوڵەتی وەك کورد بکات، یان هەستێکی مرۆڤ دۆستانەی گشتی بوو !.

وەڵام: بەڵێ، لە 6-11-2004 کاتێك ئانرات لە بەرنامەی نێت ڤێرك چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرا.

پ: پێش ئەو مێژووە سکاڵای لێکرابوو ؟

وەڵام: لە 6-11-2004 دەست بە سکاڵا کردن کرا، پێش ئەو مێژووە ڕۆژنامەنووسان لەسەریان نووسی، دەیان وت بازرگانی بە چەکی کیمیاوییەوە کردووە، وەلێ لە 6-11 ئێمە وەك پۆلیس کردمان بە قەزیە پاش ئەو بەرنامەیەی لە تەلەفزیۆن نیشان درا، لێکۆڵینەوەمان دەست پێکرد، خۆم چووم بۆ کوردستان، ئەو هەموو برینداەرەی چەکی کیمیاویم بینی کە لە نەخۆشخانەکان بوون، ئەو هەموو ئازارەی گەلی کورد هەیبوو، لە ساڵی 1985-1986 ئەو یەکەم کەس بوو چەکی کیمیاوی داوە بە عێراق.

پرسیار: تا لە تەلەفزیۆن چاوپێکەوتنەکەی پەخش نەکرا، نەبوو بە قەزیە ؟ هەرچەندە لەسەریان نووسیبوو ؟.

وەڵام: نا هیچ قەزییەیەك بوونی  نەبوو، جگە لەوەی ئەمەریکا کە گرتی، لە ئیتاڵیا هەڵات چوو بۆ عێراق، بەڵێ لەوێوە دەستی پێکرد و گرترا.

پ: تاوانباری دیکە زۆرن، لە کۆمپانیاکان،  لە تاوانبارانی کوردستان، سەدان کەسی تاوانکارتر هەیە لە ئانرات، کەس لێیان ناپرسێتەوە، بەمە چی دەڵێن ؟.

وەڵام: مێژوییەك هەیە پێویستە باش ئاگاداری بین، ئەویش ئەوەیە تاکو ئۆکتۆبەری 1985مەوادی کیمیاوی یاساغ نەبووە فرۆشتنی بە عێراق،چونکە عێراق دە یووت  لە پیشەسازی نەوت بەکاری دەهێنم، دوای ئەو مێژووە،بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاردرا ئەو مادانە هیچکە نەدرێت بە عێراق، چونکە لە شەڕدا بەکار دەهێنرا.

کۆمپانیای عەرەبی و ئەڵمانی هەن  لە دوای ئەو مێژووە چەکیان داوە بە عێراق، ئێمە وەك هۆڵەندی ناتوانین محاسەبەیان بکەین، دەبێت وڵاتەکان خۆیان محاسەبەیان بکەن.

پر سیار:  تەنها  ئەو کۆمپایا نە  نا، بەڵ کە  ئەی  ئەو  چەکدارانەی بە  شداری ئۆپەراسیۆنەکانیان کرد، خۆت لە دادگا باسی گوندی تۆپخانەت کرد ؟.

وەڵام:یەکەم شت دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەوە کێشەیەکی ناوخۆییە، دەبوو کورد خۆی ئەوە بکات،  لە بەر ئەوەی حکوومەتە کوردیە ناوخۆییە کە ج یاوازی بیرکرد نەوەی تێدایە، ئێستا ئەو قەزیەیە بوروژێنرێت  کێشە دێنێتە پێشەوە، بەڵام وەکو بیروڕای من ئەوەی بەشداریکردووە لە ئەنفال دەبێت دادگایی بکرێت، بەڵام ئایا دەتوانین پاش 20 ساڵ ئێستا سزای ئەوانە بدەین ؟.

پرسیار: وەکو خۆت وتت لە دادگا  ژینۆساید کۆن نابێت.

وەڵام: بە پێکەنینەوە، بەڵێ وایە.

پ: ئەو خۆپیشاندانانەی لەبەردەم هۆڵی دادگا لە لایەن کوردەکانەوە دەکرا، ڕۆڵی چی هەبوو لە سەر  پرۆسەی دادگاییەکە ؟.

وەڵام: باوەڕ ناکەم کاریگەری لە دادوەر کردبێت، بۆ ئەوەی بڕیاری دیکە بدات، وەلیٚ کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر میدیای هۆڵەندی، کاریگەری لەسەر وێنەی کورد دا نا، ناڕاستەوخۆ کاریگەری کردە سەر دادوەر بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی بدات.

پ: کە داواکاری گشتی بوویت، دەتەویست بیسەلمێنیت ئانرات هاوبەشی کەرە لە پرۆسەی ژینۆسایدکردنی گەلی کورد، ئێستا تۆ پەرلەمانتاری، لە پارتێکی سیاسیدا کە خاوەند نفوزێکی گەورەی ئابووری سیا سییە لەم ولا تە گرنگە کە ناوی هۆڵەندا یە، ئامادەیت هەیە، ئێستاش لە پەرلەماندا شەڕی بە بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی کورد بکەیت، واتا بە ژینۆساید ناسینی کورد ببەیتە ناو پەرلەمانەوە، چۆن پارتەکەت ئێستا ئەو شەڕە بۆ ئەرمەنەکان دەکات، با بۆ کوردی بیٚ دۆست و بێکەسیشی بکات ؟.

وەڵام: کورد لە ناو حکوومەتی عێراقدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە، گەورەترین بەڵگەش ئەوەیە سەرۆك کۆماری عێراق کوردە " سەرۆك جەلال تاڵەبانی "، ئێمە پشتگیری کورد دەکەین لە پرۆسەی دیموکراتی ناوخۆیی خۆیان، پشتگیری ئەو بزووتنەوەیە دەکەین لە ئێران هەیە، هەروەها ئەوەی لە کوردستانی سوریا هەیە، بەلاّم پشتگیری ئەو شێوازە ناکەین پەکەکە دەیکات لە تورکیا، ئێمە باوەڕمان وایە دەبێت بە شێوازێکی دیکە بێت تێکۆشان، وەلیٚ پ شتگیری ئەوە دە کەین کورد لە تورک یا ئۆتۆ نۆمی هەبێت، وەك پارچەکانی دیکە، بەلاّم دەبێت بە شێوازێکی دیکە هەوڵی بۆ بدەن.

ئەوەی شتێکی گرنگە ئەوەیە، ئەو جێگەیەی کورد لە کوردستانی عێراق گرتویەتی، ئەبێت ینك و پدك بیسەلمێنن بۆ جیهانی دەرەوە کە جارێکی دیکە شەڕ ناکە نەوە و ئاسایش و ئارامی دەپارێزن، دەتوانن پێکەوە حکوومەت دابمەزرێنن و بەڕێوەی بەرن، تاکو ئێمەش لە ئەورووپا و ئەمەریکا زیاتر پشتگیری کێشەی کورد بکەین.

پرسیار: له بیرت نەچێت پەکەکە له تورکیا دەیەوێت چەك دابنێت، وەلیّ حکوومەتی تورکیا لێی قەبولّ ناکات.

وەڵام: باسی ئەوە ناکەم.

پرسیار: پێت وایە ئەنفال ژینۆسایدە ؟

وەڵام:بەڵی من بە ژینۆسایدی دەژمێرم، لەسەر ئەو بنچینەیەش فرانس ڤان ئانرات سزا درا بە هاوبەشیکردن له ژینۆساید، ئێمە داوای ئەوەمان کردووە، وە لیّ کێشەکە هێشتا بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە، من بەشێوەی یاسایی بە ژینۆسایدی دەبینم.

پ: ئەگەر وایا، ئایا ئامادەیت هەیە نامەیەك بۆ داد گای باڵای تاوا نەکان له عێراق بنووسیت، تیایدا داوا بکەیت ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت ؟

وەڵام: ئەمە پەیوەندی بە کا تەوە هە یە، له مانگی یۆنی بڕیاری کۆ تایی له سەر دۆزەکە دەدرێت، ئێمە وەك وزارەت بە ژینۆسایدی دەناسین، وە لیّ له مانگی یۆنی بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرێت، کە وزارەتێکی هۆڵەندی  ئەوروپی بڕیاری لەسەردا کە ژینۆسایدە، قەت باوەڕ نا کەم وڵاتێ کی وەك عێراق بە ژینۆ سایدی نەنا سێت، ئە مە باشترین پشتگیرییە بۆ ئێوە.

پ: ئەمە هەڵوێستی پارتەکەشتە ؟

وەڵام: سروشتی ئەمە هەڵوێستی پارتەکەشمە (ڤەی ڤەی دی)، هەر پارتەکەی ئێمە بوو، داوایکرد ئەو گروپەی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە دەکات له سەر ئەو هۆڵەندییا نەی یارمەتی ئەو جۆرە دەوڵەتانە دەدەن بۆ ئەوەی پارەیان دەست بکەوێت، ژمارەیان له 20 کەسەوە بکرێت بە 30 کەس، واتا گروپەکە گەورە بکەنەوە.

پ: ئایا لەو بڕوادا هەیت ڕۆژێك بێت لەم وڵاتە، ئەوەی ژینۆساید کرد نی کورد ڕەتبکاتەوە سزا بدرێت ؟

وەڵام: تاکید وایە، ئەگەر وزارەتی هۆڵەندی ئەوەی بە ژینۆساید ناسی، ئەمە ما نای ئەوەش نییە تەنها لە هۆڵە ندە وا دەبێت، بەڵکە لەناو هەموو یەکێتی ئەورووپا بە ژینۆساید دەژمێردرێت.

پ: بۆ ئەرمەن زۆرتان پێیە،کەچی هەر لە تورکیا، زیاتر لە 20 ملیۆن کورد لە مافی هاووڵاتی بوون بێبەرین, چیتان پێیە بۆ سەقامگیری ئاشتی لەو پارچەیەی کوردستان، هەروەها بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ و ستەمی نەتەوایەتی پەیامتان چییە ؟

وەڵام: ئەمە پرسیارێکی زۆر سیاسییە، نامەوێت زۆر تیایدا قول ببمەوە، لەبەر ئەوەی شتی دیکەی زۆر لە دوایە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کورد لە تورکیا جیاببێتەوە، لە بەر ئەوەی لەساڵی 1990 سەربازەکان بڕیاری ئەوەیان داوە، ئێمە چارە سەری کێشەی کورد لەوەدا دەبینینەوە، ناوچەی کوردەکان ببێتە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی، نەك جیا ببێتەوە، باوەڕمان وایە کێشەی کورد لە تورکیا بەشێوەی دیموکراسی لە چوارچێوەی سنووری تورکیا چارەسەر بکرێت، ئێستا کێشەیە باسی کوردستانی گەورە بکرێت، بۆیە باشترە باس نەکرێت.

پرسیار: ئەوان ئەمڕۆ داوای ئۆتۆنۆمیش ناکەن، بەڵکە تەنها دەیا نەوێت بە کوردی قسە بکەن و کولتووری خۆیان بپارێزن و جل و بەرگی نەتەوایەتی بپۆشن.

وەڵام:کورد لە تورکیا جیایە، کورد لە هەموو جێگە یەك هە یە لە ناو حکوو مەتی تورکیا، زۆر کورد هە یە نایا نەوێت کورد لە تورکیا جیاببێتەوە، کورد لە هەموو دەزگایەکدا هەن لە تورکیا.

پرسیار: ئەوانە وەك كورد بونیان نییە لەو جێگایانە، بەڵكە ناتوانن بە كوردی قسەش بكەن.

وەڵام: من لەگەڵ ئەوەدام مافی كورد هەبێت لە توركیا وەك پۆشینی جل و بەرگ و زمان، وەلێ بە ڕوونی دەڵێم لەگەڵ ئەوەا نیم كورد جیاببێتەوە لە توركیا، ئەگەر كورد جیاببێتەوە ئەوا دەبێت نەخشەی سیاسی ناوچەكە هەمووی بگۆڕدرێت، وە كو دوای جەنگی جیهانی دووەم.

پرسیار: بێینەوە سەر ئانرات،ئایا لە بەرواری 6–12 ئانرات لە سەر چ بنچینەیەك گیرا.

وەڵام: لەبەر ئەوەی تەلەفۆنەكەی كۆنترۆڵ كرابوو و گوێمان لێی دە گرت، لە ژێر چاودێریدا بوو، زانیمان ئاگادارە لێكۆڵینەوەی لەسەر كراوە.

پرسیار: كێ ئەو لێكۆڵینەوەیەی كردبوو.

وەڵام: ئێمە وەك وزارەت، بە نیاز بوو هەڵێت بۆ بۆسنە و مەنتگیرنۆ، بۆیە یەكسەر گیرا.

پرسیار: گرتنەكەی پەیوەندی بە وزارەتەوە هەبوو، یان بە سكاڵاكەرانەوە.

وەڵام: بەڵێ لەو كاتەی ئێمە خەریكی كێشەكە بووین، بە دوایدا زۆر سكاڵای لێكرا، لە لایەن هاووڵاتیانی عێراقی و ئێرانی، كوردی ئێران و كوردی عێراق، لە دانیشتووانی هەڵەبجە، سەردەشت، گۆپتەپە، فەرجینی.

لەو كاتە گوێمان لێی بوو دەیەویست ڕابكات، ویستمان نەهێڵین ڕابكات، وەك چۆن 13 ساڵ ڕایكرد و لە عێراق خۆی شاردەوە، بۆیە وای لێمان كرد بیگرین، لەو كا تەی داندرابوو.

پرسیار: باشە ئەگەر تە لەفزیۆن چاوپێكەوتنی لەگەڵدا نەكردیا، وریا نابوونەوە لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكەن ؟.

**وەڵام: حکوو مەتی هۆڵە ندی بەڕا ستی ئا گای لەم کە سە نەبوو تا نەها تە سەر تەلەفزیۆن، کە بینیم وتم ئەمە چییە وا دەڵێت، یەکێك بووم لەوا نەی وتم با دە ستی پێبکەین.**




Gunau Mahud, an Iraqi Kurd girl, protests outside the court in The Hague, Netherlands, holding pictures of poison gas victims

## فایلی ئەنفال

## سەبارەت بە سەرەتاکانی ئامادەسازی بۆ پرۆسەی دادگاییکردنەکەی فرانس فان ئانرات

- **ئامادەکردنی: ڤینۆس فایەق**

**تێبینی: ئەم بەشەی ئەم ریپۆرتاژە لە ژ مارە 180ی رۆژنا مەی (کورد ستان راپۆرت) رۆژی سێشەممە 10ی نیسانی 2007 بلاّوبۆتەوە..**

**عەلی سیاسی یەکێکە لەو کەسایەتیانەی چالاکانە بەلاّم وەکوو سەربازێکی ون و، هەمیشە لە دواوە و بە بیّ ئەوەی کەس بە رۆڵی گرنگی بزانێت، رۆڵی لە ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال بە ناوەندە جیهانیەکان، لەگەڵ ئەوەشی وەك خۆی ئەڵێت زمانی هۆڵە ندیش نازاد ێت و تەنها کوردی ئەزانێت، کە چی کۆڵنەدەرا نە بەملاو بەولا پەیوەندی دەکات بە هەموو ناوەندەکانەوە، بۆ سازادنی چالاکی و کۆڕ و کۆبوونەوە و، بانگهێشتکردنی نووسەر وتایەبتمە ند و شارەزای نەك کورد، بەڵکە عەرەب و هۆڵەندی، هەروەها بەوەشەوە نەوەستانە بەخۆی خێزان و منداڵەکانیەوە هەمیشە ئامادەن لە هەموو رێپێوان و خۆپیشاندانەکانی سالاّنە بۆ یادی ئەنفال و هەموو یادەکانی تری نەتەوەیی و کۆمەلاّیەتی رەهەندی کورد لە ولاّتی هۆڵەندا..**

**عەلی سیاسی بە خۆی لە رێگەی رێکخراوی (چاك)ەوە رۆڵێکی ئێجگار گەورە و بەهێز دەبینێت ئەم رۆژانە لە دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکەی (فرانس فان ئانرات) کە تاواذ بارە بە فرۆ شتنی مادەی کیم یایی کە را ستەوخۆ ئە چنە پێکها تەی دروستکردنی غازی ئەعساب و خەردەل کە ساڵی 1988 رژێمی عێراق بەکاری هێنا بۆ بۆردومان کرد نی شاری هەڵە بجە و گەلیّ شاری تری خوارووی کورد ستان و، هەروەها لە گەلیّ ناوچەی خۆرهەلاّتی کوردستان بەکاری هێنا لە کاتی شەڕی عێراق ئێران..**

**عەلی سیاسی بە بێدەنگی کار دە کات، بەلاّم کارە کانی خۆی رێکخراوی ( چاك) دەنگیان بەرزە و ئاشکرا دیارن.. بەباشمزانی بەناوی رۆژنامەی کوردستان راپۆرتەوە**

چەند پر سیارێکی لێب کەم سەبارەت بە سەرتاکانی دە ستپێکرانیان لە گەڵ دادگاییکردنەکەی تاوانبار (فرانس فان ئانرات)، کە بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە..

دیمانە: ڤینۆس فایەق

1- ئە گەر بکر ێت با سی سەرەتای دە ستپێکردن بە پرۆ سەی دادگاییکردنە بکەیت؟

وەڵام: سەرەتا من بۆخۆم چاودێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵە ندی نا کەم چونکە زمانەکە نازانم، ڕۆژێك لەخەو هەڵسام چوومە سەر سایتە کوردییەکان، هەواڵێکم لەسەر ئانرات خوێندەوە، رۆژنامەنوس کاك کامەران ئەحمەد سلێمان نوسیبوی و بڵاویکردبوەوە لە رۆژنامەی کورد ستانی نوێ, یەکسەر هات بە مێشکمدا دەست بەکاربین، بەڵام چاك 100 دۆلاری نەبوو، بۆ یە بەس وەك خەیاڵێك بە مێشکمدا گوزەری کرد و بیرەکە جدی نەبوو بەلامەوە، بۆ ئێوارە برادەرێك هەڵەبجەیی بەناوی کاك ئەحمەد شێخ سدیق لە شاری ئارنهێمەوە بە حەماسەتێکی کەم وێنەوە تەلەفۆنی بۆمکرد، وتی کەسێك وا لە هۆڵەندا هەیە بۆ نەیدەینە دادگا، منیش لە وەڵامدا باسی بێ پارەییم کرد، وتی خەمت نەبێت ئێمە وەك هەڵەبجەییەکان کۆمەك کۆدەکەینەوە، منیش وەك کوردەکە دەڵێت غیرەت گرتمی، وەلێ بەشداری کاك ئەحمەد لە دادگاییەکە هەر ئەوە ندە بوو سەرباری ئەوەی لە رێگەی خێزانەکەیەوە کاك ڕێباز قادرمان ناسی و بوو بە سکاڵا کەر لە داد گا, هەر چەندە ئەوەندە کە مێژوی یە ئە گەر ڕا ستگۆیانە بینوو سینەوە، چونکە قازانج باوکی زۆرەو کەس لە بەرهەمە کەی شەریك ناکر ێت، بەڵام خێزانە کەی کاك ئە حمەد کاتێك من سەفەرم کرد بوو زۆر هاو کاری کاك ئەمیری کرد بوو، دوای تەلەفۆنە کەی کاك ئە حمەد تە لەفۆنم

هەلگرت لەگەڵ کاك عەلی ڕەحیمی قسەمکرد، ئەویش زۆری پێخۆش بوو زۆر هانی دام، ئەوجا تەلەفۆنم بۆ کاك ئاسۆ گەرمیانی کرد لە ئەمستردام کە سایتی ئەنتەرنێتی چاکی بۆ بەڕێوەدەبردین و پێشتر دووجار سمیناری لەگەڵ بەڕێز هاری ڤان بۆ ملێ لە پاڵ تاك بۆ ڕێکخ ستبووم، چونکە هەواڵە کە پاش موداخەلەکەی خاتوو کریستا لە پەرلەمان لە ڕاگەیاندنی کوردی بلاو بوەوە هەردووکیان سەر بە پلرتی سۆسیالستن، وا بزان هەواڵە کوردییەکەش خۆ لە ئەرشیفدا ماوە ئەگەر خۆمان ماندوو بکەین هەرلەسەر موداخەلەکەی خاتوو کریستا بوو ئەوە یەکەمینجار بوو لە راگەیاندنی کوردی باسی ئانرات بکرێت، بەلام کاك ئاسۆ لە ماڵ نەبوو، ژنەکەی ڕوسییە بە کوردیەیەکی سەقەت وتی دوای سەعات 10 دێتەوە، ئەوجار تەلەفۆنم بۆ کاك ئەمیر قادر کرد، ئەویش لە ماڵ برادەرێکی بوو بەناوی کاك عەلی ئیسماعیل لە شارێکی دیکە، بۆ ماڵ کاك عەلیش تەلەفۆنم بۆکرد، لە گەڵیدا مە سەلەکەم با سکرد، بە گەرمی ها تە پێشەوە و وتی با کاك عەلی هاوکاریتان بکات چونکە ئەو لە بە شی سیا سەت دەخوێنێت، وتی باشە سبەی لەگەڵ پارتی سۆسیالست قسە دە کەم و جەوابت لێدەگێڕ مەوە، شەوی دوا تر کە تێلم بۆیکردەوە، و تی کاری زەرورم هەبوو ئەمڕۆ، بەلام بە مسۆگەری سبەی پەیوەندی دەگرم، کە سبەی پەیوە ندیگرت و تی: کە سانی دیـ کەش هە یە بە دوای ئەو کارەوەن لە ڕێـ گەی پارتی سۆسیالستەوە دەیان دۆزینەوە، ئەو کە سانەش کاك عەگید و بەڕێز مارتین بوون، سەرباری پارتی سۆسیالـ ست، بەلام لەو کا تەدا باذ گەوازێك دیـ کەش بلاوکرایەوە بە هەمان ناوی کۆمیتەی دادگایی ئانرات، دواتر کە بە بانگەوازێك داوای یەکگرتنمان لێیانکرد، دیاربوو جدی نەبوون نەمان زانی کێن و چ کارەن دەنگیان نەبوو و نەما، ئیتر ئێمە دەست بەکار بوین ئەو کۆمیتەیە وابزانم لە 2003-9-18 ئەگەر هە ڵە نەبم ڕاگەیەنرا،(( بە و تەی کاك عگید ئێـمەش

نەبوینایا ئەوان هەر دەست بەکار دەبوون، تاکە کێشەیان تەنها دۆزینەوەی سکالا کەر بوو)).

پاش دۆزینەوەی ئەو بەڕێزانە، کاك ئەمیر وتی کۆبونەوە دەکەین تۆش وەرە، وتم کاکە من هۆڵەندی نازانم و خۆت نوێنەر بە، ئیتر پارێزەر دۆزرا یەوە کە وا بزانم کاك عەگید پارێزەرەکەی دابینکرد بوو لە هەمان بیرۆ بوو پێشتر پارێزەریان بۆ بەڕێز ئۆجەلان گرتبوو، یارمەتی بۆ کۆکرایەوە لە سەرەتاوە بەڕێز مارتین، پارتی سۆسیالست زۆر جوامێرانە هاتنە پێشەوە، هەنگاوی دواتر وتیان دەبێت سکالاکەر پەیدا بکەین، وتم باشە من و کاك عەلی و دانیا خان، وەك شایەدی هەڵەبجە و سەردەشت و گۆپتەپە، بە وتەی داواکاری گشتی کەسی خەڵکی فەرجینیش پەیوەندی بە دادگاوە کردبوو، ئەمە چیرۆکی دەستپێیکی بەشداری چاك بوو لە پرۆسەی دادگاییەکە، بەڵام دەمەوێت چەند ڕاستییەك ڕونبکەمەوە، ئەویش:

- پێش ئێمە کە سانی دی ئەو هەوڵەیان داوە لە ناویا نا کاك عەگید کورد بوو لەگەڵ مارتین و پارتی سۆسیالست، بەڵام بە شداری ئێمە پەیداکردنی سکالاکەر و پەیوە ندی بە ستنی لە گەڵ جالیەی کورد بەهێز کرد، تەنانەت شایەد حاڵی زۆرمان لە کورد و عەرەب بۆ دادگاییکە دۆزییەوە.
- دوای بلاوکردنەوەی چاوپێکەوتنی ئانرات لە گەڵ تیڤی نێت وێرك وەك وزارەتی داد بڕیاریان داوە دەست بەکاربن بۆ دادگاییکردنی ئانرات، بە پێی وتەکانی بەڕێز فرێد تەیفن داواکاری پێشووی دۆزەکە، بۆ یە ئێ مە بە شداریمان کرد لە دادگاییە کە وە لێ هەموو شتێك نەبووینە، ڕاگەیاندنی هۆڵەندی، وزارەتی دادی هۆڵەندی و شەخ سی فرێد تەیفن، پارتی سۆسیاستی هۆڵەندا بەتایبەت پەرلەمانتار خاتوو

کریستا، بەڕێزان مارتین و عەگید، سەرباری ڕۆژنا مەنووس ئارنۆڵد هەموو لە پێش ئێمەوەن، وەلێ ئێمە لە هەمووان ماندوتر بووین دواتر بە کەیسەکەوە بە تایبەت کاك عەلی ڕەحیمی و کاك ئەمیر و من، وەلێ قارەمانی سەرەکی سکاڵاکەرانن، دانیا و مام قادر، ڕێباز و....، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین ئەوەی فلسێکی دابێت، یان کۆیکردبێتەوە، یان هاتبێتە بەردەم دادگا، یان پەڕە کاغەزێکی دابێت بەشدارە لە دوورینەوەی ئەو دەسکەوتە، من ناتوانم ناو کەس بهێنم چونکە کەسەکان زۆر زۆرن، تاوانبار دەبم ناوی برادەرانی خۆم ڕیز بکەم، خەڵکانی دیکەش لە بیربکەم، با ئەوە بەجێبهێڵین بۆ ئەرشیفی چالاکییەکان کە وێنەکانیان پارێزراوە لە گەڵ ایستی کۆمەکەکان و ئەوانەی هاوکاری دادگایان داوە، یاخود پەیوەندییان کردووە.

2- لە سەرتادا کێ دەستی یارمەتی بۆتان درێژکرد؟ (ئێوە وەکوو چاك)

وەڵام: خەڵك وەك جەماوەر، سکاڵاکەران لە گیرفانی خۆیان دەهاتن بۆ دادگاییەکە دانیا و عەلی ڕەحیمی، هەموو ئەوانەی لە بەردەم لێزمەی باران ئامادەی دادگاییەکە بوون، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وێنەکانیانی بڵاو کردەوە، ئەوانەی هانیان دەدایین، ئەوانە وزەی کارەکە بوون.

3- هەڵوێستی حیزبە کوردستانیەکان چۆن بوو لەسەرەتادا؟

وەڵام: هەوڵوێستی فەرمی حیز بی ڕوون نەبووە و کە سیش دژا یەتی نەکردووین، هیچ کاتێك پارتێك بە فەرمی دژا یەتی نەکردووین تەنانەت بۆچونی واشیان نەبووە، دەیان توانی موداخە لە بکەن و ئاڵۆزی بکەن بەڵام نەیانکردووە ئەمە ڕاستییە، بەڵام وەك تاك بە کۆمەڵ بەشدارییان کردووە لە

خۆپیشاندانەکان بەردەم داد گا و هاذ یان داو ین، ڕاگەیاند نەکانیان ئا مادەی دادگاکە بوونە، هەرچەندە جگە لە ڕۆژ تیڤی تەلەفزیۆنەکان دی ﺒهەواڵەکانیان وەك خۆی بڵاو ناکردەوە، هەوڵیان دەدا ڕۆڵی چاك کەمتر لەوەی هە یە نیشان بدەن، چونکە ناڵێم ئێمە هەموو بووین، بەڵام بەشێك بووین لە پرۆسەکە، بە تایبەت لە پەیوەند بە کوردەوە.

## 4- کەس هەوڵی نەدا کێشە و تەگەرەتان بهێنێتە ڕێگە؟

وەڵام: نا، تەگەرە خستنە بەردەم کاری وا گەورە سانا نییە وە نەشکراوە ئەگەر بە ویژدا نەوە قسە بکەین، ئاخر بۆ تەگەرە بخرێتە پێش، ئەگەر بیانویستایە دەکرا، دەشیان توانی، یەك سکاڵاکەر یاخی بێتەوە پارێزەرێکی دیکە داخل بە دادگاکە دەبوو، ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە بەهێزن لە کوردستاندا هەموو شت دەتوانن بکەن، ئەوان متمانەیان هەبوو دۆزەکە بەرەو حیزبێکی دیکە نابردرێت، من بۆخۆم دژ بەوەشم لە دوای برد نەوە بکرێتە فەزڵێك بەسەر خەڵکەوە، چونکە فەزڵ هەر بۆ قوربانیانە، ئەوا نەی ئازار یان چەشت بەدەست بۆمبەکانی ئانرا تەوە، ئەوا نەی ماڵەکانیان خاپوورکرا، ئەوا نەی لە سێدارەدران، ئەوانەی لە ژێر گۆڕە بە کۆمەڵەکاندان.

## 5- هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن بوو؟

وەڵام: حکوو مەتی هەرێمی کورد ستان نا مەمان بۆ یان نوو سی، وەڵامیان داوینەتەوە بە تەلەفۆن لە مەکتەبی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە، کە داوای کۆمەکی مادیمان لێیان کردبوو، بە داخەوە هیچ کۆمەکیان نەکردین، نا مەمان بۆ هەموو دەست ڕۆیشتووان کوردستان نووسینی، هەر خۆم 16 نا مەم بۆیان نووسی جگە لە مەڵبە ندی ئەورووپای یەنك و بەڕێز نەو شیروان مستەفا و

پەرلەمانی کوردستان  وەڵامیان نەداینەوە، هەرچەندە کەسانی ناو ینك و حشك کۆمەکی چاکیان کردووە وەك ڕێکخراو بە ناوەندی چاك، ئەوە لەبیر ناکەین.

6- هەڵوێستی حکومەتی عێراقی؟ ئایا قسەتان لەگەلیان کردووە؟

وەڵام: نەخێر هیچ قسەمان لەگەڵیا ندا نەکردووە، نازانم لە گەڵ کێ قسە بکەین، ئایا دەتوانرێت لەگەڵ ئەو فەوزایە قسە بکەین کە ناوی حکوو مەتی بەغدایە، هەروەها مەگەر کورد بۆ خۆی بەشێك گرنگ نی یە لە حکوو مەتی بەغدا، ئا یا ئەوان دۆزی ئانرا تیان نەبیستووە ؟، دە شیا خۆ یان بکردا یە بە خاوەندی، دیارە دەوڵەت هەموو کات دەتوانێت پەیوەندی بە داد گاوە بکات و هاوکاری بکات، بیانویستایە دەیانتوانی شتی گەورە بکەن، ئەوان موداخە لەیان بکردایە وەك دەزگا کێ گوێی لە ئێمە دەگرت، لە نەبونیا ئێمە هەبووین.

7- دۆکومێنتی زۆرتان هەتا ئیستا دەستکەوتووە و زۆریشتان بۆ دادگا بەرزکردۆتەوە، ئەکرێ باس لە چۆنیەتی دەسکەوتنی ئەو دۆکومێنتانەمان بۆ بکەیت؟

وەڵام: ئەو دۆکۆمێنتانە هەموو بە شەخسی کۆکراوەتەوە، لە ڕێگای پەیوەندی شەخسیدا بووە، بەڵێ ئێستا کەم دۆکۆمێنت هەیە لەسەر ئەنفال و کیمیاباران کۆپییەکی لە دادگا نەبێت، سەرباری ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامە لەسەر گۆڕینی ناسنامەی هاووڵاتیان و داگیرکردنی زەوی و زاری هاووڵاتیانی کوردی ناو چەی داقوق و کەرکووك و پرۆسەی خاپوور کردنی گوندەکانی پارێزگای کەرکووك، دەتوانم ناوی ئەم بەڕێزانە بهێنم کە هاوکاری چاکیان کردووە بە دەستخستنی ئەو دۆکۆمێنتانە، چونکە زۆربەی زۆری لە ڕێگەی منەوە بووە: "حاکم عارف، حاکم هاوار حەمە خورشید دۆکۆمینت لەسەر ئانرات، کە زۆر زۆر گرنگ بوون " پارێزەر گۆڤەند بابان، ئەمیر خواکەرەم، لەتیف فاتیح فەرەج، شوان داودی، تەلەفزیۆنی ئازادی و تەلەفزیۆنی کەرکووك.

هەروەها وا خەریکم ئامر قەبزی دادگای عێراقی که داوا کراوه له پۆلیسی ئەمنتروپۆل ئانرات بگرێت بگەیەنم به دادگا، ماوەیه که هەوڵی به دەست خستنی دەدەم. ئەو دۆکۆمێنت و فلیمانه له دادگا و ئارشیفدا دەمێنن، دەبنه بەشێك له دۆزەکه، بۆیه چەنده ئەرشیفەکەی دەوڵەمەند بێت بۆ پرسەکه باشتر دەبێت.

8- ئەو دۆکۆمێنتا نەی له سەر ئانراتن،گرنگی زۆری پێدرا له ڕاگەیاندنی هۆڵەندی، چۆن دەستتان کەوت.

وەڵام: پێشتر من بیستبووم که بەڵگەنامه لەسەر ئانرات له دادگای عێراقی هەیه، که چوومەوه زۆری بەڵگەنامەکانم پەیدا کرد، وەلێ که گەڕام ئەوەی تیا دەرنەچوو، له دولیدا زیاتر له 1 مانگ ڕۆژی وا هەبوو حاکمەکەکانم له خەو هەڵدەستاند، خواردن و خەو و کۆبونەوەم لێیان حەرامکرد، ڕۆژی چەند جار جەرەس و مه سیجم بۆ یان دە نارد، ئەوانیش کێشەی خەتی ئەنتەرنێتیان هەبوو، تاکو بەدەستم گەیشت شەیتان شەقی برد، خۆم چەنده منجڕم لەو کارانه لەوەدا زیاتر ئیزعاج بووم، لێرەوه داوای لێبوردنیان لێ دەکەم، دەزانم ئێستا ئەوانیش بەختیارن چونکه بەشداری کارێکی گەورەیان کردووه، وەکو ناوەندی چاك پێشکەش به دادگام کرد، لەبەر ئەوەی دادگا بەڵگەنامەی کەمی هەبوو لەسەر ئانرات له بەغدا، بۆیه گرنگی زۆری لەسەر ڕەوتی دادگاییەکه دەبێت، دوای ئەوەی زانیم زۆر کاریگەره دڵم زۆر ئاسووده بوو، من لێرەوه سوپاسی ئەو بەڕێزانه دەکەم له بەغداوه ئەو هاوکارییەیانکردین، ئەوانەی وشەیەك کوردی نازانن، بەو کارەشیان بوونه بەشێکی گرنگ له سەرکەوێنەرانی پرسەکه.

**9-	ئەکرێ بڵێین ئەمەی ئێوە پێی هەڵدەستن لە داد گاییکردنی تاوانبار فرانس فان ئانرات کاری حکومەتی کوردستانە؟ ئا یا بۆ چی حکومەتی هەرێم هیچ لەو ئەرکانە ناگرێتە خۆی بە شێوەیەیکی رەسمی؟**

**وەڵام: ئەوە لە بێدەربەستەبوون و درك نەکردنیانە بە گرنگی کارەکە، من حەز دەکەم هەموو جارێك ئەوە دووبارە بکەمەوە، ئێمە بەشێکی بچووکین لەم دادگا گەورەیە، هاوکاریکەرین نەك یاریکەری سەرەکی، چونکە ئەم دادگایە زۆر گەورەترە لەوەی ئێمە باسی دەکەین، هاوکات بڕیارەکانی کۆتایشی زۆر گەورە دەبێت، پرسی ژینۆسایدکردنی کورد دەکاتە پرسێکی جیهانی گەورە. ئەگەر حکوومەتی کوردستانیش ئەوکارەی نەکردایە دەیتوانی زۆر موداخەلە بکات، هاوکاریکەر بێت، بەردەوام نوێنەرانی لەگەڵ قوربانیان بێت، وەرگێڕ دابین بکات، پارەی پارێزەر دابین بکات، ئەوە کەی کاری منە داوای کۆمەك بکەم بۆ ئەم کارە نەتەوەییە کەس ناتوانێت رێگر بێت، چونکە ئەوان دەوڵەتن و شەرعیەتیان لەبەردەستدایە، تاکو دەوڵەتیش وەستابێت موداخەلەی شەرعییەتی زیاترە لە من و تۆو کاك ئەمیر و کاك عەلی و.....**

**10-	ئەوەی ئاگادار بم سەردانی وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانتان کردووە، چی بۆ کردوون؟ چ جۆرە پشتگیریەکی بۆ دەستەبەر کردوون؟ هەڵویستی چی بووە؟**

**وەڵام: بەڵێ، بۆ ئەم کارە نەبوو، لەم کارە ئێمە باشتر هاوکاریانمان کردووە، بڕیاری دادگا لەسەر ئانرات کە کاك بەختیار عارف کردبووی بە کوردی پێشتر دام پێیان بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن لە دادگا " کاك بەختیار عارف لە دادگاکە رۆڵی مێژوویی هەبوو، نابێت لە یاد بکرێت "، ئەنجامیشدرا، هەروەها دوو پرۆفیسۆریان بۆمان داوەتکرد بۆ شایەدی دان لەسەر تاوانکاران، وەکی دیکە داوای هیچمان نەکردووە لێیان بەفەرمی، بەڵام ئێمە لەگەڵ وزارەتی ناوبراو**

پەیوە ندیمان با شە، هەر چەندە پ شتگیری لەیا سای شەهیدان و ئەنفالکراوان نا کەین، پێ شبینیش دە کەم لە دا هاتوودا لە سەر شوێنی نا شتنی ڕو فاتی ئەنفالکراوان هەڵوێستی توندمان لە بەرامـبەریان هەبێت، چونکە بۆ چوونی ئەوان وایە ئەو گۆڕە بە کۆمە ڵە لە هەولێر بـێت، ئێمەش پێـمان با شە لە ناوچەی قورسایی قوربانیان بێت، کە بان مەقانی کەرکووکە، تەوزیف کرد نی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە بەرژەوەندی سیاسی کارێکی خراپە.

11- کێ کرێی پارێزەری بۆتان دابینکردووە ؟

وەڵام: ئەو بەشەی بەر ئێمە کەوتووە وەك ناوەندی چاك کە نزیك بە نیوەی کرێکەیە، خۆمان پەیدامان کردووە، بەشێکی زۆری کە نزیك بە سێچارەکی من پەیدامکردووە، بەشێکی زۆری دیکەی برادەرێك بەناوی کاك دلێر محمد دابینی کردووە، بەشەکەی دیکە کە زۆر لەوەی ئێمە زیاترە کۆماری ئیسلامی ئێران دەدیدات بە پارێزەرەکە، چونکە بەشی زۆری قوربانیان لە ئێرانەوەن، ئەمەش ئە شکالیەتێکی دیکە یە لە دادگاییە کە, بەڵام پ شکی سەرەکی حکوو مەتی هۆڵە ندی دە یدات، ئەوەی ئێـ مە دڵۆپێـ کە لە دەر یا، بە کورتی و پوختی کۆمەکی ئێمەش نەبێت دادگا دەڕوات و پارێزەران بەردەوام دەبن.

12- ئە گەر بە شی زۆری ئەو کۆمە کە تۆ کۆیدەکەیـ تەوە، ئەی بۆ پارێزەرەکە جێگەیەکت لە دادگاکە بۆ ناگرێت ؟.

وەڵام: خۆم هەوڵم بۆی نەداوە، لە لا یەکی دیـکەوە نازانم ئا یا ئەوە بە پارێزەرەکە وتراوە یان نا ؟ من هەر ئەوە کارم بووە، چالاکیم ئامادە کردووە، هیچ کات نە چومەتە سەرمینبەر نەبوومە تە نوێـنەر، ئە مەش با هەر وەك ئەوانەبێت، گرنگ کارکردن و زەمیر مورتاح کردنە، کاری خۆت بکە و لە دوور

بووەستە، مێژوو چاوی تیژە هەموو شت دەبینێت, ڕاستی ڕێگای خۆی هەر دەدۆزێتەوە، پەتی درۆ هەموو کات کورت و تەنکە زوو دەپچڕێت.

13- بوونی یەك پارێزەر بۆ هەموو قوربانیان، لە لایەکەوە تەعامل لەگەڵ ئێوە دەکات، لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمە بە کێشە نازانیت ؟

وەڵام: بۆ من گەورەترین کێشەیە، کە من بۆخۆم چەندین ساڵ لە کوردستانی ئێران پێشمەرگە بوومە، هەر ئەمەش دۆزەکە بچووك دەکاتەوە، دەبوایا یەك پارێزەر نەبوایا بۆ هەردوولا، من ئەمە بە سوکایەتی دەزانم، وەلێ چارەسەریش سانا نییە، من بە تەنیا بڕیار ناتوانم بدەم، ئەگەر پارێزەرمان جیا بوایا باشتر دەتوانرا ناسنامەی نەتەوەیی بە پرسی دادگاکە بدەین، با ئەمە ئەزموونێك بێت بۆ داهاتوو، هەر ئەمەش وایکرد کۆماری ئیسلامی بە سانایی لە دادگا دەرباز بێت کە بۆ خۆی لە هەڵەبجە تاوانی جەنگی دژ بە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئەنجامداوە.

14- هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کارو باری ئەنفال و قوربانیەکانی ئەنفال هەتا ئیستا چ هەڵوێستێکیان هەبووە؟ هاریکاری هەیە لە نێوانتاندا؟

وەڵام: بە دەستپێشخەری ناوەندی چاك فیدراسیۆنێکمان درووستکرد لە 11 ڕێکخراو پێك هات، بەرپرسیارییەتییەکەشی بەر چاك کەوت،بەڵام کە چالاك نەبوو و پوکایەوە، پوکانەوەکەشی لە ئەستۆی ئێمە بوو ئەو کەسەی دامان نا زۆر قسە دەکات بەڵام دەرکەوت لە قسە ناتوانێت تەجاوز بکات، ئەوا سەرنەکەوتنەکەشی ئۆباڵەکەی بەر چاك دەکەوێت، ئێمە لەگەڵ هەموویدا پەیوەندی باشمان هەیە، خۆمان بە هاوکاریکەریان دەزانیین نەك ئەلتەرناتیف،

بەڵام وەك دەزانن لە دوای 8-21 ەوە زۆربەی موبادەرەکان لەو بوارەدا بەدەست چاکەوەیە، بۆیە تا ئیستا تا ئەم چرکە ساتە چاك پێشەنگە لەو بوارە، وە لێ ئەم ڕێکخراوە سەربەخۆیانە، فرە بیرکرد نەوەو فرە ئاواز خوێندنی تێدا یە، ئەگەر ئیفلیج نەکرێت ئەوا دەتوانێت ڕۆڵی باش بگێڕێت، ئێمە دەمانەوێت لە گەڵ هەموو ئەوڕێکخراوانە نەك دەستە خوشك بەڵکە یەك کار بین، ئەوە ندە نزیك بینەوە تاکو توانەوە لە ناو یەکتردا.

15- بۆ ساڵێکی دیکە، یادێکی دیکەی هەڵەبجە و ئەنفال چیتان بە دەستەوەیە ؟

وەڵام: لە ئێستا هەڵمەتێکمان بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی گرنگی بە هەڵەبجەو ئەنفالی 20 بدرێت، خەریکی کاری گەورەین بۆی، سەرەتا بە پیشەنگایەکی ئارم بۆ ئەو یادە دەستی پێ دەکەین، کە ئارمی سەربەخۆت بوو تایبەت بوو بەو بیرەوەرییە ئەوا دەتوانیت زیاتر جەماوەر لە دەوری کۆبکەیتەوە.

لە کۆتاییدا سڵاوم هە یە بۆ هەموو قوربانیان، ئێمە لە سایەی قوربانی ئەوا نەوە ئەم شانازییەمان بەر کەوتووە، سڵاوم هە یە بۆ هەموو ئەوا نەی سکاڵاکەر بوون لە دادگاییە کە، کاك عەلی ڕە حینی، دانیا خان، کاك ڕێباز، خزمانی سەردەشت، وەرگێڕەکان بەختیار عارف و حوسێن قاسم و شەوکەت دۆسکی، جارێکی دیکە کاك مارتین و عەگید و کریساتا و ئەمیر و عەلی ڕەحیمی و هەموو ئەوانەی جارێك لە جاران لە بەردەم هۆڵی دادگا ئامادە بوون، بە خو ناوی کچیشمەوە، بە باوان ئەو منا ڵەی داخیلە کەی لە دانمار کەوە پێشکەش بە دادگاییەکە کرد.

تێبینی: ئەم بەشەی ئەم ریپۆرتاژە لە ژمارە 180ی رۆژنا مەی (کورد ستان راپۆرت) رۆژی سێشەممە 10ی نیسانی 2007 بلاوبۆتەوە..

## دادگایی فرانس ڤان ئانرات و ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان و خەمساردی بەرپرسانی کورد، وەڵامێك بۆ ڕێزدار خاتوو ڤینۆس فایەق

بەڕێز خاتوو ڤینۆس فایەق لە دوو ژمارەی 38 و 39 ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا لە بابەتێکدا بە ناوی " سەبارەت بە سەردانی تیمی لێکۆڵینەوە هۆڵەندیە کە بۆ کوردستان," لە دەرگای بابەتێکی بە بەهاو گرنگی پڕ بایەخی داوە, مخابن ئەو بابەتە لە ناو هەر نەتەوەیەکی داماوی کورد ئاسای دیکەدا بنووسرابایا، دنیا یەك هەڵای دەنایەوە، کۆمەڵێك خەڵکی دەهێنایە قسە و هەندێکی دیکەش دەبوایا وازیان لە سیاست بهێنایا و توخنی دەسەڵات نەکەوتنایەتەوە، وەلێ لە وڵاتی نەخوێندەواری و بێدەربەستی وەك کوردستاندا، بابەتێکی ئاوا بە بێدەنگی تێدەپەڕێت و بەهەند ناگیرێت و لایەنە پەیوەندارەکانیش هەر نایخوێننەوە، هەر چەندە ئەمە لە کوردستاندا بۆتە دیاردەی باو.

تاکو ئێستا زۆر لەسەر دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات نووسرا، بە شێکی زۆری زانیاری ڕاست و بەشێکی دی ئەگەر بە هۆڵەندی بنووسرانایە، ئەوا خاوەندەکانیان تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبوون، تەنانەت خاوەنداریەتی وا لەو دادگایە کراوە، داوا کاری گشتی دادگا کە بەڕێز فرەید تەیفن کە فەزڵی گەورەی سەرکەوتنەکە بۆ ئەو دەگەرێتەوە، جورئەتی ئەوە ناکات ئەو نازناوانە لە خۆی بنێت و ئەو پاشناوانە هەڵبگرێت، دوور لە ئاگاداری هۆڵەندیەکان و بێ ئاگاداربوونی ئەوان بە زمانی کوردی زۆر شت وترا و نووسرا، مخابن زیادەڕۆیی هەمووکات لە کۆتایدا زیانلێکەوتووی یەکەم هەر خاوەندەکەی دەبێت، چونکە تیمەکانی توێژینەوە لە داهاتوودا کاری خۆیان ئەنجامدەدەن و پەیامە ڕاستییەکەی خۆیان هەر دەگەیەننە گەل، مخابن ڕۆژنامەگەری کوردی لە هۆڵەندا دەبوایا وردبین

بونایا لەم بوارە و بیلایەنانە کاری جدییان بکردبا یا لە گەیا ندنی زانیاری یەکان لەسەر خودی ئەو کەیسە گەورەیە بە خوێنەری کورد.

خاتوو ڤینۆس فایەق لە نزیکەوە ئا گاداری دۆ سییەکەیە، بە تای بەتیش خولی پێداچونەوەی بڕیارەکە ، بۆیە نوسینەکەی بەهەند دەگرم، لە هە ندێك بڕ گەی نوو سینەکەیدا پ شتگیری لیّ دە کەم، لە پ شکێکی دیکەی بابەتەکە یدا ئیزا فەی دەخە مە سەر و دەوڵەمە ندی دە کەم، لە هە ندێك کاتی شدا بە تەواوی ل ێی جیادەبمەوە.

خاتوو ڤینۆس دەنوسێت " دادگاییکردنەکەی فرانس ڤان ئانرات لە گەورەترین دادگای ئەورووپی لە هۆڵەندا دەرگایەکی گەلیّ گەورە و فراوانی لەبەردەم ناساندنی دۆزی تاوانەکانی ئەنفال وەکوو تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ کە دژ بە میللەتی کورد ئەنجامدراوە.. هەرچەندە فرانس ڤان ئانرات (بازرگانی هۆڵەندی کە بەر لە هێرشەکانی ئەنفالەکان و کیمیابارانی هەڵە بجە دە ستی تاوانی لە گەڵ دیک تاتۆری بەغدا سەددام حوسێن تێکەڵکردبوو بە فرۆشتنی بڕی زۆر گەورە لە ماددەی تی دی جی کە راستەوخۆ دەچێتە دروستکردنی گازی خەردەل و گازی کیمیایی و سەددام زۆر بەی زۆری ناو چە کورد یەکان بەتای بەت هەڵە بجەی پیّ بۆردو مان کرد) هەرچەندە لە کۆتایی دادگاییەکەیدا بە تاوانی ئەنجا مدانی تاوا نەکانی جینۆ ساید سزا نەدرا، بەڵام داد گا هۆڵەندیە کە دا نی بەوەدا نا کە تاوا نەکانی ئەنفال و هێرشەکانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و ناو چە کورد یەکانی تری ع ێراق و ئێران بە پێی یاسا بە تاوانی جینۆ ساید و تاوانی جەنگ و تاوا نەکانی کۆ کوژی ناوبرا..".

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین دادگای شاری دەنهاخ، گەورەترین داد گای ئەورووپی نییە، بەڵکە دادگایەکی جێگەی متمانەیە لە وڵاتێکدا بۆ خۆی بەشێکە لە یەکێتی ئەورووپا، ئە گەر ئەو دادگا یە داد گای شارێکی لا پەڕی ب چوکترین وڵا تی یەکێتی

ئەوروپیش بوایە، لە ڕوی سیا سی و یا ساییەوە بڕیارە کە هەمان کێ شی یا سایی و کاردانەوەی سیاسی دەبوو، لە کۆتاییدا بڕیارەکانی دەبێتە بڕیاری سەرجەم وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا.

ئەوەندەی من ئاگاداربم تاوانی هەڵەبجە بەهۆی پشکداری ئێران لە شەڕەکە، وە بوونی هەڵە بجە لەو لەحزە یە بەبە شێك لە بەرەی شەڕی ئ ێران- ع ێراق، لەو دادگاییە بە تاوانی ژینۆساید نەهاتە ناسین، تەنانەت لە خولی یەکەمی دادگاکەشدا، بەڵ کە کاردا نەوەی ڕژ ێم لەبەرام بەر خەڵکی هەڵە بجە، گرتن و ئەنفالکردن و ناردنیان بۆ ئۆردوگاکان، بە بەشێك لە کردەی ژینۆساید هاتە ناسین، بۆیە خودی کیمیابارانەکە چەندە تاوانێکی مەزن و نا سراوە لە ئا ستی جیهانی بە بۆ چوونی ئەوان تاوانی ژینۆساید نەبووە، بەڵکە ڕەگەزەکانی ژینۆ ساید لە مامە ڵەی ڕژ ێم لەگەڵ خەڵکە کەی لە گرتن و زی ندانیکردن و ناردن یان بۆ ئۆردو گا زۆرەملێ کان دەردەکەون و ئاماژەن بۆ ئەنجامدانی تاوانی ژینۆساید.

هۆڵەندییەکان لە پێناو سەرکەوتنی دادوەری و ڕاستی هەموو هەوڵێکیان خ ستە کار بۆ سەرخستنی ئەو دۆسیەیە، دەیان ملیۆن ئیرۆیان خەرجکرد، ڕەنجێکی زۆریان دا، سەردانی وڵاتانیان کرد لە مەشرەقەوە بۆ غەرب، تاناکایان لە ژاپۆن دۆزی یەوە، فینك لە سویسرا، شۆڕش حاجی لە بەریتانیا، سەلام ئیبراهیم لە دا نمارك،پۆڵا لە سوید، هەموشی لە پێناو سەرکەوتنی دادپەروەری لە وڵاتەکەیان....، ئەوان ئەوەیان لەبەر خاتری چاوی کورد نەکرد، ئەکوا هاووڵاتییەکی هۆڵەندییە بە هەمان شێوە لە لیبریا تاوانبار بوو دادگاییکرد، هەرچەندە هۆڵەندی یەکان شانازی بەخۆیا نەوە دەکەن کە لە کاروباری بازرگانی زرنگن، وەلێ نەك لەسەر خوێنی گەلان.

لە ڕاستیدا ڕەگەزەکانی ژینۆساید لە ئەنفال و بەعربکردن و ڕاگواستن و خاپوور کردنی لادێکان و کۆکردنەوەی هاووڵاتیان لە ئۆردو گا زۆرەملێکا ندا دەردە کەوێت، وە لێ لە هەڵە بجەدا ڕە گەزەکانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤا یەتی

دەردەکەوێت، بە هەموو پێوەرێك ئیلیمەنتی ژینۆساید لە ئەنفالدا هەیە، دادگا تەنها کاری ئەوەیە ڕەگەزەکان دەکاتە بەرگێکی یاسایی و شەرعییەتی پێدەبەخشێت لە ئاستی نێونەتەوەیی، ئەگەر بڕیارەکە لە دادگایەکی شارێکی لاچەپی ئەورووپیشەوە دەرب چێت، گەورەیی بڕیارە کە لە گەورەیی یەکێتی ئەورووپا و داد پەروەری دادوەرییەوەیە لەو وڵاتە.

گۆڕی بە کۆمەڵ، ڕاپۆرتی دادپزیشکی، دەرهێنانی ژن و منداڵی کوژراو لە گۆڕە بە کۆمە ڵەکان، م ندالًی مەمك لە دەم و یاری بەدە ست، پیر ێژنی پەککەو تەی گو لە بە سەرەوە نراو، شارەزایانی نا سراو جێ متما نەی نێونە تەوەیی، کە ئەو گۆڕانەیان هەڵداوەتەوە، با شترین بەڵگەی زیـندوون بۆ ئەنجا مدانی ژینۆ ساید لە ئۆپەرا سیۆنی ئەنفا لدا، بە شێك لەما نە خرا نە بەردە ست داد گا لە خولی پێداچوونەوە، بەداخەوە درەنگ بوو بۆ گەیشتنی ئەو دۆکۆمێنتا نە. ڕە گەزەکانی تاوانی ژینۆساید بونیان لە ئەنفالدا هەیە، ئەگەر لە لایەن داد گای شاری لاها یەوە بەرگی یاسایی بەبەردا بکرابایا, ئەوە گرنگی خۆی دەبوو بۆ ناساندنی تاوانەکە بە ژینۆساید لە ئاستی جیهانی، چونکە هەمان بڕیار لە ئا ستی هەر 25 وڵاتە کەی یەکێتی ئەورووپا فەرمیەتی پەیدا دەکرد.

تاوانی سربرینیتشا لە بۆسنیا کە لە ساڵی 1995 ئەنجامدرا لە لایەن سربەکانی بۆسنییەوە بە جینۆساید ناسێنرا " کە تیایدا 8 موسڵمان بە کۆمەڵ گولەبارانکران، کە مەزنترین تاوان بوو لە دوای جەنگی جیهانی دووە مەوە لە ئەورووپا، تیا یدا سربەکان پەلاماری پوازی مو سڵمان ن شینی سربرینیت شایان دا, بە کۆ مەڵ خەڵکەکەیان گولە بارانکرد،دواتر تەرمەکانیان گواستەوە بۆ جێگە یەکی دیـکە بۆ ئەوەی تاوانەکەیان بشارنەوە "، وەلێ شەڕەکانی دیکە لە هەمان وڵات بە کردەی جینۆساید نەهاتە ناسین لە لایەن هەمان دادگاوە، بۆیە ناکرێت ئێمە ناوی هەموو ئەو کۆمەڵکوژیانەی بەسەرماندا هاتووە، بە ناوی ژینۆساید ڕیزبەندی بکەین، زیان

**لێکەوتووی یەکەم لەم پۆلێنکردنە هەڵەیە، هەر ژینۆسایدە ڕاستەقینەکە دەبێت کە هەموو ڕەگەزەکانی لە ئەنفالدا** بە ڕوونی دەردەکەوێت، ژینۆسایدێکی دانپێنراو مان هەبێت باشترە لە هەزاری دان پێنەنراو.

قڕکرد نی نەتەوە یەك، یان بە شێك لە نەتەوە یەك کردەی ژینۆ سایدە، قەدەغەکردنی خواردن، یان تەرحیلکردن، کوشتنی بە کۆمەڵ هەموو دەچنە خا نەی ژینۆ سایدەوە، لە پرۆ سەی ئەنفا لدا بە شێکی گرنگ لە کورد " کە 5٪ ی کۆی دانیشتوانەکەیەتی (لە منەوەیە ڕێژەکە) " لە ناو دراوە، نز یك بە تەواوی لادێکانی لەگەڵ زەویدا تەختکراوە، ئەمە ئەو وتانە بوو لە ناو دادگا وترانەوە.

چۆن هەڵەبجە کردەی ژینۆسایدی نییە لە دۆ سیەکە، بەهۆی ئا مادەیی ئێرا نەوە لە لەحزەی کیمیا باران کردنە کەدا، بە هەمان شێوە کارە ساتی ز یوەش کە تیا یدا بارەگای کۆمۆنیستەکانی عێراق کیمیا باران کرا, کردەی ژینۆ ساید نی یە بە پ ێی بۆچوونی هەمان داد گا، هەر چەندە زۆر ترین ژ مارە شایەدی خۆیا ندا لە سەر ئەو تاوا نە، وە لێ لە بیر مان نە چێت لە کاتی جەنگ ناب ێت چەکی کیم یاوی ب کار بهێنرێت بەپێی بڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆ پی سی دەبلیو، بۆیە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆخۆی تاوانی جەنگە.

یاسای ژینۆساید بۆ پاراستنی کەمینەکانە لە کردەی ژینۆساید، هەر بۆ یە نا سینی ئەو تاوانانە بە ژینۆساید، گرنگی سیاسی و یاسایی مەزنی هە یە بۆ پارا ستنی کورد لە هەڕەشەی داگیرکەران لە داهاتوودا.

دادگا دەریخست، ئەگەر لا یەنێك پێ شتر زانیاری هەبووبێت کە ئەو کەرە ستانەی ناردویەتی بۆ عێراق، بۆ ژینۆ سایدی کورد بەکار دەهێنر ێت، ئەوا بە شدارە لەو تاوانە. هەر کەس مادە یان زانیاری بدا تە دەو ڵەتێك، کە زانی بێتی بۆ سەرکووتی کورد بەکاردەهێنرێت ئەو مادەیە، یاخود ئەو زانیاری یە، ئەوە بە شدارە لە کردەی جینۆسایدەکە. بۆیە تاوان بار تاوان بارە، ئە گەر بزان ێت هاوکارییە کەی دەبێ تەهۆی

ئەنجامدانی کردەی جینۆساید، مرۆڤ ئەگەر بزانێت کارێك دەکات ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی جینۆساید، ئەوە ئەو کارەی دەیکات بۆ خۆی دژ بە یاسایە. لێرەوە بۆ مان دەردەکەوێت لیستی تاوانباران لە بەشداربووانی ژینۆسایدکردن و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی نەتەوەی کورد لیستێکی دوورودرێژە لە ناوی وڵاتان، کۆمپانیا، ڕێکخراو، کەسایەتی...، ئێستا چۆن بتوانین ئەو لایەن و دەوڵەت و کۆمپانیایانە لە هەنگاوی یەکەمدا دەستنیشان بکەین ، بۆ ئەوەی لە هەنگاوی دووەمدا بچینە ناو شەڕی یاساییەوە، ئەمە پرۆسەیەکی مەزنی درێژخایەنە، بەبێ بوونی دەزگای لێکۆڵینەوەو پشکنینی شارەزایگەورە و دەوڵەمەند و دڵسۆز و جدی لە کارکردن، هەوڵەکانی بە ئاکام ناگات، لە هەموو پرۆسەیەکدا هۆڵەندا یەك بۆ کورد لە ئاسمانەوە نابارێت، ئانراتت بۆ دادگاییبکات و زیاتر لە 40 ملیۆن ئیرۆ لە دادگایەکە خەرجبکات.

لە پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانرات دەرکەوت، لە لایەن دادگای هۆڵەندییەوە، پێش ساڵی 1985 زانیاری پێویست لە بەردەستا نەبوو لەسەر سەرکووتکردنی کورد بە هۆی نەبوونی سەرچاوەوە، دیارە ئێمە سیدییەکی تاوانی قڕکردنی بارزانیەکانمان دابوو بە دادگا، وەلێ بۆ سەلماندنی ئەو تاوانە گەورەیە ئەوە بەس نییە، پێویست بوو لە دۆسییەکی گەورە تاوانەکە بە بەڵگەنامەوە پێشکەش بکرێت لە لایەن دەزگایەکی جێ متمانەی جیهانییەوە، هێنانەوەی تەرمی بارزانییەکان بە بێ ئەوەی تیمەکانی پشکنینی نێونەتەوەیی کاری لەسەر بکەن ئەو شانسەی لەم دۆسیەیە سەندەوە، ئەمەش خەمساردی دەسەڵاتی کوردی دەردەخات لە هەمبەر ئەو تاوانانە، چۆن پاش 24 ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانێك هێشتا نەتوانراوە دۆسییەیەك لەو تاوانە کە کەمتر نییە لە تاوانی سربرینیتشا پێشکەش بە دەزگا نێو دەوڵەتیەکان بکرێت، لە کاتێکدا ئەو دەزگاو ناوەندانە هەموو سۆزیان هەیە لەگەڵ دۆزەکە.

## عەلی حەسەن مەجید و دۆزی ئانرات

له بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا خاتوو ڤی نۆس فا یەق دەنوو سێت: " ئەوە بۆ خۆی هەلێکی مێژوویی گەورەبوو بەتایبەت هاوزەمان لەگەڵ داودانشتنەکانی ئەو دۆزە له هۆڵەندا، دانیشتنەکانی داد گاییکردنی عەلی حه سەن مەجید ( عەلی کیمیایی) له دادگای باڵای تاوانی عێراقی بەڕوە دەچوو.. له گەڵ ئەوەی ئەوه ندەی من ئا گاداربم لەلایەن هۆڵەندیەکانەوە زۆر هەو ڵدرا بۆ پەیوه ندیکردن به داد گا عێراقیه کەوە و گۆڕینەوەی زانیاری و شاهیدەکان، بەتایبەت بەنیازی پەلکێشکردنی عەلی کیمیایی بۆ بەردەم دادگا هۆڵەندیەکە.. بەڵام بەداخەوە ئەو شته رووی نەدا، که ده کرا دۆزی قەرەبووکرد نەوەی که سوکاری ئەنفالکراوەکان و بەجیهانی نا ساندنی ئەو تاوانا نه وەکوو تاوانی جینۆ ساید به جیهانی دەروه بنا سێنێت و سەدایەکی نێوەنه تەوەیی گەورەی لێدەکەوتەوە، که بۆ داهاتوو میللەتی کورد وه کوو میلله تێکی زو ڵم لێکراو سوودی لێ دەبینی و، هەروەها ئەتوانرا بەپێی یا ساکانی مافی مرۆڤ و یا سا و رێکەوتننامه نێونەتەوەییەکان لەو بوارەددا بکرێته بنەما بۆ ئەگەری جیابوو نەوەی کورد و دروستبوونی کیانێکی سیا سی سەربەخۆ، بەپێی ئەوەی هەر میلله تێك له دونیادا له سەر دە ستی میلله تێکی تر دوو چاری لەناوبردنی مەنههەجی و نەخشەبۆکێشراو بکرێت که پێی دەوترێیت جینۆساید، بۆی هەیه داوای جیابوونەوە بکات له ترسی ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانه ".

ئەو نامەیەی که هۆڵەندییەکان ناردیان بۆ داد گای باڵای تاوا نەکان کۆپیەکی لای من وەك دۆکۆمێنت پارێزراوە، دواتر ئیمەیلم کرد بۆ داد گای باڵای تاوا نەکان ، وەلێ داوایان کرد نەگاته دەست دەزگا کانی ڕاگەیا ندن، بۆ یه ئه مه یه کەمین جارە ئا ماژەی پێ دەدەم، خاتوو ڤی نۆس و کاك عەلی ڕەحی می ئا گاداری به شێك لەو پەیوەندیانه هەن که کرا به داد گای باڵای عێراقییەوە لەو ڕا ستایە، له ڕا ستیدا

لەلا یەن ئەمەریکی یەکان و عێرا قەوە ڕازی  بوون تی مەکانی پ شکنینی هۆڵە ندی سەردانی  عەلی حە سەن مەجید بکەن  لە زیندان و لێکۆڵینەوەی لەگە ڵدا  ئەنجام بدەن، وە لێ  ئەوە داد گای هۆڵە ندی  بوو ڕەتی کردەوە تی مەکانی پ شکنینی  خۆی بنێر ێت  بۆ بە غدا، هەر چەندە  لە  سەرەتادا لە سەر  ئەوە ڕ ێك  کەوتن پۆلی سێکی لێکۆڵینەوە  پر سیارەکان ب بات  بۆ بە غدا، کە سی دی نە چێت، وە لێ دوا یی داد گا لەوەش پەشیمان بوەوە، بەڵام بۆ پەلکێشکردنی عەلی حە سەن مەجید  بۆ هۆڵە ندا ئەوە ئاواتی ئەویش  بوو  بۆ ڕز گارکردنی م لی  لەو  قەنارە یەی  بۆی ئا مادەکراوە ، وەلێ لە ڕوی یا ساییەوە پ ێی  نا چێت ئەنجا مدانی  ئەو  کارە  شیاوی جێ بەجێبوون بوبێت، بێشك بکرابایا هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ ناساندنی دۆزی ژینۆسایدی کورد لە ئا ستی جی هانی.  هەروە سا ئە گەر بهاتبا یە بڕ یاری داد گا لە سەر دۆزی  ئەنفال  لە بەغدا پێش بڕیاری دادگای شاری لاهای هۆڵەندی بکەوتبایە، ئەوا کاردانەوەی ئەرێی دە بوو لە سەر  خودی بڕ یاری داد گای  ئانرات،  لە سەر نا سینی  تاوانی  ئەنفال  بە ژینۆساید،  بەهەر حاڵ ئۆ باڵی ئەنجام نەدانی  ئەو  کارە   تەنها  لە ئە ستۆی داد گای شاری دەنهاخ بوو.

## گرتنی ئانرات و سکاڵا تۆمارکردن لەسەری

خاتوو ڤینۆس لە بڕگەیەکی دیکەی بابەتەکەیدا دەنووسێت " دوای ئەوەی فرانس فان ئانرات پێشتر لەلایەن پۆلیسی هۆڵەندیەوە دەسگیر دەکرێ، ساڵی **2004** حیزبی سۆسیالی ست و کۆ مەڵێك  لە قورباندیەکانی کیمیا بارانی هەڵە بجە  کە  لە هۆڵە ندان، لە گەڵ  پارێزەری قورباندیەکان  شکایەتنامەیەك دەدە نە پۆلی سی هۆڵە ندی  لە  دژی

فرانس فان ئانرات و تاوانباری دەکەن بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و فرۆشتنی بڕی زۆر گەورە لە ماددەی TDG کە راستەوخۆ دەچێتە دروستکردنی چەکی کیمیایی وەکو گازی خەردەل و ئەعساب.. ".

لە بەرەدا خاتوو ڤینۆس ناوی ناوەندی چاکی لە بیر دەچێت، دەتوانێت لەو سکالاکەرانە بپرسێت چۆن هاتنە ناو پرۆسەکەوە و لە رێگەی کێوە پەیوەندییان پێوە کرا، نە ئەو کەسانە نەناسراون تاو نەدۆزرێنەوە، نە مێژووەکەش ئەوەندە دوورە بیرکردنەوە غەدرمان لێبکات و لە یاد کرابێت.

لە بەرواری 2003-9-18، ناوەندی چاك و پارتی سۆسیالست و ڤ یدکۆم و خەباتکارێکی هۆڵەندی بەناوی مارتین کۆمیتەیەکیان پێك هێنا بۆ بە دادگایی گەیاندنی فرانس ڤان ئانرات، ئەو هەوڵەش دوای بڵاو بونەوەی ناوی ئانرات لە راگەیاندنەکان هات، پاش ئەوەی خاتوو کریستای پەر لەمانتار لە سەر لیستی سۆسیالست لە پەرلەمانی هۆڵەندی قسەی لەسەر تاوابار کردبوو.

وەلێ کاتێك تەلەفزیۆنی نێت ڤێرك لە بەرواری 2003-12-4 چاوپێکەوتنێك گرنگ و مێژویی لە گەڵ فرانس ڤان ئانرات ئەنجامدا، ئەو ساوزارەتی داد بە تایبەتیش داواکاری گشتی بەڕێز فرەید تەیفن دۆسییە لەسەر ئانرات دەکاتەوە " بەرنامەی نێت ڤێرك بووە هۆی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئانرات، داواکاری گشتی ئەو بەرنامە یەی کردە سەرەتای لێکۆڵینەوەی خۆی " دوای ئەو چاوپێکەوتنە دادگاییمان دانا بۆ ئانرات " ئەمە لە دادگا وترایەوە، بە هەمان شێوەش داواکاری گشتی فرەید تەیفن لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ بەندە هەمان شتی پێشتر راگەیاندبوو، خاتوو ڤینۆسیش بۆ خۆی گوێبیستی ئەمە بووە لە ناو دادگا.

"، وەلێ کاتێك ئانرات پاش ئەوەی تەلەفۆنەکەی کۆنترۆڵ دەکرێت لە لایەن دەزگای هەوالگری هۆڵەندییەوە، کەدەیەوێت وڵات بەجێبهێڵێت بۆ بەڵقان و لە دادپەروەری هەڵبێت، ئەوا لە بەرواری 2004-12-6 پۆلیسی هۆڵەندی دەیگرن،

واتا گرتنەکەی پەیوەندی بە هەوڵی هەڵاتنی خۆیەوە هەبووە نەك سکاڵا تۆمارکردن لەسەری، هەرچەندە دۆسییەی لەسەر کرا بووەوە، لەو چاوپێکەوتنە زۆر دان پێ نانی گرنگی تێدا بوو، وەلێ هۆی گرتنەکەی لەو لەحزەیە بەهۆی هەوڵی هەڵاتنیەوە بوو لە دەست دادپەروەری، چونکە دەیانزانی ئەو 14 ساڵ لە دادپەروەری خۆی شاردەوە کاتێك لە ئیتاڵیا هەڵات، ئەمجارەش هەڵبهاتایە ئەوا دۆزینەوەی ئەستەم بوو.

وەك یەکێك لەو هەڵسوڕاوانەی ناوەندی چاك، کە چالاکانە پ شکداریم کرد لە هەوڵەکانی دۆزی فرانس ڤان ئانرات لە چرکە ساتەکانی یەکەمەوە تاکو کۆتایی، لە دوولاوە ڕەخنەم هەیە لە خاوەنداریيەتی لەو دۆزە، لە لایە کەوە وا نی شان بدرێت ئەو دادگا گەورەیە چاك پێیهەڵسابێت و ئانراتی بەگرتن دابێت، لەوانەیە منیش لە لەحزەیەکدا وا بیرم کردبێتەوە، وەلێ کە گەیشتم بە ڕاستی بیرکرد نەوەم گۆڕا، ئەم بۆ چوونە لە کۆتا یدا بە ز یان تەواو دەب ێت بۆ خاوەنە کەی، ئە گەر ب توانین لە ڕاگەیاندنی هۆڵەندیدا ڕاشکاوانە بڵێین ئێمە ئانراتمان بە گرتن داوە و بە دادگا یمان گەیاندووە، ئەوا زۆر ئا ساییە بە کوردیش هەمان ل ێدوان بدەین، وە لێ ئە گەر بە هۆڵە ندی نەتوانین ل ێدوانی لەم چە شنە بدەین و کەس لێ مان نەکرێت، ئەوا پێویست ناکات بە کوردی ئەو بانگە شەیە بکەین، چونکە چاو بە چاو دە کەوێت، جی هان بۆ تە گو ندێکی ب چووك و دەر گای کورد ستان و بە شداریکردنی کۆڕوکۆبونەوەکان بۆ ڕاپەڕێ نەرانی ئەو کەی سە کراوە یە لە کۆتای یدا هەر ق سەی خۆیان دەکەن، هەروەها زۆر وەرگ ێڕی کورد کار یان لەو کەی سە کردووە، ئا گاداری وردو در شتی پرۆ سەکە هەن، بە هەمان شێوە ڕەخ نەم لەوا نەش هە یە کە دەیانەوێت ڕۆڵی چاك لە پرۆسەی دادگاییەکە بکەن بەسفر، ئەو هەموو ماندوبون و سکاڵاکەر پەیدا کردن و بەڵگەنامە پێشکەش کردن و شایەد دۆزینەوەو خۆپیشاندان ڕێکخستن و پارێزەر گرتنە بە هەند نەگرترێت، مەسەلەیەکی کوردی هە یە دەڵ ێت هەمووشت بە خوێ، خوێش بە ما نا، چاك لەو دۆ سییەیە هەموو نەبوو، بەڵکە

جەستە گەورەکە وزارەتی دادی هۆڵەندی و ڕاگەیاندنی هۆڵەندی بوو، وەلێ بەشێکی باشیش لەو هەوڵە گەورەیە بەر چاك و کۆمیتە کە دە کەوێت، بۆ یە جێی خۆ یەتی هەموو بە شداربووان شانازی پ یێوە بکەین، وە لێ بەبێ غرور بوون لە یادکردنی ڕەنجی هەمووان.

## تیمی پشکنینی هۆڵەندی و خەمساردی بەرپرسانی کورد

لە در یێژەی بابەتەکە یدا خاتوو ڤ یـنۆس لە پەرەگرافێکی دی کەی بابەتەکە یدا نووسەر دەنووسێت "ناوەڕاستی ئەو ساڵە، تیمێکی بیرۆی لێکۆڵی نەوەی نی شتیمانی هۆڵە ندی **Bureau van Nationale Recherche Dienst** بە مە ستی لێپێچینەوە بەدواداچوون لە دۆزەکەی تاوانبار (فرانس فان ئانرات) دەستبەکار دەبن بەمەبەستی دادگاییکردنی تاوذ باری ناوبراو.. بۆ ئەو مەبە ستە ئەو تی مە کەو تە پەوەندی کردن بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە وەك: حیزبە کوردستانیەکانی عێراق، ڕێکخراوە کۆمەلا یەتی و مەدەذ یە کورد یەکانی ناو هۆڵە ندا، قورباذ یەکانی چەکی کیم یایی، کە سایەتی و سیا سەتمەدارانی کوردی و عێرا قی، ج گە لە هەر لا یەن و کەسێك ئامادەبووبێت دەستی یارمەتی درێژ بکات..

ئەوان بۆ وەدیهێنانی عەدالەت و مەبەست و ئامانج یان لە دادگاییکردنە کە چەند خالێ و پر سیارێکیان دەستنی شان کرد بوو کە کردبوویا نە ب نەما بۆ دە سپێکردنی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانیان، لەوانە: کەی و لەکویێ چەکی کیم یایی لە لایەن سوپای عێراقەوە بەکارهێنراوە؟ لە چ بنکەیەکەوە فرۆ کەکان هەڵساون کە بۆردومانی ناوچەکانیان بە چەکی کیمیایی کردووە؟ ئەو فرۆکا نە بە شێك بوون لە

چ یەکە یەکی سەربازی؟ ئا یا ناوی فرۆکەوا نەکان ئەزانرێت کە ئەو فرۆکا نەیان لێخوریوە؟ ئەو فرۆکەوانانە ئیستا لە کوێن؟ ئایا ناوی ئەو کە سانە زا نراوە کە لەو بنکە سەربازیانە کار یان کردووە؟ ئەو کە سانە ئی ستا لە کوێن؟ ئا یا جۆری ئەو بۆمبانە چین کە بەکار هاتوون؟ و ئا یا پا شماوەی ئەو بۆمبا نەی نەتەقیونە تەوە، هەلگیراون؟ ئە گەر هەلگیراون، لەکوێ؟ ئا یا زا نراوە لە کوێ ئەو بۆمبا نە دروستکراون؟ ئایا ئەو کەسانەی پەیوەندیداربوون بە درو ستکردنی ئەو بۆمبا نەوە ناسراون لاتان؟ ئایا لەکوێن؟ ".

ئەم کۆمە ڵە پر سیارەی ئەو تیـمە خـستویانەتە بەردەم خۆ یان تاکو بـگەن بە وەڵا مەکانیان، پر سیاری گرنگ و پڕ بەهان، تاکو ئێ ستاش لا یەنی کوردی نەیانتوانیوە پەی بە گرنگ یان بـبەن و وەڵا مەکانی بەدە ست بخەن، خولقا ندنی پر سیار و گەی شتن بە وەڵا می ڕا ست و دروو ست لە پرۆ سەیەکی دادپەروەر یدا دەرهێنانی هەقیقەتە لەناو جیهانی تەمومژاویدا، وەڵامدانەوەی ئەو پر سیارانە بۆ لایەنی کوردی گران نەبوو ئەگەر ئامادەیی پێشوەختیان هەبوایا و دەزگای ستراتیژی تایبەت بەو کارە و تیمی پشکنینی خۆی هەبوایا، ئێستاش پێویستە لایەنی کوردی بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەوە بێت، ئەگەر بیەوێت کار لەسەر ئەو کەیسە گرنگە بـکات، لە هەنگاوی یەکە مدا بوونی دەز گای لێکۆڵـی نەوەی ستراتیژی و بە ئەرشیفکردنی دۆکۆمێنتەکان گرنگترین پێداویستین.

خاتوو ڤینۆس درێژە بە نووسینەکەی دادات و لە دەرگای بابەتێکی زۆر هە ستیار دەدات و دەنوو سێت " ناجی سەبری ئەلحەدیـ سی وەز یری دەرەوەی عـ ێراق زە مانی سەددام راپۆرتێکی 2500 لا پەڕەی داوە تە لیژ نەی نە تەوە یەکگرتووەکان کە زۆر باسی وردیکاریەکانی پیشەسازی چەکی کۆکوژی دەکات، ئەو راپۆر تە کە والـتەردایك نوو سیویەتی ناوی: **Find Fine Commission Rapport** بوو وا تا (را پۆرتی کۆمیـ سیۆنی وردەکار یە دۆزراوە کان)، ئەم راپۆر تە بە شێکی زۆری کراوە

نەبووە.. ئەمەریکا وێنەیەکی لەو راپۆرتە لابووە و، رێگەی نەداوە کەس بیبینێت، بەلاّم یەك وێنەی لە عێراق هەبووە، دوای روو خانی رژێمی سەددام کەوتۆتە لای ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بەتایبەت د. بەرهەم سالّح کە ئەو دەمە جیگری سەرۆك وەزیران بوو بۆ کارو باری ئەمنی عێراق، و دەرگای کراوە بووە بۆ ئەو راپۆرتە و هەموو کات ئەیتوانی دەستیکەوێت و سوودی لێببینێت، لەو راپۆرتەدا بە وردی و دوور و درێژی باس لە رۆڵی فرانس فان ئانرات ئەکات لەو مەسەلەیەدا، لە لایەن تیمە هۆڵەندیەکەوە پەیوەندی کراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و بۆ دەستکەوتنی ئەو راپۆرتە و، سوودبینین لێی لە دادگاییکردنەکەی فرانس فان ئانرات، کە بەباوەڕیان هێزێکی گەورە بەدۆزەکە بدات لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بە ئامانجی زیاتر ناساندنی دۆزی ئەنفال وەکوو تاوانەکانی جینۆساید و کۆکوژی، بەلاّم بەداخەوە هیچ وەلاّمێکیان دەستنەکەوتووە و کەس هاریکاری نەکردوون، ئیدی نازانم د. بەرهەم تا چەند ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بووە، تا چەند نزیك بووە لە مەسەلەکەوە بە پێی پۆستەکەی لەو شوێنەدا، ئایا لەدەستیابووە هاریکاری بکات؟ بۆ نەیکردووە؟ ".

هەر حیزب و نەتەوەیەك کاتێك دەبێتە بەشێك لە دەسەلاّت، بەشدارییەکەی تەنها لە پێناو دەستکەوتنی مادی و سیاسی نییە، بەلّکە گرنگترین کار لەو هاوپەیمانییەتییە ئەوەیە دەبیتە بەشێك لە دەزگاکانی دەوڵەت و نهێنییەکانی و سیاسەت و پەیوەندییەکانی، دەستی بە ئەر شیفەکانی دەگات و کەی بیەوێت بەکاریان دەهێنێت، دەوڵەت دەخاتە خزمەت سیاسەتەکانی خۆیەوە، ئەگەر دۆسییەیەکی گرنگی ئاوا لەبەردەست د.بەرهەم بوبێت و بێت لە ئێستادا، نەتوانرێت لە خزمەت بە دادگاییگەیاندنی کۆمپانیا بیانییەکان و ولاّتە بەرهەمهێنەرەکانی چەکی کیمیاوی و کۆکوژ بەکار بهێنرێت، ئەوا گەورەترین غەدری لەو دۆزانە کردووە، کۆمپانیاکان و ولاّتان بە دروشمی شورِشگێرِانەی رِێکخراوەکانی فشار

دادگایی ناکرێن، هەرچەندە ئەو هەوڵانە ڕاهێنانی گەلە لە سەر کارێکی مەزن و لە کۆتایشدا وادارکردنی دەسەڵاتی کوردییە بۆ ئەوەی بێتە ژێر باری ئەو کارەوە، دە نا ئەوە کارێکی درێژخایە نەو پێویستی بە ئیمکا ناتی مادی زۆرو زە بەن و بەڵگەی گرنگ و هەستیار و کاتی زۆر و پشو درێژییە، هەموو ڕۆژێك هۆڵەندایەکمان تووش نابێت ئەکواو ئانراتێکی خۆی لەسەر کورد و لیبریا دادگایی بکات و دە یان ملیۆن ئیرۆی بۆ تەرخانبکات.

بۆیە لێرەوە داوا لە دەسەڵاتدارانی کورد دەکەم بە زوو ترین کات کۆپییەکی ئەو ڕاپۆر تە بە دە ست بهێنن و بیخە نە بەردە ست پ سپۆران، تاکو کاری جدی لە سەر بکرێت بۆ بە دادگایی گەیاندنی سەرجەم ئەو کۆمپانیاو دەوڵەتانەی بە چەکەکانیان پ شکدار بوو نە لە تاوانی ژینۆ ساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤا یەتی بەرامبەر بە کورد، ئەگەر ئەو ڕاپۆرتە بوونی هەیە.

## هەڵوێستی بەرپرسانی کورد و دادوەرێکی عەرەب

لە درێژەی نوو سینەکەیدا خاتوو ڤینۆس دەنوو سێت " پا شان تیمە کە زانیار یان دەستکەوتووە کە کارمەندێکی زۆر بالآدەستی وەزارەتی پیشە سازی سەربازی عێراق بەدا خەوە ناوە کەیم دە ستنەکەوتووە، کە کە سی دووەم بووە دوای حسین کا مل وەزیری پیشەسازی سەربازی ئەو دەمە - لە شاری موسڵ خۆی شاردۆتەوە، ئەمان ناو و شوێنیان زانیبوو، بۆ مەبەستی ئا سانکاری پەیوە ندیان بە کوردەکا نەوە (ئیدارەی هەردوو حیزبەکەوە، پدك و ینك) کردووە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو کەسە، تا سوود لە شەهادەتەکەی ببینن لە پرۆسەی دادگاییکردنی فرانس فان ئانراتدا..کە ئەگەر ئەوە سەری بگرتا یە فرانس فان ئانرات بە تۆ مەتی ئەنجا مدانی تاوانی جینۆ ساید

سزادەدرا، بەپێی ئەو زانیارانەی هەیەتی و ویستوویەتی بیدات، بەتایبەت لەسەر تاوانبار فرانس فان ئانرات، بەڵام بەدا خەوە رووی نەدا.. تیمەکە پەیوەندی بە رێکخستنی حزبە کوردیەکان وکە سایەتیکانی لە موسڵ کردووە، لەوانە بە لقی رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی موسڵ ئەو دەمە واتا ساڵی 2004، بەدا خەوە ناوە کەیم دە ستنەکەوت.. بەڵام مەخابن هیچ یارمەتیەکیان دەستناکەوێت، کە دەتونرا لەرێی لقی ئەو حزبەوە لەو ناوچەیە ئاسانکاری بکرابا بۆ هێنانی ئەو کابرایە بۆ هەولێر یان زاخۆ بۆ بینینی، دواتر پەیوەندیان کردووە بە مەڵبەندی رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کە ئەو دەمە (و وابزانم ئیتساش سەعیدی ئەحمەد پیرەیە) ئەوانیش بە هەمان شێوە ئامادە نەبوون هیچ یارمەتیەك بدەن.. ئیدی ئەو هەولانە گشتی بێ ئەنجام ماونەتەوە، ئیتر تیمەکە بە بێئومێدی گەڕاوەتەوە، پاش ئەوە کەوتنە رێگای کارکردنی تر بۆ ئەو مەبەستە. ئەوەش بووە هۆی کوشتنی مەسەلەکە و جارێکی تر تاوانەکانی ئەنفال مرێنرا و، چەندین هەنگاو دووری خستەوە.. ئەو کارە ئەکرا سوودی لێببینرێت بۆ بەستنەوەی هەردوو پرۆسەی دادگاییکردنەکەی سەددام و داروودەستەکەی و فرانس فان ئانرات، و هاوکات پێکەوە جموجۆڵێکی جیهانی گەورەی دەنایەوە..تیمەکە ئامادەبوون بچنە زاخۆ یان دهۆك، بۆ وەرگرتنی شەهادەتی کابراکە، و کابراکە خۆی ئامادەیی نیشان دابوو، بەڵام ئەوەی مابوو کوردەکان لایەنی ئەمنی و زۆر ئاسانکاری بۆ مەسەلەکە بکەن، بەڵام مەخابن هیچ نەکراوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هۆڵەندیەکان نەیانتوانی ئەو مەسەلەیە لە لیستی تاوانەکانی لە دژی فرانس فان ئانرات ریزبەندکرابوون دانێن، کە دەکرا ببێتە هۆی ئەوەی بە تۆمەتی جینۆساید سزابدرێت و ئەوسا تاوانەکانی ئەنفالی لەسەر ئاستی جیهانی بە ئاقارێکی زۆر جیاوازدا دەبرد و، زۆر هەنگاو و هەوڵ و کۆششی کورت دەکردەوە لە هەوڵی کورد بۆ ناساندنی ئەو تاوانە بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و تاوانی کوشتنی

بەکۆمەڵ (جینۆساید) کە ئەو سێ تاوانە و خەسلەتەکانیان تەواو بە پێی (یا سای بنچینەیی رۆما) کە ساڵی 1998 دانراوە و لە ساڵی 2002ەوە کاری پێدەکرێ، لە تاوانەکانی ئەنفالدا هەن.. بەڵام ئەو کەمتەرخەمی و بەدەنگەوە نەهاتن و جیدی نەبوونی ئیدارەی سیاسی کوردی و حیز بە کورد یەکان ولایە نە پەیوەند یدارە کوردیەکان لەو مەسەلەیەدا بووە مایەی دواخستنی ناساندنی ئەو تاوانە دەیان ساڵی تر بۆ دواوە.".

خەمساردی دەسەڵاتی کوردی نەك تەنها بەرامبەر بە دادگاییکردنی ئانرات بە ڕونی و ئاشکرایی دەردەکەوت، بەڵکە لەبەرامبەر هەموو پرسەکانی دیکەی ژینۆساید ڕەنگدانەوەی هەیە، لەهەمبەر کەیسی ئەنفال، کەیسی هەڵەبجە، کەیسی ڕاپەڕین، کەیسی تەعریب، کەیسی بارزانی و فەیلی...، بەرامبەر بە بڕیاری 140،.بگرە ئەم هەڵوێستە لە بەرامبەر هەموو کەیسەکانی نەتەوە بە ئاشکرا دەبینریت، ئاساییە بەرێزان سەعدی پیرەو یونس ڕۆژبەیانی وەلامی تەلەفۆنی وزارەتی دادی هۆڵەندی نەدەنەوە، ئەوە هیچ نییە جگە لە دەربڕی ئاستی پەرۆشییان بۆ دۆزەکە و دڵسۆزییان بۆ نەتەوە، وەلێ لە هەمبەردا دەبینین کەسایەتیەکی وەك فرەید تەیفن کە داواکاری گشتی دۆزی ئانرات بوو، سەردانی سەردەشت و ڕەشە هەرمێ و زەردە و ئالۆەتان دەکات، مەشرەق و غەرب بۆ سەرخستنی ئەم کەیسە لە پێناو کورددا دەکات، بەڵام 2 ساڵ زیاترە داواکراوە جێگەیەك لە شاری هەڵەبجە بە ناویەوە بنرێت, هێشتا هەواڵێکی لێ نییە، ئەوە ئەو داوایە بۆ ئاغای فەرهادی بکرابایە لە زووەکەوە کۆتایی پێهاتبوو.

ژیان هەمووی ڕەش نییە، لە بەرامبەر ئەم وێنە ناشرینە لە هەڵوێستی هەندێك لە بەرپرسان، وێنەیەکی جوانیشمان هەیە، ئەویش هەڵوێستی حاکم عارف شاهین، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقی کە دادوەرێکی عەرەبی عێراقییە، هەر زەنگم بۆی لێدا ، داوای ئەو دۆکۆمێنتانەم لێی کرد، لە دادگا دژ بە ئانرات بەکار

هێنرابوون، یەکسەر دادوەرێکی کوردی بەناو خاتوو حاکم هاوار حە مە خور شیدی پێ نا ساندم، ئەویش پەیمانی دا هاوکار یمان بـ کات، بەهۆی نەبوونی هێ ڵی ئەنتەرنێ تەوە، چەندین ڕۆژ و هەفـ تە لە هەو ڵدا بووم، تاکو لە ئەنجا مدا بەڵگەنا مەکانیان نارد، بە شایەدی ڤیـ نۆس خان و وەرگ ێڕو شایەداکان بووە، کارێ گەرترین بە شداری کوردی لە پرۆ سەی داد گا لە دژ بە ئانرات، تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵەندی ئاماژەیان پێیدا، ئەگەر ئەو دۆکۆمێنتا نە نەبونا یە قەت سزای سەپاو بە سەر ئانرات بەرز ناکرا یەوە بۆ 17 ساڵ، بـ گرە وەك بە شداریکردنی لە ژینۆ ساید و قەرەبوکرد نەوەی قوربانـ یان، ئەو سزایەش لە 15 ساڵەوە کەمدیکرایەوە، شەوی بڕیارەکە کاك حە سەنی موهە ندیس بە برێـ ندارێکی شاری سەردەشتە زەنگێکی لێدا و تی: ئەو کاغەزا نە سەرمانی بەرز کردەوە،د یارە هەر لە ڕێـ گای هەمان پەیوەندیـ یەوە، پەیوە ندیمان بە داد گاوە کرد و تە سدیقی بەڵگەنامەکانیان کرد دواتر، وەڵامی داخوازەکانی دادگایان دا یەوە، لەو پرۆ سەیە سی دی کەیسی ئەنفال و ژمارەیەکی ئێکجار زۆری دۆکۆمێ نت و فلیـ میش پێ شکەش بە دادگا کراو بە شێکی با شی بەکار هێـ نران، هەر چەندە ئەو بەڵگەنامە یە لە سەر ئانرات بوو، خۆی دا نی نا بە بە شێکی گرنـ گی نەبوو بۆ نا ساندنی ئەنفال بە ژینۆ ساید، چونکە ڕە گەزەکانی ئەنفال لە ناو سی دی ئەنفال و بەڵگەنا مەکانی تەعرێـ بدا بوون، نەك نا مەی نـ ێوان ئانرات و سەدام، د یارە ز یاتر کرد نی ساڵی زیندانییەکەی وەك تۆڵەکی یا سایی و سیا سی لە تاوانکار ێك گرنـ گی خۆی هە یە، وەك ناوەندی چاك لای وزارەتی دادی هۆڵەندی سەلماندمان دادگاکە بۆ کورد گرنگە، هەر بۆیە ئێستاش وزارەتی دادی هۆڵەندی بەڕێزەوە سەیری ناوە ندی چاك دە کەن، جێی خۆیەتی لێرەوە سەری ڕێز بۆ هەموو ئەوانە دابنوێنم هاوکاریمانیان کرد لەو کەیسە " حاکم عارف شاهین، حاکم خاتوو هاوار حە مە خور شید، لەتیف فاتیح فەرەج، شوان داودی، پارێزەر گۆڤە ند با بان، تەلەفزیۆ نەکانی کەرکووك و ئازادی "

هەروەها كاك عوسمانی حاجی مەحموود بە پەرۆشەوە گوێبیستی داواكاریيەكانم بوو، سەرباری پەرلەمانی كوردستان.

بە بڕوای من دۆزینەوەی ئەو كەسایەتییە عێراقییە بۆ دادگا، گرنگی نابوو بۆ ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید، چونكە ڕەگەزەكانی ناسینی ئەنفال بە ژینۆساید، لە شایەدییەكانی شۆڕش حاجی و بەڵگانە مەكانی ئەنفال و سی دی داد گا و بەلگەنا مەكانی تەعریب و ڕاپۆر تەكانی نەتەوەیەكگرتوەكا ندا بوو، شایەدیەكانی تاناكا و والتەر بیك و سەعدوالله فەتحی، فائیز شاهین، د.عەلا و سكالاكانی خەڵكی سەردەشت و ئالوەتان و زەردە و چیرۆكەكانی مام قادری ڕەشە هەرمێی كە هەموو هۆڵی دادگاكەی هێنایە گریان، هیچ ڕەگەزێكی لە ژینۆسایدكردنی نەتەوەی كوردی نەخستە سەر كەیسەكە، بەڵكە وەك بەشێك لە تاوانی دژ بە مرۆڤايەتی و جەنگ سەیریان لێكرا، نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت كاك عەلی ڕەحیمی نەبوایا كەیسی خۆرهەڵاتی كوردستان قەت ناهاتە ناو ئەو پەروەندەیەوە، بۆیە هەموو قەرزارباری ئەو پیاوە بەتەمەنە نەخۆشەین، با ڕێگەیەك بدۆزینەوە پاداشتی بدەینەوە.

داوا كاری گشتی داد گا، چەندین جار داوای بەلگەنامە یەكی نو سراوی لێمكرد، لەسەر بوونی ئەنفالكراوان لە نگرە سەلمان، مخابن دەستمان پێی نەگەیشت، ئەگەر بهاتبایە ناوەندێكی لێكۆڵینەوەو زانیاریمان لەو بوارەدا هەبوایا، ئەوا بەبێ داوا كردن دەیانتوانی دەستیان پێی بگات.

## چی بكرێت

ئانرات لە ساڵی 1989 نزیك بە 6 مانگ لە ئیتاڵیا دەگرترێت، پاشان لەدەست دادپەروەری هەڵدێت، تاناكا لە ئەمەریكا دەگرترێت و حوكم دەدرێت و ماوەیەك لە زیندان دەمێنێتەوە، كەچی ئێمەی كورد تاكو ساڵی 2003 نە ناوی ئانراتمان بیست،

تاکو  ساڵی 2005 نه ناوی تاناکای ژاپۆنی، ئه مه دەر برِی خەمەساردی نەتەوەیه که بەرامبەر به تاوانبارانی خۆی.

کەیسی ئانرات وەك ئەوەی داوا کاری گ شتی نیـشانمی دا، له یەك ئەر شیفی زۆر گەورە له کا غەز و فـلیم و سی دی و ڕا پۆرتی گرنگ گرنگ و چاوێکەوتن پـێك هاتووە، سەرجەمیان دەیان هەزار لاپەڕە نووسراوی گرنگ پێك دەهێنن، هەزاران ناو " وڵات،کۆمپانیا، تاك "ی تێدایه، سەرجەم ئەو ناوا نه بۆ پر سی به جیـهانیکردنی ئەنفال و کیمیاباران گرنگن.

به پێی زانیارییەکان دادگا تی دی جی ئانرات 100٪ بۆ درو ستکردنی خەردەل بەکارهێنراوە له ساڵەکانی 1986-1987-1988، هەروەها 63٪ مادەی تی دی جی ئانرات فرۆشتویەتی به عـێراق، ئامرازی درو ستکردنی مادەی کیمـیاوی هێـناوە بۆ عێراق، مادەی کیمیاوی کڕین و فرۆشتنی بۆ عێراق له دوای ئۆکتۆبەری 1985 ەوە یاساغ بووە، بۆیە ئانرات به ساختە پەیدای کردووە, نزیك 300000-400000 دۆلاری لەم کڕین و فرۆشتنەی دەستکەوتووە.

ئەو تی دی جیەی له ژاپۆ نەوە هاتووە " تانا کا و هیرا تا " دابینـیان کردووە، له ڕێگەی بەندەری ترێستی ئیتاڵیـیەوە گەیـشتۆتە عـێراق، وەلێ ئەو کیمیاو یەی له ئە مەریکاوە هاتووە، له ڕێ گەی به ندەری ئەنتوێرپـ نەوە نـێردراوە، کۆمپانـیای ئەلکۆلاکی ئەمەریکی له بەروارەکانی 30-3-1988 و 20-6-1988، ئانرات مادەی کیمـیاوی لێ یان کڕ یوە بۆ عـێراق، پاش لـێدانی هەڵەبجە.کۆمپانیاکانی ئە مەریکا هەوڵیان داوە، کاڵاکان سەرەتا بنـێرن بۆ لیبر یا دوای بـچێت بۆ عـێراق، سەرباری ئەوانە ناوی نەدیم، میسر، کۆمپانیای ئەرجەنتینی و.... له ناواندا دەبینرێن.

له عـێراق ئانرات له گەڵ د. عەلا و شاهین و سەعدوڵڵه دەبـینین، د. عەلا وتوییەتی بەبێ ئانرات نامان توانی مادەی کیمـیاوی دا بین بـکەین، هاو کات تی دی جی بۆ سەعدوڵڵه فەتحی ناردووە، له مو سەنا بەر هەم هێـنراوە، عـێراق هەمیـشه

داوای لێکردووه باشترین تی دی جی بۆ په یدا بکات، ئێستا سەعدواللە دەتر سێت شایەدی بدات، کە سەرەتا ئەو پەیوەندی پێوە کردووە بۆ پە یدا کرد نی کەرە ستەی کیمیاوی، شاهینیش بەوتەی باڵوێزی عێراقی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنە، بەمە بە سوك و سانایی کارەکە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە، بۆیە داد گا بەپێویستی نەزانی شایەدیان لێ وەربگر ێت، ئانرات لە ڕێ گەی کۆمپاذ یای سیورجی کە بەڕێوەبەرە کەی سەعدی فەتحی بووە کارەکانی بردۆتە پێشەوە، ئەما نە هەموو زانیاری سەرپێی و خێران، باشە دەبێت کورد بۆ کەیسی هەڵەبجە ئەم ناوانە نەدۆزێتەوەو ئەو زانیاریانە پەیدا نەکات ؟، بێشك وەڵامەکە نا یە، خەمە گەورەکە لێرەوە دەست پێدەکات.

هەروەها ئانرات پەیوە ندی بە مۆزەفی موخا بەراتی هۆڵەندی یەوە هەبووە، داد گا ڕەتیکردەوە ئەو فەرمانبەرانە بانگ بکات بۆ دادگا، هاوکات لە خولی یە کەمی داد گا زۆر پ ێداگیریان نەکرد لەوەی لە بنجوب ناوانی یە کەم چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنییەکەی بکۆڵنەوە کە ئانراتی بەرەو زیندانی برد، پەردەپۆشیان کرد و لە دەرخستنی سەرچاوەکەی هەڵاتن.

بۆیە زۆر گرنگە بزانین، دەڵاڵەکانی دیکە جگە لە ئانرات کێن ؟، چۆن کڕیو یەتی، لە کێی کڕیوە، چۆن گواستویەتیەوە، چۆن پارەکەی بۆ هاتووە، چۆن پارەی داوە، لە کوێ ئەمبار کراوە، چ فڕۆکە یەك بەکاریهێنراوە بۆ بۆردو مانکردنی کورد ستان بە گازی کیم یاوی ؟، فڕۆکەوانە کەی کێ بووە ؟، کام کار گا سەرلەنوێ بەر هەمی هێناوەتەوە ؟؟؟ ئەمانە هەمووی پرسیاری گرنگن بۆ گەلێك ئەگەر ب یەوێت ئەنفال بە هۆلۆکۆست بکات و تۆڵەی خۆی لە ڕێگەی باڵادەستی دادپەروەرییەوە بکاتەوە.

تی دی جی هاتووە، جگە لە کەرتی پیشەسازی سەربازی، لە هیچ پیشەسازییەکی دیکە بەکاری نەهێنراوە، ئەگەر بە ناوی پیشەسازی جلوبەر گەوە هاتووە، وە لێ لەو پیشەسازییە بەکار نەهێنراوە.

پارێزەرەکەی غرانس ڤان ئانرات ئانرات وتی: " تاوانباری دیکە زۆرە بۆ چی بەس ئانرات لێرە یە " بەڕا ستی وا یە، گەلۆ دەکر ێت چاوەڕوان بـکەین تاوانبارە کانی دیکەشمان بۆ بەرنە بەردەم دادگا، یان بۆ خۆ مان هیـمەتێك بـکەین ؟، ئەو هیمە تە کاری مەزنی دەوێت، بە بێ حکوومەتێکی دڵسۆز لە فشار زیاتر تێناپەڕێت.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە ڤینۆس خان دەکەم بۆ کرد نەوەی دەر گای ئەم بابە تە گرنگە، هیوادارم ببێتە بابەتی جدی و ئەنجامەکەی بەوە بگات کورد بەشێك لە توانا سیاسی و ئابووری و یا سایی و هەوالگری و زانـیاری و مرۆیـیەکانی خۆی لە پێـناو سەرخستنی ئەم کەیسانە بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی هیچکە بە بوونی دەنگۆی بوونی کچانی کورد لە مەلهاکانی میسر نەچین بە ناخی زەو یدا، بە بوونی خەزرەجی لە ئیمارات و شێخ جەعفەرەکان لە سوریا و تاوانباری کۆمپانیاکانی ژاپۆن و ئا مەریکا نەتلێینەوە.

1-هەردوو ژمارەی ڕۆژنامە 38 و 39.
http://www.rozhnama.com/default.aspx?r=38
http://www.rozhnama.com/default.aspx?r=39

2-چاوپێکەوتن لەگەڵ داواکاری گشتی فرەید تەیفن.

3- بەڵگەنامەکانی دادگا لەسەر ئانرات.
http://www.dengekan.com/doc/2007/4/balganama4.pdf

ئانرات لە ئەنجامی   چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنییەوە دۆسیەی  بۆ کرایەوەو چارەنووسی گەیشتە زیندان

" هیچ کەس و لایەنێك لە پشت بە دادگاییگەیاندنیەوە نەبوون جگە  لە  کەناڵی تەلەفزیۆنی نێت ڤێرك و وزارەتی دادی هۆڵەندی "









سازدانی بە هاوکاری عەدنان جەباری

ئێمەی کورد تاکو مانگی سێپتەمبەری ساڵی 2003 بە دگمەن نەبێت، دەنا فرانس ڤان ئانراتمان نەناسیووە و گوێبیستی ناوەکەی نەبووینە، نەشمانزانیووە ئانرات تاوانی لەم چەشنەی بەرامبەرمان ئەنجامداوە، بەو چەکانەی ئەو دابینی کردووە بۆ ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ، خۆشەویستانمان بە دڕندانەترین شێوە بە بەر چاومانەوە

کۆمەڵکوژی کراون، لێ ئەوە دەزانین سەدان ئانراتی دیکە هەیە لەم جیهانەدا پەنهان و بەرینە ، هەموو تاوانبارن بە هاوبەشیکردنی کوشتنی کەس و کاری ئێمە، گرنگ ئەوەیە وزارەتی دادی هۆڵەندی یەکەم هەنگاوی ناوە بۆ دادگاییکردنی تاوانکارێك بەرامبەر ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر بە گەلەکەمان و گەیشتن بە داد پەروەری، لەمەدا هەموو کورد قەرزاربارى ئەوانە. یەکێك لەوانەی کە قەرزارباریانین ئەم دوو خۆشەویستەمانە کە ئەوکارە گەورەیەی ئەوان کردویانە بۆمان خۆمان نەمانکردووە.

سەبارەت بە پرسی دادگایی فرانس ڤان ئانرات، بۆ ڕونکردنەوەی هەندێك ڕاستی و بۆ هەمووان، چاوپێکەوتنێکمان ئەنجامداوە لە گەڵ بەڕێزان " بەڕێز mr.S.A.Minks داواکاری گشتی دۆزی ئەنرات لە قۆناغی پێداچونەوە، کە داوا بەرز دەکاتەوە بۆ دادگا بۆ سزادان. خاتوو Thea.M. Tjeerdema وتەبێژی بەشی ڕاگەیاندن لە بەشی سزادانی وزارەت " .

پ 1 : چۆن فرانس ڤان ئانراتتان دەستنیشان کرد بۆ دادگاییکردن، ڕونتر بڵێین کەی و بۆ و چۆن دۆسیەتان بۆی کردەوە ؟. لە سەر چ بنچینەیەك ئانرات تۆمەتبار کرا، ئەو بەڵگانە چیبوون بە دەستتەوە ؟.

وەڵام: هێشتا دادگاییکردنەکە کۆتایی نەهاتووە، هێشتا شێوەی یاساییەکە کۆتایی نەهاتووە، ئێمە داومانە بە دادگای باڵا, هێشتا دادگای باڵا بڕیاری کۆتایی نەداوە.ئێستا دۆسیەکە لە دادگای باڵایە، تا ئێستا مەوزوعەکە کۆتایی پێ نەهاتووە،بڕیارەکان لەسەر ڕاستییەکان براونەتەوە، بڕیارەکانی دادگای باڵا لە سەر ئەساسی واقیعەکان نییە، بەڵکە لە سەر بەشی یاساییەکەیە. لەسەر جۆری تاوانەکە براونەتەوە، بەسەر حوکمەکەدا دەچنەوە.قانونیەن تەواو نەبووە، گریمانە هەیە ئەو دادگایە ڕەخنەبگرن لەوەی باش نەبردراوەتە پێش ئەوجا بیگەڕێننەوە بۆ لای ئێمە.لەوانەیە لە دادگای باڵا دەستکاری حوکمەکەی بکەن.

دەمەوێت ئەوە باس بکەم ئەم قەزیەیە لە لایەن پارێزەرەکانەوە نێردراوە بۆ دادگای باڵا، لەوێ لە ڕوی سزاوە لێی دەکۆڵنەوە نەك لە بواری بەشداریکردنی لە تاوانە کە، لە هەقیقەتی بەشداری لە تاوانەکە ناکۆڵنەوە ئەوە تەواو بوو، تەنها لە بواری سزاکە دەکۆڵنەوە.

ئانرات یەکە مجار چاوپێکەوتنی کرد لە گەڵ کەناڵی تە لەفزیۆنی ذ یێت ڤ یێرك ئە نجامدا ئەوجا وزارەت دوای کەوت، بنچینەی مە سەلەکە چاوپێکەوتنەکەی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییەیە.

پ. پێشتر ئانرات لە ئیتاڵیا گرترابوو، ئایا پرۆسەی دادگایکردنەکەی ئە مجارەی، پەیوەست نەبوو بە گرتنی یەکە مجارییەوە لە ئیتاڵیا لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە ؟.

وەڵام: ئەمەریکا لێکۆڵینەوەی کرد لەسەر مەلەفەکانی عێراق لە بواری چەکەوە، لە ئە نجامی ئەو لێکۆڵینەوانە ناوی ئانرات دەرکەوتوو هاتۆتە پێشەوە. ئەمەریکا داوای لە ئیتاڵیا کرد و گرتی، کاتێك ئازادکرا، کەسانێك هەبوون نارازی بوون و پێ یان ناخۆش بوو بەردراوە، پارێزەرەکەی داوای لێکرد وڵات بەجێبهێڵێت و بڕوات بۆ عێراق.

ئەمەریکا داوایکرد، بینێرن بۆ ئامەریکا، وە لێ داد گای ئیـ تاڵی ئەم داوا یەی ئەمەریکیەکانیان ڕەتکردەوە، هەرچەندە یەکێك لە ئەندامانی دادگا داوای کرد تەسلیم بکرێت بە ئەمەریکییەکان، بۆیە پارێزەرەکەی ڕێنوێنی کرد و پێی وت ڕاب کە نەوەك بتدەنە ئامەریکا.

پ. لە دادگا باستان لەوە کرد کە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە تە لەفزیۆنی ذ یێت ڤێرك لە ڕێکەوتی 6-12-2003 بووە هۆی ئەوەی دۆسیە لەسەر ئانرات بکرێتەوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا دەوڵەتی هۆڵەندا لە پشت ئەو بەرنامەیەوە نەبوو ؟، لە خولی یەکەمی دادگا ئامادەکاری ئەو بەرنامەیە هێنرایە دادگا، ئە گەر ورد سەرنجت بدایەتە لێپرسینەوەکەی دەردەکەوت لێڵییەك پڕ تەمومژاوی لە ئارادایە؟، ئامادەکار

نایتوانی به ڕونی وەڵام ئەو پرسیارانه بداتەوە کە بەرەوڕوی دەکرانەوە، لایەنی تەم و مژاوی به ئامادەکردنی ئەو بەرنامەیەوە دیار بوو، ئێوه بۆ هەموو ئەما نه چی دەڵێن؟.

وەڵام: نازانم !، وەلێ کە له دۆسیەی ئانراتم کۆڵییەوە شتی وام بەرچاو نه کەوت ئەوە دەربخات حکوومەتی هۆڵەندا دە ستی لەو چاوپێکەوتنەدا هەبوبێت، لـ ێرە ڕۆژنامەنووسان بێلایەنن بەلام بە جدیش نازانم، ڕۆژنامەنووسان به ڕێنوێنی دەوڵەت کارناکەن.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی بانگکرا بۆ دادگا بۆ ڕۆژنا مەی هاخ کرا نت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردبوو، چاوپێکەوتنەکەی ئەو پێش نێت ڤێرك بوو، ئەو چاوپێکەوتنه بووه بنچینەی چاوپێکەوتنەکەی نێت ڤێرك.

پ: ئانرات له بەرواری 6-12-2004 گرترا، هۆی گرتنەکەی لەم مێژووە چی بوو ؟, بۆ پاش زیاتر له ساڵ و نیوێك له هاتنەوەی بۆ هۆڵەندا ئەوجا گیرا ؟.

وەڵام: دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم کە وزارەتەکەمان له چەندین بەش پێك د ێت، ئەو بەشانە ئەرکیان ئەوەیە بەدوای قەزییەکان دەگەڕێن و بۆ داد گا ئامادە یان دە کەن، پاشان قەزییەکان به کۆمەڵێك قۆناغدا تێدەپەڕێت به تای بەت ئەو کاتا نەی پێداچونەوە دەست پێدەکات ئەوجا ئێمە دێینە ناو قەزیەکەوە.

پ: ویستی ڕابکات، بۆیە گیرا ".

وەڵام: یەکەمجار له لایەن پۆلیسەوە گیرا " پۆلیسی تەحقیقی نیشتمانی "، له سەر داواکاری ئۆ ئێم " وزارەت " دراوەتە دادگا و بە 15 ساڵ زیندانی سزا دراوە. پا شان هیچ کاملا به بڕیارەکە ڕازی نەبوون ئێمە و ئەویش ئەوجا هاتۆتە دادگای ئیستئناف، ئێستاش دۆسییەکە له دادگای بالایە.

پ: هاوكاری كوردەكان بۆ ئەم دادگایە، حكوومەت، حیزب، ڕێكخراو، كەسەكان چۆن بوو ؟، چ هاوكارییەكی گرنگیان بە دادگاكەتان كرد ؟, ئەی هیچ پارتێكی هۆڵەندی لە پشت ئەم دادگاییەوە نەبوو ؟.

وەڵام: بەڵێ كوردەكان ڕۆڵێكی باشیان بینی، ڕۆڵێكی جدیان بینیوە.

بیرمان كردەوە عەلی كیمیاوی بهێنین بۆ هۆڵە ندا، ئەم بیورما نە " مەبە ستی عەلییە" ژمارەی تەلەفۆنی سەرۆكی دادگای عێراقی دا پێم و بە تەلەفۆنە كەی خۆی قسەیكرد لەگەڵیدا. هەموو ئەو كوردانەی تێكەڵاو بوون لەگەڵ ئەو كەی سە ڕۆڵێ كی باشیان بینی لە یارمەتیدانی دادگا، یەكێك لەوانە خۆتیت، نموو نەی كۆنكریتی شت بدەمێ كاتێك ویستمان عەلی كیمیاوی بهێنین بۆ شایەدیدان، خۆی تەلەفۆنی كرد بۆ سەرۆكی داگای عێراقی، پەیوە ندیمان پێیا نەوە بە ست و زانیار یمان وەر گرت، خەڵكانێك زۆر لە كوردەكان زانیاریمان لێیان وەرگرت ئەوانەش ڕۆڵێكی باشیان بینی.

پ: حكوومەتی كوردستان ڕۆڵی چی بوو ؟.

وەڵام: هیچم لە یاد نییە، لەوانەیە ئێوە باشتر بزانن، من لەگەڵ زۆر كوردی ئ ێرە پێكەوە كارمانكرد لەگەڵ دادگای عێراقی، ئەمەریكیەكان، تەعاملمان كرد بۆ هێنانی عەلی كیمیاوی بۆ هۆڵەندا، پاشان گەیشتین بەوەی پێویست ناكات عەلی كیم یاوی بهێنین بۆ ئێرە.سیامەند بەنا باڵوێزی عێراقی زۆر یارمەتیدەر بووە بۆ كەیسەكە، پێم وایە كۆنتاكتی كردووە لەگەڵ حكوومەتی كوردستان. گرنگ ئەوەیە شتی هێناوە وە لێ نازانم بە تەئكید لە كوێوە هێناویەتی.

پ: لە خولی پێداچونەوە سزای سەر ئانرات زیادی كرد، لە بەرامبەردا پاشە كشە بە قەرەبوو و هاوبەشی لە ژینۆساید كرا، دەتوانن لەو بارەیەوە ڕونكردنەوە بدەن ؟، لە كاتێكدا كورد پێویستی بە دووانەكەی دوایی هەیە نەك یەكەم. ئایا ئێوە پێتان وایە تاوانی ئەنفال ژینۆسایدە؟.

وەڵام: ئێمە وەك وزارەت باوەڕمان وا یەو داوا مان کردووە لە سەر بە شداری لە جینۆساید سزا بدرێت و قەرەبووی خەڵكەكەش بكرێتەوە، وەلێ دادگا باوەڕی وابوو زۆر ئاماژە بۆ ئەوە هەیە ئەوەی لە كوردستان ئە نجامدراوە ژینۆسایدە، بەڵام زانیارییەكان بەس نەبوون بۆ سەلماندنی.كۆمەڵێك پرسیار پێویستیان بە رونكردنەوە یە، با شیش بوو ئەم پر سیارەت کرد، سەرەتا باوەڕی ئێ مە وەك وزارە تت پێدەڵێم.ئێ مە پێداچونەوەمان كرد بۆ ئەوەی ئەم كەیسە وەك ژینۆساید بناسرێت، هەروەها قەرەبووی قوربانیانیش بكرێتەوە.

دادگای پێداچونەوە پێیان وایە زیادەڕەوییە بە ژینۆساید بناسرێت، ئەوان تەردیان هەیە، لێ پێیان وایە ئاماژەی زۆر بۆ ئە نجامدانی ژینۆساید هەبێت، بەڵام ئێ ستا پێیان وایە زۆر ڕۆیشتوون بڵێن ژینۆسایدە.

دادگا پێیان وایە ئاماژە زۆر هەیە بۆ ئە نجامدانی ژینۆساید، بەڵام ئەم ئاماژا نە بەس نیین بۆ ئەوەی دادگا بڕیار بدات ژینۆ ساید ڕو یداوە، ئەلەمێن تەكان بەس نین، بەڵام وەك وزارەت باوەڕ مان وا یە ژینۆ ساید ڕو یداوە. داد گا ئێ ستا لە سەر ڕاستییەكان بڕیار نادات، بەڵكە لەسەر سزا یاساییەكان بڕیار دەدات.

پرسیار: شانس هەیە بە ژینۆساید بناسرێت ؟.

وەڵام: ناتوانم ئێستا وەڵامت بدەمەوە، ئێمە دڵمان خۆش نی یە بە بڕیارە كە و ڕەخنەشمان گرتووە بۆ ئەوەی بە ژینۆساید بناسرێت، بە هەمان شێوە قوربانییەكانیش قەرەبووبكرێنەوە.

ئەگەر دادگای باڵا بگاتە ئەو بڕوایەی بگەڕێ تەوە داد گای پێدا چونەوە، ئەوجا شانسێك دەبێت، هەندێك جار لە هۆڵەندا ئەمە ڕویداوە، دۆ سییەیەك هێنراوە تەوە دادگای پێداچونەوە.ئێستا ئەوان ئیستئنافیان كردووە.

ڕاستی لەبەردەستدایە ئانرات تاكو عەمانی ئەردەن مادەی كیمیاوی گەیاندووە، بەڵام دەبێت ئەوەش بسەلێنین لە عەمانەوە بردوێتی یە عێراق. هەروەها دەبێت ئەوەش

بسەلمێنین کەرەستەکانی ئانرات لە دروو ستکردنی ئەو چەکە بەکارهێنرابێت لە هەڵە بجەی پێدراوە.دیارە خەڵکی دیکە زۆرن چەکیان داوە بە عێراق، ئەوەی گرن گە بیسەلمێنین بەو مادەیەی ئانرات ئەو چەکە درووستکراوە لە هەڵە بجەی پێدراوە.

پ: ئایا بە پێی دادگا کۆمپانیا هۆڵەندیەکان کە گازی کیمیاویان بەرهەم هێ ناوە و داوە بە عێراق تاوانبار نین ؟ ئایا وازهێنان لە قەرەبووکردنەوە پەیوەندی نەبوو بەم خاڵەوە.

وەڵام: ئەوەی لە لام ڕون بێت و لە یادم بێت 2 کۆمپانیای هۆڵەندی لە دۆ سییەکە ناویان هەیە. بەڵام پاش ئەوەی ئە نجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەکی کیمیاویدا بە عێراق، ئەو 2 کۆمپانیایە هیچکە چەکیان نەفرۆشتەوە بە عێراق. پۆلیسی هۆڵەندی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ یەکێك لەو کۆمپانیانە کرد لە شاری ئارنهێم، ئەوەی پێش بڕیارەکەی نە تەوە یەکگرتووەکان و ئانرات بوو.ئەوەی ئێمە بزانین ئەوان دوای ئەو مێژووە ڕاوەستاون لە ناردنی چەکی کیمیاوی بۆ عێراق.دوای ئاگادار کردنەوەیان هیچ زانیارییەکمان لەبەردە ستدا نی یە کەرەسەی کیمیاویان ناردبێت بۆ عێراق.

پرسیار: یانی ناتوانرێت دۆزیان لەسەر بکرێتەوە ؟.

وەڵام: لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەگەڵ ئەوان هیچ پەیوەندییەکی بەم کەیسەوە نەبووە، ئەوان سەرپێچی دیکەیان هەبووە، ئەوەش پێش ساڵی 1985 بووە. لە دوای ئەوەی ناردنی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوە بنێردرێ بۆ عێراق نەیان ناردووە، زانیار یمان نییە ناردبێتیان، ئەوان پەیوەندیان بە کەیسی ئانراتەوە نییە.

پ: ئەم دادگاییە مەسروفاتێکی زۆری بۆکرا، دەتوانر ێت ئەو ژمارە یەمان پێ بووترێت، چونکە چەندە ئەو ژمارەیە بەرز بێت ئەوە دەلالەت دەکات لە بە تەن گەوە هاتنی حکوومەتی هۆڵەندی لە جێبەجێکردنی عەدالەت.

وەڵام: زۆر زۆر زۆر.ئەم کەیسە بۆ هۆڵەندا گرنگ بووە، سنوورێك دا نەنراوە بۆ خەرجی، چونکە دادگاکە گرنگ بوو، بایەخی زۆری پێدرا.

پ: ئایا بودجەی پارێزەری قوربانیان کێ دابینی کرد ؟.

وەڵام: نازانم، وەلێ لە هۆڵەندا سستەمێك هەیە، ئەوەی داهاتی کەمبێت دەو ڵەت پارەی پارێزەری بۆ دەدات، من تەسەور دەکەم و بۆی دە چم لەو بارە یەوە دەو ڵەت یارمەتی دابێت.

پ: کوردەکان کەی و چۆن دەتوانن کەڵك لە ئەرشیفی دادگایی ئانرات وەربگرن بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەو کۆمپانیایانەی مەرگیان بەرهەم هێناوە بۆیان ؟, یانی بە نیاز نین ئەم ئارشیفە بخەنە خزمەت دەز گا کوردییەکا نەوە ؟. کەی دەتوانن ناوەڕۆکی دەکومێنتەکان ببینن؟.

وەڵام: ئەو دۆسییەیە کراوە نییە بۆ کەس، دەشێت لە هە ندێك کا تدا ئەوا نەی قوربانین دەستیان بگاتە بەشێك لەم دۆسیەیە لە ڕێگای پارێزەرەکانیانەوە، ئەوەش گرانە و کارێکی سانا نییە.

بەشێك لە دۆسیەکە کراوە بوو لە کاتی پرۆسەی دادگاییەکە، هە ندێك بەش لە دۆسییەکە کراوە نییە، بەشی سزادانەکە کراوە نییە بۆ خەڵك، دۆسییەی سزا کراوە نییە.

پ: ناوی ئەو کۆپمانیایانەتان لایە کە بەجۆرێ لە جۆرەکان لە بازرگانی مادە و مەتریالی پەیوەستدا بە ژاری کیمیاوی پشکداریان هەبووە؟ ئەگەر ئا، بۆ ئاشکرایان ناکەن؟.

وەڵام: ئەتوانم شتی گشتی بڵێم کە لە دۆسیەکەدا هەبێت، تەنها ئە گەری بوونی یەك کۆمپانیای ئینگلیزی دەکرێت، ئەویش بەڵگە لە سەری نییە، بە نیسبەت کۆمپانیا ئینگلیزییەکەوە ئەویش هیچم نییە لەسەری کە دەستی هەبێت، ئانرات تا کە کەس نەبووە ئەم بازرگانیەی کردووە.

پ: ئەگەر کەسانێك هەبن ڕەگەزیان بیانی بێت ئێستا لە هۆڵەندا بژێن، بە شداربن لە ئە نجامدانی تاوان بەرامبەر بە مرۆڤایەتی وەکو فرانس ڤان ئانرات، ئا مادەن دادگاییان بکەن بە هەمان شێوەی ئانرات ؟.

وەڵام: پێویستە بە جوانی گوێبگرین و بە وردی سەرنج بدەین، ئەم مەوزو عە زۆر لایەنی هەیە پێویستە لێکی جیابکەینەوە.

یەکە مجار پێویستە ئەو کەسەی دەمانەوێت دادگاییبکرێت دەبێت گومانلێکراو بێت، پێویستە دەسەڵاتی دادوەریمان هەبێت لەو بارەیەوە هەنگاو بنێین. ناکرێت کەسێك لە ڕواندا کارێکی کردبێت لێرە بیگرین، وەلێ دە توانین ئە گەر ئەوکە سە دە سەڵاتی دادوەریمان لەسەری هەبێت بۆ تەداخولکردن یاخود ئەم کارە پەیوە ست بێت بە بەرژەوەندی هۆڵەنداوە، نموونە کەسێك لە ڕواندا بەشداری ئە نجامدانی ژینۆ سایدی کردبێت و لێرە بژێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ڕواندایا پە یماننامەمان نییە لەو بارەیەوە ناتوانین دادگایی بکەین، نموونە هەفتەی ڕابردوو کەسێکی ڕوا ندی لە سەر تاوانی جەنگ و جینۆساید دادگاییکرا، نەمانتوانی لەسەر جینۆ سایدەکە داد گایی بکەین، چونکە ئێمە پە یماننامەیەکمان نییە لەگەڵ ڕواندا لەو بارەیەوە. ڕاستە ئەو کە سە لێرە دەژێت، دەتوانین لەسەر تاوانی جەنگ دادگایی بکەین، بەڵام لە سەر تاوانی جینۆساید ناتوانین، چونکە ئەو کارە پێویستی بە پە یماننامە هەیە لە نێوان هەردوو وڵات، ئێمەش نیما نە لە گەڵ ڕوا ندایا، ئە مەش زۆر قانونیە.دوو ژە نەراڵی ئەفغانیمان بە 9 ساڵ و 12 ساڵ زیندانی سزا داوە، کە لە هە شتاکان خەڵکیان ئەشکە نجە داوە لە وڵاتەکەی خۆیان، لێرەیا قوەتی قەزائیمان هەبوو بۆ ئە نجامدانی ئەمکارە.

**پ: ئایا دەزانن کۆماری ئیسلامی ئێران، لە تاوانی هەڵەبجە 72 کوردی ڕۆژ هەڵاتی سەر بە کۆمەڵەی کوشت و چەند کەسێکی دیکەشی بە دیلی ئیعدام کرد، ئایا ئەمە ئەوە دەرناخات کۆماری ئیسلامی ئێران هاوبەشە لە تاوانی هەڵەبجە ؟.**

**وەڵام: حەزەکەم لەناو دۆسیەکەی خۆمان بمێنینەوە و دەرنەچینە دەرەوە.**

**پ: ئامادە بوونی چالاکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دادگا، کە بۆ خۆی بە هەمان شێوەی بەعس تاوانی بەرامبەر بە کورد ئەنجانداوە، نارەحەتی بۆ کوردەکان دروو ست دەکرد ؟.**

**وەڵام: ئێران لایەنێك نەبوو لە پرۆسەی دادگاییەکە، ئێران و عێراق ئامادە بوون لە پرۆسەکە بەڵام لایەن نەبوون، هیچ کاریگەری یەکیان نەبووە لە سەر پرۆ سەی دادگاییەکە. ئەوانەی لەو پرۆسەیە بە شداربوون بریتی بوون لە " قورباذ یان، پارێزەرەکان، وزارەت " ئێمە دادگایەکی بێلایەنین کەس ڕۆڵی نییە بەسەرمانەوە.**

**پ: حکوومەتی عێراقی دانیان نا بەوەی ئەنفال ژینۆسایدە، ئایا دە توانین کەڵك لەمب ڕیارە وەربگرین بۆ ناساندنی ئەم تاوانە لە جیهاندا ؟.**

**وەڵام: ئەوان لێکدانەوەی خۆیان هەیە، هاوکات زانیاری خۆیان هەیە، وە لێ ئێ مە بەو زانیاری و مەتریاڵانەی لەبەر دەستمان هەیە.**

**دادگای ئێرە هیچ کاریگەری سیاسی لە سەر نەبووە، تەنها لە ڕوی یا ساییەوە لێکدراوەتەوە کە ئانرات بەشدار نییە لە جینۆساید، دارفۆر جینۆسایدە، بەڵام لە بەر ئەوەی بەرژەوەنی سیاسی لە پشتیەوەیە، ناهێڵێت بە جینۆساید بناسرێت وە لێ بۆ خۆی جینۆسایدە.**

ئەو بەڵگەناما نەی لە خوارەوە هاتووە لە خولی پێداچونەوە باری ئانراتیان قورسترکرد و راگەیاندنی هۆڵەندی گرنگی زۆری پێدا و گرنگترین بە شداری کوردان بوو بە بەڵگەنا مە لە داد گا "ی ناوبراو، کە لە لا یەن نوو سەری ئامادەکاری ئەم پەرتووکەوە پێشکەش بە داد گا کرا، کە لەلایەن بەڕێز حاکم عارف شاهین سەرۆکی ئەوکاتی دادگای باڵای تاوانەکا نەوە پێشکەش بە داد گای کرد لە ڕێگای خاتوو حاکم هاوار حەمە خورشیدەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

IST.A8394.014.011

جمهورية العراق
رئاسة الجمهورية
السكرتير

(( سرى وشخصـــــي ))

العدد : ٢١٦٣/ك
التاريخ : ١٢/شوال/١٤١٢هـ
١٢/٤/١٩٩٢م

السيد رئيس ديوان الرئاسة المحتـــــــــــرم

م/ الهولندى فراس فـــــان

حصلت موافقـة السيد الرئيس القائد على المقترحات الواردة بكتاب جهاز المخابرات العدد / ١٠٦١٠٦/٢٨ فـــــي ٨/ ١/ ١٩٩٢ المرفقة صورته طيا" •

للتفضل بأتخاذ مايقتضي •• مع التقديــــــر •

المرفقات/
صورة كتاب

سكرتير رئيس الجمهوريـة
١٢/٤/١٩٩٢

ح/ ١٤
[illegible]
١٥/٤

IST.A8394.014.010

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
ديوان الرئاسة
المكتب الخاص

العدد/م ٣ خ/١/٤/٨١٦
التاريخ/١٤/شوال/١٤١٢هـ
١٦/٤/١٩٩٢م

سري وعاجل

الى/ دائرة المشاورة القانونية

م/ أمر

إشارة الى كتاب رئاسة الجمهورية / السكرتير الرقم ٢١٦٢/ك في ١٤/٤/١٩٩٢ ومرفقه صورة كتاب جهاز المخابرات الرقم ١٦٠/١٠١/٢٨ في ٢/١/١٩٩٢،

يرجى اتخاذ ما يلزم لتنفيذ أمر السيد الرئيس القائد حفظه الله بشأن المقترحات الواردة في الفقرات (أ، ب، ج، د، ز من ٦) من كتاب جهاز المخابرات أعلاه، مع الوضع ان اسم مسؤول البيت هو « فارس منصور رشيد البزاز » واسم زوجته « حنان محمد محمود » فلسطينية الأصل.

واعلامنا .. مع التقدير

المكتب الخاص
١٥/٤/١٩٩٢

عاجل جداً
السيد الكريم (ح)
١٦/٤

نسخة منه الى/
الدائرة التربوية والعلمية / مع صورة الورقة اعلاه ولنفس الغرض بالنسبة للفقرة (ج من ٦) من كتاب جهاز المخابرات المشار اليه علماً ان اسم ولده « ماجد » واعلامنا مع التقدير.
بۆیە پێویستە کاك بارام وە کو کە سێکی گرنگ و کاریگەر لە دۆسیەکە سەیر بکرێت، هەرچەندە لە لاوە کارەکانی کرد، بەڵام ڕۆڵێکی گەورەی چ لە نا ساندنی دۆسیەی زەردە بە دەرەوە وە بە دادگا بینی، سەلماندی کورد لە هەموو ناوچەکان لە ڕۆژهەڵات ئامانجی چەکی کیمیاوی بەعس بووە.

کەسانی دی لە سکاڵاکەرانی سەردەشت کاك حاجی حەسەن واحیدی، ساڵەح عەزیز ئەقدەم، نەجیبە، مام قادر کە وتەکانی کاریگەری لەسەر تەواوی ئامادە بووانی دادگا دانا، جگە لە پارێزەرانی ئانرات و ئانرات هەموو ئەوانی دی بە دادوەریشەوە هێنا یە گریان، هەموو ئەما نە لە سەر داد گا و نا ساندنی دۆسیەی سەردە شت کاریگەری و ڕۆڵیان هەبوو.

من هەوڵمداوە بە غەیری دوا ڕۆژ کە بەهۆی سەکتەی دڵەوە نەمتوانی ئا مادە بم، کەوتمە نەخۆ شخانە، دە نا هەموو ڕۆژە کان دی زۆر جار پێکەوە ئا مادە بووین، بە لەخۆبردووی بەسەر و ماڵەوە لە دادگا وەك ئەرکی مرۆڤا نە و ویژدانی ئا مادە بووم هەموو دەم، یەکەم ڕۆژ لە دادگاکە لە سەرەوە لەناو خەڵکەکە دانیشتبووم دادستان بانگی کرد مە خوارەوە و ئا مادەبوونمی بە گرنگ زا نی لە دادگا،ئێ ستاش تەندرووستیم باش بێت ئا مادەم بە سەرو ما ڵەوە،وەلێ بەهۆی نەخۆ شییەوە ناتوانم درێژەی پێبدەم وەکو جاران.

ئەوەندەی لە یادم بێت، ئەوانەی ڕۆڵیان لە دادگاییە کە هەبوبێت " خۆت عەلی مەحموود،خێزانت، بە تایبەتی خوناوی کچت کە بەو سەرمایە بەیانیان زوو ئا مادە دە بوو وێ نەکانی بە هەموو جیـ هان وەك نیـ شانەی داد گا بڵاو بوەوە، وە شەو نخونییەکان کاك ئەمیر قادر کە ئەو هەموو زەحمە تەمان پێکەوە کێ شا، دۆسیەکەی ڕێکخست و هاوکاری پاریزەرەکەی کرد، دانـیا عەلی و ڕێباز قادر کە سیەکانی لە دەست دابوو بەهۆیەوە زۆرجار نەیدەتوانی بێت بۆ دادگا زۆر ماندوو بوون، سکاڵاکەری سەرەکی بوون و ڕۆڵی گەورەیان بینی، هەروەها کاکە عگید کە پارێزەری بۆمان گرت

و یەکەم کۆبونەوەمان  لە ماڵەکەیدا ئەنجامدا، وە مارتین تێلاخە کە زۆر ماندوو  بوو  بە ئامادەکردنی  دۆسیەوە، خاتوو  کریستا  کە بڕبڕە پشتی  دادگاکە  بوو، کاك  بەختیار عارف و حو سێن  سنجاری و  شەوکەت دۆ سکی  هەر سێکیان  وەرگێڕ بوون، سەلاحە عارەب و  کاك  عەلی  هەولێری و کاك پێشەواو  و کاك شێروان و کاك دانا هەڵە بجەیی و کاك سیروان و کاك کامەران سۆرانی و کاك جەعفەر   لە  خولی دووە می داد گا هەمیشە ئامادە بوو، وە زۆری دی ناویانم لەیاد  نییە و نایان ناسم.

پر سیار:  تاکو ئێ ستا داد گای  باڵای تاوا نەکان  هیچ بڕ یارێکی  سەبارەت  بە کیمیا  بارانکردنی   شاری سەردە  شت و ناو  چە کیمیابارانکراوە  کان دی ڕۆژ  هەڵاتی کوردستان نەداوە.

وەڵام:قەزیەی سەردەشت لە گەڵ ئ ێران تێ کەڵ  نەکرێت،  کەس  نەمان بە ستێت   بە ئێرانەوە، کێ شەی ئێ مە  کێ شەیەکی کوردیـیە   نەك ئێرا نی. ه یوادارین داد گای  باڵای تاوا نەکان  دۆ سیە  بۆ  ئەو تاوانا نەش   لە جەر یمەکانی  سەدام حو سێن بکا تەوە و قەرەبووی خەڵکەکە بکاتەوە.

پرسیار: ئایا خەرجی  تێچووەکانی  دادگا کێ کردی ؟.

وەڵام: خولی یەکەمی  دادگا نزیك  42  ملیۆن ئ ێرۆی تێ چوو،  تەواوی خەرجییە کەی وزارەتی دادگوستەری "داد" گرتییە ئەستۆی خۆی، یەکەم جار کە مذ یان  بانگکرد   بۆ دادگای ئاڕنهێم داستان  پرسیاری لەمن کرد و وتی: ئامادەیت لەم دادگایە بەشدار ب یت، ئێمە تەقەبولی خەرجییەکە  دەکەین، دوای کۆپی  نامە کەیانم  نارد   بۆ پارێزەرە کەم، تەواوی  خەرجی لە ئەستۆی وزارەتی داد  بوو،  ئەوانە شی  لە ئێرا نەوە  هاتن کۆ ماری ئیسلامی ئێران  مەسروفیانی گرتە ئەستۆ، هەندێکیان یەك دوو سەفەر هاتن  بۆ هۆڵە ند و بانگ کران لە کاتی پێشکەشکردنی سکاڵاکانیان، وزارەتی دادی هۆڵەندی  خەرجییانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت پڕوپاگەندەیان کردبوو  کە حکوومەتی ئێران  مەسروفاتی منیشی کردووە، لێرەوە ڕایدەگەیەنم  هیچ کەس و  وڵات ێك  ج گە   لە وزارە تی دادی هۆڵە ندی

یەك  سەنتی لەجیاتی من نەداوە.ئێران هیچ پەیوەندی یەکی بە م نەوە نی یە  من هاوولاتییەکی هۆڵەندیم و ناسنامەی هۆڵەندیم هەیە. ئێستاش بەڵگەنا مەکانم  ماوە  کە وزارەتی دادی هۆڵەندا خەرجی منی کێشاوە لە دادگا.

پرسیار: دوا وتەت ؟.

وەڵام:داوا  لە داد گای  بەرزی ئێرا قی دە کەم ئێ مەی سەردە شتییەکان دۆ سیە  بۆ دۆزەکەمان بکەنەوەو بانگهێشتی دادگامان بکەن، ئیمکانات بخە نە  بەردە ست  خەڵکی سەردەشت  بۆ ئەم مەبەستە. ڕێگە بدەن ئەو زوڵمەی  لە بەرام بەرمان  کراوە  لە داد گا مەترەحی بکەین. پێویستە قوربانیانی کوردستانی خۆرهەلات قەرەبوو  بکرێنەوە.

داوادەکەم وەك هیرۆشیماو ناکازاکی  باج  لەسەر  ناوچە کیمیا لێدراوەکان هەڵبگیرێت و گرنگیمان پێبدرێت. گرنگ ئەوەیە دۆسیە لە دادگا بکرێتەوە و مەزلومیەتی خۆمان  بە جیهان بناسێنین. ئێمە یە کەم  شار  بووین  لە  دوای  جەنگی جی هانی دووەم  بە  چەکی کیمیاوی لێمان درا.داوا دەکەم  لە تەلەفزیۆنەکانەوە یادی سەردەشت بکرێتەوە، پەنجە بخەنە ئێش و ئازارەکانمان ،  ئێمەش با دەنگێکمان  هەیە، دەروازەیەك  هەبێت قسەی خۆمانی تێدا بکەین.

# سەردەشتییەکان چۆن لە دادگایی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات بەشدار بوون و ئێستا چییان دەوێت؟




کەیسی کیمیا بارانکردنی شاری سەردەشت و گوندی پەشە هەرمێ لە پاڵ کیمیابارانکردنی گوندەکانی ئالۆتان و زەردە و شاری شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەیسەکانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و گوندی گۆپتەپە و بارەگای زێوەی حشع ئەو کەیسانە بوون بە فراوانی لە دادگای فرانس ڤان ئانرات لێکۆڵینەوەو بە دواداچونیان لەسەر کرا.

بۆ تیشك خستنە سەر بەشداریکردنی شاری سەردەشت لە دادگاکە,چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ دوو کەسی بنەماڵەی قوربانیانی ئەم شارە ئەنجام داوە کە بریتین لە هەر یەك لە بەڕێزان:حاجی ڕەحیمی کەریمی و ساڵەجی عەزیز پوور ئەقدەم.

پ:چۆن بەشداری دادگاتان کرد؟.

وەڵام:ساڵی 2004 کە ئێمە بۆ بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی ئۆ پی سی دەبلیو ئۆ هاتبووین بۆ وڵاتی هۆڵەندا،بە ڕێکەوت لە تە لەفزیۆنی ذێت ڤێرکی هۆڵە ندی هەواڵی گرتنی ئەومان گویٚ لێبوو,ئێمەش لە ڕێگەی کاك عەلی ڕەحیم یەوە پەیوە ندیمان بە پۆلیـ سی ئەنتەرپو لەوە کرد, هەردووکمان پێ کەوە بەڵێنی بە شداریکردنمان دا, لەو چاوپێکەوتنەدا ئەو بەڵگە و دۆکۆمێنتا نەی کە پێ مان بوو دا مان پێ یان وە وەڵا می پرسیارەکانیانمان دایەوە,پاشان کە تەواو بووین وت یان کار مان پێ تان بوو بانگ تان دەکەینەوە وەك سکاڵاکەرێك.پاش چەند مانگێك شاندێکی دادوەری بە سەرپەر شتی بەڕێز فرێد تەیفن و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کە پسپۆڕ بوو لە بواری چەکی کیمیاوی و پۆلیسی لێکۆڵینەوە هاتن بۆ شاری سەردەشت,دوو ڕۆژ لە شاری سەردەشت مانەوە, سەرەتا بە شداری لە پێ شانگای ئەنجو مەنی برێ ندارانی کیم یاوی شاری سەردەشتیان کرد و پاشان سەردانی هەموو ئەو جێگایا نەیان کرد کەوتبوو نە بەر هێرشی کیمیاوی و دواتر چاوپێکەوتنیان لەگەلّ بریندارا‌ن ئەنجامدا. ئەوەی شایانی باسە لەبەردەم پیشانگاکە پێشوازییەکی جەماوەری گەورەی لە شاندەکە کرا.

شاندەکە لە ماوەی ئەو 2 ڕۆژەدا چاوپێکەوتنیان لەگەلّ16 کەس لە بەر کەوتوانی چەکی کیمیاوی کرد،ئەوەی شا یانی باسە سەدان کەسی دیکە ئامادەیـ یان هەبوو بۆ بەشداری کردن لە دادگاکە.لە کۆتایدا بەڕێز تەیفن و تی لە بەر ئەوەی کا تمان کە مە ئەوەندە چاوپێکەوتنە بەسە و بۆمان ڕونە لە شاری سەردەشت تاوانی جەنگ ئەنجام دراوە،بەڵێنیشتان دەدەمیٚ لە سەر ئەو کارە ساتە بەرگری بـ کەم و سزای تۆ مەتبار بدەم. لەوانە ئەم ناوانە وەك سکاڵاکەر دیاری کران:ساڵح عەزیز پور ئەقدەم,حەسەن کەریمی واحێد,قادر مەولا ن پوور, لەیلا مەعروف زادە" وە هەروەها لەگەلّ قوربانیانی شاری شنۆ و ئالۆتی بانە دانیشتنی کرد,زەردەو خوڕەمشەهر و ئابادان و تاران لەوانیش چەند سکاڵاکەرێك دیاریکران.

پ: خەرجی سەفەر و پارێزەری ئێوە کێ دابینی دەکرد؟.

وەڵام:تەواوی خەرجییەکان لە لایەن دەفتەری حقوقی ریئا سەت کۆ ماری ئێرا نەوە دابین کرا,وەلێ ئەوەندەی پێشوو هەموو ڕێکخراوەکەمان خۆی دابینی کردووە.شایانی باسە حاجی ڕەحیمی کەریم واحێد بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك بە ناونیشانی نوێنەری ئەنجومەن لەسەر خەرجی خۆی لە هۆڵەند مایەوەو وە لە جەلەسەکانی دادگادا بەشدار بوو.

پ:پڕۆژەتان چییە بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەو کۆمپانیانەی ناو یان لە دۆسیەکەدا هاتووە".

وەڵام:ئێمە هەر وەکو ئێن جی ئۆی مەدەنی بە تەنیای ناتووانین ئەو کارە گەورە یە بگرینە ئەستۆ,بە خاتری مەحدودیەتێك کە هەمانە ئەنجامی بدەین,ئەما ئەگەر سازمانە ن ێو نەتەوەی یەکان وە ئین جی ئۆ یە مەدەنی یەکان وە دەولە تەکان هاوکار مان بن,دەتوانین لە تەواوی ئەو کۆمپانیا و خەڵکانەی کە لە سازکردن و فرۆشتن و گەیاندن و عەمبار کردن و بەکار هێنان و.... ڕۆڵیان هەبووە سکاڵا بکەین.

پ:لەکۆتاییدا چی دەڵێن بە خەڵکی کوردستان؟.

وەڵام:ئەم دادگاییە دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی وێنە نەبووە,لە لای ئێمەوە وەکو سکاڵاکەر و قوربانیان پێشکەش بە گەلە کەمان و بە مرۆڤا یەتی و قورباذ یانی چەکی کیمیاوی لە جیهانی دەکەین,کەسیش بە دە سکەوتی تایبەتی خۆی نەزانێت قوربانیان بۆ خۆیان خاوەندی ئەو دەسکەوتەن,وەلێ سوپاسگوزاریمان بۆ هەموو ئەوانە هەیە چ وەك ڕێکخراو وە چ وەك دادوەر و داواکاری گشتی،چ وەك پارێزەر وە چ وەك پارتی سۆسیالستی هۆڵەندی وە هەروەها ئەو کەسانەی لە ڕۆژانی داد گا لە گەڵما ندا بوون و خانە خوێمان بوون نموونە "مام عەلی ڕەحیمی و زیبا خان،مارتین و عگید و عەلی مەحمود و کاك ئەمیر قادر و خوناو هەموو ماڵ و مناڵ و دۆستانیان و ئەوانەی جارێك هاتن بۆ دادگا.وە هیوادارین تەاوی ئەو کەسانە و کۆمپانیانەی هاوکاری ڕژێمی

**بەعسی ئێراقیان داوە کە ببێتە خاوەنی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژ هەر وەك فرانس ڤان ئانرات بە دادگایی دادپەروەرانە بسپێردرێن وە بە سزای خۆیان بگەن,وە تەواوی ئەو ولاتا نەی کە چەکی کۆ مەڵکوژیان هە یە بۆ خۆ یان بە هاو کاری سازمانە ذێو نەتەوییەکانی خەڵکی و دەوڵەتی چەکی کیمیاوییەکان لە بەین بەرن و جیهانێکی بێ چەکی کۆمەڵکوژمان هەبێت هەموو خەڵك لە هەر ڕەگەز و نەتەوەیەك بژیت بە ئارامی ئاشتی و ئازادی پێکەوە بژێن.**

## عوزرایلەکەی فرانس ڤان ئانرات

بە هاوکاری گەزیزە بەهمەنی ڕاوێژکاری یاسایی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆسايد لە هۆڵەندا





فرێد تەیفن داوا کاری گشتی دۆسیەی فرانس ڤان ئانرا تە و ئێستا لە سەر کور سی پارلەمان دانیشتتوە" نوێنەری پارتی VVD ی ڕا سترەوە",هەولی بێ پا یانی دا بۆ سزادانی فرانس ڤان ئانرات و بە جینۆ ساید نا ساندنی ئەنفال و هەڵەبجە, لە دوا يدا داواکاری گشتی مینکس هەنگاوەکانی ئەوی بەرەو تەواو بوون برد,دیارە ئە گەر ئەنفال وەك سەرەتا بە جینۆساید ناسێنرا بەهەولی ئەم پ یاوە هۆڵەندییە,بڕیارە کە وەك خۆی

بمایایه تەوە  ئەوا دە توانرا بکر ێت  بە بڕ یاری  هەموو ولا تانی ئە ندامی  یەکێتی ئەوروپا.لێرەدا چاوپێکەتنێکمان لەگەڵ بەڕێز فرێد تەیفن ئەنجا مداوە,هیواداریین کەڵکی بۆ پرسی جینۆسایدی گەلی کورد هەبێت.

پر سیار:بەڕێز فر ێد  تەیفن17  مانگی  جەنیوەری  ساڵی2010,دوا بڕ یار لە سەر دۆسیەی کیمیابارانکردنی  شاری هەڵە بجە درا,  لە داد گا تاوا نەکان وەك  تاوانی دژ  بە مرۆڤا یەتی نا سێنرا,بەڵام  خەڵکی هەڵە بجە  لەم بڕ یارە نیـ گەرانن و داوا دە کەن  بە جینۆساید بناسرێت,بەڕێزت پەیامت  چییە  بۆ  خەڵکی هەڵە بجە و ڕێنوێنیت  چییە  بۆ پارێزەرانی دۆسیەکە؟.

وەڵام: بەڵی ئاگاداری بڕیارەکە هەم,ئەوە بڕیاری دادگای باڵای ئێراقە,من هیچ لە سەر بڕیارەکە ناڵێم,بەڵام من بۆ خۆم پێم وایە ئەو تاوانە جینۆسایدە.

لە بارەی قانوونیەوە زۆر گرنگ نیە بۆ خەڵکی هەڵەبجە جینۆساید بێت یان  تاوانی دژ بە مرۆڤا یەتی,گرنگ ئەوە یە  لە  ناوخۆو دەرەوە کۆ مەك بکرێن, کەڵك وەربـ گرن  لە بڕیارە  کان   بۆ بوژا  نەوەی ناو  چەکەیان و چارە   سەرکردنی برینـ ـدارەکانیان و قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانی خەڵکەکە.

پ2رسیار: لە ئۆکتۆبەری  پار  ساڵ  بەڕێز  Hirsch Ballin  پرۆژە یەکی دا  بە پار لەمان  بۆ داد گاییکردنی  هەموو ئەوا نەی  تاوانی  جەنگ و  تاوانی جینۆ سایدیان ئەنجامداوە لە دەرەوەی هۆڵەندا لە ساڵی1966وە، ئێستا لە هۆڵەندا دەژ ێن داد گای هۆڵەندا دادگاییان بکات, ئایا  ئەم پرۆژە یە  بە  کوێ گەیـشت؟,ئایا تاوانـکارانی  کوردە گرێتەوە ئەگەر لە هۆڵەندا بژێن؟.

وەڵام: بەڵی پێ شنیارێکی  وا هە یە و قەراریـ شە  جێ  یەجێی بـ کەن,  هەر کە سێك ناسنامەی هەرچیەك بێت تاوانیان ئەنجام دابێت بە پـێی  ئەو یا سایە داد گایی دەکر ێت ئە گەر  کوردێکی وا  هەبێت دەیگرێ تەوە,من  نەم بیـ ستووە  کوردی وا  لە هۆڵە ندا

هەبێت,وەلیٚ لە باری تیۆرییەوە ئیمکانی هە یە کوردیش بێت و داد گایی بکرێن, بەلاّم ئەفغانی و زا ئیری و.. هەیە، هەر کە سێك لەو ماوە یە تاوانی کردبێت،ئە گەر بڕیارە کە پەسەند بکرێت ئەوا دەیگرێتەوە.

پرسیار3:لە دادگا وتت فرانس ڤان ئانرات لە گەڵ کانالّی نێت ڤێرك چاوپێکەوتنی کرد پاش ئەوە دۆسیەم لە سەری کردەوە, یانی ئەو تاواذ بارە ئە گەر ئەو چاوپێکەوتنەی نەکردایە بەو تاوانبارییەشیەوە دادگایی ناکرا؟.

وەلاّم: دۆسیەکە لەسەر ئەساسی ئەو چاوپێکەوتنە کرایەوە,بەلاّم سەختە بۆ من بڵێم ئەو چاوپێکەوتنە نەبوایە دادگایی ناکرا,شایەد ببوایە یان نەبوایە.

پرسیار:ڕۆژنامەنووسێك بە ناوی ئارنۆڵد کە زۆر لەسەر کەیسی ئانرات کاری کردووەو هاوکاری شتی کردووە لە دۆ سیەکە, لە نوو سینێکدا دەڵێت: لە بەر ئەوەی فریس بۆلکستاین وەزیری ئابووری بووە لە کاتی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی لە لایەن کۆمپاذ یا هۆڵەندییەکا نەوە بە عێراق, ناوبراو سەر بە پارتە کەی خۆ تە بۆ یە کۆمپاذ یا هۆڵەندییەکانت نەداوە بە دادگا؟,ئایا سیاسەت ڕۆڵی هەبووە لە بە داد گایی نەگەیا ندنی کۆمپانیا هۆڵەندییەکان؟.

وەلاّم: ئەو شتە وا نی یە کە وا دەڵێن, لە ساڵی 1980 بۆ 1984 بۆلکستاین کە وەز یری ئابووری بووە,فرۆ شتنی چەکی کیم یاوی لە بەرواری15-10-1984 قەدە غەکراوە تا بەرواری 14-10-1984 ناتوانر ێت لێپێ چینەوەی یا سایی لەو کۆمپانیایانە بکرێت,ئەو کۆمپانیایانە پێشتر ئەو چەکانەیان فرۆشتووە,ناوبراو پێش ئەو مێژووە وەزیر بووە نەك دوا تر,من دەلیلی قانوونیم پیٚ نی یە بۆ تاواذ بارکردنی ئەو کۆمپانیایانە,دەلیلی سیا سی و ئیذ سانی ڕۆڵ نابینێت, لە ڕوی یا ساییەوە ناکر ێت ئەو کارە بکرێت.پێش ئەو مێژووە15-10-1984 ناتوانین بەرامبەر بەو کۆمپانیایانە هیچ بکەین.چونکە لە پێش ئەو مێژووەوە هیچ کارێکی نایاسایی نەکراوە.

منیش وەك ئەوانەی تۆ مەتبارم دە کەن لە باری ئیذ سانیەوە پێم وا یە ئەوەی ئەو کۆمپانیایا نە کردوویا نە قێزەونە،ئەوا نە خراپ لەمن تێگەی شتوونە,منیش لە ڕوی مرۆڤایەتییەوە وەك ئەوان بیر دەکەمەوە بێز دەکەم لەو کۆمپانیایا نە و کارە کەیانم زۆر پێ ناڕەوایە،وەلێ لە ڕوی قانوونییەوە ئیمکانی نییە ئەو کۆمپانیایانە تاوانبار بکەیت و بیاندەیتە دادگا و سەرکەوتوو بیت،وەك قانون لەوکا تە پێ شێلی یا سا نەکراوە چونکە هەناردەکردنی ئەو مادانە بۆ ئێراق یاساغ نەبووە،وەلێ لە بواری ئیذ سانییەوە هە ڵەی کوشندەیان کردووە.

پرسیار: کورد هەوڵوێستی تۆی پێ بەرزە لەو دۆسیەیە.

وەڵام:من قەت ئەو کارەم بۆ بۆلکستاین نەکردووەو دە مەوێت ئە مە لە خۆم دوور بخەمەوە.

پر سیار:ئایا لە هۆڵە ندا شاذ سێك هە یە بۆ بە داد گایی گەیا ندنی کۆمپاذ یا هۆڵەندییەکان,بە هۆی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە ئێراق؟.

وەڵام: لە بواری قانوونیـ یەوە ئیم کانی سکاڵا تۆ مار کردن هەیە, بەڵام سەرکەوتنی ئەستەمە,چونکە هیچ پەیوەندیەك نییە لە نێوان کۆمپانیاکان و داد گایی ئانرات, لە ڕوی یاساییەوە تەنها کۆمپانیای مەڵخەم کە تا کە کۆمپاذ یای هۆڵەندیـ یە دوای ئەو بەرواره 15-10-1984 برێك بچووك چەکی کیمیاوی فرۆشتووە بە ئێراق ئەویش دادگایی کرا کاتی خۆی بە پێشێلکاری یاسای هەناردە تۆ مەتبار کراو سزا درا. ئەو ماوە یەی دوای قەدە غەکردنی هەناردەی چەکی کیم یاوی کرا کەم بوو لە ناوەڕا ستی ئۆکتۆ بەری 1984 ەوە بۆ 1985 ,من نەمتوانی بیسەلمێنم ئەو مادا نە لەو چەکانە بەکار هاتووە کوردی پێ کیمیاباران کراوە.

پرسیار: کۆمپانیای الکۆلاك زۆر ناوی لە داد گای فرانس ڤان ئانرات ها تە پێ شەوەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دۆسیەی فرانس ڤان ئانرا تەوە هەبوو,ئێ ستا کوردە کان لە

ئا مەریکا سکالاّیان لە سەر کۆ مەلّێك کۆمپاذ یا تۆ مار کردووە یەکیان ئەم کۆمپانیایەیە,پرسیار ئەوەیە ئایا شانسی سەرکەوتنی ئەم سکالاّیە هەیە؟.

وەلاّم: بەلّیٚ ئیم کانی هە یە,بارەگای ئەو کۆمپانیا یە لە شاری بۆ ستنی ئامەریکایە,کوردەکان دەبێت لەویٚ سکالاّی خۆ یان تۆ مار بکەن,من ناتوانم هیچ بلّێم چونکە ئاگاداری قانوونی ئەمەریکا نیم.

پرسیار:ئایا حکوومەتی هۆلّەندا خۆی ئانراتی داد گایی کرد, یان لە ژێر پالّەپە ستۆدا ئەوەی کرد؟.

وەلاّم:بەلّیٚ هاری ڤان بۆملٚ و خاتوو کریستا لە پارتی ئێس پەی فشاری زۆریان هێناو زۆر ئیلحاحیان کرد بۆ بە داد گایی گەیا ندنی فرانس ڤان ئانرات,من زۆر رِێزم بۆیان هەیە و کۆلّیان نەدا,بەلاّم دەتوانم 100٪بلّێم ئەو کارەی کردم لە بەر خاتری ئەوان نەبوو,تەنها ئەو چاوپێکەوتنە بوو لە نێت ڤێرك بلاّو بوەوە هۆکارەکەی بوو.

پرسیار:ئایا دادگای هۆلّە ندا برِیاری دا ئەنفال جینۆسایدە؟" سەرەتا لە 23-12-2006,برِیاری ئەوە درا ئەنفال جینۆسایدە و تاوانی کیمیابارانکردنی هەلّەبجە تاوانی جەنگە,وەلیٚ دواجار لە 30-6-2009 لەوەی ئەنفالیش پاشگەزبوونەوە".

وەلاّم:لە یەکەم برِیاری دادگا وترا جنۆسایدە,بەلاّم لە دوا برِیاردا بە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناسێنرا,بە داخەوە پاشەکشەی پێکرا.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناساندنی تاوانی هەلّەبجەو ئەنفال سەردانی ئەم لینکەی خوارەوەبکەن:

http://www.rechtspraak.nl/Gerechten/HogeRaad/Actualiteiten/Conviction+Van+A.+for+supplying+raw+materials+for+mustard+gas+to+the+Hussein+regime.htm

# فرانس ڤان ئانرات  وەك تاوانباری جەنگ سزا درا



ڕۆژی 30-6-2009  دوا بڕیار لەسەر سزای فرانس  ڤان  ئانرات  لە لا یەن داد گای بالآی هۆڵەندییەوە درا,   بە با شمان زا نی  چاوپێکەوتن لە  گەڵ کۆ مەڵێك  کە سایەتی پسپۆری کورد لەو بوارە   لە ولآ تی  هۆڵە ندا  ساز بکەین,بۆ خوێند نەوەی ز یاتری  ئەو ئەزموونەو هەنگاو نان بۆ کاری باشتر لە ئایندە.

تاوانبارانی جینۆ سایدی  کورد ئەوا نەی تاواذ کارن  بە ئەنجا مدانی تاوا نە  گەورەکان بەشێکیان هاندەران بۆتە شوێنی هەڵاتنیان لە دەست دادپەروەری،بە ئەزموون وەرگرتن لەم دادگاییە دەتوانرێت هەنگاوی باشتر بنرێت لە ئایندە.

هاوڕێ باخەوان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کەیسی یوگسلافیا کار دە کات و شارەزایە لە بواری پر سی جینۆ ساید و داد گایی تاواذ کاران. بۆ زاذ یاری ز یاتر بە پێویستمان زانی سەبارەت بە دوا بڕیاری دادگا کۆمەڵێك پرسیاری ئاراستە بکەین.

پ1: چۆن دەڕوانیتە دە قی دوا بڕ یار ؟, ئا یا ئانرات بە ئەنجا مدانی چ تاواذ ێك سزادراوە ؟.

وەڵام: کەیسی فڕانس ڤان ئانڕات, یەکێك بوو لەو کەیسە ئالۆزا نەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دادگای هۆڵندیی لە شاری لاها یدا بەخۆ یەوە خەریککردبوو. کەیسەکە ئەگەر چی لەباری نێودەوڵەتیـ یەوە گرنگیـ یەکی ئەوتۆی پێ نەدرا, بەڵام ڕێک خراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێئا گا نەبوو لێی و دە توانم بڵێم تاڕادە یەك چاودێریی دە کرا, چونکە ئەگەرچی ئەم کەیسە سیفەتێکی هۆڵندی و بۆ هۆڵ ندا نێو خۆییی وەرگرتبوو لە رووی یاساوە, بەڵام لە راستیدا پەیوەندییەکی گرنگی هەبوو بە چەندین دەوڵە تەوە کە بەرگێکی نێونە تەوەیی پێ بەخ شیبوو, لەوا نە ئ ێڕاق و ئ ێران. لە سەر ئا ستی کوردستانیش, گرنگییەکی زۆری هە یە. لەبەر ئەوەی هەزاران کەس قور بانیی دە ستی بازرگانییە چەپەڵەکانی کەسانی وەکو ئانڕاتن.

لە تاوانبار ئانڕات, تاوانباری جەنگە و ئەمەش بە روونی لە بڕ یاری داد گای هۆڵند یدا هاتووە. هەڵبەت سزای ئانڕات رۆژێك بـێت یان زیـندانی هەتا هەتایی ئەو گرنـگە نیـ یە, بەڵکو ئەوەی گرنگ بوو لە دادگاییەکەدا ئەوە سەپا کە ذ ێوبراو وەك بازر گانێکی مەرگ بەشداریی کردووە لە کوشتنی کەسانی سیڤیلی کوردا و لە دەقی بڕیارەکەش بە ئا شکرا ناوی شوێنەکانی وەك هەڵە بجە و ز ێویێ و گۆپتە پە هاتووە کە لەلا یەن داگیر کەری ئێڕاقییەوە بەو گازەی کە ئانڕات بۆیی بەدەستخستوون, ژەهربارانکراون*.

ئانڕات بازنەیەکی گرنگی نێوان کۆمپاذ یا خۆرئاوایـ یەکان و داگیر کەری ئ ێڕاق بوو بۆ وەدە ستهێنانی مادەی کیمـ یاویی بۆ مەبە ستی درو ستکردنی چەکی کۆ کوژ لەلا یەن

داگیر کەری ئێڕاقی یەوە. ئەو چەکانەش لە هەڵمەتی جینۆ سایدی کوردا بەکارهاتن. هەربۆ یە دەبووا یە تاواذ بار سەرباری تاواذ باری جەنگ, لە سەر تاوانی جینۆ سایدیش دادگایی و بڕیاری لەسەربدرایە.

پ2: ئەو تاوانانەی لێرەدا هاتۆتە پێشەوە زۆر کەمترە لە تاوانی ئەو شوێنانەی کە بەعس کیمیابارانی کردون,چی بکرێت بۆ ئەوەی لە دا هاتوودا هەر دادگا یەکی لەم چەشنە هاتە پێشەوە بتوانرێت کەیسێکی گشتی ئامادە بکرێت,کێ موقەسرە بەرام بەر بەمە.

وەڵام: لەراستیدا تاوانەکان زۆر لەوە زۆرتر بوون, من لە بڕیارە کەدا تەنها ناوە کانی هەڵەبجە و زێوێ و گۆپتە پەم بینی. ئە مەی کۆتای یان لە دە قی بڕیارە کەدا بە هە ڵە نووسرابوو گوک تەپە.

هەڵبەت کەمتەرخەمییەکان لە هەموو لایەکمانەوەیە, ئێمە شارەزاییەکی ئەوتۆمان لەو پڕۆسانەدا نەبووە و ئەوە شی کراوە دەبێ تە سەرەتایەك تاوەکو لە دا هاتوودا با شتر خۆمان بۆ هەر کارێکی لەو جۆرە ئامادە بکەین. من هەر کەمتەرخەمی یەك لە کەیسی ئەم تاوانبارەدا دەگێڕمەوە بۆ دەستەڵاتی کوردی. ئەوان دەبووایە گرنگییەکی تەواویان پێی بدایە و هەموو بەڵگەیەکی تەواویان بخستایەتە بەردەمی دادگاکە, لەوانە دۆکومێنت و هێنانی چەندین شاهێدحاڵ لە کورد ستانەوە بۆ لا های و زۆر یتر کە دەبوو نە با شتر خستنەڕووی ئەو تاوانە دزێوەی کە کەسێکی وەکو ڤان ئانرات لە دژی خەڵکی سیڤیلی کورد کردوو یەتی. بۆ کەیسی ئەم تاواذ بارە دە ستەڵاتی کوردی بەلا یەنی کە مەوە دەبووایە چەندین ئا ماری ئەو ناوچانەی کە بەر شاڵاوی گازی کیم یاویی کەوتوون و ژمارەی قوربانییەکان و بەڵگە مادی یەکانیانی پێشکە شی داد گا بکردا یە. بەڵام ئەوان دادگای ئەنفال و هەڵەبجە لە بندەستیاندا بوو, چیی واهی یان نەکرد, دەبێت بۆ ئە مە چییان لێ چاوەڕوان بکرێت!.

پ3: چی بکر یّت بۆ ئەوەی پر سی جینۆ ساید لە دادگا یەکی ئەوروپی,یان پارلەمانێکی ڕۆژئاوایی بە فەرمی بناسرێت,ئایا لەم بوارەدا دادگای ئانرات ئامانجە کەی نەپێکا؟.

وەڵام: کێشەی ئێمە, کێ شەی نەبوونی دۆکومێنتەی شنە. ئێ مە دە یان ساڵە دە ڵێین کەرکوك کوردستانە, کەچی تاوەکو ئێستا دوو کتێبی باشمان لەسەر ئەو رەوشە نییە!.

بۆ پر سی جینۆ سایدیش دەب ێت هەر چی هە یە و نی یە تۆ ماری ب کەین و بە ز مانی پەرلەمانەکانی ئەوروپا بیانخەینەڕوو. هەوڵەکانیش دەبێت بەردەوام بن و دیسان دەبێت دەستەڵاتی کوردی باشتر بیر لە گرنگیی ئەو کارەبکاتەوە.

ناتوانم بڵێم دادگایی ئانڕات ئەو ئاما نجەی پێ کاوە, چونکە خودی دادگاییکردنە کە پەیوەندیی بە ململانێی حیزبە هۆڵندییەکانیشەوە هەبوو. ئەو دادگای یەش جینۆ سایدی گەلی کوردی نەسەلماندووە, بەڵکو وەکو تاوانبارێکی جەنگ سەیری تاوانباری کردووە. ئەگەر دادگای هۆڵندا هێرشەکانی ئەنفالیش بە جینۆ ساید ناوزەد ب کات, هێ شتا هەر بەس نی یە و پێوی ستە لە سەر ئا ستی بەرزتری وەك پەر ڵەمانی ئەوروپا هەو ڵەکان چڕبکرێنەوە.

پ4:ئەو وڵاتانە کێن بە پێی ئەم دۆسیەیە دە چنە پای هاو کارانی بەعسەوە لە قڕ کردنی کورددا.

هەموو ئەو وڵات و کۆمپاڼ یا بارزگانییا نەی بە شێوەیەك لە شێوەکان پ شتگیریی لۆجی ستییان پێشکە شی داگیر کەری بەعس کردووە لە قڕکرد نی کوردا, تاواڼ بارن و دەبێت هەولی دادگاییکردنیان بدرێت. پشتگیرییەکانیش هەر تەنها بە پێشکە شکردنی گازی کوشندەوە نییە, بەڵکو ریسێپتی چۆنێتیی دروستکردنیشی هەر دە چێتە خا نەی تاوانەوە. لەو رووەوە کۆمپانیاگەلێکی وڵاتانی ئەڵمانیا و هۆڵندا دەبێت دادگایی بکرێن.

پ5:پەند و ئەزمونێك لەو دادگاییەوە.

وەك پێشتر گووتم, ولآتانی ئەوروپا, ولآتی تۆمار و بەڵگە و رۆد ینن. دەبێت بۆ هەر کارێکی ئاییندە باشتر پلانی ئەو شتانە دابنرێت و دەستەلآتی کوردیش بۆ هەر کارێکی واهی کە دێتە پێشەوە, ژوورێکی عە مەلیاتی پسپۆڕی بۆ دابینبکات و کە کە سانێکی پسپۆڕ بەڕێوەیبەرن بۆ سەرکەوتنی ئەو کارەی کە هاتووە تە پێش. چونکە بەڕا ستی لەگەڵ رێز و پێزانین بۆ رێکخراوی چاك و هەموو ئەو کەسانەی بوونە هۆی درو ستکردنی ئەو بڕیارە, ئەوانە بەس نین و دەبێت ئەو کارا نە لەلا یەن دە ستەلآتی کوردیەوە بە فەرمی پشتیوانیی لێبکرێت.

هاورێ باخەوان

2009-07-08

لاهای – هۆڵندا

- ئەو سێ جێگەیە تەنها لە با شوور،لە داد گا کیمیا بارانکردنی شاری سەردە شت, گو ندی ڕە شە هەرمێ,زەردە و ئاڵۆت و شاری شنۆ و شاری مەحمەرە کەیسەکانی ڕۆژهەلآتی کوردستان و ئێران بوون لە دادگا.

## پارتی سۆسیالست دەیەوێت هەموو ئەوانەی لەگەڵ ئانرات تاوانبار بوونە بداتە دادگا

### بە هاوکاری کاک یونس گۆران







کریستا ژنە پەرلەمانتار لە زۆر بۆ نە و خۆپیی شاندانی کوردە کان ئامادە یە، تاکو ئەو باسی ئانراتی لە پارلەمانی هۆڵەندا نەهێنایە ڕۆژەڤەوە، ئەم پ یاوە تاوانبارەمان نەناسیبوو، منیش لە ڕێگەی ئەمەوە ناوی ئەو پیاوەم بیست، یەکەم کەس بوو لە مینبەری پارلەمانەوە داوای دادگایی ئانراتی کرد، لێرەوە لە هەواڵی کری ستاوە لە پار لەمان ڕاگەیا ندنی کوردی با سی ئانراتی هێنا یە ناو ڕۆژنامەکانەوە، کە ڕۆژنامەنووس کامەران ئەحمەد سلێمان ڕا پۆرتەکەی کردە کوردی. ئانراتیش لە ڕێگەی چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکانی یەوە خۆی خ ستە داوی دادگاوە و بەڵگەی تاوانباری دا بە دەستەوە.

"پرۆفایل: لە 15-9-1974 لە فریزلاند لە دا یك بووە، زاذ ستی سرو شتی خوێندووە، 5 ساڵ یاریدەدری پەرلەمان بوو، 5 ساڵیشە ئەندام پەرلەما نە لە سەر لیستی پارتی سۆسیالست. بەرپرسی لیژنەی بەرگری یە لە پار لەمانی هۆڵە ندا، هەروەها داد و لە بەشی بیناسازیشە ".

پ: سەبارەت بە دانی چەکی کیمیاوی لە لایەن هەندێك کارخانەی هۆڵەندییەوە، قسە و باسەکان لەمڕۆژانە گەرمن، ئایا لە پارلەمان لێکۆڵنەوە کراوە لەسەر ئەو دۆزە ؟.

وەڵام:نەخێر لێکۆڵینەوە نەکراوە لە پارلەمان، فرانس ڤان ئانرات یەك تا کە کەس بوو دادگایی کرا، پارتی سۆسیالست " ئێس پەی " دەیەوێت ئەوا نەی دی کەش بدرێنە دادگا، کەوا بەشدار بوونە لەو تاوانە.

ئەو کاتەی ئانرات دەژیا و کاری دە کرد و کیمیاوی دەدا بە عێراق، کابینەی حکوومەت ئیجرائاتی لە دژی نەکردووە، لە ساڵی 1983 ەوە زانیویانە کە چی فرۆشتنی چەکی کیمیاویان بە عێراق قەدەغە نەکردووە.

لە ساڵانی 1982 و 1983 وەزیرێکی سەر بە پارتی VVD وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا بوو، ئاشکرا بوو عێراق دژ بە ئێران چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنێت، کەچی نەیویست قەدەغەی بکات، کە وەك پارتی سۆسیالست ئێستا داوا دە کەین، ئەو پارتانە ناهێڵن ئەو شەخسانە بدەینە دادگا. لەم داوایەدا پارتی چەپی سەوز لەگەڵمانە، وەلێ پارتی کار نایەوێت.

لەو کاتە باڵوێزی هۆڵەندا لە عێراق وتی: ئەم چەکانە دژ بە گەلی عێراقی بەکار دەهێنرێت، بۆ زانین لە ساڵی 1982 فریس بۆلک ستاین وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا بوو، کە سەر بە پارتی VVD یە. ئەم پیاوە چووە لای سەدام و تەوقەی لەگەڵدا کرد.

لە ناو عێراقەوە هەواڵ دەهات کە ئەم چەکانە دژ بە گەل و ئێران بەکار دەهێنرێت، کەچی وەزیری ناوبراو سەفقاتی دە کرد بۆ کۆمپانیاکان، ڕاستە هۆڵەندا زیرەکە لە بازرگانی، وەلێ جار جارە لە پێناو قازانج چاو دە نوقێنن. لە ئەبریلی 1984 حکوومەتی هۆڵەندا بڕیار دەدات قەدەغەی ناردنی چەند

مادەیەك بكرێت بۆ عێراق. فرانس ڤان ئانرات بۆیە حوك مدرا چونكە دوای ئەو بڕیارە مادەی ناردبوو بۆ عێراق، چونكە پێشتر بڕیاری وا لە ئارادا نەبوو كە ناردنی چەكی كیمیاوی بۆ عێراق قەدەغە بكات.

پێش 3 هەفتە فایلێك ئاشكرا بوو، ناوی كۆمپانیا هۆڵەندییەكانی تێدا هاتووە بە دانپێنانی خودی سەدام حوسێن، كە مادەی كیمیاو یان داوە بە ع ێراق. سەدام یارییەكی ژیرانەی دەكرد، وای نیشان دەدا كە دەیووت: ئێوە من تاوانبار دەكەن بە شتێك كە خۆتان داوتانە پێم، ئەو لیستە لەوانەی هەڵەی ت ێدا هەبێت، وە لێ دانپێنانی خودی سەدامە.

پ: خودی سەدام، یان دەزگایەكی سەر بە سستەمەكەی ؟.

وەڵام: نازانم، لەوەیا تەئكید نیم. با ببینەوە سەر هۆڵە ندا و نە چینە سەر نێونەتەوەیی، مەڵخەمی تاوانباركرا بە ناردنی بڕێكی بچووك دوای ئەو بڕیارە.

پ: چۆن زانرا بڕەكە بچووك بوو ؟.

وەڵام: دوای ساڵی 1984 یەك وەجبەی دی كەیان ناردووە، وەج بەی تر یان نەناردووە، كەی بی ئێس هیچی نەناردووە، بۆیە حوكم نەدرا، ئێ ستا دە مەوێت باسی شتێكی دیكە بكەم و پێویستیم بە هاوكارییە، ئەویش بەڵگەنامە لەسەر ئەم كۆمپانیایانەی چەكی كیمیاویان ناردووە بۆ عیراق.

پ: یارمەتی چیت دەوێت ؟.

وەڵام: لە عێراق دادگایی دەكرێت، ئەوانەی تۆمەتبارن بە دانی چەك قەول وا یە بانگ بكرێن بۆ دادگا.

**پ: کێ بانگیان دەکات ؟.**

**وەڵام: دادگا.**

**ئەوەی من دەمەوێت لە ئەرشیف فاکس و وەرەقە هەیە، پێویستە دادگای ئێرا ـقـی زانیاریمان بدەنێ هەرچییەکیان لایە.**

**پ: ئەوان مامەڵە لەگەڵ دەزگای فەرمییا دەکەن، وزارەت بە نموونە.**

**وەڵام: با بیان دەنێ، باشە. من لێرە لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەی ئێوەوە داوا ـلە هەموو لایەك دەکەم کە چی لە ئارشیفیانە، هەر شتێك هەیە تایبەتە بە کۆمپانیا هۆڵەندیەکان بۆمان بنێرن، تاکو ئێمە بتوانین ئەو کۆمپانیایانە حوکم بدەین. ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەو کۆنتراکتەکانەوە هەبووە لەو کاتە با بیان دۆزیـنەوە، کەڵك لە زانیارییەکانیان دەبینین، ئەوانەی ـئەو زانیاریا ـنە دەبەخـشن حوکم نادرێن.**

**پ: ئایا پێت وا نییە ئەم کارە پێویستی بە هاوـکاری هەموو ـکورد دەبـێت ـلە هۆڵەندا ؟.**

**وەڵام: بەڵێ پێویستیم بە هەموو هاوکارییەك هەیە. بەڵام لە ئانرات ـکە خۆی دانینابوو بە تاوانەکەیدا، ئاسایی بوو بە ئاشکرا کار بکرێت، وەلێ لێرە وا نیـیە، ناتوانرێت بەو شێوەیە کار بکرێت.**

**پ: چۆن بیستت ئانرات گەیشتۆتە هۆڵەندا ؟.**

**وەڵام: لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە، کەناڵی ئەین فەنداخ.**

**پ: کە زانیت چیت کرد ؟.**

وەڵام: پێشتر ناویم بیستبوو، ناوی دەهاتە پێ شەوە، کە بینیم هاتە سەر تەلەفزیۆن، یەکسەر دەستمان بە ئیجرائات کرد.

پ: ئەو ئیجرائاتانە چی بوون ؟.

وەڵام: دوای ئەوە یەکسەر هاتم لە پەرلەمان داوام کرد کە ئەم مرۆڤە پێویستە دادگایی بکرێت.

پ: نازانیت بەروارەکەی کەی بوو ؟.

وەڵام: نەخێر نازانم لە یادم نەماوە.

پ: کێ داوای لێت کرد، ئەم هەنگاوە بنێیت ؟.

وەڵام: کەس داوای لێم نەکرد، بۆخۆم کردم. ئەو تاوانبار بوو بە ناردنی چەکی کیمیاوی بۆ عێراق، بەس تێناگەیشتین بۆ مخابەراتی هۆڵەندی دەیان پاراست، هەر ئەمەش بوو وایکرد حکوومەت تاوانبار بکەین. کابینێتی ئەوات نایەویست هیچ بکات، چونکە دەیووت دۆزەکە کۆن بووە، دۆنەر وەزیر داد بوو لە پارتی سی دی ئای. وەزیری داد دەیووت: کۆن بووە، بەرژەوەندی ئابوورییە، منیش وتم: نابێت ئەوە شتێکی مرۆڤانەیە، خەڵکی کوشتووە، یارمەتی سەدامی داوە، هەموو کات لە سەر ئەوە قسەم دەکرد.

پ: وەك لە دادگا هەموو گوێبیستی بووین بە بەرێزیشتەوە، کە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی ئانرات لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی " نێت ڤێرك " بووە سەر چاوەی بە دادگایی گەیاندنی ئانرات، کە فرێد تەیفن بەو کارە هەڵسا ؟.

وەڵام: فرێد تەیفن بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بوو، بەڵگەنامە کۆ بکاتەوە، ئەو لەناو دادگا بوو، داواکاری گشتی بوو. تا لە پارلەمانەوە گڵۆپی سەوز هەڵ نەکرایا بۆ دادگاییکردنی ئەو نایتوانی هیچ بـ کات. دەزا نین ئەو کاری زۆری کرد، هەردووکمان ڕۆڵمان هەبوو، ئەمە ڕاستە.

پ: دەتوانین بڵێین حکوومەتی هۆڵەندا خۆی ئانراتی دایە دادگا؟.

وەڵام: حکوومەتی هۆڵە ندا دوای ئەوە قا یل بوو، کە پارتی سۆسیالـ ست پاڵەپەستۆی زۆری کرد بۆ بە دادگایی گەیاندنی، کەچی ئێ ستا هۆڵە ندا دەڵ یێت سەیرکەن ئێمە چەندە مرۆڤایەتین هاووڵاتی خۆمانمان دادگاییکرد.

پ: ئایا ئێس پەی لە بۆچوونێکی مرۆڤایەتییەوە ئە مەیکرد، یان کە سێك، لایەنێك کاریگەرییان لەسەری دانا بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە بنێت ؟.

وەڵام: ئەم هەموو پەیوەندییە باشەی هەمان بوو لە گەڵ کورددا، ئەو هەموو ئازارەی بە کورد گەیشتبوو، وایکرد ئەمکارە بکەین. ئەگەر من وەك پەرلەمانتارێك بزانم ئەم تاوانە کراوە چۆن ئەبێت بێدەنگ بم بەرامبەری، ئەمە باشترین کار بوو بیکەم بۆ کورد، خۆم دەبوایە بمکردا یە، بە ڤ سەی کەس و هیچ لا یەنێك نەمکردووە. ئێمە وەك پارتێك هەست بەوە ناکەین بۆ پارت کارێك بە ڤازا نجە و باشە ئەوسا بیکەین، بەڵکە ئێمە بۆ مرۆڤایەتی ئەمکارەمان ئە نجامداوە. دەبوایە هەر بمانکردایە، ئەمە باوەڕمانە.

سەیرکەن مۆگابی دژ بە گەلەکەی کیمیاوی لە وڵاتەکەی بەکار هێناوە، ئە مە وا دەکات ئیجرائات وەرب گرم لە دژی، مە سەلەکە کورد نی یە، مە سەلە لـ یێرە مرۆڤایەتییە، ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە و پرسیاری ئەوە دەکەم، ئایا کێ کیمیاوی داوە بە مۆگابی ؟، جارێکی دیکە بەڵگە هەیە کە دەلالی هۆڵەندی داوییەتی، بۆ یە

به قسەی هیچ کەس و لایەنێك ئەو کارەم نەکردووە، ئەو کارە لە باوەڕو ویژدانەوە بووە.

پ: ئەی بەرامبەر تاوانبارانی دی، ئەوانەی ڕاستەوخۆ دە ستیان لە تاوا ندا هەبووە ؟.

وەڵام: لێرە سیستەمی ئێف یەك هەیە، بزانن ئەوەی تاوانی کردووە، ئەوە لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ دەکەن، بە پێی ئەو یاسایە ئەوەی خۆی تاوانبار بـ ێت، ئەوا وەچەکانیشی لە مافی بوون بە هۆڵەندی بێبەری دەبن، ئە مە خرا پە، م نالْ نابێت باجی باوکی بدات. لە جەنگی جیهانی دووەم زۆر هۆڵە ندی بە شدارییان کرد لە تاوانەکانی هیتلەر، کە باوکەکان حوکمدران ئەوەندە بۆ منداڵەکان بەس بوو ە باوکیان سزا دراوە، ئێستا پێویستە وا بێت، مناڵەکان بۆ دەبـ ێت لە گەڵ باوکیان سزا بدرێن.

لە کۆتاییدا ئێوە دەتوانن زۆر هاوکاریمان بکەن، وەك چۆن لە دادگای ئانرات ئەو فاکسەی هێناتان لەسەر ئەو، کاریگەری زۆری لەسەر حوکمدانە کەی هەبوو، سزاکەی قورستر کرد، ئێستاش پەیداکرنی بەڵگەنامە گرنگە بۆ کارەکان.

**پۆلیسی هۆڵەندی هەوڵی زۆری دا ئەنفال و کیمیابارانکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بە جینۆساید بناسرێت.**

**بە هاوکاری ئەندازیار و نووسەر و چالاکڤان نیهاد قازی کە سەدان کم ڕێگای بڕی بۆ ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە**

فرانس ڤان ئانرات یەکەم تاوانکار بوو لە بەرامبەر هاوبەشیکردنی لە ئەنجا مدانی تاوانی مەزن بەرامبەر بە گەلی کورد دادگایی کراو بە شانزە ساڵ و نیو زیندانی سزا درا، بە تاوانی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ.

لەم چاوپێکەوتنەدا گفتوگۆ لە گەڵ دووان لەو بەڕێزانەی پشکنینی جدیان لە سەر ئەو دۆسیەیە دوور لە چاوی کامیراکان و بڵاو کردنەوەی ناو وێنەیان ئەنجامدا ((کە لەم چاوپێکەتنەشدا نەمان توانی وێنەیان بڵاو بکەینەوە)).

پرسیار: پۆلیس لە کوێوە بەشداری پرۆسەی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانراتی کرد، ئیعازی لە کوێوە بۆ هات ؟.

وەڵام:پاش ئەوەی چاوپێکەتنی لە گەڵ تەلەفزیۆنی نێت ڤێرك لە ساڵی2003 دا ئەنجام دا،باسی لەوە کرد یارمەتی سەدامی داوە بۆ بەدەستخستنی چەکی کیمیاوی، لە سەر ئەو بنچینەیە دەستمان کرد بە ئەنجا مدانی پشکنین لە سەر وتەکانی،دوایی رون بوەوە لە چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکەش باسی کردووە و چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە، ئەمە هۆ کاری دادگاییە کە بوو.ڕاگەیاندنی ئەمەریکیش پێشتر باسی کردبوو،بە پێی ڕاگەیاندنی ئەمەریکی لە کۆتایی هەشتاکان،فرانس ڤان ئانرات مادەی کیمیاوی ناردووە بۆ ئێراق،لو بارەیەوە گومرگی ئەمەریکی زانیاری وردی بەخشی پێمان.

گومرگی ئەمەریکی دەستی کرد  بە پشکنین  لە خانوو کۆمپانیا کان  ئانرات، لە دوای ئەم چاوپێکەوتنە زانیاری تەواو وەرگرترا لە سەر هەناردە کرد نی  مادەی کیم یاوی   لە لایەن فرانس ڤان  ئانراتەوە بۆ ئێراق. پۆلیسی هۆڵەندی زانیاری وردی لە سەر  هەناردە کردنی مادەی کیمیاوی  لە لایەن ڤان ئانراتەوە  بۆ ئ ێراق  لە ئا مەریکا وەر گرت.  تەنها ناردنی مادەی کیمیاوی  نەك شتی دی، لەو چوار چێوەیە دۆسیەیەکی گەورە لە هەزاران بەڵگەنامە ئامادە کرا، موتابەعەی سەرجەم مەلەفەکە، کاغەز بە کاغەز، خاڵ  بە  خاڵ، بەڵگە نامە بە بەڵگە نامە بە وردی کرا. لە گەڵ پۆلیسی گومرگی هۆڵەندی گفتوگۆی  چڕ ئەنجامدرا،لە سەر ئەو زانیاریانە،ئاشکرا بوو کە فرانس ڤان ئانرات لە  سەرەتای  ساڵانی هەشتاکانەوە تاکو کۆتایی دەیەی هەشتاکان مەوادی ئەوەلی چەکی کیمیاوی   هەناردە کردووە بۆ ئ ێراق. داوای  ئەو  مادە  کیمیاویا نەی  کردووە  دوو  بەکار هێ نەر بوو نە،  لە پیشەسازی سڤیل  و درووست کردنی چەکی کیمیاوی  بەکار هاتوونە. کۆی گشتی تەنها مادەی (T D G)  1400  تەنی   بۆ ع ێراق پە یدا  کردووە.  بەم ئە نداوە  زۆرە  لە مادەکان زانرا ئەو مادانە بۆ کاری دیکە بەکار هاتووە نەك بۆ پیشەسازی سڤیل، واتا  بۆ کاروباری سەربازی.

پسپۆرەکان لەو بوارەدا چاودێری  مادەکانیان کرد، پشکنینیان  لە سەر  کردن  بزانن ئەو مادانە چین  و چۆن بەکار هاتوون وە  بۆچی بەکار دێن ؟.

لە ژاپۆن  و ئەمەریکا زۆربەیان کڕابوون، بە ئیتاڵیا یا  ڕەوان  کرا بوون   بۆ بە ندەری عەقەبە  لە ئوردن  لەوێشەوە بە ترێلە نێردراون  بۆ عێراق و شاری بەغدا.

لێکۆڵینەوە  لەسەر پرۆسەی چۆنیەتی  ناردنی ئەو مادا نە   بۆ ع ێراق  ئەنجام درا. لە ناوەڕا ستی  مانگی ئۆکتۆ بەری  ساڵی 1984  یا سایەك  دەرکرا،بازر گانیکردن  بەم مادا نەوە قەدە غە  کرا. پۆلی سی هۆڵە ندی پەیوە ندیکرد   بە نە تەوە  یەکگرتووەکان (یوێ سکۆم)  ەوە،  بۆ  ئەوەی  بزانین  چییان زاێ یووە  لە  سەر  فرانس  ڤان  ئانرات و بازرگانیکردنی  بە  مادەی کیمیاوی یەوە، ئا شکرایان  کرد  کە  1400  تەن کەرە ستەی

خاوی مادەی کیمیاوی TDG هەناردە کردووە بۆ ئێراق،کەرەستەی خاوی دیکەشی ناردبوو بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی (( سارین  تابون))، بە قەبارە یەکی زۆر زۆر.هاوکات لە گومرگی هۆڵە نداش زانیاری تەواو پە یدا کرا، کە دەیسەلمێنێت ئەو زانیاریانە ڕاستن.

FFCD و TNO دۆ سیەیان ئا مادە کرد, لە سەر کات و بڕی ناردەی کەرەستەکان،لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەموو زانیاریەکانی بە وردی تێدا یە. لەو ئامارا نەوە دەر کەوت کە فرانس ڤان ئانرات و کۆمپانیا کانی چەندە کەرە ستەی خاوی درووستکردنی چەکی کیمیاوی هانادە کردووە بۆ عێراق. لەو دۆسییەوە زانرا کە عێراق چی و چەند جۆر مادەی کیمیاوی هاوردە کردووە و وەری گرتووە و هەیبووە.

دەرکەوت بڕەکەش بە ئەندازەیەك زۆر بوو،رون و ئاشکرایە بۆ درووست کردنی چەکی کیمیاوی و لە کاروباری سەربازی بەکار دەهێنرێت.

بۆیە ئا شکرابوو پرۆسەکە بەم شێوەیە چۆتە پێشەوە، یە کەم جار ئا مادە کردن دوایی بەکار هێنانی، هەموو ئەو پرۆسەیە بە دورو درێژی بە وردی لە دۆسیەکەدا هەیە.

لە دوای ئەوەی مەلەفاتی پێویست بە دەست خرا، دەستمان کرد بە هێنان و پەیدا کردنی شایەد حاڵ و خەڵك. ئەو شایەدانە سەلماندیان گازی خەردەل لە لایەن ئێراقەوە بەکار هاتووە،کە ئەوانە بۆ خۆیان لە داورەستەی سەدام بوون و کاریان لە گەڵیان کردبوو و نزیك بوون لە گەیشتن بە زانیارییە هەستیارەکان. شایەدەکان زانیاری هەستیاریان بەخشی لە نێوان ساڵانی سەرەتاو کۆتایی هەشتاکان،لە سەر پەیدا کردن و درووست کردن و بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، گواستنەوەو گەیاندنی لە ئێراقدا.

دوای ئەوە لێکۆڵینەوەمان کرد کەی بەکار هاتووە،مێژووی بە کار هێنانی، لە ڕێکخراوی ستیختینگی چاك و کۆمیتەی هەڵە بجە زانیاریمان وەر گرت، لە سەر قوربانیەکان و جۆری ئازاریان، زۆر بەی قوربانیەکان کە چاومان پێیان کەوت و

مامەڵەمان لە گەڵیان کرد بە گازی خەردەل بریندار ببوون. ئەوەش خراپترین جۆری مادەی کیمیاوییە کە گاریگەری لەسەر مرۆڤی زامدار دادەنێت تا قۆناغی مردن.

یەکێك لە قوربانییەکان باسی ئەوەی کردووە کە خەردەل لێیت بدات، کە گازی ژەهراوی لێت بدات چەندە ئازاری زۆرە، تا مردن پێوەی دەناڵێت و رزگارت نابێت لە دەستی.

ئێمە بەردەوام بووین لە پشکنین،حکوومەتی هۆڵەندی یارمەتی یا سایی قوربانیانی کرد بۆ سکاڵا تۆمار کردن.هاوکات ئێمە پشتوان و پشتگیری گەلی کورد دەکەین لەم کێشەیە،بە خەڵکمان ڕاگەیاند ئەم میلەتە چەوساوەتەوە،بە گازی کیمیاوی لێی دراوەو بە کۆمەڵ کوژراوە.

پشتگیری گەلی کورد دەکەین بەو ئیسپاتاتەی کە هەمانە بە ئەنجامدانی دادگایەکی جدی و دادپەروەرانە بەرامبەر بەم تاوانبارە.

لێکۆڵینەوەمان کرد لە سەر تاوانەکانی هەڵەبجە، گۆپتەپە، زێوە، فرجینی، رۆیشتین بۆ شاری سەردەشت، لەسەر داواتی حکوومەتی ئێران وە پشتیوانی حکوومەتی ئێرانی چووین بۆ شاری سەردەشت بۆ ئەوەی پشکنین و لێکۆڵینەوەی خۆمان بکەین، چاومان بە قوربانییەکان کەوت و دیدارمان لە گەڵیان ئەنجام دا.

ئاشکرا بوو بۆمان لە کاتی شەڕی عێراق– ئێراندا چەکی کیمیاوی لە لایەن عێرا قەوە بەکار هاتووە دژ بە ئێرانییەکان،لێکۆڵینەوەمان کرد لە شاری محەمەرە، پشکنینی زەوییەکەی نەك خەڵکەکەی،چووینە ناوچەی عەبادان، بە وردی گوێمان لە شایەدەکان گرت، جێگاکانی بە کار هێنانی چەکی کیمیاویمان لێی بینی، دەرکەوت چەکی کیمیاوی لەو ناوچەیە بەکار هاتووە.

پاشان دۆکۆمێنتی زیاترمان پەیدا کرد، راپۆرت و نووسراو لە سەر ئەنفال نووسرابوون، بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، رۆڵی عەلی حەسەن مەجید، ڕاپۆرتی حوسێن کامل، فەرمانی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، ڕاپۆرتی هیومان رایت وۆچ،

دەز گی  عەلی حە سەن مەج ید  لەو کاتا نەی داوای کو شتنی کوردە کان دە کات، گەورەترین پشکنین لەم کەیسە پۆلیس و وزارەتی داد ئەنجامیان دا.

ئەوەی زۆر دڵمان پێی خۆش بوو و هیوامان لەسەر بنیات نا ئەوە بوو دادگا یەکەمجار بڕ یاری دا  ئەوەی  لە  ئەنفال و کیمیابارا ندا بە سەر کورددا هاتووە کردەی جینۆسایدە،وەلێ دواتر لە پرۆسەی پێداچونەوە ئەم بڕیارەی بەتاڵ کردەوە و دا نی نەنا بەوەی ئەم پرۆسانە جینۆساید بن، پۆلیس پێی خۆش بوو یە کەمجار ئەو بڕیارە درا،بەڵام زۆر پ ێی ناخۆش بوو داد گا بڕیاری خۆی لە سەر هەقیقەتی تاوانە کە لە جینۆسایدەوە گۆڕی.

پرسیار: چۆن فرانس ڤان ئانرات گیرا ؟.

وەڵام: لە دوای ئەوەی تۆمەتباری لەسەر فرانس ڤان ئانرات ساغ بوەوە، خرا یە ژێر چاودێرییەوە،بۆ ئەوەی بزانین لە گەڵ کێ پەیوەندی دەبەستێت، گفتو گۆ دە کات، بۆ کوێ دەچێت، چی دەکات و دەیەوێت چی بکات ؟, واتا خرایە ژێر چاودێری وردەوە، لە بەرواری 6-12-2004 کە زانرا دەیەوێت هۆڵەندا بەجێ بهێڵێت، لە ماڵەکەی خۆی بە جانتاکانیەوە گیرا.

پرسیار: دەتوانین بڵێین ئەگەر راگەیاندن ئەو چاوپێکەوتنەیان لە گەڵ نەکردا یە، ناگیرا؟.

وەڵام:نا ناتوانین وا بڵێین، چونکە هەموو قەزیەیەك بە شێوازێك د یاریکراو ج یا دوای دەکەوین، ڕاستە لێرەدا میدیا هۆ کاری سەرەکی دادگایە کە و گرتنی و حوکم دا نی بوو.

پرسیار: ئایا کاریگەری هیچ لایەنێك نەبوو لە سەر ئێوەو وزارەت بۆ داد گایی کرد نی ؟,حیزب، ڕێکخراو، پارلەمان ؟.

وەڵام:ئیتلاقەن وا نییە و نەبووە، ئێمە جیاوازین لەوان،بڕیارەکە لە خۆما نەوە بوو وە پاش چاوپێکەوتنەکە لە گەڵ تە لەفزیۆنی ن یت ڤ یرك وەك ئا ماژەی پیٚ درا دۆسیەی بۆ کرایەوەو دادگایی کرا.

پرسیار: لە حالەتێکدا ئە گەر فرانس ڤان ئانرات هۆڵە ندی ڕە سەن نەبوایا، هەر دادگایی دەکراو سزا دەدرا ؟.

وەڵام: بەڵیٚ سیٚ خاڵ گرنگە بۆ دادگایی کردن:

1- هۆڵەندی بێت((ناسنامەی هۆڵەندی هەبێت)).

2- ئەگەر تاوان بەرامبەر بە هۆڵەندی ئەنجام بدات.

3- ئەگەر لە ناو هۆڵەندا تاوانەکە ئەنجام بدات.


تاوان پەیوە ستە بە م یژووی ئەنجام دا نی تاوانە کەوە، بۆ تاوانی جینۆ ساید دەگەڕێینەوە بۆ 1970.لەم 3 حالەتەدا تۆمەتبار دادگایی دەکرێت و سزا دەدرێت.

پرسیار: ئەگەر فرانس ڤان ئانرات سزای سەپاو بە سەریدا تەواو کرد، ئا یا ژیانی ئاسایی خۆی دەست پیٚ دەکاتەوە ؟.

وەڵام:هەر تاوانکارێك یەکجار لەسەر تاوانەکەی سزا دەدر یت،لای ئێ مە زا نراوە چی کردووە، دوای سزاکەی ژیانی ئا سایی خۆی دە ست پیٚ دەکا تەوەو دەگەڕێ تەوە ناو کۆمەڵگا.

# جرائم حرب:
# يرجى إبلاغنا عنها!

فريق ألجرائم ألدولية



# جرائم حرب: يرجى إبلاغنا عنها!

لقد هربتم من بلد قد يكون يمر بحالة حرب، فإن ما شهدتموه في بلدكم الأصل من تجارب ان تعود لنا بالفائدة والتي يمكنكم التعرف من خلالها على مجرمي حرب متواجدين حالياً في هولندا.






## هل أنتم على دراية بأشخاص متورطين بإرتكاب جرائم حرب؟

إن كنتم على دراية أن شخصاً ارتكب جرائم حرب ولا تعلمون ما (TIM) يقوم بتكليف من قبل النيابة ألعامة بالتحقيق يجب القيام به بشأن هذه المعلومات، نود إعلامكم بأن فريق الجرائم الدولية في موضوع جرائم الحرب, ألإبادة ألجماعية, ألتعذيب وجرائم ضد ألبشرية. حيث يمكن المباشرة في التحقيق بهذا الشأن في حالة تواجد مجرم الحرب هذا سواء في هولندا او ان يكون قد هرب الى بلد آخر.

وتضمنت التحقيقات التي اجريناها في السنين الماضية رواندا, افغانستان, يوغوسلافيا, سيراليون, ليبيريا و كونغو حيث استصدر القضاء الهولندي احكاماً بالسجن بحق عددا من مجرمي الحرب.







## من هم مجرمي الحرب؟

مجرمي الحرب هم ألأشخاص الذين يقوموا بإرتكاب أعمال تحرمها قواعد خوض الحروب مثل قتل ألأسرى و/أو ألمواطنين, تجنيد ألأطفال, ألأغتصاب, النهب, ألتعذيب, ألأيذاء وأستخدام ألأسلحة ألمحظورة مثل ألغاز ألسام.

أحياناً ما يكون مجرم ألحرب قد أرتكب جرائم ألحرب هذه بنفسه أو ان يكون قد أمر بأرتكابها. وفي حالات أخرى يكون وضيفياً مسؤولاً على الجرائم المرتكبة بأعتباره قادراً على الحيلولة دون ارتكابها.

## لماذا يرغب فريق الجرائم (TIM) إطلاعكم على هذا الموضوع: الدولية

من اجل اقتصاء أثر مجرمي الحرب نكون بحاجة الى معلوماتكم حيث يُحتمل ان تكونوا على دراية بوجود هولنديين متورطين بحروب ما، أو ان تكونوا أنفسكم قد وقعتوا كضحايا لجرائم حرب ما. في كل الأحوال يرجى منكم وبدون أي الزام بذلك ألإتصال بنا. حيث سنقوم بدراسة مايمكن فعله بمعلوماتكم هذه والتي سيتم التعامل معها بسرية وذلك من قبل فريق التحقيق.

## ماهو سبب قيام فريق الجرائم (TIM) بالتحقيق في هذه القضايا؟ الدولية

تعتبر جرائم ألحرب من أخطر أنواع ألجرائم. حيث نؤمن بضرورة معاقبة مرتكبيها أينما وجدوا، في حين ترفض هولندا ان تكون مرسى آمن لمجرمي الحرب. علاوة على ذلك تسعى الحكومة للحيلولة دون مواجهة اللاجئين الهاربين من حالة الحرب الى هولندا لهؤلاء المجرمين المتسببين بهربهم هذا.

## في حالة حصولك على معلومات عن جرائم الحرب، أبلغنا بها:

فرقة هيئآت الشرطة الوطنية Korps Landelijke Politiediensten
هيئة المباحث الوطنية **Dienst Nationale Recherche**

*العنوان البريدي:*

P.O. Box 11, 3970 AA Driebergen, The Netherlands
**هاتف:** +31 343 53 53 54 / +31 6 11 91 77 16
**فاكس:** +31 343 53 64 82
**بريد إليكتروني:** warcrimesunit@klpd.politie.nl
**الإنترنت:** www.warcrimes.nl

وكالة الشرطة الهولندية
فريق مكافحة الجريمة الوطني

**مطبوعة KLPD هذه لغرض المعلومات فقط.**
**لا يمكن الحصول على أي حقوق من خلال هذه المحتويات.**
**أغسطس 2009**
**التصميم: Het Lab-grafisch ontwerpers BNO, Arnhem**
**الصور: Midden Nederland unit, ANP**



قوربانیانی کیمیاوی داوای قەرەبوو لە تاوانبار فرانس ڤان ئانرات دەکەن

تایبەت بە کوردۆساید

**WWW.KURDOCIDE.COM**

فرانس ڤان ئانراتی تاوانبار بە هاوبەشی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بە گەلی کورد سزا دراوە،کە ئێستا لە هۆڵەندا16,5 زیندانی بەسەر دە بات.
بە پێی وتەی یەکێك لە قوربانیان مام عەلی ڕەحیمی کەسایەتی دیاری ڕۆژهەڵات و ئەندامی ناسراوی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی چاودێری کوردۆساید ڕایگەیاند کە پارێزەری قوربانیان داوای25000ئیرۆی بۆ هەریەك لەو قوربانیانە کردووە،قوربانییەکان 13یان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوەن و 3شیان ناسنامەی هۆڵەندیان هەیە,کە دوانیان "دانیا عەلی و ڕێباز قادر" خەڵکی شاری هەڵەبجەن و مام عەلی ڕەحیمی خەڵکی شاری سەردەشتە.

وزارەتی دادی هۆڵەندی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت پارەکانی فرانس ڤان ئانرات بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی قەرەبووی قوربانیانی پێ بکاتەوە.
ئێستا ئەم دۆسیەیە لە دادگای عالی هۆڵەندایە. کەدادگای سڤیلە بۆ قەرەبووکردنەوەی برینداارانی چەکی کیمیاوی.
ئەوەی شایانی باسە بودجەی پارێزەران لەسەر حیسابی خودی قوربانیانە.
کاك عەلی ڕەحیمی داوای ئەوەی لە پارێزەرەکەی کردووە کە داوای قەرەبووکردنەوە بۆ هەموو زامدارانی چەکی کیمیاوی سەرجەم شارەکانی کوردستان بە تایبەتیش سەردەشت و زەردە بکرێتەوە.
ئەوەی شایانی باسە قەرەبووکردنەوە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سکاڵایان لە سەر فرانس ڤان ئانرات لە ساڵی2004 تۆمار کردووە.
قەرەبووکردنەوە ڕەمزییە,ئەنجامی سکاڵاکەران تەنها دەسکەوتی سیاسی و یاساییە بۆ دۆزی قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان,مام عەلی ڕەحیمی گەشبین نییە بە ئاکامی هەوڵەکان,بەڵام بە ئومێدی دەسکەوتی سیاسی و یاساییەوە درێژە بە هەوڵەکانی دەدات.
مخابن مام عەلی ڕەحیمی بە هۆی نەخۆشی سەکتەی مەغزییەوە ئەمساڵ نەیتوانی بەشداری مەراسیمی هەڵەبجە ببێت,ئەوە بۆ چوار مانگ و نیو دەچێت لە سەر جێگا کەوتووە

**دادگای ئەوروپا تێهەڵچوونەوە بۆ سزای سەر ئەو بازرگانە ناکات کە کیمیاوی دابووە سەدام  دادگای یەکێتی ئەوروپا داواکارییەکی ئەو بازرگانە هۆڵەندییەی ڕەتکردەوە کە پێکهاتەکانی چەکی کیمیاوی فرۆشتبووە ڕژێمی بەعس.**

ئەمە لە کاتێکدایە بەرپرسی کۆمپانیا هۆڵەندییەکە "فرانس ئەدریانوس" ئەو پێکهاتانەی داوەتە ڕژێمی بەعس کە چەکی کیمیاوی پێ ئامادە دەکرا و لە ماوەی 1980-1988 دژی کورد بەکارهێنراوە.

بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی ئەلسەباح، ئاژانسی هەواڵی "ئەی ئێن ئێڵ" بڵاویکردەوە، بەرپرسی کۆمپانیا هۆڵەندییەکە ڕایگەیاندوە ئەو سزایەی کە لەلایەن دادگای ئەوروپاوە بەسەریدا سەپێنراوە بەوەی بەشداری تاوانەکانی جەنگی کردوە، ناعادیلانەیە.

جێی ئاماژەیە لە ساڵی 2005 دادگای ئەوروپا 15 ساڵ زیندانی بەسەر ئەو سەرمایەدارە هۆڵەندییەدا سەپاند، دواتر تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارەکە کرا و لە ساڵی 2007دا دوو ساڵی دیکەش خرایە سەر حوکمەکە بەوەش زیندانیەکەی بووە 17 ساڵ.

ساڵی 2009 داوای لە دادگا کرد تێهەڵچوونەوە بۆ ئەو بڕیارە بکات، بەڵام دادگای هۆڵەندا ڕەتیکردەوە.
لەم چەند ڕۆژەی دواییشدا دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ داواکاری ئەو سەرمایەدارە هۆڵەندییەی ڕەتکردەوە بە تێهەڵچوونەوە بە بڕیاری سزاکانی سەری.

جێی ئاماژەیە "فرانس ئەدریانوس" کە خاوەنی کۆمپانیایەکی هۆڵەندییە و پێکهاتەکانی چەکی کیمیاوی داوەتە ڕژێمی بەعس، تا لە بەهاری 1988دا ئەو چەکە دژی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی هەڵەبجە بەکارهات.